
لاپەڕێک لە
تێکۆشان و جولانەوەی سالەکانی
٤٢ - ٤٧

لاپەڕەیەک لە

# تێکۆشان و جوڵانەوەی

# ساڵەکانی ٤٢-٤٧(١٩٦٣-١٩٦٨)ی

# حیزبی دێموکراتی کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

---

محەمەد خزری

«پێی ناوێ بۆ شەهیدی وتەن شیوەن وگرین!...»

"پیرەمێرد"

بەیادی

هاوڕێی بێ سەروشوێنی لە دڵدا زیندوو کاک سەدیقی ئەنجیری ئازەر، و هاوڕێیان کاک سولەیمانی موعینی - کاک نحۆپاشایی- مامۆستا مەلاڕەحیمی ویردی، ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گشت لە خوێندا خەوتووانی ٤٦ –٤٧

---

نووسینی محەمەد خزری



هێندێک لە دۆستان، پێیان وابوو کە پێویستە لەو نووسراوەیەدا خۆم بناسێنم. هەرچەند ئەو دۆستانە بە سەراحەت نەیانگوت، بەڵام خۆم وام هەست پێ کرد، چونکە من لەوانە نیم کە، لینگە کەوشێکیان لە دیوانێ دەکەوێتەوە؛ و بەپێی (هەڵکەوتی هەلومەرجی) بوارەکانی ژیانی ئاسایی، لای خەڵکی نێو بەدەروەو پسپۆڕی سیاسی و خاوەن پلەو پایە ناسراو نیم، ئەگەر خۆم نەناسێنم، لەوانەیە هێندێ پرسیاری بە دوادا بێت؟

ڕاستە، دۆست و ناسیاوی من، ئەو کرێکارانە بوون کە لە کورەخانە، کارم دەگەڵ کردوون، و ئەو ژمارە دۆست و هاو ئاوایی و هاومەڵبەندییانەی خۆمن کە، گشتیان لای من جێگای تایبەتی خۆیان خۆیەو هەر یەکە بە نۆرەی خۆی یادێکی خۆشی لە ناخ و ڕوحی من دا جێگیر کردووە کە ئێستاش بۆمن جێگای ستایش و شانازین.

لە هەمان کات دا شکم لەوە دا نیە کە نووسراوەکەی ئێمە جیا لە

بـواری تـەکنیکی، هەڵـەی ئـەدەبی و وشـەی ناڕەسـەنی کـوردی و ناپاراوی رستەو جوملەی زۆر تێدایە! ...

بەهەرحاڵ بە ڕایٚ خۆم، خۆناساندن و نەساندن، هیـچ شـتێک لـە واقعیەتەکە نـاگۆڕیٚ! سـەرەڕای ئەوە لـەو شـوێنانە دا کـە پێویست بووە لە نووسراوەکە دا، تا ڕادەیەک خۆم ناساندووە، بۆ ئەوەی لـە خـەڵک و ئـەو ڕەخنانـەی کـە ئاڕاستـەم دەبنـەوە، خـۆ نەدزمـەوەو فیسماڵکی نەدەمیٚ، وا لێرە دا بە چەند دێڕێک، وێڕای ڕێـز بـۆ گشت ناسیاوانی خـۆم وسـوپـاس و یـادێک لـە خۆشەویستان، بـە کورتـە ناسنامەیەک خۆم دەناسێنم!

لە سـاڵی ۱۳۱۸ی هـەتاوی-۱۹۳۹زایینی، لـە گونـدی قەرەقشلاق، لـە نـاوچـەی شـارویٚرانی مـهاباد، لـە کوردسـتانی بەشـی ئـێران، لـە بنەماڵەیەکی زەحمەتکیش لـە دایکبـووم، «شـارویٚرانیمە». ئـەوەندە خوێندەواریەی کە هەمە، لە حوجـەرەی فـەقێیان فێری بووم!

سـەردەمی منداڵیـم لـەگوندەکـەی خـۆمـان بردۆتەسـەر. منیـش وەکـوو هەموومنداڵـە کوردێـک بەلـەز هــەڵم دەدا، و خــێرا لــە خێروخۆشی دونیای منداڵی دوور کەوتمەوە! هێشتا تەمەنم نـەببوو بـە ۱۸سـاڵ، بـووم بـە سـەمپاتی حـیزبی دێموکـڕاتی کوردسـتان. لـە ۱۳۳۷دا بـووم بـە ئـەندام و... لــە سـەرماوەزی ۱۳٤۲دا چوومەتـە کوردستانی گەرمێن. هەروەک لە نووسراوەکەدا هـاتووە، لـە ساڵی ۱۳٤۷-۱۹٦۸ گەڕامەتەوە وڵات کە لەو ماوەیەدا ئـەو ڕیـزە ڕووداوانم دیتووەو بیستووە کە لەو نووسراوەدا بەکورتی نووسـراوە. دوای گەڕانەوەم لە گەرمێن، ساڵی یەکەم لە مهاباد بـووم. سـاڵی دووهـەم ۱۳٤۹ چوومە لای میرزا ڕەحیمی خەڕازی و لە کورخانەی نەغـەدەی وهـەتا ئـەو کاتـەی – زسـتانی ۱۹۷۹ کـە ڕژێم لـە ئـێران گۆڕدرا؛ و

بەهارەکەی شەڕی نەغەدە هەڵایسا، هەر لەو کورخانەیەم کار کردووە.

ئێستا کە نێوی کورەخانەو شوێنی کارەکەم هێناوە، جێگای خۆیەتی بە یادێک لەو دەورانە، سوپاسێکیش لە کاک میرزا ڕەحیمی خەڕازی بکەم کە، ماوەی ٩سال خاوەن کارم بووە. ئامۆژگاری و دڵسۆزیەکانی بە جێگای خۆی، تەنانەت هەر گێز تەنیا جارێکیش نەبووە کە دڵم لێیان ڕەنجابێ، یان سووکە گلەییەکم لێیان بووبێ! بە هەق روح زلی و خێرخوازی و مرۆڤ دۆستی ئەو مرۆڤە نفس زلە بۆ من جێگای ستایشە؛ هیوادارم بەو ڕوحە بەرزەی کە بوویانە، بەلەشی ساخ و سەری بەرزەوە درێژە بە تەمەنی مرۆڤانەو مرۆڤ دۆستانەی خۆیان بدەن! دەبێ ئەوەش بڵێم: منیش بەش بەحاڵی خۆم ئەرکێک کە وەستۆی خۆم گرتبوو، سەبارەت بەخاوەن کارو کرێکارەکان، لە بوارەکانی جۆراوجۆی موحیتی کارەوە، لە حاندیان خۆم بە سەر بەرز دەزانم و وێژدانم هەست بە ئارامی دەکا!

ئیتر هاتنە سەرکاری نیزامی ئیسلامی مان پێ نەکەوت. نیزامە ئیسلامیەکە بۆ ئێمەی خێر نەداوە! ئەوەی بە کارگەری کورەخانەمان پاشەکەوت کرد بوو کە، بریتی بوو لەخانوێک و هێندێ شڕو شەپیتە، ئیسلام داگیرکردو کردی بە بیت المالی موسڵمانان!؟

بەداخەوە دوایی خۆشم، تووشی نەخۆشیەکی مەڕموزی پشت ئێشە هاتم و دوای ماوەیەکی زۆر ژیان بە ژانەوە لە بەندەنێ، بە ناچاری بۆ چاری دەردەکەم، یەکەم جار بە نا شارەزایی، ڕووم کردە وڵاتی بولغارستان؟ دوای جارێک عەمەلیات و چەند مانگ مانەوە لەو وڵاتە، گەڕامەوە کوردستان. بە داخەوە دوای هەشت، نۆ،

مانگ نەخۆشینەکەم دیسان سەری هەڵدایەوە. ئیتر ئەو جارە لێ بڕام بۆ چاری نەخۆشینەکەم ڕێگەی دەرەوەی وڵات بگرمەبەر. لە

ساڵی ۱۹۸۳ وە وڵاتم بە جێ هێشتووە، ئێستا ماوەی بیست ساڵی ڕەبەقە لە سوید دەژیم ولەم وڵاتە گیرساومەوە. تەمەنم شێت وچواری وەپشت سەرداوەو بەرەو خللۆر بوونەوە دەڕوا. بەهۆی چەندین جار عەمەلیاتی پشتم، بەشی هەرە زۆری توانایی پێیان و باڵانسم لە دەست داوە، و ئێستا بە برابەشی دەگەڵ نەخۆشینەکەم ڕای دەبوێرین و ڕۆژانە خەرێکی تەمەن بەڕێ کردنم!

ئیتر لەمە زۆرتر، لە سەر بەسەرهات و بیرەوەری و سەربردەی تایبەتی شەخسی ناڕۆم، خۆم دەبوێرم. نامەوێ بە شتێک کە، چێژەی بۆ خوێنەرەوە تێ دا نیە، خۆی پێوە خەرێک بکەم. ڕەنگە ئەوەش تا ڕادەیەک بۆ هێندێ کەس بێتە جێگای پرسیار؟ بەڵام خەڵک سەربەستە چۆنی پێیان خۆشە باقەزاوەتی خۆیان بکەن!

دیارەمنیش، هێندی خەڵک نا؛ بەڵام بەش بەحاڵی خۆم، لە ڕوانگەی خۆمەوە، سەربردەو بیرەوەری و یادگاری زۆر بەنرخم لە زێدو نیشتیمانەکەم بە جێ ماون، کە هەتا ئێستاش خەونیان پێوە دەبینم.

پیویستە ئەوەندەش بگوترێ: لەو کاتەوە وڵاتم بەجێ هێشتووە، لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی دابڕاوم، و لە هیچ ڕێکخراوەو حیزبێکی سیاسی دا ئەندام نیم. لێرەداجێگای گوتنە: نەیارانی کوردو ڕێبازی کوردایەتی، دەبێ بزانن، کە ئەندام نەبوون لەحیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانیەکان دا بە هیچ جۆر نابێ بەحیسابی دژایەتی دەگەڵ حیزبە سیاسیەکانی خورد کەنەوە؛ و وای بۆ بچن خوای نەخواستە سەبارەت بە حەقانیەتی حیزبەکان و

هەولێرنامەی کتێب

داوا ڕەواکانیـان، گومـان و دوو دڵیـم هەیـە! ئـەوە کـە دەگەڵ هیـچ حیزب و ڕێکخراوێکـی سیاسـی نێم، دەگەڕێتـەوە سـەر بـواری لـەش بەباری و...خۆم و بەس!

هـەتا ئێستاشـی دەگەڵ بـێ! لـە سـەربوارە جـۆر بـەجۆرەکانی کۆمـەڵگای خۆمـان، بـۆ، و بـۆچـی-م، ئـەوەندە زۆرن کـە توانـای ڕیزکردن و نووسینیانم نیە! کە واتە با لێیان گەڕێین، ئەوباڵی باشی و ناباشـی کردەوەکـان بکەوێتـە سـەر ئەسـتۆی ئـەنجامدەرو هەڵسـووڕێنەری کاروبارەکـان. مامۆسـتا...، گوتـەنی: مێـژوو بـە ترازووی قەزاوەتی خۆی «جەزاو سزا» یان بۆ دیاری دەکات !

هـەرچـەند لـە سـەرەوە گوتمان کـە: باسی بەسـەرهاتی تایبـەتی خۆم ناکـەم، بـەڵام جـاری واهـەیـە مرۆڤ ئـەوەندە زۆر خـۆی بـە قـەرزداری کـەس و کەسـانێک دەزانـێ کـە ئـەو قـەرزە قورسـایی دەخاتە سەرشانی؛ و لە هـەمان کـاتیش دا هیـچ دەستمایەکی وەهـا شک نابات کە ئەو قەرزەی پێ بداتەوە! ناچـار پـەنا دەبا بۆ دوعـاو سوپاس و ماڵیاواو...
هـەروەک گوتم: بـە دەردە داری، بـۆ چـاری دەردەکـەم بـە ناشـارەزایی، ڕووم کـردە وڵاتی بولغارستان. خـۆم لـە گێڕانـەوەو چۆنایـەتی داسـتانی چـوون بـۆ بولغارسـتان، دەزمـەوە. بـێ شـک داستانی ئەو سەفەرە بە هێندێک وردەکاریەوە، زۆر لـە سـەرجەمی ئەو نووسراوەیە زۆرترە!
ئـەوەی لـێرە دا هـەرگیـز لـە بـیرم نـاچـێ و پیویسـتە بگوتـرێ: مرۆڤایەتی خوشکە خەجیجی خێزانی خوالێخۆشبووی گۆڕ غەریب، تێکۆشـەر، کـاک کـەریمی حیسـامی یـە. خـۆم بـە قـەرزداری موحیببەتەکانی ئەو خۆشکە بـەڕێزە دەزانم کـە چ ئەو کاتـەی لـە

نەخۆشخانە بووم ، چ دوای نەخۆشخانەش لە ڕادەبەدەر پێمەوە ماندوو بووە! بەهەق ئەو خوشکە دڵسۆزە ئەوەی کە پێی دەگوترێ عاتیفەو ئەخلاقی مرۆڤایەتی و مرۆڤ دۆستی، سەبارەت بە من ئەنجامی داوەو هەتا ماوم موحیبەتەکانی لەبیر ناکەم. هیوادارم لە ژیاندا سەرکەوتوو، بێ بەلابێ!

هەر وەها زۆر سوپاسی کاک سەلاح بدرالدین—یش دەکەم کە بە حوکمی مرۆڤ دۆستی ئەوەی پێویست بوو بۆ وێزاو خەوتن لە نەخۆشخانە، زۆر مەردانە، بە هۆی سەفارەتی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین، بۆی ئەنجام دام. هەروەها سوپاس بۆ برادەرانی ڕێکخراوی ڕزگاێخوازی فەلەستینیش کە، لە سەر ڕاسپاردەی کاک سەلاح زۆر بەرپرسانە هەڵس و کەوتیان دەگەڵ کردم و پێمەوە ماندوو بوون. ئیترجگە لە سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی ناوم بردون، هیچی تر شک نابەم؛ وجارێکی تریش پڕ بە دڵ سوپاس بۆ موحیببەتەکانیان و ماڵیان ئاوابێ!

پێش ئەوەی ئەو نوسراویە بچێتە ژێر چاپ، بە پێویستم زانی کە بۆ پێدا چوونەوەوچاو پێداخشاندن و هەڵە ڕاست کردنەوە، بیدەم بە دۆستانی خاوەن نەزەری خۆم. نووسراوەکەم دانێ و داواشم لێکردن کە وێڕای ڕاست کردنەوەی هەڵەو وشەی ناڕەسەن، لە نەزەراتی خۆیان بێ بەشم نەکەن. ئەو برادەرانە هەرکامیان لەوان بە شێوەیەک ئاگاداریان لە سەر ڕووداوەکان هەیە. بەتایبەتی دوو کەس، لەو دۆستانە: کاک حەمەدەمین سیراجی و کاک سەعیدکوێستانی مۆرەی سەرەکی کۆمیتەی ئینقلابی بوونە، و لەو ماوەیە دا کە ڕووداوەکان ڕوویان داوە، ئاگایان لە بەشی زۆری ڕووداوەکان بووە، جا چەندەیان لە بیرماوە، یان بۆیان گرینگە؟

ئەوە باسێکی ترە. دۆستانی بەڕێزی تر، کاک سەلاح موهتەدی، کاک سەید حەسەنی هاشمی، مامۆستا عومەری عەسری، ئەوانیش هەر کام بەنۆرەی خۆیان وێڕای ئەوەی خاوەن نەزەرن، لە نێو بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەو سەر دەمە دا بوونەو لە ڕووداوەکان بێ خەبەر نین.

سوپاسی ئەو دۆستە بەڕێزانە دەکەم کە هەموویان بە دڵ ئاواڵەییەوە یارمەتیان داوم. ئەو کەسانەی بە شێوەیەک لە سەر نووسراوەکە بۆچوون و نەزەریان داوەو نووسیویانە، وا لەو نوسراوەیە دا بڵاو دەکرێتەوە. من جارێکی تر لە قوڵایی دڵەوە سوپاسی هەمووی ئەو دۆستە دێرینیانەی خۆم دەکەم.

کۆتایی دیسامبری ٢٠٠٢ ستوکۆڵم- سوید، م. خزری.

هەواڵنامەی کتێب

یادی بێسەروشوێنێکی لە دڵ دا زیندوو –کاك سه دیقی ئەنجیری ئازەر!

بانەمەڕی ئەمساڵ – (١٣٨١هە تاوی ٢٠٠٢ی زایینی) سیو شەش ساڵی ڕەبەق بەسەر بێ سەروشوێن کردنی کاك سەدیق ئەنجیری ئازەر دا تێدەپەڕێ. هەتا ئێستا زۆرکەس لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب، لە بیرەوەریەکانی تایبەتی خۆیان دا، یان لە سەرخەبات و ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان نووسیانە، و بەهەر بۆنەو مەبەستێکەوە بووبێ، نێوی زۆر کەس لە ئەندامانی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان هێناوە، و نەخشو ڕابردوویان کەم و زۆر، دراوتەبەر باس. دەبێ ئەوش بگوترێ زۆر داستانی روو نە داوشیان کردۆتە نێو ئاخنی بابە تەکەیان!. ئەوەی ڕاستی بێ، نێوی کاك سەدیقی ئەنجیری، یان نەبراوە، یان ئەگەر بە هەڵکەوت "خێرخوایەکیش" خوا لە دڵی نابێ؛ ویستبێ لەگۆشەیەکی نووسراوەکەی دا شوێنێکی بۆ بکاتەوە، بە یادێك بەسەری کاتەوە؛ ئەوەندەیان زانیاری هەڵەو دوور لە واقیعیەت داوەتی، بە شێوەیەکی نیوبراوە، پیاو دەڵێ بریا ئەو یادەشی هەرلێ نەکراباوە. بێ سەرنجدانە ژیانی راستەقینەی – واقعیەتی ڕابردووی ناو براو، بەسەری دا تێپەڕیون. جا، یان بە دروستی لە بارەی نەخش و ڕابردووی ئاگاداریان نەبووە، یان ئەنقەست و "عمد" ێکی شاراوە، لە ئاڕادایە؟ بڵاو بوونەوەی ئەو بابەتانە، بوون بە هۆی ئەوە کە بێدەنگی خۆم بشکێنم و هەستی دەروونم دامرکێنم،و تا ئەو جێگەیەی ئاگاداری و شارەزایم لە سەر ئەو مرۆڤە فرشتە ئاسایە هەیە،و لەو ماوەکوورتەی یەك ساڵو نێوە دا کە لەکوردستانی گەرمین لەگەڵی ئاشنا بوومە، نەخشو ڕابردووی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بدەمە بەرباس. وەکوو شایەدێکی زیندووی ئەو سەردەمە، نەك وەکوو نووسەر! وەکوو ڕووداوێك بە لێکۆڵەرەوەیەکی خاوەن دەسەڵاتی

دەسپێرم و قەزاوەتەکەشی بە کەسانی خاوەن ئینساف.

مامۆستا عبدالله حسن زادە بەشێکی زۆری مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کتێبێك دا بە ناوی «نیوسەدە تێکۆشان» نووسیوە. کتێبەکەی مێژووی بەشێکی زۆری لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدایە. بە تایبەت ئەو بەشانەی ناوبراو، خۆی لە نێویاندا ژیاوە، زۆر بە ڕێکوپێکی فۆرمولەی کردوون. بە ڕێکەوت نێوی کاك سەدیق ئەنجیریشی تێداهێناوە؛ بەڵام نەك بەپێناسەی واقعی خۆی؛ نازانم مامۆستا ئەو زانیاریەی لەسەر نابراو لە کۆێوەرگرتووە کە؛ لەمەڕ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ك ٢لە لاپەڕی٤٢ی کتێبەکەی دا نووسێویە:

«... بەورد بوونەوەیەك لە لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دە توانین تێبگەین کە ئەو کۆمیتەیە شانسی سەرکەوتنی لە رێبەری کردنی حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی کوردی ئێران دا هەر لە سەرەتاوە کەم بووە. چونکە تەنیا حەوت کەسی پێشەوەیان لە ڕیزی خەباتی بەکردەوە دا بوون. بەڵام هاوکاریی نێوان ئەو حەوت کەسەش زۆری نەخەیاندو پیش ئەوەی کارێك بۆ پێش خستنی حیزبەکە بکەن دووچاری ناکۆکی بوون. هەر زۆر زوو خوالێخۆشبوو صدیق انجیری بە نیشانەی ناڕەزایی لە ڕەفتاری تەکڕەوانەی کاك احمدتۆفیق لە گوندی (لێوژێ) لە ناوچەی ناودەشت کونجی قەناعەتی گرت و پاش ماوەیەك بە شێوەیەکی گوماناوی**!!** کوژرا.(١) ئەوانی دیکەش هاوکاری یەکی ئەوتۆیان لە نێو دا نەما ئەگەرچی شتێك بە ناوی "هەیئەتی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان (٢)" دروست کرابوو. بەڵام بەکردەوە جارێکی دیکە حیزب بوو بە احمد تۆفیق و احمدتۆفیق بوو بە حیزب...»

---

(١)- «چەند ساڵ دوای کوژرانی صدیق انجیری کاتێك احمدتۆفیق و ملاسیدرشید لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە ڕۆیشتن و چوونە نێو دەوڵەتی عیراق احمدتۆفیق لای ملا سیدرشید اعترافی کردبوو کە صدیق انجیری بە دەستوری ئەو بە دەستی سەید حەسەنی برازی لە ڕێگای لێوژێ بۆ سورەبان لە سەرەوژێری وەسان (سێ گوندن لە ناوچەی دۆڵی باڵەییان) کوژراوە. ئەمە بوو بە هۆی لێك دابڕانی احمدتۆفیق و ملا سیدرشید. چونکە ئەو پیاوە پیاوی ئینسان کوشتن و ئەو جۆرە پاکانە حیسابانە نەبوو.» -نیوسەدە تێکۆشان.

**(٢)** پێویستی بەروون کردنەوە هەیە! - هەیئەتی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێش گرتنی کۆنگرەی ٢، لەو سە ردەمەدا بوو کە دەسەڵاتداری موتڵەق لە حیزبدا کاك ئەحمەد تۆفیق بوو، ئەویش بریتی بوو لە خۆی و مۆرەکەی! ئەو چەند ساڵەی پێش کونگرە ،کە خۆی وەك سکرتیری حیزبی دێموکراتی کوردستان ناساندبوو، هەر وەکوو گوترا کە هەموو کارەی حیزب هەرخۆی بوو، لە هەرکوێیەك و بە هەر بۆنەیەکەوە بە پێویستی زانیبا، ئەو مۆرەی بەکار دەهێنا. بەڵام ئیدی دوای کۆنگرەی ٢، کاك ئەحمەد خۆی و مۆرەکەی رەفعی مزاحمت یان کردو سایەی قورسیان بۆ هەمیشە لە سەر کادرو گشت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لاچوو! دوای کونگرەی ٢ موری کومیتەی ناوەندی و هەیئەتی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو کە لای کاك سەدیق ئەنجیری بوون. بەڵام بە پێچەوانەی کاك ئەحمەد ناوبراو وەکوو ئامراز بۆ هەموو شتێك بەکاری نەدەهێنا! سەیرە ماموستا ئاگاداری ئەوە نەبێ؟ - ن

هەواڵنامەی کتێب

لەسەر ئەو بەشە کە بۆچوون – تەحلیلی مامۆستایە لە سەر ڕێبەراتی حیزب، لەو سەر دەمەدا، ئیزهاری نەزەر ناکەم کە لێکدانەوەکەی چەندە دروستەیان نا. چونکە مەبەستی من لێرە دا ئەوە نیەکە ڕەخنە لە نەزەراتی ئەم و ئەو بگرم، بەڵکوو دەمهەوی دیتنو بیستنیخۆم بنووسم. بەڵام ئەو بەشەی کە وەکوو زانیاری مێژوویی لە کتێبەکەی مامۆستا دا، لە بارەی کاك سەدیق ئەنجیری نووسراوە، بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم دوورە لە واقعیەت. لە قوڵای دڵیشەوە پێم ناخۆشە ئەو هەڵە زەق و بەرچاوە دوور لە ڕاستییەیان داوەتە مامۆستا حسن‌زادە! دەڵێن: «جاری وەها هەیەو هەڵدەکەوێ کە "لێکۆڵەرێك" خۆی بە بابەتێکی مێژووییەوە خەرێك دەکا، تەنانەت کاتو مەسرەفی زۆریش بۆ تەرخان دەکا؛ بەڵام ئەو ئاگاداریانەی لە سەر بابەتەکەی پێی دەگا نادروست دەبن؛ دوای ئەوەی‌کە بابەتەکەی بڵاو دەکاتەوە،کەسێك، یان کەسانێك لەوانەی کە بە شێوەیەك پێوەندیان بە بەسەرهاتەکەوە هەیە، ئەرك و هەستی لێپرسراوی سەبارەت بە "واقعیەت" هانیان دەدا، کە ڕووداوەکەی بە شێوەیەك کە ڕووی داوە، بیدەنە بەرباس و بگێڕنەوە. ئیتر ئەوە دەبێتە هۆی "زەحمەت بەخەساری" نووسەر – "لێکۆڵەرەکە"!»

ئەو چەند دێڕە هەڵەیەی مامۆستا کە لێرەدا لە بارەی کاك سەدیق وەکوو بەشێك لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێناویەتی، بە داخەوە زیان دەبەخشێ بە بەشەکانی‌تری مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان. داخوا ئەو کەسەی ئەو هەڵە زەقەی وەکوو زانیاری داوە، بە ئەنقەست نێو و نیشانی – ئادرێسی هەڵەی داوەتە ماموستا، یان لە ڕووی شك و گومانەوە بێ هەست کردن بە لێپرسراوی،گوتویە: «محانج»؟ هەر جۆرێك بێ و بە هەر مەبەستێك ئەو کارەی‌کردبێ کردەوەکەی جیگەی پرسیارە!؟

دەزانم مامۆستا، ئەو بەشانەی کە خۆی لە نزیکەوە شایدیان نەبووە، ڕووداوەکانی لە کەسێك، یان کەسانێك پرسیوە کە خۆی، یان خۆیان وەکوو ئاگاداری بەسەرهاتەکە، ناساندووە. نووسەری ئەو چەند دێڕە، وەکوو شایەدێکی زیندوو، نەك وەکوو ڕەخنەگر، ئەوەی لە بیرماوە، وێڕای کەم و کوڕی و فەرامۆش کردنی زۆر بابەت، و

هەڵەی ئەدەبی، بە سەرهات و نەخشی کاك سە دیق ئەنجیری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، لە پاییزی ساڵی ١٣٤٣وە هەتا بەهاری ١٣٤٥ کە شوێنەون کرا، دەداتە بەرباس. لە هەمان کاتیش دا، هیوا دارم مامۆستاش ئەوەندە زەحمەتەی بداتە بەرخۆی – کە دەزانم دەروون فرەوانە، بە نووسراوەکەی نووسەری ئەو چەند دێڕەدا بچێتەوە، ویڕای ئاموژگاری مامۆستایانە، ئەگەر بڕوای بەوە هەبوو کە، ئەوەی نووسەری ئەو چەند دیرە لە سەر ناوبراو نووسیویە ڕاستە، ئەو دەم مامۆستا دەتوانێ هەڵە زەقەکەی «نیو سەدە تێکۆشان» بە چەند دێڕ، چۆنی خۆی بە پەسندی دەزانێ ڕاست کاتەوەو لە جیاتی ئەو کارە من سوپاسی دەکەم!

مامۆستا حسن زادە، وەکوو نووسەرێکی لێزان، ژیرانە لە لاپەڕی ٦ی کتێبی ناوبراو *دا دەنوسی:

«هێندێ جار ناوی ئەو تێکۆشەرانە کە لە فەسڵێکی دیاریکراوی مێژووی حیزب دا نەخشێکی بەرچاویان هەبووە، لەبیرنەماوە، یان هەر نەبێ ئەو جۆرەی پێویستە دیارنین. ئەم دیاردەیەش جگە لەوەی بۆ کارەکەی من بە ناتەواوی دەژمێردرێ، جۆرێکیش ناهەقی لەو خەباتگێرانەی تێدا بەرچاو دەکەوێ، کە هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم لە بیر بردنەوەیەکی بە ئەنقەستی تێدا نیەو لەو بارەیەوە لە گیانی بەرزی شەهیدەکان و هەروەها لەو تێکوشەرانە کە هێشتا ماون داوای لێبوردن دەکەم.و...»

شك لەوە دا نیە کە مامۆستا حسن زادە، هەر وەکوو خۆیان دەڵێن، ئەو بابەتانەی نووسیونی لە رووی خۆشەویستی و ناخۆشەویستی نەنووسیون، و بەقەست و هەستێکی پاکی کوردانەی دوور لە وردە حیسابی شەخسی، بەسەرهاتی خەباتگێرانی لە کتێبەکەی دا تۆمار کردووە. ئەوە جیگەی سوپاسەو هەموو کەسێکی بە ئەمەگ سەبارەت بە چارەنووسی نەتەوەی کورد، دەستخۆشانەی پێدەڵێ.

لە یادکردنەوەی کاك سەدیق ئەنجیری دا، باسی رووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەموویان گرینگ تر رووداوەکانی دوای کۆنگرەی ٢، ئەگەر "وەرد دانەوە"ش بێ؛ دێنەبەر باس و بە ناچاری باسیان لێوە دەکرێ.

داستانی تراژیدی و لە خوێن دا گەوزانی خەباتگێرانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی

کورد، نەکاری ئەمڕو و دوێنێ یەو نە نووسین و گێڕانەوەی لە توانای کەسێکی وەکوو نووسەری ئەم چەند دێڕە دایە. سەرجەمی جولانەوەی گەلەکەمان، پڕە لە کارەسات و بەسەرهاتی دڵتەزێن. مخابن لە هەرکوێیەك خەباتگێڕێکی کورد، کەوتبێتە داوی داگیرکەران، یان کەوتبێتە بەر پەلاماری نەیارو ڕکەبەری خۆی، بێ شك ڕچەی "دەڵەی" کوردی پێوە دیارە. بە داخەوە ئەو ڕەوەتە دزێوە لە نێو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا, هەتا ئێستاش درێژەی هەیە! بە داخەوە ئێستاش کەم نین ئەوانەی، بۆ دوو ڕۆژ زیادتر درێژە دان بە تەمەنی پڕ لە شەرم و شوورەییان وەکوو «... خوێڕی لە گەڵ گورگی نامۆ ڕەوێ دەبەن»!

## کورتە زانیاریەك لە سەر کاك سەدیق ئەنجیری!

سەدیق ئەنجیری کێ بوو؟

هەوالنامەی کیبر

زورم هەوڵ داکە، بیوگرافی کاك سەدیق ئەو جۆرەی کە بووە لە بواری سیاسی و کومەلایەتیەوە چۆن ژیاوە، لەو یادەکردنەوەیەدا بینووسم. بەلام بەداخەوە، بەهۆی دوورەولاتی و بێ ئیمکاناتی و دەست وێڕا نەگەیشتن، جگە لە نەقڵی قەول "نقلی قول" دەسکەوتێکی وەهام دەست نەکەوت کە پێی پشت ئەستوربم و بینوسم. ئیتر هاتمە سەر ئەو ڕایە خۆم لەو بابەتانە ببوێرم کە پرسیار دەهێننە گۆڕێ و ئەو شتانە بنووسم کە خۆم لە کەسانی نزیك لە ناوبراو زانیومە!

کاك سەدیق ئەنجیری ئازەر،کوڕی کاك حەمە ڕەسوڵ و ئایشە خاتونە، خەڵکی شاری مهاباد. ساڵی لە دایکبوونی ئەو جۆرەی زانیومە ١٣٠٣ی هەتاوی یە. دەورەی خویندنی سەرەتایی لە مهاباد، و دەورەی ناوەندی لە دانیشسەرای مقدماتی تەواو کردووە. ژنی نەهێنا بوو. بەگوێرەی ئەوەی لەکەسانی نزیك لە کاك سەدیق زانیومە، لە ساڵی ١٣٢٣دا وەکوو مامۆستای قوتابخانە لە ئیدارەی فەرهەنگی مهاباد دامەزراوەو وەکوو مامۆستای قوتابخانە لە مهاباد درسی گوتۆتەوە. بەر لە دامەزرانی کومارکوردستان، لە بواری فەرهەنگی و سیاسی چالاکی بووە . لە سەردەمی کۆماردا،

یەکێك بووە لە نووسەرو هاوکارانی گۆڤاری کوردستان.

دوای داگیرکرانەوەی کوردستان، لە لایەن لە شکری داگیرکەری حەمە ڕەزاشا، چۆتە تاران و لە گوندێکی نزیك تاران بە ناوی «گلندوك» بۆتە مامۆستای قوتابخانە. دوای ماوەیەك بۆتە کارمەندی وەزارەتی فەرهەنگ. هەتا خانەنشین بوونیو هاتنی بۆ کوردستانی گەرمین هەر لەو وەزارەتە دا کارمەند بووە. دوای روخانی کۆماری کوردستان، لە تاران ماوەیەك لەگەڵ حیزبی تودەی ئێرانی لەو سەردەمە دا، هاوکاری کردووە. چەندکەرەت لە لایەن پۆلیسی ئێرانەوە گیراوە. کاك سەدیق روونا کبیرو نووسەرێکی خاوەن توانا بوو. ئۆگری کتێب و قەڵەم بوو. کاتی بێکاری، بە خوێندنەوەو نووسین دەبردەسەر. شارەزایی فرەی هەبوو لە سەر زمانی فەرانسەیی. یەکێك بوو لە لایەنگرانی مەکتەبی مرۆڤایەتی ــ "ئێگزیستانسیالزمی ژانپل سارتر". نووسەر و دارێژەری پێروی ناوخۆ و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بۆ کۆنگرەی ٢!

کاك سەدیق ئەنجیریئازەر، لە سەر دەمی خۆی دا روونا کبیرێکی خاوەن تەحلیل و تیوری زانێکی بە دەسەڵات بوو. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ناوبراو ئەوە بوو کە، بە دیمەن زۆر سادەو سارکارو خاکی دەهاتە بەرچاو، لێو بەبزە، ئەهلی کەشو فش نەبوو – هەرگیز ئاشق نێو و نێوبانگی خۆی نەبوو. حەزی لە پێهەڵاگوتنی خۆی نە دەکردو نەیکرد! خوو خەسڵەتی مرۆڤ دۆستانەو سەرجەم ڕابردوو، بەسەرهاتی کاك سەدیق ئەنجیری، ئەگەر خاوەن قەلەمێکی بە تواناو شارەزا، بینووسێ، ڕۆمانێکی بە چێژە هەڵدەگرێ کە هەموو کەس حەز لە خوێندنەوەی بکا!

کاك سەدیق پاییزی ساڵی ١٩٦٤ - ١٣٤٣ هەتاوی پێش گرتنی کۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاتەکوردستانی گەرمین. ناوبراو بە هاتنی بۆ نێو ڕیزی حیزبی دێموکرات، لەو ماوە کەمو کورتە دا کە ئەندامی ڕێبەراتی بوو، زۆرکاری بەکەڵکی بە قازانجی حیزب ئەنجام دا، یەکەم هەنگاو لە کۆنگرەی ٢ دا، دەعوەت و لێ گێڕانەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە، و ئەو کەسانەی بە هۆی سیاسەتی تەکرەوانەی کاك ئەحمەد، دووڕەپەرێز مابوون، کردی بە بڕیاری کۆنگرەی ٢،

ئاکامەکەی بوو بە یەك گرتنەوە گشتی لە گەرمێن. هەروەها بەشێك لە چالاکی کاك سەدیق، بریتی بوو لە بردنە سەری ئاستی زانستی سیاسی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب. تەشویق کردنی پێشمەرگە نەخوێندەوارەکان بۆ دەرس خوێندنو ئەوانەی تا ڕادەیەك خوێندەوار بوون بۆ دەرس گوتنەوە بە نەخوێندەوارەکان. دانانی بەرنامەی بۆ گوێ دانە مێژووی جولانەوە ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بە تایبەت بۆ پێشمەرگە نەخوێندەوارەکان، لە کاتی شەوانەدا. (ماوەیەك، کە ئەو دەم لە سەنگەسەربووین، شەوانەدوای نان خواردن، نووسەری ئەو چەند دێڕەی کرد بووە بەرپرسی خوێندنەوەی مێژووی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان. کتێبی "کوردو شۆڕشەکانی" مامۆستا علاالدین سجادی، بۆ پێشمەرگەکان دەخوێندەوە، کاك سەدیقیش خۆی دا دەنیشت گوێی بۆ ڕادەگرت و کەیفی پێ دەهات.) ئامۆژگاری کردنی کادرەکان، بۆ کاری تەشکیلاتی (بە داخەوە ماوەی بۆ ئەو بەشە گرینگە زۆرکەم بوو) و دەتوانین بڵێین کە ناوبرا لەو سەردەمەدا نموونەیەکی هەڵکەوتووی دڵسۆزی بوو لە نێو حیزب دا لە کوردستانی گەرمێن، کە تا ئەو دەم بڕگەو کەرخێکی وەها، لە پاش هیچ کام لە کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە جێ نەمابوو! مخابن خەبات و تێکۆشانی ئەو زانا دڵسۆزە، لە نێو مێژوو و ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، شوێنە ونن!. سەرەڕای شوێنەون کردنی ئەو هەموو خەبات و هەوڵە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ لە مێژووی حیزب دا، بەگۆشەگیرو پاشڤیش ناوی بردراوە؟ مرۆڤ لەو شاکارە سەیرو سەمەرانە کە لە نێو ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، نووسراون و بڵاو کرانەوەو دەیانبینێ سەری سوڕ دەمێنێ؛ تاریفو تەمجیدی لە"کۆمیتەی شورشگێر" دەکەن بێ ئەوەی ئاوڕیان وە سەر شێوەی دروستبوونیو چالاکی ئەو کۆمیتەیە دابێتەوە. کاك سەدیق ئەنجیری ئازەریش، زۆر بە ناهەق بە گۆشەگیر لە گوندی "لێوژێ" ناوچەی ناو دەشتی ئاکۆیان لە لاپەرێکی مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دەنوسری!؟

کاك سەدیق لە بانەمەڕی ١٣٤٥هەتاوی دا، کە ئەو دەم لەگەڵ کاك سەعیدکوێستانی لە گوندی "دەربەندی ڕایات" لە ناوچەی باڵەکایەتی لە نێو باغێك دا لە دۆ ڵێکی پشتی

ئاوایی دەربەند، ژوورێکی چووکەیان گرتبوو بە یەکەوە دەژیان. لە بەهاری ئەو ساڵە دا ڕۆژێك لەگەڵ کاك سەعیدو شێرزادی پێشمەرگە، بۆ چاو پێکەوتنی بارزانی بە رەو قەسرو ماکۆس، دەچن(١). پێشان دەبن بە میوانی مامۆستا هەژارو دوایی دێن دەبن بە میوانی کاك خالیدی حیسامی لە ڕادیوی دەنگی کوردستان - شۆڕش. وەکوو کاك سەعید کوێستانی دەیگوت: دوایی کاك سەدیق، بە رەچاو کردنی تەنگی جێگا بۆ خەوتن، کاك سەعیدو شیرزادی پێشمەرگە، دەنێرێتەوەو خۆی تەنیا لای کاك خالیدی حیسامی دەمێنێتەوە، چاوەڕوانی دەرفەت دەکا کە چاوی بە بارزانی بکەوی. گوایە لەو دەمەدا، بارزانی کاتی دیداری نابێ، بە چاوەڕوانی کات، لای کاك خالید دەمێنێتەوە. ئیتر کاك سەدیق، دوای گەڕانەوەی کاك سەعیدو شێرزاد، لەوێڕا شوێنەون دەکرێ کە لەشوێنی خوێ دا، دەیدەینە بەرباس!

مخابن ئەو سەفەرەی کاك سەدیق ئەنجیری، بوو بە دوایین سەفەری،و ماڵاوایی لە دۆست و هاوڕێکانی! نەکەس بە زیندووی دیتیەوە، نە بە مردوویی تەرمەکەشی دۆزرایەوە؟ دوای بێ سەرو شوین کردنیشی، ئەو چەند هاواڵەی مابوونی، وەکوو کاك سولەیمانی موعینی و باقی برادەرانی تری... تا ڕادەیەك هەوڵیان دا بۆ سۆراخ کردنی، بەلام لەبەر گوشاری کار بە دەستانی شۆڕش (پاراستن)، ئەو جۆرەی پێویست بوو نەیانتوانی بۆی هەڵسووڕێن و بکەونە شوێنی و سوراخی بکەن.کە چی زۆری نەخەیاند، ئەوانیش کەوتنە بەر پەلاماری کار بە دەستانی "پاراستن"؛ یان کوشتیانن تەرمەکەیان تەسلیمی شای ئێران کردنەوە، یان بە زیندووی گرتیانن تەسلیمیان کردنەوەو ئیعدام کران، یان لە ترسی کوشتن و تەسلیم کردنەوە خۆیان لە باوەشی دوژمنێك هاویشتەوە کە پێشتر لە ترسانی ڕایان کردبوو؟!

بە داخەوە کاك سەدیق ئەنجیری ئازەر، بێ بە زەیانە،کەوتەبەر پەلاماری مرۆڤ کوژانی جینایەتپیشە،کە زانایی و دڵسۆزی و مروڤ خۆشەویستی لە قاموسی ئەو تاوانبارانە دا، بە تاوان دەژمێردرا؛ بێ بەزەیانەو نامەردانە کوشتیان و شوێنەونیان کرد.

(١) قەسرو ماکۆس دوو گوند بوون لە نزیکی بارەگای بارزانی و ڕادیویی دەنگی کوردستان.

قین لە زگانی جینایەیکار، بەکوشتنی ئۆخژنیان نایەتێ سەریشی دەبڕن و تەرمی بێ سەری لە رووباری، دۆڵی باڵە بیان، داوێن. (چەند مانگ دوای کوژرانی، کاتی هێندێ پێشمەرگە، لە رووباری لە نزیك "پردی حافز"(١) لە چۆمی دا مەلەی دەکەن، تەرمێکی بێ سەر لە ئاو دا دەگرنەوە، بەو عەلامەت و نیشانانەی کە برادەرانی حیزبی شیوعی عیراقی بەکاك سولەیمانی موعینی یان گوتبوو، کاك سەدیق دەبێ.)

راستە، دوای کوژران و شوێنەون کردنی، کەس نەبوو شەمێکی بۆ داگیرسانی، و پڕبە دڵ شین بۆ خوێنی بە ناهەق لە سەر هەق ڕژاوی بگێڕێ، و تاوانی تاوانباران لە قاو بداو بە نەتەوە بەشخوراو فێڵ لێکراوەکەمانیان بناسێنێ، کوردەگوتەنی: "نەچاو سورێك" مەودای پێدرا لە دادگایەکی دادپەروەر دا، داوای تۆڵەو بە سزا گەیاندنی جینایەتکارانی بۆبکا، و نە هاوڕێکانی لەو سەردەمە دا، ئەو دەرفەتەیان بۆ رەخساو نەبواری ئەوەش هەبوو کە، بتوانن ئەو جینایەتە دژی مروڤایەتی یە بەگوێی هەواڵدەرەکانی دەروەو ناو خۆیی بگەیەنن. بەڵام سەرەڕای هەموو بێ دەرەتانێك و زەبروزەنگی "ساواك" و دەزگاکانی سیخوڕی حەمە رزاشا، ئۆگرانی ڕێبازی کاك سەدیق لە هەرکوێیەك بۆیان لوابا، ئەو جینایەتەیان لە قاو دەدا. زۆر کەسایەتی کورد، بە تایبەت ئەوانەی ناوبراویان لە نزیکەوە دەناسی، وێڕای شەرمەزار کردنی ئەو جینایەتە،کوشتن و بێ سەرو شوێن کردنی کاك سەدیق ئەنجیری ئازەریان لەو سەردەمەدا، بە خەسارەتێکی گەورە دەزانی بۆ جوڵانەوەرزگاریخوازی لەکوردستانی ئیران دا. ئەوەی لێرەدا، زۆرتر بەرلۆمە، ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەکە، میراتگرو چاوسوری ئەندامەکانی و خەڵکی کوردستانە. نە بەڕاشکاوی یادێکی لێ کردەوە، نە لە ڕیزی شەهیدانی رێگەی کوردوکوردستان دا، بە سەری کردەوە، نە لە لاپەرێکی نووسراوەکانی دا وەك شەهیدێکی کوردستان بە ناسنامەوە شوێنێکی بۆ کردەوە؟ (کتێبێك کە گوایە ناوی ٥٠٠٠ شەهیدی کوردستانی بە ناسنامەوە تێدا تۆمار کراوە لە لایەن "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" چاپ و بڵاو

(١) پردی حافیز لە سەر ڕووباری جادەی هامیلتۆنە، لە دۆڵی باڵەکایەتی دا.

کراوەتەوە، ناوی کاك سەدیق ئەنجیری لەو کتێبەدا هەیە، بەڵام بێ ناسنامە و ئاماژەکردن بە گومان لیکراوی جینایەتکار؟ لێرە دا باسی ئەوە ناکەین کە نووسین بلاّو کردنەوەی ناوێ هێندێ کەس وەکوو شەهیدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لەو کتێبەدا خۆی جێگای پرسیارە و تێ ڕامانە!؟)

بە ڕای خۆم ئەو هەق کوژیەی کە سەبارەت بە کاك سەدیق ئەنجیری وەکوو تێکۆشەرو ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لە سەردەمێکی دیاری کراودا کراوە، هەتا ئێستا لە مێژووی خەباتی ئەو پەنجاو چەند ساڵەی حیزب دا، بەکەم کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەوا بینراوە، یان هەر نەکراوە! داخوا لێرە دا ڕێبەراتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لێپرسراوی ئەو هەق کوژیەی ناکەوێتە سەر ئەستۆ، و وەڵامێکی بۆ ئەو بێدەنگییە هەیە؟ گەلۆ ئەو بێ دەنگیە، یان بە واتەیەکی تر ئەو لە بیر بردنەوەو شوێنەون کردنی ڕابردووی ئەو تێکۆشەرە زاناو خێر خوازە، تۆ بڵێی هەر تەسادوف و ڕێکەوت بێ، یان حیکمەتێکی نهێنی لە ژێر پەردەوە هەیەو باسی لێوە نەکراوە و ناکری؟ هەر وەکوو لە سەرەتای ئەو نووسراوەیە دا پەنجەمان بوی ڕاکێشا، نزیکەی ٣٦ساڵ بە سەر ئەو ئەو لە دڵدا خەوتووە بێ سەروشوێنە تێدەپەڕێ، هەر چەندە هیچ بەڵگەو نووسراوەیەك لە دەست دانیە وەکوو سەنەد پێشانی بدەین، و کەسیش بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێ نەکردووە، بەڵام بە رەخنەگرتن لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان- (ك ٢)، وەکوو «بەرنامەیەکی پایە نزمی سیاسیو فەرهەنگیو...» مروڤ زەینی بۆ ئەوە دە چێ کە، ئەو بێدەنگیو بەراوەژوو پیشان دانەی کارو تێکۆشانی کاك سەدیق، سزای نووسینی ئەو «بەرنامە پایەنزمە و...» بێ !!

سەرەڕای یادێك لە کاك سەدیق و نەخشی ناوبراوە لە کونگرەی ٢دا، و دوای کۆنگرەش، ناچارین ئاوڕێك لە ڕابردووی حیزبو ئەو قەیرانەش بدینەوە،کە بە هۆی کاك ئەحمەد تۆفیق بە سەر حیزب دا هاتبوو، و ناوبراو بەکەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتو ڕێزی بارزانی، لەکوردستانی گەرمێن، بۆ بەرژەوەندی تەکرەوانەو

پاوانخوازی خۆی، وەزن و قورسایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هێنابووە خوارێ، لە هەمان کاتیش دا، تا ئەو جێگایەی کە ئاگاداری ڕووداوەکانم، و لە بیرم ماون و لە توانام دا هەیە ڕووداوەکان لە شوێنی خۆیان دا، دەدەمە بە رباس. (لەوانەیە، بەمەبەستی ڕوون کردنەوەی هێندێ بابەتی پێش کۆنگرەی ٢و دوای کونگرە،و تا دەگاتە «جۆڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦- ٤٧» کە ڕوویان داوە و باسیان لێوە نەکراوە، یان بە هەڵە هاتۆنەتە سەر قاقەز، بیان دەێنە بەرباس.) هەتا ئێستا زۆرکەس لە سەر جۆڵانەوەی ٤٦-٤٧یان نووسیوە. ئەوکەسانەی کە لە سەر ڕووداوەکانیان نووسیوە، ڕەنگبێ مەبەستی خێرخوازیشیان بووبێ، بەڵام بە هۆی ئەوەکە لە نزیکەوە خۆیان بەکردەوە ڕووداوەکانیان بە دیتن تاقی نەکردۆتەوەو زۆرتر لە مەڕ چۆنیاتی لە زمان ئەم و ئەو، بە نەقڵ وەریان گرتووە دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەك بابەتەکەیان شێواندووە. هەتا ئەو جێگەیە من ئاگادارم ــ لە زۆر شوین تووشی هەڵە هاتوون!

وەکوو دەڵێن: هەر دیاردەیەکی مێژوویی، بێ ئاوڕ دانەوە سەر پیشینەی ئەو دیاردەیە، زۆر لایەنی بەلێڵی و ناڕوونی دەمێنێتەوە. هەرچەند مامۆستا حەسەن زادە لە «لە نیوسەدە تێکۆشان» دا تا ڕادەیەك ئاماژەی بە ناکۆکی ناو خۆی حیزب و سەرەڕۆیی کاك ئەحمەد تۆفیق کردووە، بەڵام بە ڕای خۆم سالەکانی ١٣٣٧ هەتا ١٣٤٧ لەو سەردەمەدا، بەپڕلە قەیران ترین مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەژمێردرێن. پێم وایە لە سەر ئەو ڕووداوانەی دێنە بەرباس، ئاگاداری من زۆر لەوە کەمترە توانیبێتی هەموو کەلێن و قوژبنی ڕووداوەکان بپێکێ! جا بویە پێویستیان بە باس و لێ ورد بوونەوەی زۆرتر هەیە. ئەوەی لێرە دا نووسەری ئەو چەند دیرە بەکەم وکوڕی باسی لێوە دەکا، تەحلیلی سیاسی و نەزەراتی تایبەتی خۆی نیە، بەڵکوو زۆرتر دیتنی خۆی و بیستنە لەو سەر دەمە دا. ئەوەندەی لە بیرم ماوە، هەرچەند کورت و ناتەواویش بێ گەرەکمە دەوریکیان لێ بکەمەوە، و لە هەمان کاتیش دا سوپاسی ئەوکەسانەش دەکەم کە لەم بارەوە یارمەتیان داوم و یارمەتیم دەدەن و هەڵەو چەوتەکانم بۆ ڕاست دەکەنەوە!

مامۆستا حسن زادە، لە «نیوسەدەتێکۆشان» دا ئاماژەی بەو هێرشە کردووە کە دەزگای پولیسی حەمەڕەزا شا، کردیە سەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٣٣٨دا. لەو هێرشە دا زیادتر لە ٥٠٠کەس گیران و ڕایان کردو پەڕیوەی کوردستانی گەرمێن بوون.

لە سەرجەمی زیاتر لەو دوو سەدو چەندکەسە، لە کادرو ئەندامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە ساڵی ١٣٣٨ لە ترسی پۆلسیی ئیران ڕایان کردبوو، چووبوون بۆ عیراق و لەکوموونی سولەیمانی* گیرسابوونەوە، هەتا ساڵی١٣٤٠، کاك ئەحمەد تۆفیق زۆربەی نزیك بە تەواویانی، هەر یەکەی بە ناو و ناتۆیەك، لە مەیدانی کردەوەی وەدەرنان و لە سولەیمانیە بەدەرکردنی دان. سالی١٩٦١ کە شۆڕشی کوردستانی گەرمین-(ئەیلول) بە سەروکایەتی بارزانی دەستی پێکرد، و بارزانی وەبەندەنی کەوت، کاك ئەحمەد تۆفیقیش، دەگەڵ بارزانی وەبەندنێ کەوت. ئیتر ئەو دەم جگە لە کاك ئەحمەد تۆفیق، تەنیا سێ کەس لە کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەیدانی کردەوە دا لەکوردستانی گەرمێن مابوون. ئەوانیش بریتی بوون:

١- مامۆستا مەلاباقی ڕەحمەتی، ٢- شەهیدکاك سولەیمانی موعینی، ٣- شەهید کاك قادر شەریف (هاشم اقلاالطلاب). لەو سێ کەسەش مامۆستا مەلا باقی ڕەحمەتی زۆر زوو دەرکەوانی سەرۆك بارزانی نسیب بوو، و ماڵاوایی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردو بۆ هەمیشە هەتا بە ڕەحمەتی خوا شاد بوو، ئاوڕی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەداوە!

---

*کومونی سولەیمانیە شوێنێك (خانوی کریکارەکانی چیمەنتۆی سەر چنار)بوو لە سولەیمانی، کە دابوویان بە پەنابەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بژیوی ژیانی پەنابەرەکانیش بەحیزبەکانی کوردستان، وەکوو پارتی دێموکراتی کوردستان، کە لەسەردەمی حکومەتی عبدالکریم قاسم دا، دەستی باش دەرۆیشت، وحشع، و نیشتیمانپەرەوانی کوردستان و خەڵکی سولەیمانیە دابین دەبوو. لەو سەردەمە دا بووکە لەمێژ نەبوو بارزانی لەسوڤیەت گەڕابۆوەو کاك ئەحمەد بەکەڵك وەرگرتن لە هیزو ڕێزی بارزانی توانی تۆڵە لەو کەسانە بستێنێتەوەکە جودا بیری بوون و لە عیراق بەدەرکردنی دان.-ن

کاك ئەحمەد لەو سەردەمە دا، بە هۆی چالاکی و هەڵسوڕانی، بۆ بارزانی، جێگای خۆی کردبۆوە. بەڵام بە داخەوە، بە هۆی کەم زەرفیەتی، نەحاواوەیی، خۆ بەزل زانی، نەیتوانی کەڵکی شایستە لەو ڕێزو قەدرە وەرگرێ بۆ حیزب، کە بارزانی لێی نابوو. لە هەمان کاتیش دا ناوبراو مەشروعیەتی خۆی جگە لەبارزانی، لە هیچ ئۆرگانێکی حیزبی وەرنەگرتبوو، بەڵکوو مەشروعیەتی خۆی لە کەسایەتی بارزانی وەدەست هێنابوو! بارزانی ناوبراوی بەو پلەو پایەگەیاند بوو کە خۆی دەیویست و حەزی لێ بوو؛ هەتا ئەو جێگایە ڕۆیشت کە خۆی بە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان بناسێنێ. دوای دەربەدەرکردنی ئەو کادرو ئەندامانەی کە، هاو بیری نەبوون، لە سەرجەمی کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەرمێن، تەنیا دوو کەس- کاك سولەیمانی موعینی و کاك هاشمی ئەقەلوتولاب (هاشم اقل الطلاب) لە مەیدان دا مابوون. کاتی وەبەندەنێ کەوتن، بە هۆی بارزانی توانی زۆر زوو، قادرشەریفیش- (هاشم اقل الطلاب) هەلپەسێرێ. ئیدی جگە لە کاك سولەیمانی موعینی (کە ئەویش کاری پێی هەبوو) و تاقمێك چەکداری نەخویندەوارو چەندکەسی کەم خوێندەوار کە، جیگای نیە لێرە دا ناویان بەرین، کەسی جودابیری لە کادرە خاوەن ڕابردووەکان، لە مەیدان دا نەهێشتبۆوە!

ههولێرامهی کیی

ئێستا ئیدی ئاگری شۆڕشی کوردستانیش تینی وەبەرگەڕا بوو. لاوانی کورد، دەستە دەستە لە کوردستانی ئێرانەوە بەرەو شۆڕش دهاتن بۆ پێشمەرگایەتی. ئەوانەی دەهاتن، بۆ نێو شۆڕش زۆرتریان دەچوونە لای کاك ئە حمەد تۆفیق. ناوبراویش لە ڕووی حیساب و کیتابێك کە بۆ دوا ڕۆژی خۆی کردبووی، زۆرتر کەسانی نەخوێندەوار و کەم خوێندەواری هەڵدەبژاردو چەکی دەدانێ و دەیکردن بە پێشمەرگە، لە ڕاستی دا دەیکردن بە "پیشمەرگەی خۆی" مەسەلەی ڕابردوو، لێوەشاوەیی بۆ ئەو زۆر گرینگ نەبوو. بە داخەوە ناوبراو، لەگەڵ کەسانێك نەختێ خوێندەوارو شارەزایی بواری سیاسی یان بوایەو گوێ لە مستی ئەو نەبوانایە،کورد گوتەنی: «دانوی لەگەڵیان نەدەکوڵا»! کاك ئەحمەد بەوە گەیشتبووکە جێگای کۆنەهاواڵەکانی حیزبی، بەکەسانی

گوێ لە مستو نەخوێندەوارو ساویلکەپڕکاتەوە. بۆ ئەوەی خۆی بێ بە سکرتێری هەمیشەی حزب و کەسی لە خۆی زاناترو لێوەشاوەتر لەحیزب دا نەبێ کە، بتوانێ بەرهەڵستی بکا، و دەیویست کە خۆی ڕێبەری "بلامنازع" ی ئەبەدی بێ! هەر ئەو بۆچوونە هەڵەیە بوو کە ئاکامەکەی بە ناکامی گەیاندو لە جیاتی ئەوەی بتوانێ کارێك بۆ حیزبەکەی بکاو دوای نەمانی خەڵکی کورد شانازی پێوەبکا، بەداوی حکومەتی (بەعس)ەوە بوو خۆشی سەری تێدا چوو، و بە تۆمەتی کوشتنی کاك سەدیق ئەنجیری و ئەسعەدی خودایاری، وەکوو "گومان لێ کراو" پەرەوەندەیەکی دزیوی لە پاش نەمانی خۆی بەجێ هێشت! لەوانەیە هێندی کەس هەبن لە پاش نەمانی، ئەو بە ئازا و ئەمەگداری بەبارزانیو... بە خەلك بناسێنن، بەڵام بەخشینی ئەم جۆرە پاشناوانە هیچ کامیان ناتوانن ئەو پەڵە دزێوەی تۆمەتی گومان لێ کراوی کوشتنی زاناو ڕووناکبیری کورد، کاك سەدیقی ئەنجیری ئازەر،و ئەسعەدی خودایار، لە نێوچاوانی ناوبراو بشۆنەوە- بسڕنەوە!

هەوالنامەی کتێب

کاك ئەحمەد توفیق، بەکردەوەی باش و ناباشی بەشێکە لە مێژووی جوڵانەوە و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوەی نووسەری ئەو چەند دێڕە باسی لێوە دەکا زۆرتری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٥٨-١٩٦٨،کاك ئەحمەد تۆفیق، کارنامەی باشێشی زۆر هەیە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا. بەر لەوەی تەمەنی بێتە ١٨ساڵ وەکوو لاوێکی زیندوو هەڵسووڕاو لە ڕێکخراوی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کورداستان دا دەبێتە ئەندام و لە پێناو رزگاری کوردو کوردستان دا، لە خەباتی دژی نیزامی پاشایەتی زۆر چالاك دەبێ. زۆر بە بێ ئینسافی دەزانم کە کردەوە نیگاتیڤەکانی باس بکەم، و بەشە موسبەت و پوزیتیڤەکانی وەپاش گوێ دەم. ئەوەندەی لە خودی خۆیم زانیوە باسی لێوە دەکەم، لە هەمان کاتدا، لە هەموو ئەو کەسانەش کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، کە لە سەر دەمێکی دیاریکراو دا لە نزیکەوە هاوکاری ناوبراو بوونە، داوا دەکەم، کە ئەوەندەی ئاگاداریان هەیە لە سەر چالاکی کاك ئەحمەد تۆفیق،

بێ ڕەچاو کردنی خۆشەویستی و ناخۆشەویستی، واقعیەتی، ساڵەکانی دوای رووخانی کۆمار هەتا ساڵی ١٣٣٨ چەندەی لە سەری دەزانن بۆم بنووسن با نەبێتە عەزابی ویژدان!

کاك ئەحمەد تۆفیق، «عبدالله اسحاق» کوڕی سەید حەمەدمینی ئیسحاق، و خەڵکی شاری مهاباد بوو. بە گوێرەی ئەوەی کە لە خۆیم زانیوە: لە سەرەتای لاویەتێەوە بووەتە یەکێك لە ئەندامانی چالاکی رێکخراوی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە مهاباد. بە هۆی هەڵسووڕاوی و چالاکی سیاسی هەمیشە پۆلیسی حکومەتی حەمەڕەزاشای بە دواوە بووەو نەیتوانیوە دەورەی قوتابخانەی ناوەندی تەواو بکاو دیپلۆمەکەی وەرگرێ. لە ترسی گرتن، قوتابخانە بە جێ دەهێڵێ و بۆ خۆ حاشاردان ماوەیەك لە شارەکانی‌جۆراو جۆری ئێران خۆی دەشارێتەوەو بە هۆی ئەوە زۆرتر خەریکی چالاکی سیاسی دەبێ، هەمیشەش پۆلیسی بە دواوە دەبێ، ناپرژێتە سەر درس خوێندن، ناچار دوایی شار بە جێ دێڵێ‌و دەچێتە گوندە جۆر بە جۆرەکان لە ناوچەکانی کوردستان. هەتا ساڵی ١٣٣٧لە گوندەکانی نزیك سنوری ئەم دیوەو ئەوی دیوی کوردستان دەبێ، و وەکوو ئەندامێکی چالاکی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نێو دەردەکا ناوە بە ناو هاتوچۆی دیوگەرمێنیش دەکا! ئیتر دوای کودیتای عبدالکریم قاسم لە عیراق، جێگیر دەبێ. بەگەڕانەوەی بارزانی لە سوڤیەت بۆ عیراق، زۆرلە بارزانی نزیك دەبێتەوە. بارزانی بە لاوێکی هەلسوڕاو و ئازای دەزانێ‌و زۆری حیساب لە سەر دەکا. تەنیا کەسێك دەبێ لە سەرەتای شۆڕش دا،کە بۆ یەکەم‌جار هەواڵدەرو ڕۆژنامە نووسی ناسراوی ئەمریکایی "دانا ئادامز‌شمدت" لە بێروتەوە بە سوریە دا، بە قاچاخی دەیگەیەنێتە‌کوردستان‌و دەیبا بۆ لای‌بارزانی. لەو سەر دەمەدا ئەو کارە لە دەست هەموو کەس نەدەهات! هەر ئەو ئازایەتی‌یەی ئەو لەو سەر دەمەدا، دەبێتە هۆی ئەوە کە، بارزانی زۆرتر حیساب لە سەر دەخۆڕادیوی بکاو داخوازیەکانی زۆرتر بۆ دابین بکا. هەروەها لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕش دا، کە ئەو دەم شۆڕش، بە تایبەتی لە ناوچەی بارزان و بادینان، کە لەو پەڕی بێ ئیمکاناتی دا بوو، بە هۆی ناردنەوەی کاك سولەیمانی موعینی بۆ نێو خۆی وڵات و باقی کادرەکانی تر،

توانی یارمەتیێکی زۆر لە خواردەمەنی و داودەرمان، و جل و بەرگ و...بگەیەنێتە شۆڕشی کوردستان و...

کاك ئەحمەد توٚفیق، خاوەنی کاراکتێرو تایبەتمەندی خوٚی بوو، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی هەڵسووڕی، ماندوو نەناسی، نەترس و زوٚر جیددی بوو. خوٚش گوزران و دەست پیس و داوین پیس نەبوو. لاوێکی زوٚر خوێندەوارو زانای بە مانای وشە نەبوو, لە گەڵ موتاڵا وخوێندنەوە تەبایی زوٚری نەبوو. زوٚر دژی بیرو بوٚچونی چەپ و کەسانی چەپ بیر بووا سەبارەت بە جودابیرانی زارشڕو دەست وەشێن بوو. زوٚری شایی بە نێو و نێوبانگی خوٚی بوو. حەزی لەوە دەکردکە، هەمیشە چەند چەکداری دەگەڵ بێ. چەکدارەکانی تایبەتی خوٚی- گارد، هەمیشە لە کەسانی نەخوێندەوار و دوا کەوتوو ترین توێژی کوٚمەڵی کوردەواری هەڵدەبژارد. لە تەواوی کارنامەی ژیانی سیاسی خوٚی دا، نەیتوانی کەسێك پێ بگەیەنێ. تەنانەت ئەوانەی گوێ لە مستیشی بوون، پێیان شك نایە کە،کەسێکی لە بواری سیاسی پێ گەیاندبێ. ناوبراو زوٚرتر حەزی لە چەك و چەکداری و کاری نیزامی بوو. ئەگەر فەرماندەی نیزامی بوایە، فەرماندەیەکی فرە لێهاتوو و هەڵکەوتوو دەبووا لە بواری نووسین و ئەدەبیاتیش دا، زوٚر خاوەن توانا نەبوو. ئەگەر بە هەڵکەوت و بوٚنەیەکەوە، بەیانێکی حیزبی دەرکردبا،بەگوێرەی ئەو خاوەن نەزەرانەی لێم زانیون: (نوسراوەکانی بەهێزو پێز نەبوون. زوٚرتر، یان تاریف لە بارزانی و خوٚی بوو، یان وشەی دزیو، سەبارەت بەجودابیرانی. بە کورتی نووسراوەکانی دەوڵەمەند نەبوون.) ئامادەیی قبوڵ کردنی رەخنەی نەبوو، تەنانەت لە دوٚستی زوٚر نزیك و خوٚشەویستی خوٚشی ڕەخنە قبوڵ نەدەکردا مرۆڤێکی لەڕادەبەدەر کەللە ڕەق و قسە نەبیس بوو. سەبارت بە هاوڕی و ڕکەبەرانی خوٚی، هەر وەکوو لەسەرەوە باسمان کرد، دەستی لە هیچ تاوانێك نە دەگێڕاوە، و ئەوەی لە دەستی هاتبا، بێ بەزەیانەی هەلسوکەوتی لەگەڵ دەکردن. بەڵگە بوٚ ئیسپاتی ئەو واقیعیەتەش کەم نین. لە وەدەرنانی شەهید دوکتورقاسملو و باقی ئەندام و کادرەکانی حیزبەوە لە عیراق، بگرە هەتا دەگاتە گومانلێکراوی کوشتنی ئەسعەدی خودایاری لە نزیك گوندی چوٚمخرکەی لە ناوچەی قەڵادزە، و کوشتنی

کاك سەدیق ئەنجیری ئازەز لە ناوچەی باڵەکایەتی. دەکرێ ئەوانەش بە بەشێك لە کاراکتیری کاك ئەحمەد توفیق بزانین.

بزانین کاك ئەحمەد تۆفیق، لەو کاتەوە کە خۆی وەکوو تەنیا ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، و هەموو کارەی حیزب ناساندووە، و بارزانی لە پشت بووە، وەك کۆمیتەی ناوەندیو "هەیئەتی سکرتاریا"؛ لە سەر دەمی دەسەڵاتداری ئەو شەش ساڵە رێبەرایەتی یەی خۆی دا، بەکردەوە، چ شتێکی لە پاش خۆی بە میرات بە جێ هێشتووە؟

هەروەك لە سەرەوە پەنجەمان بۆ ڕاکێشا، بە سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٣٤٠ دا، لە گەرمێن، بووژانەوەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناو خۆی وڵات، ماوەیەکی زۆری نەخایاند کە ڕێژەوی لاوانی شۆڕشگێڕی خاوەن هەستی کوردستانی ئێران، بۆ پێشمەرگایەتیو خەباتی سیاسی، بەرەو شۆڕشی کوردستانی گەرمێن لوزەوی بەست! ئەگەر بە هەڵە نەچوو بم، دەستەی یەکەمی لاوانی کوردستان بە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی دا، بۆ نێو شۆڕشی کوردستانی گەرمێن، مستەفاو کاوە (کاك صلاح الدین مهتدیو کاك محمد ایلخانی زادە) بوون. ئەو دوولاوە خوێندەوارو روناکبیرە، لە تارانەوە هاتبوون. بەگویرەی ئەوەی لە کاك سمایلی شەریفزادەو کاك حەمەدمینی سیراجی زانیومە، ئەندام حیزب بوون، و کاك سەلاح خوێندکاری "دانیشکەدەی حقوق" و لێپرساوی کومیتەی خوێندکارانی کورد بووە لە تاران. ئەو کاتەی ناوبراوان هاتوونە بۆ نێو شۆڕش، گەرمەی شەڕی نێوان لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و رژیمی عێراق بووە. لەو سەردەمە دا کاك ئەحمەد تۆفیق جەماعەتێکی چەکدار، وەکوو پێشمەرگە، ساز دابوون و لەگەڵ بارزانی لە ناوچەی بادینان بوو. (حەزەم دەکرد زانیاری زۆرترم بوایە و لەو بارەیە دا، نووسیبام چونکە ئەو دەم خۆم لەوێ نە بووم، ئەوەی بیستوومە دەیگێڕمەوە.)

کاتێك ئەو لاوانە دێن، جگە لە کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی نە خوێندەوار،کە بە دەوری کاك ئەحمەد تۆفیقەوە دەبن، دیاردەیەك بە نێوی حیزب، یان ڕیبەرایەتی

حیزب نابینن. بەگوێرەی ئەوەی بۆیان باس کردووم: ئەوان زۆر زوو نەبوونی ڕێبەرایەتی و قەیرانی سیاسی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هەست پێدەکەن. زۆری نەخایەنێ، کە لە سەر مەسەلەی تەشکیلات و هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی بۆ داهاتوو، لە نیوانیان دا دەبێتە مشت و مڕ. کاك ئەحمەد تۆفیق، هەر جارەی بە بیانوێك. لە کۆبوونەوەو سەروبەر کردنی مەسەلەی تەشکیلاتی سیاسی خۆی دەبوێرێ. خۆشیو ناخۆشی، ئەو وەزعە هەتا وتووێژە بە ناوبانگەکەی "کۆیە"درێژەی دەکێشێ.

کاك سەعیدکوێستانی، کە یەکێك بوو لەو کادرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان،کە لە هێرشە بە ناوبانگەکەی ساواك لە ساڵی١٣٣٨ هەتاویدا بۆ سەر ئەندامانی حیزب، لە ترسی دەگیرکەوتنی، ئاوای دیوی گەرمێن ببوو، و لە شارەکانی هەولێرو مەسیف سەلاحەدین گیرسابۆوە. (شانسی دەهانای دێت! تووشی کومونی سولەیمانیە نابێ و ناکەوێتە بەرقین و ڕقی کاك ئەحمەد تۆفیق.) هەتا کودیتای یەکەمی بەعس لە ١٩٦٣دا، هەر لە هەولێر دەبێ. دوای کودیتا، کە بەعس دەست دەکا بە گرتن و کوشتنی نیشتمان پەروەرانی کورد لە شارەکان. بەتایبەت لە هەموویان زۆرتر حیزبی شیوعی عێراقی، ئەویش لە ترسی گرتن و تەسلیم کردنەوەی بە ئێران... دەست خیزانی "براژنە زارا" و کچۆڵەکەی "شێواو" دەگرێ ڕوو دەکاتە ناوچەی ڕزگارکراوەکانی کوردستان. خۆی بە وردی بەسەرهاتی خۆی لە کتێبێك دا بەنیوی «ئاوڕێك لە بە سەرهاتی خۆم لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا» نووسیویە. کاك سەعید لە لاپەڕەکانی ٦٣و٦٤دا دەنووسی:

«...لە سەر داوای برادەران لەکۆیسنجاق لە شاری حاجی قادری کۆیی، شارێکی هێدیو هێمن، کۆ بووینەوە. جگە لە کاك سولەیمانی موعینی و کاك عەبدوڵڵای ئیسحاقی، ئەوانی ترم نە دەناسین. بەشدارانی کۆبوونەوە بریتی بوون لە پێنج کەس. واتە کاك عەبدوڵڵای ئیسحاقی «ئەحمەد تۆفیق» کاك سولەیمانی موعینی «فایق ئەمین» کاك سەلاحەدینی موهتەدی (مستە فا» کاك محمد ئێلخانیزادە «کاوە» بۆخۆم «سەعید کاوە». کۆبوونەوەکەمان دوای دوو جار دانیشتن، بەیانی و پاش نیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

لەو کۆبوونەوەدا هێندێك بڕیاری کاروبار لە نێوان ئەو پێنج کەسە دابەش کرا. هەرچەند ئەو کۆبوونەوە لە مەڕ ئۆرگانیەوە باسی لێ نەکرا روون نە بوو، بە لام بە کردەوە چ لە مەڕ دیاری کردنی نەخشی داهاتوو، چ لە مەڕ دابەش کردنی کار لە ناوچەکان، چ لە مەڕدابەش کردنی کاری پێشمەرگایەتی، کۆبوونەوەیەکی بە ڕێوەبەرایەتی کاتی حیزب بوو. لەبەر ئەوەی سەرەتای شۆڕش بوو، تازە دەهات خۆی بگرێتەوەو دەست بەکار بێ. بڕیاراتی پتر بۆ کۆبوونەوەیەکی بەرینتر هەڵگیرا...»

لە هەمان سەرچاوەدا لە لاپەڕی ٦٧دا دە نووسێ:

«ڕۆژێك مەلا حەسەنی ڕستگارو مەلا ڕسول پێشنمازو قادری قازیو حەت هەشت پێشمەرگەی تر هاتن لە گوندی ئالانێ نزیکی گوندی زینوێ شێخی بنکەیەکیان کردەوە...

ساڵی ١٣٤٢ی هە، ١٩٦٣ز، لە سەر داخوازی ئەحمەد تۆفیق کۆبوونەوەیەك مان لە گوندی ئالانی پێك هێنا. بەشدارانی ئەوجارەی کۆبوونەوە بریتی بوون لە حەوت کەس. جگە لە کاك ئەحمەد تۆفیقو کاك فایقو من، ئەوانی تر نوێ بوون. هەواڵێك لە سەلاحەدینی موهتەدی و محمد ئێلخانیزادە نەبوو. بەلام ئەحمەد تۆفیق باسێکی لە ناکۆکی نەکردو گوتی: کارێکیان پێ ئەسپێردراوە بزانین پێیان دەکرێ، یان کاری سیاسیان پێ ناکرێ؟ بەلام کاتێك لە دەری لە کاك فایقم پرسی: بۆچی مستەفاو کاوە نەهاتوون؟ وەلامی داوەگوتی: لەگەڵ ئەحمەد نێوانیان ساردە تکایە جاری باسی مەکە بزانین چی لێدێتەوە دوای ماوەیەك بۆمان ڕوون بۆوە، نەك هەر لەگەڵ یەك نەماون، بە لکوو دژایەتی یەکتریش دەکەن. دوایی بۆم دەرکەوت، ئەحمەد تۆفیق بۆیە باسو غەیبەتی سەلاحەدین ناکا، دەیویست بزانێ، نزیکیو دووری ئەوان لەگەڵ بارزانی بە کوێ دەگا. کاتێك ئەحمەد تۆفیق بەوە گەیشت کە ناتوانن نەزەری بارزانی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، ئەحمەد بۆی لە سیمی ئاخری دان. ئەوەی کە نەدەبوو لە ڕاست کاوەو مستەفا بیکاو بیڵێ، کردی.

کۆبوونەوەکەمان پێك هات لەو حەوت کەسەی خوارەوە:

کاك عەبدوڵلای ئیسحاقی کاك سولەیمانی موعینی، کاك حەسەن ڕستگار، مامۆستا

مەلا باقی، کاك عومەر نگڵی (نوگل) مەلا سەید رەشید، نووسەر...»

ئەوجارە دێتە سەرباسی کۆمیتەی ساخکەرەوە، لە لاپەڕی ٧٦دا هەمان سەرچاوە، لە بارەی کۆمیتەی ساخکەرەوەدا، دەنووسی:

«... من و قادر شەریف دوای هێندێك وتووێژو بیرکردنەوە، هاتینە سەر ئەو ڕایە لەگەڵ کاك حوسێنی مەدەنی باسی بکەین و بۆ کاری دوای ڕۆژ شتێك پێکەوە بنێین...

سێ قۆڵی لە ساڵی١٣٤٢ی هەتاوی لە گوندی زینوێ شێخی لە دانشتنێك دا بناخەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مان داڕشت و بەرنامەیەکی کورتی یەك لاپەڕەی قەراردادی نێوخۆیی مان بۆ نووسی. ئەو بەرنامە لە لایەن هاشمی حەق تەلەب نووسراو ئامادە کرا. ئێمەش ئیمزامان کرد...»

ئەو چەند پاراگرافەی لە نیو« » دایە لە کتیبی ئاورێك لە... نووسینی کاك سەعید کوێستانی نەقڵ کراوە. ئیترباسی کۆمیتەی ساخکەرەوە... کاك سەعید خۆی بە دوورودریژی نووسیویە لێرە دا من ناچمە سەر وردەکاری ئەو کۆمیتەیە...

ئیتر کاك ئەحمەد لەگەڵ کاك سەلاح و کاك محەمەد "ئاویان بە جۆگەیەك دا ناڕوا" تێك دەچن. بەگویرەی ئەوەی بیستمەوە، کاك محەمەدو کاك سەلاح، بارزانی حیسابی لە سەر دەکردن، ئەوە خۆی زۆری لە زەوقی کاك ئەحمەد تۆفیق دەدا! بەڵام نێوان ناخۆشی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی، وەزعێکی وای ڕەخساند بووکە، بەهەرکەس گوترابا دۆستی مامۆستا برایم ئەحمەدە، بارزانی بە نەیاری خۆی دەزانی. لە هەمان کات دا کاك ئەحمەد، کەڵکی زۆری لەو دووبەرەکیە وەرگرت. لە هیچ کوێ نەیدەشاردەوە: کە مستەفاو کاوە، بە پشتیوانی مەکتەبی سیاسی دژایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان- (ئەحمەد تۆفیق) دەکەن، و ئەوان کۆمەڵەی ڕزگاریان بۆ دروست کردوون... بە هەر حاڵ ئاکامەکەی بوو بە ئەوە کە، کاك سەلاح و کاك محەمەد، بچن لە ناوچەی پشدەر دانیشن و بە کردەوە مەیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاك ئەحمەد بە جێ بهێڵن. کاك سەلاح و کاك محەمەد کەسانی هاوبیریشیان هەبوو، وەکوو عومەر سادق نگڵی, مەلاڕەحمان و مەلا جەمیل و...

دوای مستەفاو کاوە، لە بەهاری ١٣٤٢ دا دەستەیەکی تر لە لاوانی کوردستانی ئێران

دێن بۆ کوردستانی گەرمین، و زۆربەیان ئەندام حیزب و روناکبیرو خوێندەوارو بوون. ئەوانە بریتی بوون لە کاك مەلاحەسەنی ڕستگار، کاك مەلا رەسولْ پێشنماز, کاك حوسێنی مەدەنی، کاك قادرْ قازیو...

ئەم دەستەلاوە تازە هاتووەش بۆ نێو شۆڕش، هیوایەکی زۆریان بە حیزبو شۆڕشی کوردستان هەبوو. هەریەك لەوانە بە نۆرە، خۆی بە خاوەنی نەفسی زلو دەخۆڕادیوی دەزانی، ئامادەی هەموو فیداکاریو خزمەتێك بوو سەبارەت بە نەتەوەکەی ئەنجامی بدا. بەڵام بە داخەوە، دەبینن کە وەزعی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شپرزە ترە لەوەکە، بیریان لێ کردبۆوە. ڕێبەرایەتیەکی وەها نابینن کە نیازی ئەوان دەرك بکاو وەڵام دەرەوەی هەست و ویستی ئەوان بێ. ئورگانێکی وەها نیە لیان بەرپرس بێو لە بواری سیاسی وەکوو کادرێکی وریاو لێوەشاوە پێیان بگەیەنێ وئەرکو کاری سیاسیان پێبسپێرێ. ئەوەی دەیبینن تەنیا هەرکاك ئەحمەد تۆفیقەو بەس! تێروانینی کاك ئەحمەدیش لە سەرخۆیان، جۆرێك هەست پێدەکەن کە لەگەڵ غرورو هەستی لاوێکی شۆڕشگیر ناگونجێ!

ئیدی کاتی دەبینن کە کاك ئەحمەد ئامادە نیە لانیکەمی ویستو داخوازی ئەوان لە بواری سیاسی دابین بکا،و بۆ ئەو قەیرانە سیاسیەی کە بە سەر حیزب دا زاڵە بیرێکی ئوسوڵی بکاتەوە، دێنەسەر ئەو ڕایەکە، کاردانەوە پێشان بدەن. یەك یەك و دوو لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن، کەس نابێ کە دژی کردەوەو ڕەفتاری کاك ئەحمەد تۆفیق نەبێ. تەنانەت بەشێك لە پێشمەرگەکان و کەسانی نزیك لە خودی کاك ئەحمەدیشیان - وەکوو مەلا قادرلاچینی، لەگەڵ دەبێتە هاوڕا. (وردەباس و قسە لەو زۆرترەکە نووسیمە...)

ئیدی کاتێ دەبینن کە لە زۆرینەدان دەکەونە تەوەهومەوە. لە زستانی **١٣٤٢**دا بە وتەی کاك سەعیدکوێستانی: "دەست دەدەنە کارێکی هەلنەسەنگاندوو"! کاردەنەوەیەك پێشان دەدەن کە تێی دا تووشی شکەست دەبن. بە حیسابی ئەوەی کە لە زۆرینە دان، یان بە هەر بۆچوونێك کە پێی دەگەن؛ دەیانهەوێ هەتا بەهار لە بنکەکانی سنوور، خۆیان ڕاگرن، و بەهاریش کە بەر پێ یان ڕەش بۆوە، ئاوای کوردستانی

ئیران بنەوە. وەك كاك سەعید لەكتێبەكەی دا باس دەكا: كاك مەلا ڕەسوڵی پێشماز بە دەستەیەك پێشمەرگەوە دەچێ بۆ بنكەی سونێ، لەوێ لەگەڵ كاك رەئوف مەلا حەسەن كە كاك ئەحمەد تۆفیق كرد بووی بە بەرپرسی بنكەی سونێ، تووشی تێكهەڵچوونی فیزیكی دەبێ. كاك مەلا ڕەسوڵ كەسێك یان دوو كەس، لەوانە، چەك دەكاو... دوایی دەگەڕێتەوە بۆ قەڵادزە، بەسەرهاتەكە، بۆ هاوڕیكانی دەگێڕێتەوە كەچی كردووەو...؟

ئیدی كاتێ كە دەزانن تووشی هەڵەی هەستی لاوەیەتی بووە، پێش ئەوە تووشی كاردانەوەی ئەحمەد تۆفیق و بارزانی بن، بە تێكڕایی بە رەو بنكەی زینوێ شێخی لە باڵەكایەتی دەگەڕێنەوە. بێ ئەوەی بیریان لەوە كردبێتەوە كە ئەحمەد تۆفیق دەسەریانەوە ناچێ! بۆ شەوی دووهەم لە زینوێ‌شێخی لە لایەن كۆمەڵێك پێشمەرگەی بارزانی بە سەروكایەتی "زەكی‌ئاكرەیی" دەورە دەدرین و چەك دەكرێن. بە وتەی كاك سەعید تەنیا سێ كەس چەكەكانیان ناكەوێتە دەست زەكی وجەماعەتەكەی. ئەو سێ كەسەش لە بنكە نابن لە بنكە جێگایان تەنگ دەبێ بۆ خەوتن، دە چنە نێو گوندی زینوێ لە ماڵێك دە خەون. ئەو بەسەرهاتە، كاك سەعیدكوێستانی لەكتێبەكەی دا باسی كردووە...

بە هەرحاڵ، لە دوای ئەو بەسەرهاتە تاڵ و چاوەڕوان نەكراوە، بێ چەك دەگەڕێنەوە بۆ قەڵادزە. هێشتا بێ هیوا نابن، دوای هێندێك وتووێژی لە نێو خۆیان دا، دێنە سەر ئەو ڕایە نامەیەك بۆ بارزانی بنووسن داوای لێ بكەن كاتیان بداتێ بچنە لای، بەڵكوو چارێكیان بۆ بدۆزێتەوە. نامەكەی دەنێرن بارزانی كاتیان بۆ دیاری دەكا، دەچن بۆ لای بارزانی. بارزانی بە ڕەواڵی هەمیشەی خۆی، زۆریان ڕێز لێ دەگری. دوای دێنە سەر باسی مەتڵەبەكەی خۆیان دەڵێن:كە سەرۆك بارزانی ڕیگەیان پێ‌بدا بەڵكوو كۆنفراسێك بگرن، لە نێو خۆیان دا هەلبژاردنێك بكەن. چونكە كاك ئە حمەد تۆفیق كەسیك نیەكاری لەگەڵ بكرێ، كابرایەكی سەرە ڕۆیە، بە هیچ جۆر ناتوانین كاری لەگەڵ بكەین. سەرۆك بارزانی دەڵێ لەگەڵ ئەحمەد پێك وەرنەوەو... دیسان پێی دەڵێن با خۆی، - بارزانی، كەسێكی غەیری ئە حمەد تۆفقیان بۆ دیاری بكاو

بیکا بەرپرس، ئەوان پێی رازین. بە لاَم بارزانی پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە لەگەلْ ئەحمەد پێك بێنەوە و... لە کۆتایی دا کە دەبینێ جەماعەت ئامادە نین چیدی مل ئەستووری ئەحمەد تۆفیق قبولْ بکەن، کورت و موختەسەر بارزانی دەلْێ :«من ئەحمەد بە ئێوەنادەم‌و...» ئیتر جەماعەت بەنا هومیدی بەرەو قەلادزە دەگەرێنەوەو بارزانی کاك سەعیدکویستانی حەپس دەکا. لەسەر ئەوەی کە کاك سەعید سێ کەڕەتی بە بارزانی گوتووە ماموستا.

خوا لێخوشبوو سەرۆك بارزانی بە وشەی ماموستا، زۆر قەلس بوو! کاتی کاك سەعید کوێستانی نۆرەی قسەکردنی دەبێ، دەیهەوی زولم لێکراوی خۆیان‌و سەرەڕۆیی کاك ئەحمەد تۆفیق، بە وشەی رێزدارو ئیحتیرام بۆ بارزانی بەیان بکاو تاسیری لەسەر دابنێ. بە بارزانی‌دەلْێ: ماموستا... بارزانی پێی دەلْی وشەی ماموستا بە من مەلْێ، من وشەی ماموستام پێ‌ناخۆشە! کاك سەعید دەلْێ بەلْێ ماموستا. بارزانی دەلْێ ئاخر من بە تۆم گوت مەلْێ ماموستا، من بە وشەی ماموستا عاجز دەبم! وەکوو برادەرانی دەیانگوت کاك سە عید دەخەجلْێ‌و دیسان دەلْێ بە چاوان ماموستا. ئیتر ئەو جارە سەرۆك بارزانی لێی قەلْس دەبێ دەلْی: ... من نەمگوت مەلْێ ماموستا؟ چوون سێ کەڕەتت ماموستاپێ گوتووم، دەبێ سێ مانگ لێرە دەحەپسێ دابی! دیارە بارزانی مەبەستی ئەوە نەبووە کاك سەعید زیندانی بکا، ئەو چەند ڕۆژەش هەر لە "مەقەڕی" بارزانی لای کێشکچیەکانی خۆی ڕادەگرێ. چون بارزانی حوکمی زیندانی کردنی دابا ئازادی نەدەکرد، و لە بارەگای خۆشی ڕای نەدەگرت. هەر بەلْێنی و بڕیارێکی لە سەر هەرکەس دابا، لە قسەو قەولی‌خۆی پەژیوان نەدەبۆوە! هەر ئەوەش بوو وەك کاك سەعید خۆی دەنووسێ ... دوای چەند ڕۆژ بانگی دەکاو دلْی دەداتەوە و... دە١٠ دیناریشی جێژنانە بە هۆی حەسۆ میرخانەوە دەداتێ و پێی دەلْێ: کارت بە ئەحمەد نەبێ، دوای ئەوەی کە جێژنەت لەگەلْ مالْ‌و مندالْت کرد، بگەرێوە لای خۆم من کارت بۆ دیاری دەکەم!)

ئیدی کاك سەعید دەگەڕیتەوە لای خێزانی ئەو دەم مالْی لە زینوێ شێخی بوو، دوای جێژنیش، نەگەڕاوە لای بارزانی، و نە داوای کاریشی لێ‌کرد. گەڕاوە لای

هاوڕێکانی لە قەڵادزە!

(سەرەتای بەهاری ١٩٦٤ە کاتێکە کە وتوویژی نیوان حکومەتی عیراق بەسەروکایەتی عبدالسلام‌عارف و مەلا مستەفا، ماوەیەکە دەستی پێکردووە، و مەکتەبی سیاسی لەو وتویژەی نێوان بارزانی‌و حکومەتی عیراق دا، بەشدار نین. مەلا مستەفا زۆریان لێ پرە، بۆ وتویژکردن پرس‌و ڕا بە مەکتەبی سیاسی ناکاو ئەوانیش ئەوەی لە دەستیان دەهات وەکوو پڕوپاگەندە لە دژی بارزانی دریغیان نەدەکردو بڵاویان دەکردەوە کە بارزانی کوردستانی بە سێوو پرتەقاڵ فرۆشتووە... بارزانی لەشکرێکی زۆری لە ناوچەی بادینان کۆ کردبۆوە، هینا بوو بۆ ناوچەی پشدەرو سولەیمانی، هەموو کەس دەیزانی کە هێرش دەکاتە سەر مەکتەبی سیاسی پارتی... )

﴿ئیدی ئەحمەد تۆفیق بەچەك کردنی ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە سەیر خۆی بەسەرکەوتوو دەزانی. هەر قاچاخچیەك لە کوردستانی ئیرانەوە هاتبا بۆ قەلادزەو سەنگەسەر بە مەرجێك تووشی ببا، بەشێکی ئەو رووداوەی بۆ دەگێڕاوە و دەیکردە هاوبەشی ئەو چێژە خۆشەی پێی بڕابوو!﴾

دوای ئەوە کە ئەو کۆمەڵە چەکراوە هیچ کارێکیان بۆ ناکرێ، بە هۆی بێ دەرەتانی باری ژیان و ترسی پلانگێری کاك ئەحمەد تۆفیق، بەو ئاکامە دەگەن کە بچن بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی. بەڵکوو کۆمیتەی ساخکەرەوە بەرفرەوان‌تر بکەن‌و بە خەباتی سیاسی درێژە بدەن. بەکادرو پێشمەرگەوە نزیکەی بیست‌و چەندکەسێك دەبن. پاشان مەلا ئاوارەو کاك عەبدوڵڵا سەدیق‌و مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی (مەلاشەلە) شیان پێوە زیاد دەبێ. مەکتەبی سیاسی لە بواری چەك و چۆڵ و بژیوی باشیان یارمەتی دەکا. دوای ماوەیەك لە شانسی بەدی ئەوان، شەڕی بارزانی‌و مەکتەبی سیاسی دەست پێ دەکا. لەشکری بارزانی بەرەو مەکتەبی سیاسی دەچێ، و لە هەمان کاتیش دا، کاك ئەحمەد تۆفیق، بۆ پێشانی دانی دوژمنایەتی لەگەڵ پارتی و خۆ ڕا نان، جەماعەتێك پێشمەرگە دەنیرێ بۆ شەڕی مەکتەبی سیاسی. کاك ئەحمەد لە نێو

ئەو پێشمەرگانە دا، کەسێك بە نێوی رێبوار، دەکاتە سەر پەلی ئەو کۆمەڵە چەکدارە.... (هەمان رێبوارەکە کاك عەبدول نستانیو کاك ئەحمەد نستانی لە جەبهە چەکیان کردو بەسەرکەوتوویی بێ چەك بۆ کاك ئەحمەد تۆ فیقیان ناردەوە...!) بە هەرحاڵ لەوانەیە کاك ئەحمەد نیازی ئەوەشی بووبێ کە جەماعەتی کۆمیتەی ساخکەرەوە لەو ناوەن، دەسگیریان بکا.؟ هەرچۆنێك بێ مەکتەبی سیاسی لە بەرامبەر لەشکری بارزانی دا دەشکێ و ئاوای سنووری ئێران دەبێ و جەماعەتی کۆمیتەی ساخکەرەوەش ناچار دەبن دەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی، یان پێشتر، ئاوای دیوی سنوری کوردستانی ئیران بنەوە. دوای ئەوەی خۆیان دەرباز دەکەن، لە نێو خۆیان داکارو باری سیاسی دابەش دەکەن و بەرەو شوێنی مامورایەتییان - ناوچەکانی مهابادو نەغەدە، و... دادەپەڕنەخوار. بەلام بە داخەوە لە گەڵ هەلومەرجێکی دژوار روو بە روو دەبنەوە کە پێشان بیریان لێ نەکردبۆوە، ئەو هەلومەرجە دژوارەی تاب نایەن و ناتوانن لە وڵات درێژە بە خەبات بدەن. ئیتر بەشی هەرە زۆری کۆمیتەی ساخکەرە، قەوارەی دارێژراوی خۆی لەدەست دەداو تووشی هەڵوەشان و لێکدا بڕان دێن...

*****

## هاتنی کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە!

لە کۆتایی ساڵی ١٣٤٢دا، حکومەتی ئیران هێرشێکی بەرینی کردە سەرئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گشت لایەنگرانی جولانەوەی رزگاریخوازی لەکوردستانیئیران. ئەوکەسانەی نەکەوتنە بەر هێرشی ساواك لە ترسی گرتن ڕوویان کردەکوردستانی گەرمێن. ئیتر خێڵی پەنابەرانی کوردی کویستان، لە ناوەندو باکوورو باشووری سنوورەکانی کوردستانی ئێرانەوە، بۆ گەرمێن لە ڕێگا دابوو. خەڵکێکی زۆر بوو، هەموو تیپو توێژیان لەناودا بوو. جگە لە ئەندام و لایەنگرانی جولانەوەی ڕزگاریخوازی و کەسانی سیاسی، خەڵکی ئاسایی غەیرە سیاسی، و

دەرەبەگەکانی عەشیرەتی (مامەش و پیران)یش بەنیشانەی ناڕەزایەتی لە قانوونی ئیسلاحاتی ئەرزی حکومەتی شا، کە ئاوای سنوور ببوون و ڕایان کردبوو، لەسەر کوردایەتیان بە حیسابیان هێنابوو؟ هاتبوون بۆ گەرمێن، لە ناوچەکانی بالەکایەتی و پشدەر، لە نیزیك سنوورەکانی ئێران جێگیر ببوون.

بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان-کاك ئەحمەدتۆفیق، ئەو دەم لە سەنگەسەر بوو. کاك ئەحمەد تۆفیق، لەگەڵ کاك سولەیمانی موعینی لە سەنگەسەر بوون. ئەو ئەندام و لایەنگرانەی هاتبوون بەشی زۆریان ڕوویان کردبووە سەنگەسەر، ئیدی بنکەکانی حیزب لە سەنگەسەرو سونێ لەبەر زۆری پەنابەری تازە هاتوو، هەر زمەیان دەهات!. لە نێو تازە هاتووەکان دا بۆچوونی جۆراو جۆر هەبوو. هێندێك لەوانە، بە تایبەتی ئەوانەی تا ڕادەیەك لە بواری سیاسی شارەزایی یان هەبوو، یان خوێندکار بوون، یان کۆنە ئەندامی حیزب بوون، مەسەلەی ناکۆکی نێوان کاك ئەحمەدو ئەو کۆمەڵە چەك کراوە و کاوەو مستەفایان یان بەلاوە جیگەی پرسیار بوو؟.

لە هەمان کاتیش دا بووکە نێوانی پارتی و بارزانی لەو پەڕی ناخۆشی دا بوو. ئەوانەی لایەنگری پارتی و مەکتەبی سیاسی بوون، یان تومەتی دژی بارزانی لێدرابا، دەیانگرتن و دەیانهێنان بۆ بەندیخانەی سەنگەسەر کە، ئەو دەم کاك ئە حمەد تۆفیق بەشێك لە پێشمەرگەکانی کرد بوو بە پاسەوانی بەندیخانەی شۆڕش. بەندیەکان زۆرتر کادری ناوەندیو کادرە پایە بەرزەکانی پارتی بوون، وەکوو شەهیدان مامۆستا عەلی حەمدی، عوسمان عوزەیری، مەحمودی حاجی تۆفیق، سەید عەزیزی شەمزینی. هەروەها مەجید گورگ، ئیبراهیم عەقراوی، سەدیق عەلی، خەلیل، ئیبراهیم دەشتی و... ئەوانە سەرجەم کادری پارتی بوون و بەندی سەرۆك بارزانی. کاك ئەحمەد دەیوست بە پێشاندانی دژایەتی لەگەڵ پارتی، ڕەزامەندی بارزانی زۆرتر بە دەست بێنێ، و ئەو کۆمەلە چەکدارەش لە بواری ژیانەوە، بە کێشکچی بەندیخانە، دابین بکاو بیانحاوێنێتەوە! لە هەمان کاتیش دا چاوەروانی لە هەموو پیشمەرگەکانی هەبوو کە بە چاوی تاوانباران، هەڵسوکەوت دەگەڵ بەندیەکان بکرێ. زۆر بە ڕاشکاوی، نەیدەشاردەوە دەیگوت: کە ئەوانە (مەبەستی بەندیە پارتیەکان بوو) خاینن بە شۆڕش و

بارزانی و حیزبی دێموکرات. کۆمیتەی ساخکەرەوە، و کۆمەڵەی ڕزگاری (کە ڕێکخراوی مستەفاو کاوە بوو) بە دەست کردی پارتی، بە تایبەتی مەکتەبی سیاسی دەزانی. ئەو هەلسوکەوتەی کاك ئەحمەد، ببوو بە خاڵێك زەقی جێگەی پرسیار؟ بۆ هێندێك لە رووناکبیران و کەسانی خاوەن ڕابردووی سیاسی کە بەو زووانە لە کوردستانی ئیرانەوە هاتبوون، وەکوو کاك سمایلی شەریفزادە و کاك حەمەدەمینی سیراجی و... ئیدی هێندێك لەوانەی کە ڕەفتارو کرداری کاك ئەحمەد تۆفیقیان چاوپێکەوت وازەکەیان بە دڵ نەبوو زۆر زوو چوونە شاری قەڵادزە ماڵیان گرت و دانیشتن. ئەوانەی ناوەکانیانم لە بیرماوە بریتی بون لە:

١-کاك حەمەدەمین سیراجي ٢- کاك سمایلی شەریفزادە،٣- کاك سالاري حەیدەری، ٤- کاك سەید حەسەنی هاشمی و... هەڵبەت کەسانی تریش هەبوون کە من ناوەکانیانم لە بیر نەماوە... جگە لەوانە کەسانی تریش لە ناوچە و شارۆچەکانی تری کوردستانی گەرمێن هەبوون کە، سیاسەت و ڕفتاری کاك ئەحمەد تۆفیقیان بە دڵ نەبوو و ناڕازی بوون کە، من هەموویانم نەدەناسین.

هەزارانی کتێب

هێندێ کەسیش تابی ئەو وەزعەیان نەهێنا, زۆر زوو گەڕانەوە ئێران و خۆیان تەسلیم کردەوە.(وابزانم ماوەیەك گیران دوای چەندمانگ ئازادکران).

کۆمەڵێکی بەرچاویش لەو خەڵکەتازەهاتووە لە بنکەکانی سونێ و سەنگەسەرو بنکەی ناوچەی باڵەکایەتی مانەوە و جێگیر بوون. ئەوانە، بە زاهیر نارەزایەتی یان لە ڕفتاری کاك ئەحمەد پێشان نەدەدا. کاك ئەحمەد تۆفیق بە هۆی هێندی پێش هات کە دوایی ئاماژەی پێدەکەین، بەرەبەرە هاتووچۆی لای بارزانی کەم ببۆوە. ئەوجارە لە بنکەکان، زۆرتر لەگەڵ ئەوانە دادەنیشت کە، بە تازەیی لە کوردستانی ئێرانەوە هاتبوون. یەکێك لە هەنگاوەکانی بەرچاو و سەرنەکەوتووی ناوبراو لەو سەردەمەدا، بڕیاری ناردنی سێ کەس لەو لاوە تازە هاتووانە بوو، کە بۆ خوێندن بیان نێرێتە ئوڕوپا. ئەوانە بریتی بوون لە:

١- کاك ئەمیری قازی، ٢- شەهید عەبدوڵڵای موعینی، ٣- هەمزەی برازی خوالێخۆشبوو، حەمەدی ڕەش. ئەو سێ لاوەی ناردن بۆ بەغدا، کە لە ڕێگای بەغداوە بەڕێیان بکا بۆ ئوڕوپا. ئەو دەم وتووێژ لە نێوان بارزانی و عبدالسلام عارف دا، درێژەی هەبوو. ئەو جۆرەی کاك ئەحمەد خۆی دەیگوت: سەرۆك بارزانی بەڵێنی پێداوە کە ئیجازەیان بۆ لە حکومەتی عیراق وەرگرێ، و بەڕێیان کات بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن...

## پەل وپا بۆ گرتنی کۆنگرەی دووهەمی ح.د.ك

کاك ئەحمەد تۆفیق، هاتبووە سەر ئەو ڕایەکە لەو ساڵە دا کونگرە بگرێ، و کادری ڕێبەرایەتیشی لە نێو ئەو جەماعەتە تازە هاتووە دا کە، لە حاند سیاسەت و ڕەفتاری خۆی بێ هەڵوێست بوون، دیاری کردبوو. (دوایی بەکردەوە دەرکەوت کە مەبەستی کاك ئەحمەد لەگرتنی کونگرەبە هیچ جۆرچارەسەری بۆقەیرانی ناوخۆی حیزب نەبوو؛ بەڵکوو زۆرتر ڕەوا بەخشین بەکردەوەکانی ڕابردووی خۆی و بەوقەیرانە بووکە لە خودی خۆیەوە سەری هەڵدا بوو؛ و لە هەمان کاتیش دا جێ پێ قایم کردن و ماونەوەی خۆی بوو، وەك سکرتیری هەمیشەیی لە حیزبدا.!)

پێشتر نێوی هێندێك لەو کەسانەمان هێنا کە نەیانتوانی لەگەڵ کاك ئەحمەد رێك بکەون و لەو بنکە و "مقەڕ"انە بمێننەوە کە ناوبراو لێیان بەرپرس‌بوو. لێرە دا، بێ رەبت نابێ ناوی ئەو کەسانەش بەرین کە لە بنکەکان مانەوە و تاڕادەیەکیش لە کارو باری حیزبی دا، هەرکەسەی بەگوێرەی تواناو دەسەڵاتی خۆی بەشداری کرد، و هێندێك لەوانە لەکۆنگرەی ٢ش دا ئامادە بوون، و بە ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبیش هەڵبژێردران. تەنانەت گیانیشیان بۆ بەخت کرد، و بوون بەفیدای ڕێبازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. ئەو کەسانەی ناوەکەیانم لە بیر ماوە بریتی بوون لە:

١–شەهیدکاك نحۆپاشایی (باپیرشکاك)، ٢– شەهیدکاك عەبدوڵڵای موعینی،٣– خوالێخۆشبوو کاك مونتەقیم قازی، ٤ – کاك ئەمیری قازی، ٥– شەهید مەلا مەحمودی زەنگەنە، – شەهید مەلاسمایلی فەقێ ئێسی،٧– مەلا محەمەدی عەجەم، ٨– مەلا کەماڵ، ٩– مەلا محێدین مودەریسی، ١٠– عەولای مەلاعوسمانی، ١١– مراد ڕەسوڵی لەیلانی، ١٢– مرادحاسڵی لەیلانی، ١٣–مام عەوڵای سەعیدی، ١٤– مەلا کەریمی ساردەکۆسانی، ١٥– سەید تاهیری ئیمامی، ١٦– سەید عارفی سیادەت، ١٧– سالار (مەلا عەلی قوتبی) ١٨– شێخ بایز، ١٩– میرزا سەعید هەورامی،٢٠– کاوە هەورامی، ٢١– مام ئەسکەندەری هەورامی، ٢٢– تۆفیقەڕەش، ٢٣– مەلا سەید ڕەحمانی دێڵزی،٢٤– حبیب هەورامی، ٢٥–مام حەسەن حەوتەوانە و... دیارە جگە لەوانە زۆر کەسی تریش هەبوون کە وەکوو پێشمەرگەو ئەندامی حیزبی هاتبوون، من ناوەکەیانم لە بیر نەماوە، و لێرە دا نەنووسراون. ناوی ئەو کەسانەش ناگرێتەوە کە پێشتر هاتبوون بۆ کوردستانی گەرمێن. بە هەرحاڵ کاك ئەحمەد کادری رێبەراتی و کادری دەرەجە دووی حیزبی، لە نێو ئەو کۆمەلە خەڵکە دا بۆ دوا ڕۆژی حیزب دیاری کردبوو!

لەو ساڵەدا کاك ئەحمەد تۆفیق زۆری خۆ بەکارو باری سیاسیەوە خەریك کرد. ناوبراو لە هاوینی ئەو ساڵە دا لەگەڵ کاك نحۆ پاشایی سەفەرێکی بەغدای کرد. بە وتەی کەسانی نزیك لە خۆی گوایە: نیازی دەبێ ئەو خوێندکارانەی کە نارد بوونی بۆ بەغدا، بە ڕێیان بکا بۆ ئوڕوپا. بە هەرحاڵ ئێمە لە ناوچەی باڵەك بووین، هەواڵمان

پێ گەیشت کە کاك ئەحمەد تۆفیق لە شەمەنەفەری کەرکوك - بەغدا دا، گیراوە؟. بیستمان گوایە، کاتێ پۆلیسێکی ئەمن بۆ پشکنین، دەچێتە ژوورەکەی کاك ئەحمەد تۆفیق و کاك نحۆ، و "هویە" کانیان کونترۆڵ دەکا، کاك نحۆ وەرەقەی "عدم تعرض" ی شۆڕشی پێ دەبێ، خۆ لەو ناگەیەنێ. پۆلیسەکە، دوایی روو دەکاتەکاك ئەحمەد، (گوایە ناسیویەتی) دەڵێ: تۆ ئەحمەد تۆفیق ! هەرچەند ناوبراو حاشا دەکاو "هویە"ی نیشان دەدا، سوودی نابێ و دەیگرێ، و پاشان بۆ ئەمن بەغدای ڕەوانە دەکەن!... ئیدی ئەو خەبەرە بۆ پێشمەرگەکان و سەرجەم ئەندامانی حیزب لە بنکەکان بوون، هەواڵێکی ناخۆش بوو. ئەو دەم نووسەری ئەو چەند دێرە دەگەڵ کاك ڕەئوف مەلاحەسەن، لە ناوچەی باڵەك، لە گوندی "ناوپردان" بوو. کاتێ ئەو خەبەرەمان پێ گەیشت، کاك رەئوف داوای لێ کردم کە بچم بۆ سەنگەسەر، بەڵکوو هەواڵی چۆنایەتی دەسگیر کرانی کاك ئەحمەد بێنمەوە... ئەو دەم وەکوو ئێستا ڕێگەی ماشین نەبوو، ئەگەرخودا یاربا و خانەخوێیەکی نەختێ تەسەل و میهرەبان و ڕوو خۆشت لە گوندەکانی سەر ریگا، بەنسیب با، نان و چایەکی دابایەی، ئەوە خۆی جێگای شوکرانەبوو، ئەگینا دەبوا ڕێگای نێوان باڵەکایەتی و سەنگەسەرت بە تینوو برسیایەتی، بە پێیان پێوابا. بە هەرحاڵ بەرەو سەنگەسەر وەڕێکەوتم، دوای دوو ڕۆژ ڕێگا پیوان و ئارەقە ڕشتنی گەرمای ناودە شت و دوازدەبانوو، بە ماندوویی وکەلەلایی گەیشتمە سەنگەسەر. کاتێ من گەیشتمێ، بە خۆشیەوە کاك ئەحمەد تۆفیق لە پێش مندا، گەیشتبووە سەنگەسەر. چاوم پێکەوت و نامەیەك کەکاك رەئوف، کە لە بارەی گیرانی خۆی نووسیبووی دەبوا دابام بەکاك فایق، دامە دەست خۆی. دوای خویندنەوەی نامەکە، گوتی:

دەبێ پێکەوە دانیشین، جا داستانی گیران و ڕاکردنی خۆمت لە ئەمنی بەغدا، بۆ باس دەکەم.

دوایی، رۆژێك لەگەڵ کاك ئەحمەد دانیشتم و بە درێژی داستانی گیرانی خۆی و بردنیانی بۆ بەندیخانەی ئەمنی بەغدا، و ڕازی کردنی پولیسەکێشکچیەکان کە، ئیجازەی بدەن لە حەمامی زیندانەکە دا، نەختێ خۆی بشوات، و ڕاکردنی بە دەلاقەی

حەمامەکەدا، بە گشتی هەمووی بۆ گێڕامەوە، کە داستانێکی دوورو درێژە، بە وردی هەمووم لە بیر نەماوە، ئەگەر بەکورتی ئەو بەسەرهاتەی خۆی بۆی باس کردوم بگێڕمەوە، شەوی زستان و شەو چەرەی گەرەکە!.

دوایی گەڕامەوە بۆ ناوپردان، و کاك ئەحمەد نامەیەکی بۆ کاك ڕەئوف نووسیبوو کە، ناوەرۆکی نامەکەش هەر ئەو قسانەبوون لە بارەی ڕاکردنی خۆی بوی ناوبراوی نووسیبوو. دوای چەند ڕۆژ گەڕانەوەم لە سەنگەسەر، زۆری نەخایاندکە لە زۆر شوێنی کوردستانی گەرمێن بوو بە قاو کە، کاك ئەحمەد تۆفیق چۆتە بەغدا، پێوەندی لەگەڵ "نازم گوزاز"، گرتووە، و بارزانی پێی زانیوەتەوە، زۆری لێ قەڵسە. ئیتر خوا دەزانێ کامەیان ڕاستیان دەکرد، کاك ئەحمەد، یان ئەوانەی ئەو دەنگۆیەیان بڵاو دەکردەوە؟

بە دوای ئەو ڕووداوە دا، هاتوو چۆی کاك ئە حمەد تۆفیق بۆ لای سەرۆك بارزانی، ڕەنگ و ڕووی ڕابردووی لە دەست دا. لە لایەکی تریشەوە سەرۆك بارزانی نزیکی سنووری ئێران ببۆوە، پیوەندی ڕاستەو خۆی لە گەڵ کار دەستانی ئێران، خۆی بەڕێوەی دەبرد، لەبەر هاتووچۆی کار بە دەستانی ئێرانی، کەمتر دەورەو بەری چۆل دەبوو. بەڵام هێشتا لە لایەن بارزانی و شۆڕشەوە، گوشار نەهاتبووە سەرحیزبی دێموکراتی کوردستان. کاك ئەحمەد بێ ترس، بێ پرس و ڕا بەکاربە دەستانی شۆڕش، لە هاوینی و پاییزی ساڵی ١٣٤٣دا چەندین کەڕەت، بە دەستە پێشمەرگەو کادری ناردنەوە کوردستانی ئێران، و سەری ناوچەکانی وڵاتیان دا. لە ئاخری هاوینی ئەو ساڵە دا دوایین کۆبوونەوەی حیزبی لە مەڕ تەشکیلات و دیاری کردنی بەرپرس بۆ بنکەکانی سنوورو ناردنەوەی کادر بۆ ناوچەکان، بۆ دەعەوەت کردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی ٢، بەگشتی زۆر کاری تری ئەنجام دابوون.

لەوکۆ بوونەوەیەدا، کە لە سەنگەسەر دەگەڵ کادرەکانی کردبوو، ئەو کەسانەی کە خۆی بە هەر هۆیەك کە، لێ یان دڕدۆنگ بوو، قەراری لە سەر وەرگرتبوون کە لەو سنوورانەیان دوورخاتەوە کە بە جۆرێك پیوەندیان دەگەڵ ناوچەکانی خۆیان هەیە. یەك لەوانەی کە قەراری دوور خستنەوەی لە سەر وەرگیراو بوو، کە بنێرێ بۆ بنکەی "پێنجوێن" نووسەری ئەو چەند دێڕە بوو. ئەو دەم لە ناوچەی باڵەك، دەگەڵ

كاك رەئوف مەلا حەسەن یادی بە خێر، لە گوندی "ناوپردان" بووم. ماوەیەك دوای كۆبوونەوەكە، كاك فایق «سولەیمانی موعینی» هات بۆ ناوچەی باڵەك، كە مەسڵەتی قادراغای باب خالاوێ بكا.

كاك سولەیمان لە ناوپردان، ئاكامی كۆبوونەوەكەی كە بڕیارێك بوو لە مەر دوور خستنەوەی خۆم، پێی ڕایگەیاندم، كە ئامادە بم بچم بۆ پێنجوێن. ئەو بڕیارە دوور لە ئینسافەی دوور خستنەوە، زۆر شوێنی خراپی لە سەر دانام. ئیدی تا ڕادەیەك بەو قەرارە، نارەحەت بووم؛ كوردەگوتەنی گەیشتبووە سەرگەرووم! پێمگوت:

كاكی خۆم هیچ سەربازێكی نیزامەدیكتاتۆرەكان بەو جۆرە دوور ناخەنەوەو... من نە ئامادە دەبم بچم بۆ پێنجوێن، نە لێرە بەملاوە خۆم بە پێشمەرگەی حیزبی دێموكرات دەزانم، ئەوەش چەكەكەتان!

ئیدی كاك فایق كاتی كەزانی من زۆر بە قەرارەكە نارەحەتم، ناچم بۆ "پێنجوێن"، وەكوو عادەتی هەمیشەیی خۆی دەگەڵی كردم بەگاڵتەو... گوتی:

ئەوەندە گرینگ نیە هێندە خۆتی پێوە سەخڵەت بكەی، نارەحەت مەبە، دەگەڵ خۆم وەرە دەچینەوە سەنگەسەر، تۆكارت پێ نەبێ من دەگەڵ كاك ئەحمەد ئەو مەسلەیە جێ بەجێی دەكەم. بە قسەكەی كاك سولەیمان قانع بووم، دەگەڵی چووم بۆ بناری " خەلان و حاجی ئومەران". لەو ماوەیە دا هەم مەسلەتی قادرئاغای بابخالاویی (١) كرد، هەمیش هێندێك لە ئەندامانی حیزب و خزمەكانی وەكوو حەمەدی ڕەشی خوالێخۆشبوو، كاك بایزی سیاقۆڵ و... بەرێ كردنەوە بۆ ئێران. ئەو دەم ئەو ئاغاوات و مامەشانەی، كە بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە قانوونی ئیسلاحاتی ئەرزی شا، ئاوای سنور ببوون، دەگەڕانەوە بۆ ئیران. هێندێ كەس لە ئەندامانی حیزب دەگەل مامەشەكان، گەڕانەوە بۆ ئیران.

ئیدی پاشان من دەگەڵ كاك سولەیمان هاتمەوە سەنگەسەر، بۆم بە یارمەتی دەری بەرپرسی بەندیخانە سەنگەسەركە هاوڕێی خۆم، كاك ئاڕەحمان قەرەقشلاقی بوو

(١) قادرئاغای باب خالاوێ، ئامۆزا، یان برازای كاك عبداللەی جەڵدیان بوو، لە بەهاری ١٣٤٣دا بە

نیشانەی نارەزایەتی لە قانونی ئیسلاحاتی ئەرزی دەوڵەتی ئیران، ئاوای دیوی گەرمێن ببوو. لە گوندی ئالآنێ ــ یان ڕایات، لە نزیك سنووری ئیرانماڵی گرتبوو لەگەڵ چەند كە سێك لە دەست و پێوندانی (نۆكەر) لەوێ نشتە جێ ببوو. لە بەهاری ١٣٤٣دا, شەوێك دەگەڵ چەكدارەكانی خۆی، ئاوای سنووری كوردستانی ئێران دەبێتەوە و دەچێتە سەرماڵی یەكێك لە جوتیارەكانی گوندی "كانیەرەش" بە نێوی "ناسربابۆڵی". جوتیار ناوبراو دوو كوڕی دەبێ كە، ناوەكانیانم لە بیر نەماوە، بە تۆڵەی ئەوە كە بە شێوەی ڕابردوو، پێتاك و خەرج و باجی ڕعیەتی نادەن، هەردووكان دەكوژن و دەگەڕێنەوە بۆ ئالآنێ. ئیتر قادراغا، بێ ترس و سڵە لە تۆلە دانەوە، دەچێ بۆ بیتوێن، بە هۆی هەباساغای "سەركەبكان"، جەرەیانەكە بە بارزانی دەگوترێ، بارزانی ئەو دەم لە گوندی دێریێی ناوچەی بیتوێن بوو. گوایە خوالێخوشبوو بارزانی بەو جەرەیانە فرە نارەحەت دەبی، بەلآم بە هۆی دۆستایەتی لە گەڵ بنەماڵەی قادری بە تایبەتی كاك عەبدوڵلای "جەلدیان" هیچ بە قادراغا نالێ. كاك ئەحمەد تۆفیق و كاك فایق ڕا دەسپێرێ كە ئەو خوێنە، بە خۆێنبەها، بكوژێننەوەو جێ بەجێی بكەن! كاك فایق لە سەر دەستووری بارزانی هاتبوو بۆ ناوچەی باڵەك، و لەگەڵ خوالێخوشبوو شیخ علاالدّین "خەلان" مەسەلەی مەسلەتی قادراغایان بكەن.

سەرۆك و ڕیشسپی و كوێخای بابۆڵیان، كوێخا عەبدووڵلای "شێوەڕەش" بوو. ناوبراو كە لە ژێر دەسەلآتی هەباساغا دا بوو. دەبوا مەسەڵەتەكە دەگەڵ كوێخا عەبدوڵلای "شیوەڕەش" كرابا. بە هەر حاڵ مەسڵەتەكرا! پارەی خۆینبەهاكەی درا بەكوێخا عەبدوڵلای "شێوەڕەش"كە، خزمی مام ناسر بابۆڵی، بوو. دەبێ ئەوەش بگوترێ گوایە خوێنبەكەش هەر بارزانی بۆ قادراغای دابوو.؟

ئەو خوێندکارانەی کە کاك ئەحمەد ناردبوونی بۆبەغدا، کە بیان نێرێ بۆ دەرەوەی وڵات، دوای ماوەیەك مانەوە لە بەغدا، ڕێگەیان پێ نادرێ. لەکۆتایی هاوینی **١٣٤٣**دا کاك عەبدوڵڵای موعینیو کاك هەمزەی سیاقوڵی بەناچاری گەڕانەوە سەنگەسەر. بەڵام کاك ئەمیری قازی لە بەغدا نەگەڕاوە. گوتیان قەرارە بە ڕێگای قاچاخ دا بچێ بۆ ئوڕوپا.

* * * * *

## کۆمیتەی ساخکەرەوە چی بە سەرهات؟

دوای ئەوە کە کۆمیتە ساخکەرەوە، لەکوردستانی ئێران لەسەرکاری سیاسی و تەشکیلاتی سەرکەتوو نابن و هیچیان بۆ ناکرێ، تووشی شکستو لێکدابران هاتن، ئەندامەکانی ئەو کۆمیتەیە، یەك یەك دوو، دوو، زۆربەیان، ناچار بوون بگەڕێنەوە کوردستانی گەرمین. بەشی زۆریان هاتنەوە، لە ڕانیە، لە نزیك بارەگای بارزانی کە ئەو دەم لە دێرێ بوو، دانیشتن. ئیتر ئاگاداری ئەوە نیم کە چۆنو کێ لای بارزانی قسەی بۆ کردبوون؟. سەرڕای ئەوە کە، کاك ئەحمەد تۆفیق، ڕاستەو خۆ ئەوەندەی تیری بڕی دەکرد، لە دژیان دەدوا، و تاوانباری دەکردن بە خیانەت سەبارەت بە شۆڕشو بارزانی. بەڵام دیسانیش بارزانی، هیچی پێ نەگوتو بە مەلا عەبدوڵڵای بارزانی ئەسپارد بوون. مەلا عەبدوڵڵا، کرێ خانوو، و بژیویو بەرەچوونی دابین دەکردن. هەتا شەڕی نێوان حکومەتی عبدالّسلام و شۆڕش، دەستی پێکردەوە، ئەو جەماعەتە هەر لە ڕانیە بوون. کە نێوان شۆڕشو حکومەت بەرەو تێکچوون دەچوو، خەریکبوو شەڕ دەست پێ بکاتەوە، بۆکورتە ماوەیەك، هاتنە سەنگەسەر، و دوایی چوونە قەڵادزە. ئەوانەی کە گەڕابوونەوە کوردستانی گەرمێن و ناوەکەیانم لە بیر ماوە بریتی بوون لە:

کاك مەلاحەسەن ڕەستگار، ڕەشیدسمێڵ (ئارەحمانی شێلمجاڕان کە دوایی زوو

چۆوە ئێران خۆی، تەسلیم کردەوە و بوو بە جاشێکی ئەو پەڕی چەپەڵ و لە زۆربەی جینایەتەکانی ١٣٤٧دا کە سەبارەت جوڵانەوەی چەکداری ئەنجام درا، بەشداری هەبووا!) کاك حوسین مەدەنی، خوالێخۆشبوو قادری قازی، شەهید سەید فەتتاحی نیزامی، شەهید خلیل شەوباش، دەگەڵ دوو پێشمەرگە، بە ناوی کاك قادرو کاك شەریف. کاك مەلاڕەسوڵ پێشنماز، ماڵ و خیزانی هێنابوو، ماڵەکەی بردە هێرۆ لەوێ نشتەجێ بوو... ئەوانە بەگشتی ببوون ئۆپوزسیون و نارازی لە سیاسەتی کاك ئەحمەد تۆفیق. ئیتر ئەو جەماعەتە، لە قەڵادزەو ئەو ناوە، مانەوە هەتا دوای کونگرەی ٢ کە، لە جێگەی خۆی دا، بەگوێرەی تواناو ئاگاداری، باسیان لێوە دەکەم.

مستەفاو کاوە (کاك سەلاحی موهتەدی و کاك محەمەدی ئێلخانیزادە) کە ئەحمەد تۆفیق، خەنجەری لێ دەساوتن و بە لایەنگری پارتی و مەکتەبی سیاسی دەناساندن، هەتا گەڕانەوەیان بۆ ئێران، ناوچەی پشدەریان بەجێ نەهێشت، لە هێرو بنکەی خۆیان کردەوە، هاوڕێ و هاوکاریشیان هەبوو، وەکوو مەلا ڕەحمانی سێفەتاڵی و جەمیلی مەڕدۆخی و عومەر سادق (نگڵی)، و هێندێك لەو خەباتگێڕانەی وەکوو ماموستا عومەری عەسری، خوالێخۆشبوو کاك سەعدی موهتەدی و کەسانی تریش هەبوون کە ناوەکەیانم لە بیر نە ماوە. ئەو جەماعەتەش،کۆمەڵەی ڕەزگاریان دروست کرد بوو بە گوێرەی خۆیان چالاك بوون.

* * * * *

## هاتنی کاك سەدیق ئەنجیری ئازەر بۆ سەنگەسەر

سەرەتای پاییزیساڵی ١٣٤٣ نزیکەی دوو مانگ پیش گرتنی کونگرە، کاك فایق لەگەڵ جەماعەتێك لە کادرو پێشمەرگە، گەڕاوە وڵات، سەردانی ناوچەکانی سەردەشت و گەورك، و مەنگوڕو مۆکریان کرد، و نزیکەی دوو حەوتووی پێ چوو. زۆربەی ئەو کەسانەی لە سەرەوە باسمان کردن وەکوو سەید تاهیری ئیمامی و مەلا

کەریم ساردەکوسانیو مەلا مەحمود زەنگەنەو...، بۆ ئەو سەفەرە لەگەڵی دابوون. هەر وەها کاك باپیر شکاکیش لەگەڵ جەماعەتێك لە پێشمەرگەکانی خۆی و کاك مەلاسمایل فەقێئێسی بەرەو باکووری کوردستان ڕۆیشتبوونەوە. هێندێك کەسیش بەرەو لاجان و منگورایەتیو بەریمێرگان، کشابوون. هێشتا کەم کەس دەیزانی کە کونگرە دەگیرێ (لانیکەم خۆم ئاگادار نە بووم). باسی گرتنی کونگرە نەکەوتبووە سەر زاران. ئەو کەسانەی لە سەفەری کوردستانی ئێران دەگەڕانەوە، دەهاتنەوە بۆ سەنگەسەر،کە بە ئیستلاح بنکەی سەرەکیبوو.

چەند ڕۆژێك دوای گەڕانەوەی کاك سولەیمانی موعینی، لە پاییزی (١٣٤٣) دا، شەهیدکاك سەدیقی ئەنجیریش، هات بۆ سەنگەسەر. ئەو دەم، ناوی‌کاك سەدیقی ئەنجیری بۆ ئەوانەی وەکوو خۆم پێشمەرگەو لە بنکەی سەنگەسەر بوون، ناسیاو نەبوو. جگە لە یەك دووکەسی وەکوو کاك عەبدوڵلای موعینیو کاك مونتەقیم قازی کە کوڕە سابلاخی بوون، دەنا ئێمەمانان! ناوبراومان نەدەناسی. ڕۆژێك لەگەڵ کاك عەبدوڵلای موعینی لە سەر ڕووباری سەنگەسەر، بەرەو دۆڵی شەهیدان پیاسەمان دەکرد. دوایی نیوەڕویەکی درەنگ بوو. سەیرم کرد سەیدعەلی پیاوی ماڵی سەید ڕەسوڵی بابیگەورە، دەگەڵ ڕێبوارێك بە ڕێگای دۆڵی شەهیدان دا، بەرەو ئێمە دەهات. سەیدعەلی بۆ ئیمە نە ناسیاو نەبوو، هێندی پێشمەرگەیەکی هاوڕێیی خۆمان هاتوچۆی سەنگەسەرو بنکەکانی حیزبی دەکرد. کاتی نزیك بوونەوە، کاك عەبدوڵلا کە سەرنجی دایە، ئیدی بەرەو پێشوازیان ڕۆیشت و کتوپڕ، ئامبازی هاو سەفەرەکەی کاك سەید عەلیبوو. هەر دووك شاگەشکە بوون. دەستیان لە ملییەکتر کردبوو، ئاویان لە چاوان گەڕابوو، زۆریان یەکتر ماچ کردو... زۆر بە یەکەوە ڕانەوە ستان. سەید عەلی پرسیاری شوێنی کاك ئەحمەدو کاك فایق کرد. کاك عەبدوڵلا گوتیکە بچێتەکوێ. نەچوون بۆ بنکەی حیزب، چوون بۆ ماڵێك. بەدوای ئەوان دا دەگەڵ کاك عەبدوڵلا گەڕاینەوە بنکە. دوایی کاك عەبدوڵلا چوو بۆ لای و بردی بیتوێنێ بۆ ئەو ماڵەی کاك ئەحمەد تۆفیق لێبوو. کاك عەبدوڵلا دوای گەڕانەوەی لە بیتوێن، باسی گرتنی گونگرەی و کەسایەتی کاك سەدیقئەنجیری و نووسینی بەرنامەی حیزب، و زۆر

جەرەیانی تری بە درێژی بۆی باس کردم. هەتا ئەو دەم بە دروستی نەمدەزانی کە کونگرە دەگیرێ. بە هەرحاڵ کاك سەدیق هەتا نووسینی پەیڕۆی ناخۆ و بەرنامەی حیزبی تەواو نەکرد، خۆی نیشان نەدا. بەڵام دوای گەڕانەوەی کاك باپیرجاروبار دەهاتە مزلەکەی ئەو کە لە قشڵەی سەنگەسەردا بوو.

لە مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣دا، سەرەتای ڕێچکەی نوێنەرانی کونگرە لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستانەوە، بەرەو سەنگەسەرکراوە. بە تایبەت ئەوانەی لە باکوو و باشووری کورستانەوە دەهاتن، ڕاستەو خۆ دەهاتن بۆ بنکەی سەنگەسەر، و لە وێوە، بۆ سونێ بەرێ دەکران. هەتا نیوەراستی مانگی سەرماوەز هەمووی ئەو کەسانەی کە نێردرا بوونەوە بۆ وڵات، بۆ دەعەوەت و لێ گێڕانەوەی نوێنەران، بەشیهەر زۆریان گەڕابوونەوە گەرمێن. بە تێکڕایی زیادتر لە پەنجا کەس ئامادەی کۆنگرە بوون. بە دروستی لە بیرم نەماوەکە لە بیست و چەندی مانگی سەرماوەزدا کونگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆتایی پێهات.

ئێستا کە باسی کونگرەو نوێنەرانی کونگرە هاتۆتەگۆڕ، جیگەی خۆیەتی کە چوونی خۆشم، بۆ کۆنگرە باس بکەم. ئەوەی راستێ کاك ئەحمەد تۆفیق، منی بۆ کونگرەی ٢ ok نەکردبوو. لە جیاتی نوێنەرایەتی کونگرە، منی بۆ پاسەوانی بەندیەکانی ندیخانەی سەنگەسەر دیاری کرد بوو؛ کە باشم ئاگا لە بەندیەکان بێ ڕانەکەن؛ و پێشمەرگەکان لە سەر کێشك نەخەونو...؟

بە هەرحاڵ، کاك مەلا محەمەد عەجەم و کاك ئارەحمان قەرەقشڵاقی، دوو حەوتوو پیش گرتنی کونگرە چوونەوە بۆ شارویران. ئەوانیش بۆ دەعوەت کردن و لێ گێڕانەوەی نوێنەرانی کونگرە چووبوونەوە. چەند رۆوژێکی مابوو کونگرە دەست بەکاربێ کە، گەیشتنەوە سەنگەسەر. ئەوان هێندە لە سەنگەسەر گیر نەبوون، بەرەو سونێ، بۆ شوێنی کونگرە وەرێکەوتن. بەڵام پێیان گوتم کە نامەیان لە کۆمیتەی شاروێران را هێناوە، لە نامەکە دا نووسراوەکە، تۆیان (من) وەکوو نوێنەر بۆ کۆنگرە هەلبژاردووە. بۆ سبەی ئەو ڕۆژە، کاك ئەحمەد هاتەوە سەنگەسەر، پێی راگەیاندم گوتی: «برام کۆمیتەی شاوێران تۆیان بە نوێنەری کۆنگرە هەلبژاردووە، تۆ دەتوانی بێی

بۆ سونێ و لە کونگرەدا هاوبەشی بکەی. هەر وەها گوتی:
«کۆمیتەی تداروکات و هەڵبژاردن، کادری ڕیبەرایەتی بۆ کۆنگرەی ٢ دیاری کردووە تۆ تەنیا مافی دەنگ دانت هەیە.» !؟

## کۆنگرەی دووهەم

بە هەرحاڵ من چووم بو شوێنی گورین. کونگرە لە پشتی سونێ لە داوێنی "مامەندە"ی لە بەر پاڵی دۆلێك بوو. چەند چادری لێ گەورەی لێ هەڵدرابوو کە، یەك لە چادرەکان زۆر گەورە بوو، چادری جەلسەکانی کۆنگرەبوو. کاتێ من گەیشتمێ، شەوی دووهەمی کونگرە بوو. پێشتر نازانم باس لە سەرچی کرابوو؟ بەڵام ئەو شەوە کە من گەیشتمێ، کاك ئەحمەد تۆفیق، قسەی دەکرد. قسەکانیم بە وردی لە بیر نەماوە، بەڵام ئەوەندەی دەزانم باسێکی کۆنگریتی سەرنج ڕاکێش نەبوو، لانیکەم بۆ (خۆم).

بۆ سبەی نێوە ڕۆیە، یەکێك لە پێشمەرگەکان کە، لە خوارەوەی چادرەکانی کونگرە کە کێشکچی بوو ، خەبەری هێنا کە جەماعەتی مەلا حەسەن رەستگارو حەمەدمین سیراجی و شەریفزادەو مەلارەسوڵ پێشنمازو... هاتوون، ئەوە لە خوارەوەن، دەڵێن هاتووین دەچین بۆکۆنگرە! ئێمەش ڕێگەمان نەداون و ئێستا هاتووم بزانم ئێوە دەڵێن چی؟ ئەوەندەم زانی کە کاك ئەحمەد لە قینان دەهری ببوو، دەڵێ:«... ئەگەر نەگەڕانەوە تەقەیان لێ بکەن!» کاك سەدیق چوو بۆ لای چادرەکەی کاك ئەحمەد تۆفیق. لەگەڵێ دەستی کرد بە قسە کردن، بەڵام من نمزانی باسەکەیان لە دەوری چی دا دەگەرێ. دوای گەڕانەوەی پێشمەرگە کێشکچیەکە، زۆری نە خەیاندکە، کاك حەمەدەمین سیراجی هاتە سەری چووە لای کاك سەدیق بە یەکەوە دەستیان کرد بەقسەکردن. وا دیار بوو بە نوێنەرایەتی لە لایەن برادەرەکانیەوە کە لە خوارێ بە جێ مابوون هاتبوو. دوای کاك سەدیق، ناوبراو لەگەڵ کاك ئەحمەد تۆفیقش قسەی کرد. ئیتر باسەکەیان لە بارەی چی بوو، بەکوێ گەیشتن من نەمزانی! بەڵام ڕێگەی هاتنەکونگرەیان پێ نەدرا. گوایە لە خواری پێشمەرگەکێشکچیەکان و کاك مەلا

ڕەسولٚ تووشی دەمەقاڵێ ببوون و...

بۆ شەوی سێهەم بە هۆی کرێوەو باسریشك نەمانتوانی لەو سەرە وەمێنین، ناچار هاتینەوە مزگەوتی گوندی سونی. کونگرە لە مزگەوت، دریژەی بە کاریخۆی دا. نوێنەرانی کۆنگرە زیاتر لە ٥٠ کەس دەبوون. ئەوە ڕاستییێ من تا ئەو دەم هەرگیز کۆنگرەی حیزبانم نەدیتبوو، و لە بارەی کۆنگرەدا هیچم نەدەزانی، ئەوانەی لەو کۆنگرەدا بەشدار بوون، زۆر لە من شارەزاتر نە بوون. بەلاّم ئەوەی من ئەو دەم هەستم پێ کرد، کونگرەی ٢، بە هۆی نەبوونی نوێنەری شارەزای بوارەکانی سیاسی، کۆنگرەیەکی فرە خامۆش و بێ ڕەخنەو پێشنیار بوو. بەشی هەرە زۆری نوێنەرەکانی نە خوێندەوار بوون. ئەوانەی کە خوێندەواریش بوون بەشی زۆریان خۆم ئاسایی کەم خوێندەوار بوون، لە بواری لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی هەلومەجی کەمتر شارەزا بوون. بە داخەوە بە هۆی نەمان و لە ناو چوونی بەڵگەکانی کۆنگرەی ٢ ئەو باسانەی کە لەو کونگرەیەدا کراون، گێڕانەوەیان بە وردی کارێکی هاسان نیە. باوەڕ ناکەم مرۆڤ بتوانێ هەمووی قسەو باسەکان بە دروستی بنووسێ و بگێڕێتەوە! نووسەری ئەو چەند دێڕە هەر ئەوندەی لە توانا دایەکە، کولیاتێك لە بابەتە بەرچاوەکانی کۆنگرە باس بکا. ناوەرۆکی هێندێك لەو باسانەی گرینگیان بۆتە هۆی ئەوە ماناکەیان لە بیر نەچێ و لە سەر سەفحەی مێشك پاك نەبنەوە، لێرەدا، ئەوەندەی زەینم یارمەتیم دەدا بە کەم و کوری باس باسیان لێوەدەکەم.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە کاك ئەحمەد مەبەست و نیازی لە گرتنی کونگرە، زۆرتر قایم کردنی کورسی سەرۆکایەتی و سکرتێری خۆی؛ و دەرکردنی کادرە خوێندەوارو بە دەسەلاّتەکانی حیزب بوو! ئەگەر نیوی نوینەرانی کۆنگرە بنووسین ئەو ڕاستییە زۆرتر دەر دەکەوێ. ئەگەر بواری تەندروستی ڕێگام بدات هیوا دارم بتوانم نیوی بەشی هەرە زۆر نوێنەرانی کۆنگرەی ٢ لە لاپەڕێك دا بنووسم.

لە یەکەم جەلەسەدا لە مزگەوتی سونێ، ڕاپۆرتی سکرتیری حیزب بۆ کونگرەی ٢ لەلایەن کاك ئەحمەد تۆفیقەوە خوێندرایەوە. ڕاپۆرتەکە ئەوەندە دوور و درێژ بوو، نزیکەی دوو ڕۆژی خەیاند. سەربردەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە

کۆمەڵەی «ژ-ك» وە هەتا گونگرەی ٢ی (جمعبندی) کرا بوو. هەمووی باسەکانم لە بیر نەماوە, ئەوەی هەتا ئێستا هەر لە بیرم ماوە:

- هیرش بردنە سەر ڕێبەراتی کۆماری کوردستان خاڵێکی زەق بوو لە کۆنگرەدا. کاك ئەحمەد، ڕێبەرایەتی کۆماری کوردستانی، بە بەزیو، خۆ بە دەستەوەدەر، و بێ کیفایەت ناوبرد. زۆر بە وشەی دزێو و ناسیاسیانەی ناوی بردن.

- بەشێکی ڕاپۆرتەکە، تەرخان کرا بوو بۆ بەربەرەکانی و ئازایەتی بارزانیەکان و بارازانی، لەگەڵ حکومەتی ئێران. لەوانە دەکرێ نێوی شەرەکانی قەڵاتان و نەرزەمێز و نەڵۆس هەتا دەگاتەپەڕینەوە لە چۆمی ئاراس.

- بە دوای ئەوە دا بابەتێك تەرخان کرا بوو، بۆ زیندوی کردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای روخانی کۆمار، و خەبات و چالاکی لاوانی سابڵاخی لە شارو ناوچەکان‌دا، هەتا ساڵەکانی سی‌و بۆ سەرەوە. دیارە ناوی مامە غەنیشی تیدا هاتبوو، و لە بەشی یەکەم دا باسی چالاکی و ناوبراو، و کاك عەزیزی یوسفی،کرد، بە ڵام لە بەشی دووهەم دا بە پێچەوانە! لە سەر دوکتورعەلی مەولەوی وەکوو کادرێکی خاوەن بڕوا، لە هەمووی قۆناخەکانی خەبات بە باشی ناوی برد. لە هەمان کات دا، دوایی بە گڕ هێندێك لەو کادرو خەباتگێرانەدا هاتەوە کە لە لایەن پۆلیسی ئیرانەوە گیرا بوون، یان خۆیان تەسلیم کردبۆوە، بە تاوانی ئەوە کە بەزیوەن، یان نهێنیان درکاندووە، یان...

- هیندێکی باسی هاوکاری حیزبی تودە کرد لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. یەکێك لە هاوکاریەکانی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناردنی عبدالرحمن قاسملو بوو بۆ سابڵاخ کە، لە سابڵاخ ك ادری سیاسی و تەشکیلاتی بعاملێنێ و فیری کاری سیاسی یان بکات.

- بەشی کۆتایی لە قاودان و تاوانبار کردنی کۆنە هاوکارەکانی خۆی بوون. ئەوانە بریتی بوون لەو کەسانەی کە لە عیراق، بەدەرکردنی دابوون، یان لە ئێران لە زیندان دابوون، یان وەکوو کۆمیتەی ساخکەرەوە، و مستەفاو کاوە، بەربەرەکانیان کردبوو. تاوانی ئەوانە جیاوازیان هەبوو. دەکرێ ئەوانە بە چەند بەشی جیاواز دابەش بکەین

بۆ وێنە:

- دوکتور عبدالرحمن قاسملو، (عباس انوری) بە تاوانی تودەیی بوون و هاوکاری هاوکاری لەگەڵ حیزبی کمونیستی عیراق و درکاندنی نهێنی حیزب، تاوانبارکردو گوتی : «بابی گەورەمان بارزانی ئەمری کرد کە دەبێ لە ماوەی... لە عیراق دەر بکرێ» ؟...

- هێندێ کەسی وەکوو هاشمی جەلالی، ئیسماعیلی قاسملو، ئەسعەدی خودایار، ڕەحمەتی شەریعەتی ، قاسمی سولتانیان، بە تاوانی هاوکاری کردن و جاسوسی بۆ ساواك تاوانبارکران.

- هاشمی حسین زادە، عەزیزی فەلاحی، یوسفی ئەنوەری، و چەندکەسی تر... بە تاوانی بەزیوی، و خۆ لە باوەش ساواك هاویشتنەوە، درکاندنی نهێنیەکان حیزب...

- هاشم اقل الطلاب (قادر شەریف) سەعیدکویستانی، (گزینگ) مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی (مەلا شەلە) ئەوانەش بە تاوانی دروست کردنی کۆمیتەی ساخکەرە و پاڵ دان بە دەفتەری سیاسی کۆنی پارتی، بە خیانەتی نەبخشراوی تاوانبارکردن.

- مستەفا، (صلاح الدین مهتدی) کاوە، (محمد ایلخانی زادە) و عومەرسادق نگڵی و چەند کەسێکی تر بە تاوانی دروست کردنی کۆمەڵەی ڕزگاریو خیانەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان...

-بەشی کۆتایی لە سەر بیژن قەرەویران، شیخ عبدالرحمن باجەوەند، و چەند کەسێکی تر وەکوو جاسوس و خۆفرۆش، دژی جوڵانەوە ڕزگاریخوازی کورد ناساندن، دیارە هی ئەواشی تیدا بوو کە لە ژیاندا نەما بوون.

- بە دوای ئەوانە دا باسی ئاژاوە گێرانی حیزبی تودەی ئیران، لە نێوان ئەندامانی حیزبی دێموکرات دا لە زیندانەکانی ئیران، هێنا گۆڕێ. کاك عەزیزی یوسفیو مامەغەنی بلوریانی وەك دو عاملی حیزبی تودە، بە کونگرە ناساندن. لەسەر کاك عەزیز یوسفی زۆر توند بوو. دەیگوت لە زیندان دا لەگەڵ غەنی سەرەڕای ئەوە خۆیان بە یەکەوە ناتەبان، بێ حورمەتی یان بە سەرۆك بارزانی کردووە... بەڵام وەکوو ئەوانەی تر کە، لە سەرەوە باسمان کردن لە سەر دەرکردنیان هێندە توند نەبوو.

ج"فسکە فسك" ی کاك فایق، لەگەڵ کۆمیتەی ساخکەرەوە بەتایبەت مەلا حسن

ڕستگار، مستەفاو کاوەی تاوانبارکرد. ئیدی جگە لە دارو دەستەی خۆی کە هێندێ کەس بوون،کەس نە ماوە کە نەیداتەبەرپلاری هێرش لە کۆنگرەدا!

ڕەخنە گرتن لە مامەغەنی و کاك عەزیزی یوسفی لە زیندان دا تا ئەو جێگایەی لە بیرم ماوە، بوو بە جێگای پرسیارو هەڵبەزینەوەی هێندێ کەس لە کۆنگرەدا. تا ڕادەیەك ئەو هەڵبەزینەوە، بوو بە ڕێگا خۆشکەرکە، کۆمیتەی ساخکەرەوە، ڕەئی دەرکردنیان بۆ نەدرا، و کاك عەزیزی یوسفی و مامەغەنی و دوکتورعەلی مەولەوی بىن بە ئەندام ناوەندی ئیفتیخاری.

کاك سەدیقی ئەنجیری کە وەکوو رەییس جەلەسە دیاری کرابوو، چەندین کەڕەت لە گۆنگرەدا گوتی:

کاکینە! هەرکەس دەیهەوی قسە بکا، دەست بەرزکاتەوە، نۆرە وەرگری. بەڵام بە داخەوە کەسی وەها خاوەن نەزەر نەبوو بتوانێ بۆچوونیخۆی دەربڕێ، یان ڕەخنە بگرێ و پێشنیار بکا. دەکرێ بگوترێ بەشی هەرە زۆری نوێنەرانی کونگرە؛ لە کەسانی سادەی نەخوێندەوارو لایەنگری خودی کاك ئەحمەد تۆفیق بوون.

هیچ جۆرە بەڵگەیەکی تاوانباری لە سەر کادرەکان، وەکوو دوکتور قاسملو، قادر شەریف و بە گشتی لە گۆڕی دا نەبوو. جگە لە چەند کەسێك کە لە زیندان دا ببوون لە سەر ئیسماعیلی قاسملو، شایەدیان دا. بەڵگەی هەرەگرینگ بۆ تاوانی هێندێ کەس، تەنیا دەستنووسێکی هاشمی جەلالی بوو کە لەبەر دەستان بوو. جگە لەو دەستنووسەی کە بە خەتی هاشم جەلالی بوو، چی ترم پێشك نایە. ناوەرۆکی دەستنووسەکەی هاشم بریتی بوو لە ئیعتیرافاتی خۆی لە زیندان دا – ناوی ئەو کەسانەی تیدا نووسیبوو کە، لە کاتی دەسگیربوونیان دا بەڵێنی هاوکاریان بە ساواك داوە. گوایە کاك ئەحمەد بە بەڵێنی دان بە هاشم و لێدان شکەنجە، ئەو ئیعتیرافاتەی بە هاشمی جەلالی نووسیبوو. ئەو نووسراوە دەنووسەی هاشمو هێندێك نامەی لەم و لەو، وەکوو بەڵگەو لە ئیختیار نوێنەران نرابوو. بەڵام بە داخەوە هەر وەکوو لە چەند جیگا دا گوتومانە، نوێنەرەکان زۆربەیان نەخوێندەوار بوون،کەسی وەهاش نەبوو چاو بە دەستنووسەکان دا بخشێنێ بزانێ کە چیان تێدا نووسراوە!؟ لە نێو ئەوکەسانەدا کە هاشم

ناوی نووسیبوون، ناوی ئەسعەدی (خودایاری تێدا بەرچاو دەکەوت!
.(هەرگیز لە بیرم ناچێ یەکیك لە نوێنەرانی کۆنگرە، هەروا لە خۆوە، پرسیاری کرد: ئەری ئەسعەد (١) لە سەرچی و کێ کوشتی؟ کاك سولەیمانی موعینی کە لە نزیك کاك ئەحمەد تۆفیق دانیشتبوو، بە دەست ئیشارەی کردوگوتی: ئەوەی لە کاك ئەحمەد بپرسە! کاك ئەحمەد توفیق بزەیەکی سەرکەوتووانەی هاتە سەرلێوان؛ و ئێستاش کە زیاتر لە سی و حەوت ساڵ بە سەر ئەو سەردەمە دا تێ دەپەڕی، یادی ئەو بزە سەرکەوتوانەی؟ کاك ئە حمەد توفیق لە مێشکم دا هەر ماوەو باسەکەش دە نگداتەوە!) ئیدی کاك ئەحمەد جگە لەو بزەیە کە هاتە سەر لێوانی، وەڵامێکی تری نەداوە! بە داخەوە بەڵگەکانی کۆنگرەو دوای کونگرەی ٢و پێشتریش کە لە ئارشیڤی حیزب دا لە لای کاك سولەیمانی موعینی بوون، کاتێ کە بە سەریان دا سەپاند؛ کوردستانی گەرمێن بەجی بهێلێ، بەدرکاندنی شوێنی ئارشیڤەکە لە لایەن یەکێك لەو پێشمەرگانە کە گەڕابۆوەسەنگەسەر، لە لایەن کاك حەسۆمیرخانی دۆستی گیانی کاك ئە حمەد تۆفیقەوە، تالان کراو و بەشێوەیەکی گوماناوی گشت بەڵگەکان شوێنەون کران؟ بە هۆی نەمان و لە ناو چوونی ئەو بلگانە، زۆر جەرەیانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان پووش بەسەر بوون و بە ناڕوونی ماونەوە؟ هەر وەها لەبەر "بڤە!" بوون، زۆر جەرەیان بە نەگوتراوی ماون و دەمێنن کەس دەخۆی ڕانابینێ بە ڕاشکاوی باسیان لێوە بکا!

(١)بە وتەی هەموو ئەوکادرو ئەندانی حیزب کە، ئەسعەدی خودایاری یان دەناسی: ناوبراو یەکێك بووە لەو کادرە بە بڕواو هەڵسووڕاوانەی حیزب، لە سەردەمی خۆی دا. ئەو جۆرەی مامە غەنی لە «ئاڵەکۆك» لە لاپەڕی ١٨٥-١٨٨ دا کورتە بیوگرافیێکی لە سەر نووسیوە:
«دوای هاتنەدەر لە زیندان، بۆ ئەحمەد باس دەکا کە دوای بەربوونم «ساواك» داوای هاوکاری لێکردووم. من گوتوومە جارێ ئیزنم بدەن ماوەیەك بیر لە پێشنیارەکەتان بکەمەوە. بەڵام ئێستا کەگەڕاومەتەوە ئیرە باکم لە «ساواك» نیە و ئیتر ناگەڕێمەوە بۆ «مهاباد» ئەحمەد لە وەڵامی ئەسعەد دا دەڵێ:
ـ«ئەوە هەلێکی باشە کە ئێمە وەك حیزبی دێموکرات بتوانین کەسێك لە ناو «ساواك» داجێگیر

بکەین و بتوانین ئاگاداری کردەوەکانیان بین و بۆ پاراستنی حیزب لەو هەلە سوود بەرین. بەڕای من تۆ دەبێ وەك مەئموری حیزبی بچیەوە بۆ مهاباد ئەگەر «ساواك» دیسان داوای هاوکاری لیکردی قبوڵی بکەی» ئەسعەد دژی ئەو بۆچوونەی ئەحمەد ڕادەوستێ...»

کوشتنی کاك ئەسعەدی خودایاری، لە کوردستانی گەرمێن ئەو جۆرەی من بیستوومە، دەگەڵ نووسینەکەی مامەغەنی تا ڕادەیەك جیاوازی هەیە. ئەوەی من لە بارەی کوژرانی ناوبراو زانیومە، گوایە: کاتی ئەسعەد لە سولەیمانیە دەیهەوی بگەڕێتەوە بۆ مهاباد سەری منداڵەکانی بدا، ئەحمەد بە ئەسعەد دەڵێ: هاشمی جەلالی کەگیراوە، لە زیندان دا ئیعتیرافی لە سەرکردووی. مەسەلەی هاوکاری تۆی وەکوو ئەرکی پێ ئەسپیراوی حیزب، بە ساواك گوتووە. تۆ ئاشکرا بووی، چوونەوی تۆ بۆ ئێران، مەترسی هەیە، و تۆ نابێ بچیەوە بۆ ئیران. گوایە ئەسعەد ڕازی دەبێ کە لە عێراق*بمێنێتەوە. دەڵیی بەنهێنی دەچمەوە سەرێکی منداڵەکانم دەدەم لە مهاباد، وازیان خراپە، بەڵکوو بتوانم بیانهێنم بۆ عێراق. بەڵام ئەحمەد دەڵێ نابێ بچیەوە مهاباد! ئەسعەد گوێی ناداتێ. کاتی ئەسعەد وەرێ دەکەوێ بگەڕێتەوە، ئەحمەدیش دەگەڵ کەسێکی تر وەدوای دەکەون، لە نزیك قەبری عوسمانی، نێوان" دیلۆ"و " سونی" ڕێگەی پێدەگرێ و دەکوژێ. ئیتر چارەنووسی ئەسعەدی خودایاری، بە دەست ئەحمەد تۆفیق، بەو جۆرە وەرق دەخوا؛ کە دوای کوشتنیشی بە تاوانی جاسووسی بۆ حکومەتی ئێران و ساواك، لەکونگرە ٢دا، بە جاسووس خایینی دەناسێنێ؟!

داخوا، ئەرکی نیشتیمان پەروەری ئەحمەدی هان دا، کە ئەسعەد لە کۆنگرەدا، بە جاسووس بناسێنێ، یان ترسی سزای دوا ڕۆژی دادگای گەلی کورد؟

تێبینی! کاك حەمەدەمینی‌سیراجی کێ بەنووسراوەکەدا چۆتەوە، دەفەرموی ــ شوێنی کوژرانی کاك ئەسعەدی خودایاری، نزیك (چۆمخرکە ) قەڵادزێ بووە نەك دێلۆ و قەبری عوسمانی.

جگە لە دەستنووسی هاشمی جەلالی (٢)، بەرنامەی کۆمەڵە رزگاریش وەکوو بەڵگەی تاوان بۆ مستەفاو کاوە، و بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە، لە سەر خودی کاك ئەحمەد تۆفیق لە بەر دەستان بوون. هەروەها بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیو مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە سەر بارزانی. (کە هیچ پێوەندیەکی بەکونگرەی ٢ی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نەبوو.) ئەوانە ی لە سەرەوە باسیان کرا، بەگشتی دەبوا کۆنگرە لە سەرداوای کاك ئەحمەد تۆفیق، بە خیانەتکاریان بناسی!!

(٢)هاشمی جەلالی وەکوو برادەرانی حیزبی دەیان گوت، خەلیکیمەڵبەندیساینقەڵا بوو. کادرێکی هەڵسووڕا بووە، پێش هێرشی ساواك و گیرانی ئیسماعیل قاسملو، لە ساڵی ١٣٣٨دا لە مەڵبەندی هەوشار دەگیرێ. گوایە لە بەندیخانە زۆر شکەنجە دەکەن و زۆر"مقاومت" نیشان دەدا. کە ئیسماعیل قاسملو دەگیرێ ئیعتیرافی لە سەر دەکا. ئیتر دوای ماوەیەك مانەوە لە زیندان، ساواك پیشنیاری هاوکاری پێ دەکا کە بچێ بۆ عیراق ئەو خەبەرانەیان بۆ بێنێتەوە کە پێی دەسپێرن. ناوبراو بۆ هاتنەدەر لە زیندان مەرجەکانی هاوکاری قبوڵ دەکاو دێتەدەر. کاتێ دێتەدەر هێندەێکیشی دراو دەدەنی کە جلو بە رگی خۆی پێ بکڕێ، دوایی ئاوایی دیوی سنووری عیراق دەبێ لە ناوچەی باڵەکایەتی لە خەلانو ئەو ناوە دەگیرسێتەوە، هەواڵ بۆ کاك ئەحمەد تۆفیق دەنێری کە، گەیشتۆتە عیراق و شتی گرینگی زۆر پێیە. بەگوێرەی ئەوەی کاك سەعید کوێستانی بۆی گێڕاومەوە: کاك ئەحمەد، کەسێکی بە دوا دا دەنێری و وەرەقەی ئیجازەی بۆ لە حکومەتی عیراق وەردەگرن کە، لە ڕێگا نەیگرن. ناوبراو دەهێنن بۆ سولەیمانیە. ماوەیەکی زۆر دەیشارنەوە. کەس بە شوێنی نازانێ جگە لە کاك ئەحمەد تۆفیقو نزیکانی! ئیتر دەکەوێتە ژێرشکەنجەی کاك ئەحمەد تۆفیق، بە زۆری کوتەك ئەوەی پێویستی دەبێ، زیاتر لە ٣٥٠ لاپەری ئیعتیرافات پێ دەنووسی! بەشی هەرە زۆری لە سەر ئەندامانی حیزب بوو کە جودابیری کاك ئە حمەد تۆفیق بوون؛ و کە لە زیندان دا ئیعتیرافاتیان کردووەو بەڵێنی هاوکاریان بە ساواك داوە! خۆشی و ناخۆشی لە ژێر شکەنجەو عەزاب دا دەبێ هەتا هەموو ئەو بابەتانەی کە پێویستی دەبێ، پێی دەنووسی، پێشانی کەسی نادا. دوای نووسینی ئیعتیرافاتەکە دەیهێنێ بو کومۆنی سولەیمانیە کە، کادرو ئەندامەکانی حیزبی لەوێ بوون. جا ئەو جارە بە خۆی و دارو دەستەکەی ئەوەی پێی دەڵێن هەتك و بێ حورمەتی یە پێی دەکەن، وەك تف لێکردن، جنێوی دوور لە شەرەفو شان و شەخسیەتی مرۆڤایەتی؛ بەکورتی ئەوەی سوکایەتی‌یە بە سەر ئەو چارە رەشەی دێنن!!

من بۆ یەکەم جار، هاشمی جەلالیم لە سولەیمانیە لە ماڵی کاك ڕەشەی قاچاخچی چاو پێکەوت. دوای کونگرەی ٢ بۆ موعالەجەی چاو چوو بووم، بۆ سولەیمانیە. هەرچەند کاك ڕەشە لای من پارەی نەدایە، نەمدیت، بەڵام پێ یەوە دیار بوو کە هەژارو نەبوونی بە سەریدا سەپاندوە، دەستی نیاز پان ڕاکاو هاتبووە لای کاك ڕەشە بەڵکوو یارمەتێکی بکا. دوای کودیتای عبدالسلام، لە مێژ نە بوو لە بە ندیخانەی کەرکوك ئازاد ببوو. لەو پەڕی رووت و ڕەجاڵی و فەلاکەت دا بوو. کاك ڕەشە باسی کونگرەو بە تایبەت باسی دەرکردنی خۆی (هاشم) بۆ گێڕاوە. ئیتر کە باسی دەرکردنی خۆی لە حیزب پێ گوت، فرمێسکی بە چاوان دا هاتەخوار، کولێ گەرووی گرتبوو قسەی بۆ نەدەکرا.گوتی: «کاك ڕەشە ! تۆ لە خۆم باشتر ئاگاداری کە کاك ئەحمەد چ مەرەدێکی بەسەر هێنام. ئەگەر من جاسوسیم بۆ ساواك کردبا، وەزعی ئیستای من وەها دەبوو...؟ » ئیتر هاشمی جەلالی، تووشی نەخۆشی روحی ببوو. چارەنووسی هاشمی جەلالی بێچارە بە جۆرێك گوردرا ئیتر بۆ هەمیشە نەبووە بە مرۆڤێکی ئاسایی؟ ... دوای گۆڕانی رژێم لە ئیران، لە مهاباد لە دوکانی کاك غەفوری مەنسوری چاوم پێکەوت وازی لەو پەڕی شپڕیوی و شپرزەیی دا بوو!

بە دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی كاك ئەحمەد دا، ئەو جارە نۆرەی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزب هات، لە چەند نوسخەدا لە نێو نوێنەرانی كونگرە دا ئەو دەست ئەو دەستیان دەكرد. بەرنامەی حیزب بە دروشمی «یەكیەتی، خەبات، سەربەخۆیی، دێموكراتی» لە لاپەڕی یەكەمی دا، سەرنجی نوێنەرانی كونگرەی بۆ لای خۆی ڕاكێشا. ئیدی ئەو دەم باسێ لە دێموكڕاسی بۆ ئێران، خود موختار بۆكوردستان نەبوو. حیزبی دێموكراتی كوردستانیش تا ئەو دەمە، خاوەنی بەرنامەیەكی ڕیكوپێك حیزبی نەبوو. بەرنامەی كونگرەی ٢ بە تاریفێك، كە لە سەر وەزعی ئەو دەمی كوردستانی ئیران كردبووی، چارەسەری مەسەلەی كوردستانی ئیرانی لە سەربەخۆیی، فیدراڵی و فیدراتیودا بەدی كردبوو. جا چەندە پاشكەوتوو بووە، من ناتوانم خاڵە دواكەوتووەكانی دەست نیشان بكەم (١). لە پەیڕەوی نا خۆی حیزبیش دا نووسرابوو: «هەموو كوردێكی نیشتمان پەروەر، دەتوانی ببێتە ئەندامی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان، بە مەرجێك دەورەی پاڵێوراوی ببڕێتە سەر و بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی قبوڵ بێ...» ئیدی سنوری كوردستان مەرج نەبوو بۆ ئەندامەتی لە حیزب دا

(١) مامۆستا حسن زادە، لە لاپەڕی ٣٩ - ٤٠ی «نێوسەدە تێكوشان» دا، بە نەقڵ لە ڕاپۆرتی كۆمیتەی ناوەندی بۆ كۆنگرەی سێهەم، لاپەڕی ٢٤ دەنووسێ: «... بەرنامەیەك كە دانراوە بێجگە لە پایە نزمی سیاسی و فەرهەنگی، بەرنامەی حیزبێكی دواكەوتووی ناسیونالیستی یەكە لەگەڵ ڕابردووی پێشكەوتنخوازیو دێموكراتی حیزبی ئێمە ڕێك ناكەوێ...»

مامۆستا حسن زادە خۆی ماندوو نەكردووە خاڵە لاواز و دواكەوتووەكان دەست نیشان بكاو شك و گومانی خەڵك لە سەر ئەو خاڵەدوا كەوتووانە بڕەوێنێ،؟ لە هەمان حاڵدا شكم لەوە دانیە كە فەرهەنگ و زانستی سیاسی ئێستای حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، بە نیسبەتی ئەو سەردەمە زۆر چۆتە سەر، و لەگەڵ ٣٧ ساڵ لە مەوبەر جیاوازی زۆرە، و من پێوانەیەك بەدی ناكەم كە بتوانم بەراوەردیان پێ بكەم! بەرنامەی ئەو دەمی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم و لە بیرم مابێ لە سەر سەربەخۆیی و فیدراتیو پێی داگرتبوو... خوزیا ئەو بەر نامە پایە نزمی سیاسی و... لەگەڵ بەرنامەی كونگرەی ٥ ی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، بەراوەرد كرابا، جا قەزاوەتی لەسەر كرابا!

داخوا دروشم و ناوەرۆكی ئەو بەرنامە پایە نزمە سیاسی یە؛ ئەگەر لە كونگرەكانی ١٠-١١-١٢ی حیزبی دێموكراتی كوردستان ئێران دا، پێشنیار كرابا لە نێونوێنەرانی كۆنگرە دا، زۆرینەی دەنگی نە دەهێناوە؟

هەرزانەی کتێب

بەرنامەو پێڕۆی ناوخۆی حیزبیش کەس قسەی لە سەریان نەبوو، دەنگیان بۆ درا!

- بە دوای خویندنەوەی ڕاپورت و دەنگ وەرگرتن بۆ بەرنامەی حیزب، لە زمان (کومیتەی تەداروکات و هەڵبژاردانەوە) ناوی ئەندامانی دیاری کراو، بۆ کۆمیتەی ناوەندی خویندرایەوە کەلەسەرەدا ناوی مامەغەنی و کاك عەزیزی یوسفی لەلیستەدا نەبوون. لە بیرم نە ماوە کێ بوو مەسەلەی ئەندامەتی مامەغەنی و کاك عەزیزی یوسفی کرد بەباس؟ وا بزانم خوا لێ خۆشبوو مەلا ئەفەندی بوو لە سەر کاك عەزیزو مامە غەنی، گوتی سزاوار نیە کاك غەنی و کاك عەزیز نەکرێن بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. کاك ئەحمەد تۆفیق بۆ ئەو دوو کەسە، ملی نەدەدا کە، سەرەڕای ئەوە لە سەرحیزبی دێموکراتی کوردستان گیرابوون، و بە قسەی خودی خۆی بە تاوانی «ئەندامی ڕێبەرایەتی» حیزب، زیندانی ئەبەدیان بە سەردا سەپا بوو. پاشان کاك سەدیق ئەنجیری و چەندکەسی تر وەکوو مەلا ئەفەندی کە، ناوەکانیانم لە بیر نەماوە، داوایان کرد کە، وەکوو ئەندامی ئیفتیخاری حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرێن. ئەوجارە کاك ئەحمەد دەنگی نەکرد. ئیدی یەك یەکی ئەندامانی دیاریکراو بۆ کۆمیتەی ناوەندی، لە کۆنگرە دا ناسێندران. هەر یەکەیە، بە شێوەیەك تاریفی خۆی لێکردن. بەڵام زۆرتر لە هەموویان لە سەر تاریفی کەسایەتی کاك صارالدین صادق وزیری، دوکتورعلی مولوی، و ڕەحیمی جەوانمەردی قازی و سەید کامل امامی ڕۆیشت. بەمجۆرە لیستەی ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی درا بە نوێنەرانی کۆنگرە. بەر لە دەنگ دان بۆ کۆمیتەی ناوەندی بە تێکڕای دەنگ سەرۆ ك مەلامستەفای بارزانی، بە سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا! ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بریتی بوون لە:

١- سەدیق ئەنجیری٢- عبدوڵلائیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) ٣ - سولەیمانی موعینی (فایق) ٤- مەلا سەید رەشیدی حوسێنی ٥ - مامۆستامەلا رەحیمی ویردی (میرزائەحمەد) ٦- ئەمیری قازی ٧- نحۆ پاشایی (باپیرشکاك) ٨-سەیدکامیلی ئیمامی ٩- حەبیب قەرەگوێزی (وەرزێر) ١٠- صارم الدی صادق وزیری (١)- ١١- رەحیمی جەوانمەردی قازی ١٢- مامۆستا هەژاری موکریانی ١٣- دوکتورعەلی مەولەوی. ١٤ کاك عەزیزی یوسفی ١٥- کاك غەنی بلوریان.

لە دوای کۆمیتەی ناوەندی، ناوی ئەندامانی کۆمیتەی چاوەدێری بەرز ڕاگەیاندراکە بریتی

بوون لە:

١- عەبدڵڵای موعینی ٢ - مەلا قادرلاچینی ٣- ڕەئوف مەلا حەسەن٤- سەیدحاجی کەڵەوێ ٥ سەید تاهیری ئیمامی ٦- مەلاکەریمی ساردەکۆسانی ٧- مەلا نەجمەدینی کەوکەبی ٨ سەید رەسوڵ دیقان (وەرزێر) ٩ - مستەفای ئیسحاقی(قولە) ١٠- عەبدوڵلای مەولەوی ١١-ڕەشەی قاچاخچی (ڕەشیدی فەللاحی.

ئیدی کۆمیتەی ناوەندی، وکۆمیتەی چاوەدێری بەرز، جگە لەو کە سانەی ناسێدرابوون، رەقیبیان نەبوو. لە نێو ئەندامانی چاوەدێر بەرز دا کەسانی وەها هەبوون کە دەنگی زۆریان نەبوو، بەڵام بە هۆی نەبوونی رەقیب، ئەگەر تاکە دەنگێکیشیان هەبوا، هەر دەبوون بە ئەندامی کۆمیتەی چاوەدێری.

لەسەر جەمی کۆمیتەی ناوەندی، تەنیا ٦ کەس لە کونگرەدا حزوریان هەبوو. ئەوانی تر بەگشتی پاشملە، دە نگیان بۆ درابوو. ئیتر بەکردەوە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەر ئەو ٦کەسە بوون کە حزوریان هەبوو! ئەوانیش بریتی بوون لە: کاك ئەحمەد تۆفیق_ فایق ئەمین_ کاك سەدیق_ میرزا ئەحمەد_ باپیر شکاك_ مەلاسەیدڕەشید.

لە نێو گشت ئەندامانی کۆمیتەی چاوەدێریش دا تەنیا ٧کەس مەوجود بوون ئەوانی تر پاشملە، دەنگیان بۆ دراوە. ئیتر وەکوو گوترا ئەندامانی کۆمیتەکان پێشتر کاك ئەحمەد خۆی دیاری کردبوون. دەنگیشیان نەهێناباوە هەر ئەندامی کۆمیتە بوون! لە نێو ئەو٧ کەسەش دا، دەکرێ ناوی سێ کەسان بەرین کە بۆ حیزب هەلسوڕان. ١-عەبدوڵڵا موعینی ٢ مەلاقادر لاچینی،٣ ڕەشید فلاحی. کاك رەشیدی فلاحی سەرەڕای ئەوە خۆی لە سولەیمانیە دەژیا، بەڵام لە پڕاتیك‌دا وەکوو ئەندامێکی چالاکی حیزبی لە ئەنجام دانی کاری حیزبی خۆی نەدەبوارد، زۆریش فیداکار بوو.

---

(١) مامۆستا حسن زادە لە «نیو سەدە تێکۆشان» دا،لەلاپەڕە ی ٤٠ لە جیاتی ناوی کاك صارالّدین صادق وزیری و رحیم جوانمرد قاضی؛ بە هەڵە ناوی سنارمامەدی و دوکتور رحیم سیف‌قاضی؛ لە لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دا بردووە، ونووسویەتی. ئەو دوو کەسەی خوارەوە لە کۆنگرەی دا بوونیان نە بوە و ناویان نەهێنراوەو وەکوو ئەندامی حیزب نەناسراون. ـــ ن

ئیدی ئەوانی دیکە هەر یەکەی بە بیانویەك خۆیان لە کاری حیزبی و خەتری چوونەوە کوردستان، دزیەوەو نە یانتوانی وەکوو ئەندامێکی چالاك لە حیزب دا بمێننەوە! هەریەکەی موشکیلەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو. پێوییستە ئەوەش بگوترێ هەموویان لە نێو کۆمەلگا دا بەکەسانی نیشتمان پەروەر ناسرابوون.

دوای دەنگدان بۆ لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، کاك سەدیق ئەنجیری کە نازمی جەلەسەکانی کونگرە بوو، ئیزنی خواست کە وتارخویی بە پێشنیار ڕاگەیەنێ. قسەکانی ناوبراو پوخت و پاراو بوون، دوورو درێژی نەکردەوە، ئەوەی لە بیرم ماوە،کورتە شێ کردنەوەویەکی هەلومەرجی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و کۆماری دێموکراتی کوردستان بوو، لە سەردەمی دوای شەڕی جیهانی دووهەمدا. کاك سەدیق بە پێچەوانەی کاك ئەحمەد، زۆر ڕێزی لە ڕێبەرو شەهیدانی کۆماری کوردستان و ئەوکەسانەگرت، کە بە شێوەیەك لە کارو باری کۆماری کوردستان دا بەشداریان کردبوو، و دوای روخانی کۆماریش وەفادار بەڕێبازی کومار ماون! دوایی داوای لە نوێنەرانی کۆنگرە کرد لە جیاتی ڕەی دان بۆ دەرکردنی ئەو کادرو ئەندامانەی حیزب، کە بە هەرهۆیەك، لەگەلٚ کاك ئەحمەد تۆفیق نێوان ساردیان کەوتۆتە نێوان، و هەتا ئێستاش هەر خۆیان بە ئەندامی حیزب دەزانن و نەگەڕاونەتەوە ئێران، هەیئەتێکی نیازپاك هەلٚبژێردرێت بۆ دەعوەت و گەڕاندنەوەیان بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب. ئەوانە، هێشتاخۆیان بە ئەندام وەفادار، بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەزانن. ئەگەر هاتوو نەگەڕانەوە بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب، ئەو دەم لیژنەکە بڕیاری خۆیانی لەسەر بدا. پێشنیارەکەی کاك سەدیق دلٚسۆزانە بوو، تاسیری خۆی لە سەر نوێنەرانی کونگرە دانا، بە جۆرێك کە، بوو بە جێگەی پەسندی زۆربەی هەرە زۆری نوێنەرانی کونگرە. ئیتر جگە لە کاك ئەحمەد تۆفیق و چەندکەسێکی دەوروبەری کەس دژی ئەو پێشنیارە نەبوو! دەبێ ئەوەش بگوترێ کاك ئەحمەد، سەرەڕای دەنگ‌دانی نوێنەرانی کۆنگرە بۆ ئەو پێشنیارە؛ دیسان ئەو پەڕی دژایەتی خۆی بۆگەڕانەوەی جەماعەتی کۆمیتەی ساخکەرەوە دەربڕی؛ بە تایبەتی بە هێچ جۆر،کاك قادرشەریف و کاك سەعیدکویستانی قبولٚ نەدەکرد. مەلا ئاوارەشی بە ئەندامی حیزب نەدەزانی. ئێستا کە ئەو یاد داشتانە دەنووسم ئەوەندە لە مێژە، لە بیرم نەماوەکە، بە چ ئەدەبیاتێك ئەو نارەزایەتەی دەربڕی؟. پێیەوە دیار بووکە، بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوە، زۆر ئێشاندووە. هەروەها نازانم ئەندامانی ئەو لیژنەیە چەندکەس بوون. بەلاٚم مەلا کەریم ساردەکۆسانی، سەید تاهیری ئیمامی، ئەگەر بەهەلٚە نەچووبم کاك ڕەشەی

قاچخاچی و كاك عەبدوڵڵا موعینی ئەندامی ئەو لیژنەیە بوون.

دوای ئەوەكە، كاك سولەیمانی موعینی بۆكۆمیتەی ناوەندی دەنگی بەرچاوی هێناوە، كاری كونگرە، نزیك بەرەو تەواو بوون دەچوو، داوای لە كاك سەدیق كرد ئیزنی بدا بۆ قسەكردن كە، ئیزنی پێدرا. وتارەكەی كاك فایق، نووسراوە بوو خوێندیەوە. نووسراوەكەی دوورو درێژبوو، هەموو وەڵامی قسەكانی خودی كاك ئەحمەد بوو. كاك ئەحمەدی بە دیكتاتۆرێكی نەحاواوەی ڕەشبین بە هاوڕییانی خۆی، ناساند. ئیدی ئەو وتارەی كاك فایق، بە جۆرێك كاك ئەحمەدی دەهری كردكە، لە جێگای خۆی دا هەرپیشی دەخواردەوە؛ هەر ئەوەند بوو دەستی خۆی نەدەگەزت!

بە دوای تەواو بوونی كاری كونگرە دا، هێشتا میوانەكان - نوێنەرەكان، بڵاوەیان نەكردبووكە، كاك مەلاحەسن ڕستگارو مامەندی قازی و كاك حسن‌قازی (كاك حسن قازی لە ڕاستی دا، نوێنەری كۆنگرە بوو، بەڵام بە هۆی ئەوە كاك سمایلی شەریف زادەو كاك سالار هاوڕیی بوون و... بۆ كونگرە ڕێگەیان پێ نەدرا بوو ئەویش لەگەڵیان كەوتبوو ببوو بە ئوپوزسیون، لە كونگرەدا بە شداری نەكرد...) هاتن بۆ مزگەوتی سونێ و بوو بە خۆشحالی ئەوانەی لایەنگری گەڕانەوەی ئەو جەماعەتە بوون. ئەوەی لە بیرم ماوە كاك حسن قازی هێندێكی وێنەی كاك عە زیزی یوسفی و كاك غەنی بلوریان هێنابوو كە لە زیندان دا كێشرابوون و لە نۆێنەرانی كونگرە دا ئەو دەست ئەو دەستیان دەكرد...

میوان - نوێنەرانی كونگرە بەرەبەرە، بڵاوەیان دەكرد. كاك ئەحمەد لە دوای تەواو بوونی كونگرە، بە تە واوی پێیەوە دیار بووكە، ئاكامی كونگرەی بە دڵ نیە. هەرچەندە بە ئاشكرا باسی لێوە نەدەكرد؛ بەڵام ئەو شۆق و زەوقەی بەر لەگرتنی كۆنگرە بووی لە سەر ڕووی نەمابوو!

دوای تەواو بوونی كاری كونگرە هەر شەش كەسی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی، كە بریتی بوون لە: ١- كاك ئەحمەد تۆفیق،٢- كاك سەدیقی ئەنجیری، ٣ -كاك سولەیمانی موعینی، ٤ كاك نحۆ پاشایی،٥- ماموستا مەلارحیم ویردی، ٦- ماموستا سەید رەشید حسینی گەرانەوە سەنگەسەر، كە پاشان گوازتیانەوە بۆ گوندی دێلۆ،كۆبوونەوەكانیان كۆمیتەی ناوەندی لەو گوندەی دەست پێ كرد، كە دوایی دێینە سەر ئەو باسە!

* * * * *

## مرادشیرێژو حەسەنی هەمزەڕیتال و سولەیمان کەرقەشان!

هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ کەم نین ئەو کەسانەی کە، باسی مراد شیرێژ و حەسەنی هەمزە ڕیتاڵ و سولەیمان کەرقەشان دەدەنە بەرباس. هەر کەسەی بەگوێرەی بۆ چوون و ئاگاداریەك کە پێی گەیشتووە دەیگێڕێتەوە؛ ئەوەی لێرە دا نووسەری ئەو چەند دێڕە باسی لێوە دەکا، بەهیچ جۆر نەزەرو لێکدانەوە خۆی نیە کە نەزەریان لەسەر بدا. بەڵکوو دیتنی خۆی و گێڕانەوەی ڕووداوەکان باس دەکاو بەس!

(دوای تەواو بوونی کاری کۆنگرەی٢، نووسەری ئەو چەند دێڕەو شەهید مەلاسمایلی فەقێسێ بە سەفەر،گەڕاینەوە بۆ کوردستانی ئێران. لە ناوچەی بەری مێرگان لە نزیك "قەبری وسێنی" لێك دابڕاین، مەلاسمایل بەرەو نەڵین بە تەنیا، داپەڕیە خوار،و من کە ڕێنوێنێکم لەگەڵ بوو، بەرەو لاجان و شارویران داگەرام. بەرەبەری بەیانی گەشتمە گوندی "میشەدێ خواری" میوانی خوا لێخوشبوو عەدوڵلا دەرویش بووم. بۆ سبەی ئێوارە بە دوای مام حەسەن حەوتەوانەم دا نارد کە، ئەویش لە کۆنگرە بوو، بەڵام گەڕابۆوە، ئەو دەم ماڵی لەکاسەلەران بوو. مام حەسەن (ئەگەر ماوە یادی بە خێربێ ئەگەر نەماوە خوای لێ خۆش بێ) درەنگانی ئێوارە هاتە میشەدی،کە سێرە هەلگیرا، هەوا نەختی تاریك داهات، بەرەو گەرگول وەرێکەوتین، بەرە بەری بەیانی گەیشتینە گەرگولی سەرێ. بووم بە میوانی مامۆستا مەلا محەمەدی حافز،کە کوردێکی نیشتمان پارێزو لەکوردایەتی دا کوڵاو بوو. زۆری ڕێزگرتم، ئیتر تاریفی ڕێزوگرتنی و میوانداری ناکرێ یادی بەخێر بێ. لە گەرگول مام حەسەن گەڕاوە. بەڵام دوو لاوی لە خۆڕادیوی بۆ ئامادە کردم، کە لەگەڵم بێن بۆ شارویران، یەکیان ناوی محەمەد خەرەزەن بوو، و ئەوی تریان وا بزانم عەزیز جەواهیری ناو بوو. محەمەد پینج تیرێکی عروسی پێ بوو بە فیشەکی تەسەلەوە. عەزیز تەنیا چەکی خەنجەرێك بوو. تاریکی ئێوارە بەرەو شارویران وەرێکەوتین. لە نێوان گوندی مەحمەشەی سەری و گۆلێ، هەستم بە دەنگی پێی ڕیبوارن کرد. ئیتر ئێمەبەر ڕێ بووین، جۆگەیەکی چووکە بوو، بە هاوڕێکانم گوت لە جۆگەکەدا ڕاکشێن. جۆگەکە وشك‌بوو،کە خۆمان هاویشتە نێو جۆگەکە، سی کەس لە سەرەوە، لە داوێنی ڕێگەکە، بێ ئەوەی مەتەرێز بگرن لە سەرچۆکان، لێیان لە چەخماخی تفەنگێ داین گوتیان:

«کوڕە کێن کوژران؟»

ئێمەش لە جۆگەکا دا ڕاکشابووین، مەتەرێزێکی قایم مان هەبوو.گوتم:

«کاکە ئێمە ڕێبوارین، ئێوە کێن؟» یەکیان گوتی:

«ئێمە پێشمەرگەین!»

کاتێ گوتی پێشمەرگەین،کەوتمە شکەوە، گوتم لەوانەیە جەماعەتی کاك قادرشەریف و کاك سەعیدکویستانی بن کە، ئەو دەم ئەوان هەر دووکیان لەکوردستان لە نێو خۆی ولات بوون.

: «کاکە عەیب نەبێ ئێوە پێشمەرگەی کوێن؟»

هەمان کەس کە دەنگی دابووین گوتی:

« پێشمەرگەی سەنگەسەرین!»

ئەو جارە دەنگەکەم ناسیەوە. بە محەمەدو عەزیزی هاوڕێم گوت:

«من ئەو دەنگە دەناسم، ئەوە دەچم بۆ لایان ئێوە سەنگەر بەرمەدەن, با نەتانناسن.

لە جۆگەکەی هاتمە دەر،گوتم :

حەسەن تۆ لەکەنگێوە بوویەتە پێشمەرگە؟...

ئیدی کە دەنگی ناسیم بە سویندو قورعانان داچوە خوار:

ئەگەرگوتوومە پێشمەرگەین، مەبەستێکی تایبەتیمان نیە جگە لەوە کە ژاندارم و پیاو خراپان، نکرەیان لە ناوی پێشمەرگە دەچی!

بە هەرحالّ ئەویش منی باش دەناسی. هێندە لە مێژ نە بوو بە میوانی هاتبووە سەنگەسەر، هاتبووە لای مامەندی گرداشەوانی (١)و چەند رۆژێك لای ئێمە میوان بوو. بەکورتی حەسەن هەمزە ڕیتاڵی بوو؛ و دوو کەسی تریشی لەگەڵ بوون کە، هەر دوکیان چەکداربوون. دیار بوو حەسەن منی پێی ناساند بوون. ئیدی ئەوانیش بێ ترس هەستان و لێك نزیك بووینەوە. دوای ماندوو نەبوونی گوتم ئەوانە کێن؟ گوتی هەر دووکیان ڕەفیقی خۆمن، پیاو خراپ نین. دوولاوی چست و چالاك، نەترسیان پێوەدیار بوو. گوتی ئەوە مراد شیرێژە! تەماتیکێکی عروسی پێبوو سەری سیرەی بە گوللەپەڕیبوو. ئەوەشیان سولەیمان کەرقەشانە! تفەنگێکی ئینگلسی لولە ڕووتی پێ بوو. درەنگانی شەو بوو، زۆریان لەگەڵ ڕانەوەستام، حەسەن کە پێشتر خەڵکی کۆسەکەرێز بوو، پێم وابوو ئێستاش هەر لەوێ دەژیو لەوێوە دێن؟ پرسیاری ڕێگام لێکرد، گوتی: ڕێگا ئەمینە! ئیدی ئەوان بەرەو "بەیرەمبوغە" هەڵگەڕان، و ئێمەش بەرەو شاوێران داگەڕاین...

(١)- مامەندی گرداشەوانی لاوێکی تازەپێگەیشتوو بوو، کوڕی ئاغای گرداشەوانی ناوچەی لاجان بوو. هاتبوو بۆ سەنگەسەر بەتفەنگی خۆیەوە ببوو بە پێشمەرکە. دوای ئەوە کە کاك ئەحمەد ڕۆیشت بۆ قەندیل ناوبراویش چوو بۆ بنکەی دەربەند. ئیتر نازانم کاك ئەحمەد دەینێرێ، یان خۆی دەچێت دەگەڵ مراد شیرێژ و حەسەنی هەمزەڕیتاڵ دەکەوێ. دوایی بۆیان دەردەکەوێ کە مامەند پیاوی ساواکەو خەریکە لەداویان خا. ئیتر بەگوێرەی ئەو هەواڵەی بەئیمەگەیشت ناهێڵن فریایی ئەوە بکەوێ کە پیلانەکەی دابەزینێ، شوێنەونی دەکەن.

* * * * *

هەواڵنامەی کتێب

ــ حەسەنی هەمزە ڕیتاڵی هەر وەك گوترا، پێشترخەڵكی گوندی "كۆسەكەرێز"ی ناوچەی شاروێران بوو. محەمەدی هەمزەڕیتاڵی ئەو دەم لەسەر... گیرا بوو وابزانم لە زیندانی ورمێ بوو.

ــمراد شێرێژ خەڵكی گوندی "جەڕان" ی ناوچەی پیرانان(پیرانشار) بوو، دەگەڵ دراوسێیەكی خۆیان لەسەر جەرەیانێك لێ یان دەبێ بە ناكۆكی وتێكهەڵچوون، بەچەك پەلاماری دراوسێیەكەیان دەداو برینداری دەكاو ڕادەكا. ئیدی خۆی بە دەستەوە نادا، وەبەندەنی دەكەوێ.

– سولەیمان كەرقەشان خەلكی لاجانی مامەشان بوو، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم و لە بیرم مابێ، پیم وایە خەڵكی گوندی "كوندرێ" بوو؟ ئەویش لە سەر خرمان دەگەڵ هاو ئاواییەكی خۆی توشی دەمەقاڵێ و كێشە دەبێ و بەچەك هاو گوندیەكەی خۆی بریندار دەكاو ڕادەكا.

حەسەن ڕیتاڵیش وەكوو هەموو ئەوانەی دەكەونە بەر غەدرو زوڵم و زۆری كار بەدەستانی داگیركەرانی كوردستان، و بێحورمەتییان پێ دەكرێ، و دەكەونە بیری تۆلە، ئەویش بیری تۆڵەی ئەو غەدرەی لێی كرابوو، دەكەوێتە سەرو و دەگەڵ ئەوانە– سولەیمان و مراد، یەك دەگرنەوە و سێ قۆڵی وەبەدەنی دەكەون.گوایە لە لاجان دا هێندێك ڕاوڕووت دەكەن، بۆ وێنە دوكاندارەكانی "دربكە" و "دەشتی قوڕێ"و... كە تورك زمان دەبن، تاڵان دەكەن. هەروەها لەو وەرزێرەكانی ناوچەی لاجان و سەرشاخان،بە تایبەت ئەوانەی كە نەختی خاوەنی پاتاڵ و مەڕماڵ دەبن بە نێوی ئەوە كە پێشمەرگەن و پێویستی یان بە چەك و تەقەمەنی هەیە دەبێ یارمەتییان بدەن، دراویان لێ دەستێنن! بەهەرحاڵ وەرزێرەكان دراو لێ ئەستاندنەكەیان هێندی شڵتاخ و بێ حورمەتی ژاندارم و كار بە دەستانی ساواك بەلاوە لە دڵ گران نایە؛ كاربەدەستانی حكومەتی شا، دەستیان لێ هەڵنەدەگرتن و ئەوەی سوكایەتی و بێحورمەتی بوو بەسەریان دەهێنان. ئەو دراو لێ ئەستاندن و ڕاوڕووتە بوو بە هۆیوەزاڵە هاتنی خەڵكی مەڵبەندەكانی لاجان و مەنگوڕایەتی. لێبران، لە دەستانیان، سكاڵای خۆیان بێنن بۆ لای حیزب ــ كاك ئەحمەد تۆفیق.

کاتێ خەڵکی ناوچەکانی کوردستان، شکواو شکایەتی خۆیان هێنا بۆ لای کاك ئەحمەد تۆفیق، ناوبراویش بەڕەواڵی پێشوو، بێ ئەوە پرس و ڕا بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بکا و لەمەڕ ئەو جەرەیانە دەگەڵ هاوڕێیانی خۆی باسێك بکا؛ ڕادەسپێرێتە کۆمیتەی ناوچەی بەری پیرانان پێوەندییان پێوە بگرن و لە داوایان خەن.

پلانی گرتنیان گوایە لە لایەن "مینەی سەید باپیری چیانە"وە (١) دادەڕێژرێ. کاتێکی دیاریکراویان دەگەڵ دادەنێ کە بێنە گوندی "چیانە". لەهەمان کاتتش دا هەواڵ بۆ کاك ئەحمەد تۆفیق دەنێرێ کە، بڕیارە فلانە شەوە بێن بۆ گوندی "چیانە". ناوبراویش مرادڕەسوڵی عەلی لەیلان و عەولای مەلا عوسمان و فەقێ مستەفا، وچەند پێشمەرگەی تری لاجانی دەنێری لە کاتی دیاری کراودا، لە گوندی "چیانە" دا بە سەریاندا دەدەن، و چەکیان دەکەن و دەیانگرن. بەڵام بێ حورمەتییان پێ ناکەن، دەیانهێنن بۆ سەنگەسەر.

ماوەیەك بوو لە سەفەری وڵات گەڕابوومەوە. ئێوارە ڕۆژێك لە ڕۆژانی مانگی ڕەشەمەی ١٣٤٣ بوو. تاریك دا هاتبوو کە، یەك لە پێشمەرگەکانی کێشکی بەر دەرگای بەندیخانە بانگی کردم. کە چوومە دەر مراد ڕەسوڵی عەلی لەیلان وپێشمەرگەکانی خۆمان بوون. فەقی مستەفا گوتی فلانکەس (من) کاك مرادو کاك سولەیمان و کاك حەسەن، میوانی تۆن...! من و کاك ئارەحمان قەرەقشلاقی بەسەر بەندیخانە ڕادەگەیشتین، بە هەرحاڵ ئەو شەوە لە دیوێك جێگامان بۆ دابین کردن.

---

(١)- مینەسەید باپیری، کوری سەید باپیری چیانەی پیرانان بوو. ئەندامێکی چالاکی حیزب بوو. زۆری هاتووچۆ لای ئەحمەد تۆفیق دەکرد. لە ساڵی ١٣٤٤داکە کاك ئە حمەد هات بۆ قەندیل و پاشان هاتەشیخان، وەك بیستم مینەش بە گەرمی لە هاتوچوی لای ئەحمەد تۆفیق دا دەبێ. دوای ماوەیەك ئەو کەسانەی کە هێنابوونی دەورەی کادریان پێ ببینێ هەموویان گیران. دوایيش کەمرادشێرێژو حەسەن ڕیتاڵی چەکدارکردنەوە، مینەی سەباپیران کوشت. گوایە بە دەستوری ئەحمەد توفیق بووە؟ پاشان سەید باپیر بوو بە جاش بە تۆلەی مینەی کوڕی مراد شیریژی کوشتەوە! داخوا مینە دستی هەبووە لەگەڵ ساواك یان مراد تولەی لێ ئەستاندەوە.؟

سبەی بەیانی ئەو شەوە هەر سێ کەسیان بردن بۆ لای کاك ئەحمەد تۆفیق. ئیدی نازانم چ لە نێوان ئەوان و کاك ئەحمەد ڕابرد؟
ئێوارەیەکی درەنگ وەخت، هێنایاننەوە بۆ قشڵەی سەنگەسەر کە، بەندیخانەبوو، بەڵام گوتیان ئازادن. ئیدی ئەو شەوە مانەوە بۆ سبەی بەیانی دوایی خواردنی نانی بەیانی، بەرەو "بێ پاڵان" و زۆنگی تێهەڵبوون بێ چەك ڕۆیشتن گەڕانەوەبۆ کوردستانی ئێران.

دوای ڕۆیشتنی حەسەن ڕیتاڵ و مراد شیرێژو سولەیمان کەرقەشان، زۆری پێ نەچوو کە "حەسۆمیرخان" پێشمەرگەی دەسەرکردین، داوای هەر سێ کەسانی لێ دەکردین. کاك ئارەحمان گوتی: ئیمەکەسی بەو ناو نیشانانەمان لا نیە! پێشمەرگە بارزانیەکان چوونەوە لای حەسۆ، زۆری نە خایاند کە، حەسۆ خۆی هاتەلای کاك ئەحمەد تۆفیق و داوای هەرسێ کەسانی کردەوە. کاك ئەحمەد لەو کاتەدا لە بنکە بوو حاشای کرد، گوتی: ئێمەکەسی وەهامان لا نیە. حەسۆگوتی: کاکی خۆم ئێمە ئاگامان لە هەمووی شتەکەهەیە،و ئەو کابرایانە لیرەنەو شاردوتاننەوە! ئێستا ئەمری مەلا مستەفایە دەیهەوێنەوە.کاك ئەحمەد زۆرگوێ نە دایە، حەسۆ بە قەڵسی ڕۆیشت. بۆ سبەی ئێوارەی مامۆستا مەلا باقی ڕەحمەتی هات. پرسیاری کاك ئە حمەدی لێ کردم، گوتم: مامۆستا، کاك ئەحمەد لێرە نیە. ڕەحمەتی لە قسە کردن دا تایبەیمەندی خۆی هەبوو. گوتی :

«لەکوێیە، کێ لێرەیە، ئەو کابرایانەتان بۆ نەداونەوە؟و...»

گوتم: مامۆستا من ئاگاداری هیچ جەرەیانێك نیم. دوایی چووە ژوورەکەی کاك باپیرشکاك. کاك باپیرو کاك سەدیق لە ژوورێ بوون. مامۆستا نەختی لای ئەوان دانیشت و گوتی:

مەلا مستەفا ناردومی کە پێیتان بڵێم، دەڵێ:

«دەزانم ئەو کابرایانەیان بەرێ کردوونەوە و بەریان داون، ئێستا لە هەرکوێیەك بن دەبێ بیانهێننەوە و دەمهەوێنەوە!»

ئیستێك پێ چوو بوو كاك ئەحمەد هات ئیدی لەگەڵ مامۆستا مەلاباقی، دەستیان كرد بە قسەكردن. مامۆستا دەگەڵ كاك ئەحمەد بە ئەهوەنی دەدوا. بە هەرحاڵ بەكاك ئەحمەدی گوتبوو:

«خۆت مەلا مستەفای لە من باشتر دەناسی! ئێستا دە ڵێ : "لە هەركوێیەك بن دەمهەوێنەوە! ئەدەم ئەگەر ئەوان لەو دیو بوون، من داوام لێكردن كە ئەوانەم بگرن و بیانهێننە ئێرە؟ ئێستا چۆنیان بەڕێ كردوونەوە ئەوجۆرەش دەبێ بیانهێننەوە، دەمهەوێنەوە!»

بەكورتی ئەو شەوەی كە عەوڵای مەلاعوسمان و جەماعەتە پێشمەرگەكە، دەچن بۆ گرتنی مراد شیرێژو هەواڵەكانی لە "چیانە"، لە هەمان كاتیش دا، چەندوچۆنی هەواڵەكەی بە ساواك دەدەنەوە كە؛ بردیانن بۆ عێراق! و... ئەوەی رووی دابوو، لێپرساوانی ساواك، كەم و زۆری ڕووداوەكەیان بە لێپرسراوانی شۆڕش ڕاگەیاند بۆو كە لە كوێ بوونەو چۆنیان چەك كردوونەو بردوویان... وەكوو بیستمان سەرهەنگێك لە سەر دەشتەوە هاتبوو بۆ قەڵادەزە، داوای دەكردنەوە. ئەو دەم هێشتا شەڕی نێوان حكومەتی عبدالسلام و شۆڕش، دەستی پێ نەكردبۆوە، بەڵام وازەكە ئاڵۆز ببوو، دەست پێ كردنەوەی شەڕی نێوان شۆڕش و حكومەت نزیك دەبۆوە، ڕەشەمەی ١٩٦٥بوو...

ئەو جارەكاك ئەحمەد تۆفیق تووشی موشكیلەیەك بووكە، هەرگیز بە بیری دا نەهاتبوو.كەوتە بیرو چارە، هەروەكوو پێشتر دەگەڵ هاوڕێیانی، ئەندامانی كومیتەی ناوەندی پرس و ڕای نەكردبوو؛ ئەو جارەش بێ ئەوەی حیسبیان لە سەر بكا، دیسان هەر ئەو جەماعەتەی كە لە "چیانە" گرتبوویان هێنابوویان بۆ سەنگەسەر،كردنیەوە مامورکە هەر چۆنێك بێ دەبێ دەداویان بە خەنەوە وبیانهێننەوە. بەڵام ئەمجارە بە زمانی خۆش؛ پێیان بڵێن بێنەوە چەك هەڵگرن ببن بە پێشمەرگە!

دیارە لە هەلومەرجێكی وەها دا كە لە ئێران هەمیشە ژاندارمیان بە دواوەوە بوو و گیانیان لە مەترسی دابوو،و چەكەكانیان لێ ئەستێنرابوو، و بێ چەك ڕەوانەی

کوردستانی ئێران کرابوونەوە؛ ئەگەر کەسێك بێت و مزگێنی وەهایان بۆ بەرێ بەگیان و دڵ خۆیانی بەقوربان دەکەن! ئەو جارە وابزانم ئەوانەی وەشوێنیان کەوتن، لە دوو سێ کەس زۆرتر نەبوون. ماوەیەکی کێشا هەتا گەرانەوە. بەڵام هێنانەوەی ئەو جارەیان بە زۆری چەك نەبوو؛ بەڵکوو بە زمان لوسی و فریو؛ ئەو چارە ڕەشانەیان دەداو خستبۆوە! ئیتر ئەوجارە کاتێ هینایاننەوە سێ کەس نەبوون دوو کەس بوون – مراد شیرێژ و حەسەن ڕیتاڵ بوون. بەهەر هۆیەك بووبێ؛ سولەیمان کەرقەشانیان دەگەڵ نەبوو. ئیترکە دەیانهێننەوە گیریان ناکەن، یەکسەرە لە سەر دەستووری کاك ئەحمەد تۆفیق، دەیانبەن بۆ "مقەر"ی حەسۆ میرخان. حەسۆش بەرێیان دەکا بۆ لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ. دروست کاتێکە کە حکومەت گەیشتۆتە نزیك "ڕانیە". ئیتر لیژنەی ناوچەی قەلادەزەش لەبەر خۆ دەرباز کردن و گوزاتنەوە و شار بەجێ هێشتن، "کەس وەرقەکەس ناخوێنێتەوە!" کەس گوێ ناداتە فەرمانی حەسۆ میرخان. گوایە لیژنەی ناوچە ئاگاداری ئەو کەیس و بەینە نابێ، و کابرای ئەفسەری ئێرانیش کە دەزانێ حکومەتی عیراق پێشڕەوی دەکا و بەرەو قەڵادزەدێت، "دوو لاقێ هەبوو؛ دوولاقانیش قەرز دەکا وکوڕڕە گوێ دەبێ" و دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. دیسان سەر لە نوێ ئەو بێچارانە دەگێرینەوە بۆ سەنگەسەر بۆ لای حەسۆ میرخان! بەرە بەری عەسرێ حەسۆ ناردنیەوە بۆ بەندیخانەی قشڵەی سەنگەسەر.

کاك ئەحمەد دەستووری بە کاك ئاڕەحمان قەرەقشڵاقی دابوو کە مراد شیرێژ و حەسەن ڕیتاڵ وەکوو بەندی، وەرنەگرێ؛ حەسۆ خۆی چیان لێدەکا خۆی دەزانی؛ تەحویلی ئێرانیان دەداتەوە بەرەڵایان دەکا، کەیفی خۆیەتی، ئێمە بەرپرسایەتی ئەوانە وەستۆی خۆمان ناگرین! دوو پێشمەرگەی حەسۆ هەردوو کەسیان ــ مرادو حەسەن یان، هێنانانەوە بۆ بەندیخانە. لە سەر دەستووری کاك ئەحمەد تۆفیق، ئاڕەحمان وەری نەگرتن و رەسیدی نەدانی! پێشمەرگەکان، گەراندیاننەوە بۆ بنکەی حەسۆ. ئەو جارە حەسۆ خۆی هات، هەر دوو کەسی بەماشێنی هێنانەوە بۆ بەندیخانە، لە ئاڕەحمان قەڵس بوو گوتی:

«واتان لێ هاتووە حەپسی بارزانی وەرنەگرن و...؟»

حەسۆ لە حەوشێ قشڵەی بەرەڵڵای کردن و سواری ماشێن بوو رۆیی، گوتی:
«من ئەوە بە جێم هێشتن و ئیوەش وەریان مەگرن!»
ئاڕەحمان دیسان گوتی: من بەرپرسایەتی ئەوانە بە ستۆوە ناگرم کاك حەسۆ!
ئێوارە بوو، ئەو شەوە باران دەباری سەرەتای مانگی خاکە لێوە بوو، کاك سەدیق و کاك باپیر هەردوکیان لە بەر هەیوانی مزلەکە کاك باپیر بوون، شاهیدی ئەو قسەو بە بەرێك هەڵاچوونەی نێوان کاك ئاڕەحمان و کاك حەسۆمیرخان بوون دەنگیان نەکرد. ئیدی نازانم کاك سەدیق و کاك باپیر، چەندە ئاگاداری جەرەیانی هێنانەوەی ئەوانەن. لە بەرامبەری ئەمرێکی واقیع دا قەراریان گرتبوو. بەکورتی (لێرەوە قوناخێکی نوێی ئیختیلاف و ناکۆکی نێوان کاك ئەحمەدو باقی ئەندامانی ناوەندی، بەرەبەرە دە ستی پێ دەکرد، بەڵام نەیان دەویست بیدرکێنن، نهێنی بوو، دەیانویست بە دانیشتن و باسکردن، چارەسەری ناکۆکیەکانی نێوان خویان بکەن. بەڵام چما سەرسەختی و کەللە شەقی کاك ئەحمەد تۆفیق ئامادە دەبوو کۆتا بێتەوە!؟)

جارێ با لە بابەتەکەمان دوور نەکەوینەوە: ئەو ئیوارەیەکە ئەوانیان هێنانەوە، باران بە تەوژم دەباری و تاریکە شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو پیاو بەرپێی خوی نە دەدی. خەریکی خواردنی شێوی شەو بووین، مرادو حەسەنیش لە بەربێڵایی حەوشێ بەندیخانە بوون بەسەرمایە لەبەر بێڵایی بوون. هێشتا چارە نووسیان ڕوون نەبوو، ژووریان بۆ دیاری نەکرابوو. ئێمەش نەماندەزانی چیان لێ بکەین چاوەڕوانی دەستووری کاك ئەحمە د تۆفیق بووینکە بزانین دەڵێ چی؟
هێشتا لە نان خواردن تەواو نەبووین کە، یەکێك لە پێشمەرگەکان کە، کێشکی بەردەرگای دەرەوە، هاتە ژوور گوتی:
«مرادو حەسەن لەبەر بێڵایی نەماون و لە هیچ کام لە ژوورەکانی بەندیەکانیش دا نین!؟»
هەروامان بیست، هەمووومان تێکرا دەرپەڕین بۆ حەوشی بەندیخانە، لە پێشدا بە پلەکانی حەوشی قشڵە دا چوونە سەربانی. ئەوندە تاریك بووکە چاو بڕی نە دەکرد، و

هەوڵنامەی پێشڕەو

بارانیش بە تەوژم دەباری. لە سەربانی هەستێك نەبوو، پاشان هێندێك تێلدڕۆی كۆنی قشڵەی كە لە سەربانی مابوو، ئارەحمان چووە نزیك تێلدڕوەكە بە چرای دەستی (لایت) ڕوانی حەسەن لە بن تییلدڕوەكە، خۆی مات كرد بوو. كاك ڕەحمان گوتی: هەستە... بە هەرحاڵ حەسەنمان هێنا خوار هەرچەندی لێمان پرسی لە مەڕ ڕاكردنی مراد شتێكمان پێ بڵێ؛ وەڵامی دروستی نە داینەوە.گوتی:

«كاكی خۆم بۆ خۆتان بمانكوژن باشتر نیە لەوە تەسلیمی عەجەمانمان كەنەوە؟ وەها كوردایەتی دەكەن؛ ئەوەیە كوردایەتیەكەتان؟و...»

ئیدی بەڕاستی مرۆڤ ویژدانی وەژان دەكەوت؛ كردەوەیەكی زۆرنامەردانەو ناڕەوایان لە بارەی دا ئەنجام درابوو. بەهەرحاڵ، حە سەن لە بارەی ڕاكردنی مراد دانی بە هیچ قسەیەكدا نە هێناو ئامادە نەبوو بڵێ مراد چۆنو بەكوێ دا ڕۆیشتووە! ئێمەش حەسەنمان بە هەق دەزانی، لە حاندی ئەو كردەوە دزێوە، لانیكەم خۆمان بەسەر بەرز نە دەزانی! هەر چەند ئێمە لەو كارە دا هیچ جورە لێپرسراوێكمان بە ئەستۆوە نەبوو؛ بە دڵیش زوری پێ ناڕەحەت بووین. بەهەرحاڵ حەسەن ماوە.

ئەو دەم هێندێ لەكادرە پایە بەرزەكانی پارتی "كۆن" كە، بەندی بارزانیبوون، هێشتا لەبەندیخانەدا مابوون. ئەوانەی ئەو دەم لەبەندیخانە دا مابوون، رریتی بوون لە:

زیندوو یادان،مامۆستا عەلی حەمدی- مەحمودی حاجی تۆفیق_ مەجید گورگ- سەدیق عەلی_ و... چوومەلای مامۆستا عەلی حەمدی داوام لێ كرد كە، حەسەن لای خۆیان ڕێگا بدەن، لای ئەوان بێ. زیندوو یاد، مامۆستا عەلی حەمدی،گوتی: «باشە كوڕێ من!».

ئیدی حەسەن لەژوورەكەی ئەواندا ماوە. چەند ڕۆژێك بە سەر چوو، ڕۆژێك زیندوویاد، مەحمودی حاجی تۆفیق، بە پەلە هات گوتی:

«حەسەنی دەرمانی ژاری خورادۆتەوە خێرا فریای نەكەونو چارێكی نەكەن دەمرێ!»

خێر گەیشتینی، كاتێ چووین حەسەن كەوتبوو، ڕەنگی بزڕكابوو، بە پەلە شیرو ماستمان بۆ هێنا بە پارانەوە، دەرخواردمان دا،و لە مردن رزگارمان كرد... ئیدی بە

هۆی نزیك بوونەوەی حکومەت لە "ڕانیە"، و گوازتنەوەی بنکەکانی پێشمەرگە، بۆ دەرەوەی شار، حەسۆ،وکەس هۆشی حەسەن و مراد شیرێژیان نەمابوو. خەبەرێك لە بارەی پرسیار لە مەڕ ڕاکردنی مرادو تەسلیم کردنەوەی حەسەن، لە لایەن حەسۆمیرخانەوە نەبوو. هەرچەند پێمان وابوو ئێستێ نائێستێ دێن حەسەن دەبەن و دەیدەنەوە دەست عەجەمی ئێرانێ. ئیتر شەڕی سالَی ١٩٦٥دە گەڵ حکومەتی عبدالسلام‌عارف، دەستی پێکرد بۆوە، حکومەت نیازی هەبوو بە رەو قەڵادزە بێت، دەبوا بەندیخانەی شۆڕش لە سەنگەر، ڕاگوێزرێ. دەستوورهات بەندیەکانی سەنگەسەرکە، زوربەیان پێشمەرگەی پارتی بوون، بیانبەین بۆ سونێ. ئێمەش پێشمەرگەکانی کێشکچی بەندیخانە، بە پێیان بەندیەکانمان وە پیش خۆماندان بەرەو سونێ و سنووری ئێران، بە لەز شاروچکەی سەنگەسەرمان بە جێ هێشت. بەندیخانەی سەنگەسەرمان گوازتەوە بۆ کۆنە قشڵەی "شێنێ" لەسەر سنووری ئێران. ئیدی باسێك لە تەحویل دانەوەی حەسەن و ڕاکردنی مراد شیرێژ هەتا ئیستاش نەکرا؟ حەسەن لە بەندیخانەی "شێنێ" ماوە هەتا هاوێنی سالی ١٣٤٤، ئیدی حەسەن وەکوو زیندانی هەڵسوکەوتی دەگەڵ نەدەکرا. دەمانویست لانیکەم ئەو کردەوە دزیوەیە، بە موحیبەت قەرەبوو بکەینەوە! شەهید مەلا مەحمود زەنگەنە، ببوو بەرپرسی بەندیخانە، حەسەن هەر ئەوەندە بوو بە نێو زیندانی بوو، بەکردەوە لەگەڵ پێشمەرگەکان جیاوازی نەبوو. لەگەڵ پێشمەرگەکان هاتوچۆی نیو ئاوایی شێنێی دەکرد. ئیدی لە لایەن مەلامستەفاو حەسۆ میرخانەوە،باسی مەسەلەی مراد شیرێژو حەسەن نەهاتەوەگۆڕ؛و بێ دەنگ و پووش بەسەرکرا؟ ئێمە نەمانزانی چ شتێك بوو بە هوێ بێدە نگی ئەو جەرەیانە؟ هێندێك وای بۆ دەچوون کە، چون بارزانی خۆی دەستووری داوە بیانهێننەوە،کەسی تر نەیتوانیوە ئالویریان پێ بکا؛و خۆشی نەیویستووە کەسایەتی خۆی بشکێنێ و کوردێکی بداتەوە عەجەمێ ئێرانێ!- حکومەتی ئیران.

* * * * *

زەق بوونەوەی ناکۆکی نێوان کاك ئەحمەدو ئاندامانی کۆمیتەی ناوەندی:

وێرای گوازتنەوەی بەندیخانە بۆ شێنێ، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی کێشکچی، چوونە گوندی "دێلۆ" لەوێ ژوورێکیان گرتبوو خەریکی کۆبوونەوەی خۆیان بوون. کاك ئەمیری قازی کە بە نیازی ئوروپا رۆیشتبوو، و دەرباز نەببوو؛ لەو سە روبەندەدا، گەڕابۆوە سونێ. کاك ئەمیرخۆی لە کونگرەدا ئامادە نەبوو، لەکونگرەی ۲دا پاشملە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو. ئێستا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ببوون بە ۷کەس. ئێمە بە دروستی نەماندەزانی لەکۆمیتەی ناوەندی دا چ ڕادەبرێ؟. بەڵام دەنگۆ ناکوکی نێوان کاك ئەحمەدو باقی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەتا دەهات زۆرتری دەنگ دەداوە. چەند رۆژێك دەبوو هاتبووین بۆ شێنێ، هێشتا بە تەواوی جێگەی خۆمان نەگرتبوو، رۆژانە بەندیە غەیرە سیاسیەکانمان دەهێنا بۆ سونێ کارمان پێ دەکردن؛ لە گەڵیان رۆژ خەریکی دروست کردنی خانوێك بوون بۆ چاپخانەی شۆرش. رۆژێك لەگەڵ جەماعەتێك لە پێشمەرگەکانی خۆمان لە دەوروبەری بنکەی سونێ بووین. منیش دەگەڵ مەلا محێدینی مودەریسی کە کۆنە برادەری لە مێژینەم بوو، لە سەربانی بنکەی بووین پیاسەمان دەکرد. مەلا محێدین منی بەجێ هێشت گوتی:

کارم هەیە پاشان دێمەوە. ناوبراو تایپیستی کاك ئەحمەد بوو کاری چاپی بۆ ئەنجام دەدا. ماوەیەك پێچوو نەهاتەوە. منیش چومە خوار، دیتم لە عەنبارەکەی بنکەی سونێ خەریکە کاری چاپی دەکا. چوومە لای دیتم بەیاننامەیەك بە "رۆنیۆ" چاپ دەکا. ئیتر من لە بەیاننامەکان دەنکێکم هەڵگرت، هەرچەند ڕازی نەبوو، بەڵام من گوێم نەدایە. کاتێ هاتمەدەرخوێندمەوە، بە نێو، بەیاننامەی کۆتایی کونگرەی ۲ بوو. بەڵام لە راستی دا هەمان ڕاپورتەکەی خۆدی کاك ئەحمەد تۆفیق بووکە، لە کۆنگرەی ۲دا، خوێندبوویەوە.

وەکوو گوتمان، لە سەر پێشنیاری کاك سەدیق ئەنجیری، کۆنگرە ڕەئی بە دەرکردنی ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە، و بێ کیفایەتی ڕێبەرانی کوماری

کوردستانی نەدابوو. بەڵام کاك ئەحمەد هەر وەك لەگرتن و هێنانی مرادشیرێژو... هیچ پرس و ڕای بە ئەندامانی کومێتەی ناوەندی نەکرد بوو؛ لە چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەو بەیاننامەش دا، حیسابێکی بۆ کۆمیتەی ناوەندی نەکرد بوو!

دوایخوێندنەوە، بەیاننامەکەم دا بەکاك عەبدوڵڵای موعینی. ئەویش دوای خوێندنەوە بردی بۆ کاك سەدیق،کە لە هەمان ڕۆژ دا لە سونێ بوو. ئیدی بە چاپ و بڵاو بوونەوەی بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی ٢ فەسڵێکی نوێتری ناکۆکی، لە نێو ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کورد ستان دا، دەستی پێکرد!.

*- ئاوانەی کە ماون و تا ڕادەیەك ئاگاداری کۆنگرەی ٢ی بوونە، دەزانن کە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی ٢ بە دەستووری ئەحمەد تۆفیق و بێ ئاگاداری ئەندامانی تری کۆمیتەی ناوەندی چاپ و بڵاو بۆتەوە. نووسەری ئەو چەند دێڕە وەك کەسێك کە نوێنەربووە لە کۆنگرەدا، و دوای کۆنگرەش بە گوێرەی توانا لە کاری تەشکیلاتیدا تاڕادەیەك هاوبەشیم کردووە، شایەدی دەدەم کەچاپ وبڵاو بوونەوەی بەیاننامەی کوتایی کۆنگرەی ٢ بە دەستووری کاك ئەحمەد تۆفیق بووە، بێ ئاگاداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی! پێموانیە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کونگرەی ٣ لە بارەی ڕووداوەکانی کۆنگرەی ٢ هێندە بێ ئاگا بووبن!داخوانازانن بۆچی ئەحمەد تۆفیق بە گژ کۆماری کوردستان و ڕێبەرایەتییەکەی داچووە؟ داخوا نازانن هەموو خەرج و چادرو کەرەسەی کونگرەی ٢ ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستان دابینی کردبوو؟ داخوا شتێکی ئەوەندە شاراوەیەکە هەتا هەرس هێنانی شۆڕش،کەس بە چەکدارەکانی ئەحمەد تۆفیق نەگوت پشتی چاوتان برۆیە بەڵام ئەوەیان بەسەر سەدیق ئەنجیری و هاوکاروهاوبیرەکانی هێنا کە، لەمە دوا باسی دەکەین؟ داخوا نازانن حسن اسحاقی پیاوکوژ رچەی بە کوێ دا ڕۆیشتووەو دوای کوشتنی سەدیق ئەنجیری کێ بردیەوە بۆ ئێران؟

لەو سەروبەندە دابوو، ڕۆژێك ددانم وەژان كەوت ناچار بووم بچمە قەڵادزە بۆ كێشانی ددانم. كاتێك بوو كە، لەبەر هێرشی حكومەت، بەشی هەر زۆری خەلكی قەڵادزە ڕایان كرد بوو، شار نیوە چۆل بوو. ددانكیشەكەش رۆیشتبوو. تووشی خوالێخۆشبوو شەهید مەلاسمایلی فەقێیسی بووم كە، ئەویش لەبەر ددان هاتبوو.گوتی: كابرایەك دەناسم ئەگەر لە ماڵێ مابێ باشترین كەسە.

لەگەڵ رەحمەتی مەلاسمایل چوین، شانسمان هێنا؛لە ماڵێ بوو. بەهەرحاڵ كابرا ددانەكەی بۆ كێشام، بەڵام هەر ئەوەندە بوو شیویلاكەی نە پچڕی بووم! بەڕاستی نیوەگیانی كردم. دوایی ددان كێشان، لەگەل كاك مەلاسمایل بەرەو سونێ گەڕاینەوە. لە دێلو لاماندا چووینە مزڵەكەی كۆمیتەی ناوەندی. كاك ئەحمەد لەگەڵ كاك ئەمیر قازیو ماموٚستا مەلا رەحیم و كاك سەدیق، لەوێ بوون. دەمویست زوو بگەڕێمەوە بۆ سونێ، كاك ئەحمەد گوتی: با مەلا سمایل بڕوا، تۆ نە ختی ڕاوەستەكارم پێتە!

دانیشتم كاك ئەحمەد خەریكبوو بە تایپ شتێكی دەنووسی. كاتی تەواو بوو، گوتی: ئەم نامانە بە بنكەكانی سونێ و شێنێ و دەربەندی باڵەكایەتی و سیدەلان دەگەیەنی! :

«ئەوە ئیستفانامەی خۆمە، بۆ هەموو ئەندام و پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان. دەزانم كە، حیزبی دێموكراتی كوردستان بەرەو نەمان و خیانەت دەڕوا، من هەتا ئیرە بە سەر بەرزی ئەو بارە قورسەی لە سەرشانم بووە پاراستوومە، و لای بارزانی وگەلی كورد، خۆم بە سەر بەرز دەزانم...» لەو بابەتانە... دوایی، كاك سەدیق لێی وەجواب هات:

«كاكی خۆم بوچی قسەی منداڵانە دەكەی، پیاوی سیاسیو ئاقڵ وا قسە دەكا؟ ئەوە كارێكی منداڵانەیە لەو هەڵوێستە بێ جێیە واز بێنە، دوایی پەژیوان دەبیەوە ها!و...»

كاك ئەحمەد ئەو جارە رووی هێرشی خۆی كردە سەركاك سەدیق و كاك ئەمیری قازی. (كاك ئەحمەد تۆفیق كاتی قەڵس دەبوو سنووری ئەدەب و نهێنی نە دەپاراست، ئەوەی

هاتبا سەر زاری دیگوت ئیتر لێرەدا بە پێویستی نازانم ئەوەی لەوێ دا گوتراوە، هەمووی بینووسم. ـ دیارەقسەی سووکی سەبارەت بەکاك ئەمیر، لە زار نەهاتەدەر). بەڵام کاك ئەمیریش بێ وەڵام نە بوو، لە وەڵامی کاك ئەحمەد داگوتی:

«من پێشتر عەرزم کردی! لە کۆنگرەدا نەبوومە، ئیوە، بێ ئەوە بزانن من ئەو بەرنامەیەم قبووڵە، یان ئامادەبم خۆم بۆ کۆمیتەی ناوەندی کاندیدا بکەم، ناوی من تان نووسیوە، خۆتان دەڵێن رەئیان پێ داوی، ئەوە موشکیلەی من نیە، من ئامادەنیم لەگەڵ ئەو جەمعە کاری سیاسی بکەم، و خۆم بەئەندامی ئەو کۆمیتەیەش نازانم و...»

* * * * * * *

هەواڵنامەی کتێب

ئەو جارەکیشەکە، کەوتە نیوان هەر سێ کەسان -کاك سەدیق، کاك ئەمیرقازی، کاك ئەحمەد تۆفیق. ئیتر لێرە بەپێویستی نازانم باسی ئەوان بگێڕمەوە. کاك ئەحمەد نامەکانی ـ ئیستیفانامەی خۆی دامی، و ئیتر من بەجێیم هێشتن، و بەرەو سونێ گەڕامەوە. کاتی گەیشتمە سونێ کاك سولەیمانی موعینی لەوێ بوو، نامەکەی بنکەی سونێم گەیاند. جەرەیانەکەم بۆ کاك سولەیمان گێڕاوە. گوتم کاك ئەحمەدم زۆر توندو تووڕەو ناڕەحەت هاتە بەرچاو، جەرەیان چییە؟ کاك سولەیمان گوتی:

ئەو برادەرە - کاك ئەحمەد، هەر "بەگەزو ڕبەی" ڕابڕدووی دەپێوی ئیتر چیدی وەهای بۆ نالوێ!

گوتم مەسەلە سەرەکی ناکۆکی لەسەر چییە؟ کە وا کار گەیشتۆتە ئەو جێگەیە کە کاك ئە حمەد ئیستیفا لە حیزب بدا؟

گوتی دوایی پێت دەڵێم. ئیتر من گەڕامەوە "شێنێ" نامەکەی کاك ئەحمەد کە، بۆ بنکەی شێنێ نارد بووی دام، بە شەهید مەلا مەحمود زەنگەنە و ئەوانی دیکەشم هەر یەکەی بۆ شوێنی خۆی بەڕێ کردن.

بە دوای ئەو جەرەیانە دا، کاك عەبدوڵلا موعینی لە سونێ، خەریکی چاپ کردنی بەیاننامەی دەی خاکەلێوەو بەرنامەی حیزب بوو. چەند ڕۆژ دوای تەواو بوونی کاری چاپ. کاك سولەیمان هاتە "شێنێ" گوتی کە ئامادەبم بۆ سەفەری وڵات. دەبێ هەرچی زووە ئەو نامەو بەرنامانەی حیزب بگاتەوە کوردستانی ئیران. ئیدی من و مەلا عەجەم شتەکانمان وەرگرتن. چەند نامە بوون، بۆ تاران، ئەهواز، تەورێز، مهاباد و ناوچەی مهاباد. داوامان کرد کە، کاك ئەحمەد نەستانیشمان دەگەڵ بێت. بە هەرحاڵ دوای چەند ڕۆژ گەیشتینە نزیك شاری مهاباد. لەگەڵ عەجەم نامەو نووسراوەکانمان بە هۆی "گوێنی فروشی" دێبۆکری دا نارد نێو شارو تەسلیمی ئەو شوێنەیان کرد بوون کە بۆمان دیاری کردبوون. کاك ئەحمەد نستانیشمان لەگوندی خەلیفەی، لە ماڵی مامۆستا مئ زنەی، بەجی هێشت و خومان چوینە نێو شار. لەگەل شامات و شاروێرانیش پێوەندیان گرت، بەستەو نامەکانی ئەوانیشمان تەسلیم کرد. مامورایەتی و ڕاسپاردەکانی حیزبیمان بە ڕێك و پێکی بە جێ گەیاندو گەراینەوە

گوندی "خەلیفە" بەشی کۆمیتەی هومام، مابوو شەوێك داگەڕاینە خوار بۆ ماسوێ، هی ئەوانیشمان گەیاند. ئەوەی گرینگ بوو لەو سەفەرە دا ئەوە بووکە، کاك سولەیمان موعینی پێی لە سەر ئەوە داگرت کە بە هیچ جۆر لە وڵات باسی ناکۆکی نێوان کاك ئەحمەدو برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی نەکرێ! بەڵام کاتی گەیشتینە سەیداوا، و لەگەڵ کاك سەیدرە سوڵی بابی گەورە دانیشتم، لە کونگرەو لە گشت جەرەیاناتی پرسیارکرد. ئەوەندەی پێویست بوو بۆم باس کرد. بەڵام ناوبراو، بەشی زۆری ڕووداوەکانی نێو کۆنگرەو ناکۆکی نێوان کاك سەدیق و کاك ئەحمەدی لە دوای گیرانی کۆنگرە، تا ڕادەیەکی زۆر لە من ئاگاداری زۆرتری هەبوو. دیار بوو پێوەندی ڕاستەو خۆی لەگەڵ کاك ئەحمەد هەیە. کاك سەید رەسوڵ باسی بەیاننامەی کۆتایی کونگرەی کرد کە کاك ئەحمەد بۆی نارد بوو، گوتی:

ڕەفیق دەبێ ئەوەی بزانن! ئەو بەیاننامەیە پەڵەیەکی شەرم و شوورەییە بە نێوچاوانی ڕێبەراتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە!حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەر کومارو ڕێبەرایەتی لێ بکەیەوەچی پێوەدەمێنێ؟...

دوایی جەرەیانەکەم بۆ باس کرد کە، کاك ئەحمەد لە سەر بڕیاری تایبەتی شەخسی خۆی ئەو بەیاننامەیەی چاپ و بڵاو کردۆتەوە! بەشێکی ئەو ناکۆکیە دەگەڕێتەوە سەر ئەو بەیاننامەیە!...

کاك سەیدڕەسوڵ باسی بەڕێ کردن و ناردنی کاك سەدیق بۆ کوردستانی عیراق، بۆ گێڕامەوەکە، چۆنی هێناوەو بەڕێ کردووە. گوتی:

«رەفیق! لە سەر هەمووتان پێویستەکە ڕێزی ئەو زانا گەورەیە - کاك سەدیق ئەنجیری بگرن. هەتا ئێستا حیزب، لە ڕێبەرایەتی دا لە کوردستان، ئەندامێکی وەها خاوەن نەزەرو لێکدەرەوەوسیاسی بەخۆوە نەدیوە! لە سایەی ئەوە مرۆڤە زانایەیەکە حیزبی دێموکرات بۆتە خاوەنی ئەم بەرنامەیە و ئیستا بەداخەوە دیسان تووشی ئەو دەم بدمەی ڕابردوو هاتوونەوە؟... گوتی ئیشاڵلا بەو زووانە منیش سەفەرێکی لای ئێوە دەکەم و زۆر خۆشبینم بەوە کە ئاشتیان کەمەوەو...»

قسەکانی کاك سەید رەسوڵ بۆمن زۆر دڵ خۆشکەر بوون. پیم وابوو ئەوەی دەیڵێ

ڕاستە! قسەکانی بۆ من بە چێژە بوون، لە خوام دەویست هەر چی زووترە وەڕێ کەوێ بێت، لانیکەم لە وجودی کادرێکی وا باش - کەڵك وەردەگرین.کە چی دوای ماوەیەك هات بەڵام؛ بە داخەوە وتارو کرداری یەك نەبوون؛ نەك ناکۆکیەکەی هەر بنەبڕ نەکرد، بەڵکوو گومانی ئەوەی لێدەکرا کە، بوو بە هۆی ئاڵۆز بوونی زۆرتر! ئێستا کاك سەید ڕەسوڵ لە ڕوانگەی خۆمەوە، بە چاوێکي شەهێدی ڕێگای رزگاری کوردستانی سەیر دەکەم!

* * * * *

﴾بڕیاردانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە سەر دا بەشکردنی ناوچەکانی کوردستان، بە چوار لك، و بۆ هەر لکەی دیاری کردنی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی وەك لێپراسراو، دەگەڵ کادری تەشیکلاتی، و هاتنەوەی نا ڕازیان ــ ئوپوزیسیونو ئەو چەند کەسی کۆمیتەی ساخکەرەوە کە لە گوندی "ورچەکی" ناوچەی بانە بوون، بۆ سونێو ڕوشتنی کاك ئەحمەد تۆفیق، بە نێوی وچانی سێ مانگە بۆ قەندیل؛ و هەرگیز نەگەڕانەوەی!﴿

لەکۆتایی بەهاری ١٣٤٤دا،کۆمیتەی ناوەندی لەگوندی دێلۆ، لە سەر ڕازی کردنی کاك ئەحمەد تۆفیق، بۆکارکردن لەگەڵ خۆیان - بە ئاکام نەگەیشت. کاك مەلاسەید ڕەشیدی حوسینیش بێ کاك ئەحمەد ئامادە نەبوو کار لەگەڵ باقی برادەرانی ناوەندی بکا. ناوبراو، بە ڕاشکاوی دەیگوت: بێ کاك ئەحمەد کارناکا، ئەگینا نەزەرێکی تایبەتی نەبوو! هەروەکوو گوترا، کاك ئەمیریش بە هاتنەوەی لە سەفەری نزیك بە ساڵێکی، قسەی خۆی کردبوو! ئیتر کۆمیتەی ناوەندی لە سەر چوارکەس مابۆوە.کاك سەدیق لە بواری تەنزیم کردنی ئەو کۆمیتەیە مۆرەی سەرەکی بوو. هەر ئەویش بووکە ئامادە نەبوو ئیستیفانامەکەی کاك ئەحمەد تۆفیق قبوڵ بکا!.

کاتی کاك ئەحمەد، دیتی کە ئیستیفانامە کەی لێی قبوڵ ناکەن، بۆ ئەوەی نەبێتە

هۆی تێکچوونی پیلانەکانی داهاتووی خۆی، داوای سێ مانگ وچانی کرد، بە نێوی ئەوەکە لە میژەکار دەکاو زۆرماندووە، بۆ سانەوە ئیزنی بدەن دەچێتە قەندیل پشوێك دەدا، و لە پاییزدا دەگەڕێتەوەو... برادەرەکانی - ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕازی بوون و قەراریان دا کە سێ مانگ بچێتە قەندیل...

کاك ئەحمەد پێشمەرگەکانی تایبەتی خۆی زۆرتر، لەکەسانی نەخوێندەوارو ساکار، و دواکەوتوو ترین توێژی کۆمەڵی کوردەواری، هەڵدە بژارد. ( دەبێ ئەوەش بگوترێ هێندێ پێشمەرگەی زۆر ئازا بەجەرگ و خاوەن کەسایەتیش هەبوون کە بێ ئیمکاناتی بە سەری دا سەپاند بوون کە لە لای حەسۆ میرخان خۆیان بپارێزن.) کاك ئەحمەد، بە نێوی هاوبەشی کردن لە جەبهەدا کۆمەلێکی لەو پێشمەرگانە نارد بووە لای حەسۆمیرخان کە، ئامیر هیزی ناوچەی پشدەر بوو. ئەو کۆمەڵە، لەگوندی "سیدەلان" جێگیر ببوون، کە بە ڕواڵەت جەبهە بوو، و کاك هەڵمەتی (١) کردبوونە سەرپەل. ئەو کۆمەلە پێشمەرگەیەی بە بیانووی جەبهە لە بەدەنەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دابڕیبوو. جگە لەوانەی لای حەسۆ میرخان جێ بەجێ کرد بوون، جەماعەتکیشی لە باڵەکایەتی لای مەلا ئەمینی بارزانی، دابین کرد بوون. دەکرێ بلێین کە ناوبراو گشت "سرمایەگزاری" خۆی لە سەر ئەو کۆمەڵە پێشمەرگە نەخوێندەوارە کردبوو بو دوا ڕۆژ. بەداخەوە هەڵبژاردنەکەی لەجێگای خۆی دا نەبوو، ئەو هەلبژاردنە "ناصواب"ە ئاکامێکی خراپی لێکەوتەوە و بوو بە هۆی ئەوە کە لە دوای نە مانی خۆی ریزە پرسیارێك بێنێتەگۆرو هەر وەکوو گوتراوە: تۆمەتی خاڵی دزێویان داوەتەپاڵ. ئەوە گومان لێکراوییە بۆ کەسێك کە هەموو تەمەنی لاویەتی خۆی فیدای ڕێبازی ڕزگاری کوردستان کرد بێ، بە ڕاستی جێگای داخ و پەرۆشە! پیاو هەق بلێ هێندێك پیرە پیاوی شریفیشیان دەگەڵ بوون، وەك مام عەوڵای سەعیدیو مام حەسەن حەوتەوانەو... بە هەق ئەوانە دوور بوون لە هەموو تاوان و عەمەلیات و کاری فیزیکی، تەمەنیان زیاتر لە شێت ساڵ دەبوو، جگە لەکوردایەتی، ڕابردووی خراپو پەروەندەی دزیویان نەبوو.

(١) هەڵمەت، ناوی ڕاستی محەمەدی قادری، خەڵکی مەلبەندی ئالانی سەردەشت بوو. ناوبراو هیچ ڕابردوێکی سیاسی نەبووە، بۆ کاروبژیوی ژیان ڕوو دەکاتی شاری سولەیمانی خەریکی کرێکاری دەبێ. بە وتەی کاك ڕەئوف مە لاحەسەن کە خوم لیم زانیوە: لەوێ هەڵمەت و ڕێبوارو سمایلە شەل و فەرەج و حەمەسەلیم، هەموویان کرێکار دەبن، دەگەڵ کاك ئەحمەد، وەکوو کوردێکی کوردستانی «کوێستان بە وتەی کاك ئەحمەد،» ئاشنایەتی پەیدا دەکەن. کاتی شۆڕش دەست پێدەکا، کاك ئەحمەد، ئەوانە کۆ دەکاتەوە دەیانکاتە پێشمەرگەی خۆی و...! دیارەجگە لەوانە کەسانی وەکوو محەمەد حەرەس، قەیماس، ئەڵماس، و... بوون. لێرە دا بەپێویستی نازانم لە سەر کەسایەتی ئەوانە باس بکەم! ئەوانەی ماون ئەگەر لە خۆیان نە گۆڕن؛ لە منیان باشتر دەناسن!
هەڵمەتی چەنبەری و ئازاو هەڵکەوتووی کاك ئەحمەد تۆفیق؟ لە ساڵی ١٣٤٧دا دەگەڕێتەوە ئێران و لە شاری نەغەدە دەبێتە جاش! ناوبراو خزمی "قازی سمایل- اسماعیل اشکانی" بوو،کە حکومەتی حەمەڕزاشا، لە شیرخورشیدی "نەغەدە"دایمەزراندبوو، و بەنانی خەڵکی زۆر لێکراوی ئێران، بە خێوی دە کردو...!
ئاغا هەڵمەت؟ لە تیکهەڵچوونێك دا لە ناوچەی " سوێسنایەتی" لەگەڵ چەند ژاندارمان، بە دەستی چاو سوورانی گەلەکەمان ـ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە سزای تاوانباری خۆی دەگاو دەکوژرێ. ئیدی هەڵمەتی ئازا!! ناوی هاتە ریزی ئەو چڵکاوخۆرە تاوانبارانەکە، لە هەموو خوو، خەسڵەتێکی مرۆڤایەتی بێ بەشن، و بۆ درێژە دان بە ژیانی سەرشۆڕیان، لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەکەیان رەو دەبەن!

هەوالنامەی کتێب

کاك ئەحمەد لە مانگی جۆزردان ١٣٤٤بوو یان ئاخری بانەمەر، بە نێوی و چان، رۆیشت بۆ قەندیل، بەڵام لە ڕاستی دا ناوبراو خەریکی چەکدارکردنەوەی مراد شێریژو حەسەنی هەمزەریتالێ و پلان گێڕان و پاکانەی حیساب بوو لەگەڵ جودا بیرەکانی،و خۆی بۆ تەیار دەکرد. چەند رۆژێك دوای رۆیشتنی کاك ئەحمەد، رۆژێك مرادرەسول عەلی لەیلانی و چەند پێشمەرگەی‌تر، بە بیانوی ئەوە کە کەلوپەل یان بەجێماوەو دەیبەن، هاتبوونەوە گوندی شێنێ. (لە پێش دا تا ڕادەیەك باسی حەسەن ڕیتالێ مان کردوە کە، ناوبراو هەر بە ناو بەندی بوو لە شێنێ، لە ڕاستی‌دا بەکردەوە

سەر بەست بوو، هاتوو چۆی نیو ئاوایی دەکردو نیوە ئازاد بوو، هەمیشە دەرەتانی ڕاکردنی هەبوو، بەڵام حەزی دەکرد وەکوو پێشمەرگە بمێنێتەوە!) ئیتر دوای ئەوە کە مرادرەسولي عەلی لەیلانێ و پێشمەرگەکانی کاك ئەحمەد تۆفیق ڕۆیشتن،کاتی نان خواردنی نیو ڕۆ، حەسەن دیار نەبوو. حەسەن لەگەل پێشمەرگەکان لە دەرەوەی زیندان، نانی دەخوارد. ئیتر زانیمان کە حەسەن لەگەڵ ئەو جەماعەتە ڕۆیشتووە،کەس نەکەوتە شوێنی، زانیمان کە ئەو جەماعەتە یەکێك لە ئەرکەکانیان بردنی حەسەن بووە! حەسەنیان بە ڕاکردن‌داو ئێمەش ئەوەمان لە قوڵایی دڵەوە پێ ناخۆش نەبوو، چونکە ئەگەر لە لای ئیمەڕا بردبایان و تەسلیمی ئیرانیان کردباوە هەرگیز لە دڵمان دەر نەدەچوو!

هەر وەکوو گوتمان کاك ئەحمەد، دوای سەروبەرکردنی هێندی کاروباری خۆی و هێنانی کاك سەید ڕەسولی بابی گەورە، چوو لە گوندی شێخان بنکەی دروست کرد. هێندێ کەسی کوردستانی ئێران، لە ناوچەکانی نەغەدەو پیرانشار هێنا بوونی لە گوندی شێخان کلاسی کادری بۆکرد بوونەوە بە خەیاڵی خۆی کادری حیزبی دەعاملاندن. بەڵام لە ڕاستی دا خەریکی پیلانگێران بوو لە دژی ئەو چوار کەسەی کە وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی مابوونەوە، و کاتی خۆی لە کۆنگرەی ٢ دا خودی خۆی دیاری کرد بوون بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی! (ئەوکەسانەی کە هێنا بوونی بۆ دیتنی دەورەی کادری؛ و ئەوانەی ناوەکانیانم لە بیرماوە بریتی بوون لە: مەلاسەید عەبدوڵڵا قەڵاتەڕەشێ، مەلاسەید ئەحمەدخنخنەی، سەید ڕەسولێ بابی گەورە، مەلاسەید ڕەحمان، و... هەموو سەیدی "بەروپشت‌ئەتڵەس" بوون. مەلا سەید ڕەشیدو سەید ڕەسولێ بابی گەورەوەکوو یارمەتی دەر، خەریکی کادر پێگەیاندن بوون. بەڵام بە داخەوە ئەم جەماعەتە کادرە، هیچ خێرێکیان بۆ کاك ئەحمەد نەداوە؛ بەگەڕانەوەیان بۆ کوردستانی ئیران، جگە لە مەلاسەید ڕەحمان کە، ناوبراو لە کوردستانی عیراق دەژیا، ئەوانی تر هەموویان لە لایەن ساواکەوە، گیران و حەپسێکی زۆر درێژخایەنیان بەسەر دا سەپاندن.) ئیدی کاك ئەحمەد دوای جێگیر بوونی لە شێخان، زۆر بە ڕاشکاوی کەوتە بەربەرەکانی و دژایەتی لەگەڵ کاك سەدیق ئەنجیری و کاك سولەیمانی

موعینی و... و زور بە دزێوی لە بارەیان دا، پڕوپاگەندەی بێ واتای دەکردە. کاك ئەحمەد ئەوەی باش دەزانی کە ئەوکەسانەی وا ئێستا لە دوای کۆنگرە لە دەوری یەکتر هاڵاوان، لە بواری سیاسی و یاساییەوە، ناتوانێ هیچ کارێکیان دەگەڵ بکا، و لە هەمان حاڵیش دەوری کومونی سولەیمانی بە سەر چوو بوو، نەیدەتوانی بە شێوەی ڕابردوو بە کەڵك وەرگرتن هێزو ڕێزی بارزانی، کاردانەوە پێشان بدا، ناچار ئەو جارە کەوتە ڕەچاوکردنی کاری نائاسایی و هەڵوێستی ناسیاسیانە،و بە هۆی کەسانی پیاو خراپ، بۆ لە ناوبردنی هاوڕێ و رکەبەرەکانی، پەنای بۆ ڕەشە کوژی دەبرد. وەکوو دەیان گوت: لەو بوارەوە خاوەن ئەزمون بوو!

کاك مەلاسەیدڕەشیدکە، لە بواری‌سیاسی و هەڵوێستەوە، کەمتر ناومان هیناوە، مرۆڤێکی خاوێن بوو. بەڵام کاتی خۆی لە ژیر تاسیرو پێوەندی لەگەڵ کاك ئەحمەد دا، ببوو بە ئەندامی حیزب، و دواتریش هەر بە هۆی ناساندنی کاك ئەحمەد ببوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ئەوەڕاستە مەلاڕە شیدبێ کاك ئە حمەد تۆفیق، ئامادە نەبوو هاوکاری لەگەل باقی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بکا، بەڵام لە هەمان کاتیش دا، ئیستیفای لە ئەندامەتی نەدابوو! ئەویش هاتبووە "شێخان" لای کاك ئەحمەد نشتە جێ ببوو. ئەو دەمەکەکاك ئەحمەد لە شیخان بوو، ئێمە لە ناوخۆی وڵات بووین. بەڵام هەڕەشەو گوڕەشەکانیان بە گوێ دەگەیشتەوە. لەو پێشمەرگانەی کە بە ناو لە جەبهە بوون، پێشمەرگە باش و ئازاکان هاتنەوە شێنێ و سونێ و لەگەڵ کاك سولەیمانی موعینی گەڕانەوە بۆکوردستان - ناوخۆی وڵات، بۆ مامورایەتی سێ مانگە کە، زیاتر لە شەش مانگی خەیاند.

* * * * *

# دابەش کردنی کاری تەشکیلاتی و گەڕانەوە کۆمیتەی ساخکەرەوەو...!

هەر وەکوو گوتمان، کۆمیتەی ناوەندی لە دانیشتنەکانی خۆی دا لە سەر دابەش کردنی کاری تەشکیلاتی لەکوردستان، بەو ئاکامە گەیشتبووکە، هەر لکەی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی لێ بەرپرس بێ. لکی ١ ناوچەکانی ماکۆ سەلماس، هەتا ورمی، کاك باپیر شکاك (نخۆی پاشایی) لێی بەرپرسی‌بوو. لکی ٢ناوچەکانی نەغەدە، شنۆ، وپیرانشاری دەگرتەوە کە، بۆ کاك ئەحمەد تۆفیق دیاری کرابوو. ناوچەکانی سەردەشت، مهاباد، بۆکان، هەوشار، کاك سولەیمانی موعینی‌لێ بەرپرس بوو. ناوچەکانی بانە، سەقز، مەریوان، هەتا هەورامان بۆ مامۆستا مەلا ڕەحیمی ویردی دیاری کرابوو.

هەروەها ئاکامی بڕیاری کونگرەو کۆمیتەی ناوەندی بەکردەوە هاتەدی، بە دوای ڕۆیشتنی کاك ئەحمەد دا، ئوپوزیسیون - جەماعەتی ناڕازی قەلادزە بەگشتی گەڕانەوە بنکەی سونێ کە، بریتی بوون لە:

١- کاك‌حەمەدەمینی سیراجی،٢-کاك سمایل شەریفزاد،٣-کاك سەید حەسەنی هاشمی،٤ - کاك سالاری حەیدەری،٥ -کاك مەلاحەسەنی ڕستگار،٦- مامەند (قادرقازی)، ٧- سەید فەتاحی نیزامی، ٨- شەهید خەلیل‌شەوباش، ٩- کاك شەریف، ١٠- کاك قادر ناوێك، ١١- کاك مەلارەسول‌پێشناز ماڵەکەی لە هێرۆ بوو، بەڵام لە گەڵ ئەو جەماعەت هاو ڕا بوو، بۆ کارکردن لەگەڵ حیزب ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو.

دوای چەند ڕۆژ کاك مەلاحەسەن و کاك مونتەقیم‌و کاك مەلا ئاوارەو کاك مەلا ڕەسوڵ و چەندکەسێکی تر، وەرێکەوتن بۆ دیوی ئێران،کە کاك سەعید کوێستانی‌و کاك قادرشەریف بێننەوە کە لە گوندی "ورچەك" بوون لە ناوچەی بانە. کاتێ دەچن بۆ گەڕاندنەوەیان، کاك قادرشەریف دەڵێ: ئەو داوە و... (بە داخەوە کاك قادر تووشی نەخۆشی ڕەشبینی ببوو.) بەکورتی ئامادە نابێ لەگەڵیان بگەڕێتەو، لێان دەبێتەباس و دەمەتەقە، دوایی کاك قادر بە کەلاشینکۆف تەقەی دەکا هێندەی نامێنی مونتقیم‌و

مەلاحەسەن بداتە بەردەسرێژ. بەکورتی دەیگرن و چەکەکەی لێ دەسێنن و بەزۆری دەیهێننەوە بۆ هێرۆ ودواییش بۆ شێێ و سونێ. هەرچەند هەموو پێشمەرگەو کادرەکان ئەو ئاشت بوونەوەیان بە جێژن گرتبوو، بەو پەڕی موحیبەتەوە لەگەڵ کاك قادر هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵام بە داخەوە دیسان کاك قادر لە سەر بۆچوونیخۆی سوور بوو دەیگوت: ئەوە داوەو...! ئیتر چەکەکانیان داوە، لە یەك دوو ڕوژ زۆرتر نەماوە، دوایی چووە گوندی "هەڵشۆ"یەو پاشان بیستم دوای ماوەیەك ژن هێناوە، چووتە سولەیمانیە ئیتر هەتا ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا، چاوم بەکاك قادر نەکەوتەوەکە لە شوێنیخۆی دا باسی دەکەین.

* * * * * *

لە بیرم چووە لە شوێنی خۆی دا بنووسم کە: ڕۆژیکی پایزی ١٣٤٣کاك ئەحمەد تۆفیق، لەگەڵ جەماعەتێك لە پێشمەرگەکانی خۆی، لاوێکی وێچووی ڕێکوپێك کە، زۆرتر وەکوو خەڵکی ئوڕوپا دە چوو، موو زەردی چاوشینی سووروسپی، وەکوو دەست بەسەر هێنای تەحویلی بەندیخانەی سەنگەسەری دا و گوتی: وریای ئەو تاوانبارەبن ڕا نەکا!

ناوبراو عومەرسادق نگڵی بووکە، ناوی زیرەکیم بیستبوو، بەڵام یەکەم جار بوو چاوم پێ دەکەوت. ناوبراو لە بەندیخانەدا بێ موحاکەمەو لێپرسینەوە هەتا، کاك ئەحمەد ڕویشت بۆ قەندیل، ئەو بێچارەیە لە بەندیخانەی دا ڕاگیرابوو. کەس نەیدەتانی بڵێ تاوانی ئەو کابرایە چییە؟. گەورەترین تاوانی ناوبراو ئەو بووە کە لە بواری سیاسی وەکاك ئەحمەدی بیر نەکردۆتەوە، و ڕێبەرایەتی کاك ئەحمەدی بۆ قبوڵ ناکراوە، و دوایی بووە بە ئەندامی "کۆمەڵەی رزگاری".و بەرنامەیەکی دەستنووسی لێ دەگرێ کەگوایە بە خەتی کاك سەلاحی موهتەدی دەبێ؟...ئیتر هەتا دوای رۆیشتنی کاك ئەحمەد ئەو بێچارەیە بێ تاوان و لێپرسینەوە لە بەندیخانەدا ڕاگیرا بوو. دوای ڕویشتنی کاك ئەحمەد ناوبرا ئازاد دەکەن!

کۆمیتەی ناوەندی کە لە سەربڕیاری کۆنگرەی٢بەکردەوە، هەنگاوی بۆگەڕانەوە ئەو جەماعەتەکادرو پێشمەرگەیە هەڵگرت کە، بەڵکوو بتوانن بە بەشدارکردنی ئەو جەماعەتە لە کاری سیاسی دا، لانێکەم هێندێك لەوکە لێنانەی کە تا ئەو دەم، لە جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەتبوو، پڕکەنەوە. کاك سەدیق و کاك سولەیمانی موعینی وکاك باپیر و مامۆستا مەلا ڕەحیم، بەو پەڕی هیواوە چاویان بڕیبووە ئەو چەند رووناکبیرو کادرانە،کە هەتا ئیستا بەهەر هۆیەکەوە بوویێت لاپەرنشین ببوون یان بە هۆی سیاسەتی تایبەتی کاك ئەحمەد لە حیزب دابڕا بوون. تەواوی بەدەنەو ناوەندی حیزب، لە سەر ئەو ئەو چوار کەسە مابۆوە، ئەوان هیوایان بەوە هەبوو کە لە داهاتوویکی زوو دا دەتوانن بە هەوڵ‌و خەباتی تێکڕایی، تا ڕادەیەك ڕێبەرایەتی حیزب بەو کادرانە بە هیز بکەنەوە. بەڵام بە داخەوە هێندێك کەس لەوانە، لەکارکردن و خەباتی تەبایی خۆیان بواردو بە جیددی هاوکاریان نەکرد! جێگەی خۆیەتی کە لێرەدا ناوی ئەوکەسانە بەرین کە بێ چاوەڕوانی لە لێپرساوەتی (مسئولیّت)، کوردە گوتەنی "بێ شیلەو پیلە" گەڕانەوە و ئەوەی لە دەستیان هات،وەکوو کارو ئەرکی حیزبی، ئەنجامیان دا.

لەوانەی گەڕانەوەو کاریان وەرنەگرت، خۆیان لەکارو باری حیزب بوارد، ئەوەی من لە بیرم بێ کاك حەمەدمین و کاك سمایلی شەریفزادە، هیچ جۆرە بەرپرسایەتیەکیان وەرنەگرت،و لە "گەڵەوەڕەز"، بە قەولی‌خۆیان خەریکی موتاڵا بوون. کاك مەلا حەسەن بە قسە هاوکار بوو بەڵام بەکردەوە هیچی نەکرد. لە میژ بوو لە ماڵ و منداڵەکانی هەڵبڕا بوو ماڵەکەی هێنا بۆ بناری قەندیل و لەوێ نشتەجێ بوو. دیارە پێویستە ئەوەش بگوترێ، دوای گەڕانەوەی کادرو پێشمەرگەکان، لە کوردستانی ئێران، شۆڕش ماوەی پێ نەداین بە دروستی خۆمان بۆ ساخ بێتەوە!

لەوانەی گەڕانەوە و ئامادە بوون، ئەوەی لە دەستیان هات ئەنجامیان بەمجۆرەبوون:

١-شەهید مەلا ئاوارە، وەکوو کادرێکی بە ئەزموون، لە ناوچەی سەردەشت، دەستی کردەوە بەکاری تەشکیلاتی، و زۆریش سەرکەوتووبوو. ٢- کاك سەعیدکویستانی

لەگەڵ کاك سەدیق ئەنجیری گەڕاوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی،و لە وێوە گەڕاوە بۆ ناوچەکانی شنو، نەغەدە. ٣- کاك سالارحەیدەری لەگەڵ کاك نحۆ پاشایی گەڕاوە بۆ باکووری کوردستان. ٤ - کاك سەید حەسەن هاشمی بەرپرسایەتی بنکەی سونێی وەستۆی خۆ گرت. ٥- کاك سەید فەتاح نیزامی، - کاك قادرقازی، ئەو دوو کە سەش دەگەڵ کاك سولەیمانی موعینی گەڕانەوە. ٧- شەهید خەلیل شەوباش، لەگەڵ مامۆستا مەلاڕەحیم لە ناوچەی بانە، کاری وەرگرت.

ئەو کەسانەی کە، لە کۆنگرەدا خۆیان بۆ کۆمیتەی چاوەدێری بەرز، کاندیدا کردبوو و بەکردەوە هیچ ئەرك و بەرپرسایەتێکی حیزبیان وەستۆی خۆیان نەگرت بەمجۆرە بوون: ١- کاك سەید تاهیری ئیمامی، - مامۆستا مەلاکەریمی سارده‌کۆسانی، ئەو دوو کەسە کاتێ جەماعەت گەڕانەوە،ئەوانیش خەریکی گەڕانەوەی بوون بۆ ئیران، بەڵام نەك بۆ کاری حیزبی، بەڵکوو بۆ خۆ ئەمین کردنەوە. ٣- مەلا سەید حاجی کەڵەوی، ٤- کاك ڕەئوف مەلا حەن، ئەو دوو کەسەش بە هۆی ماڵ و منداڵی زۆر، نەیانتوانی کارێك وەستۆی خۆ بگرن ئەوانیش خەریکی توتنەوانی و خەیاتی خۆیان بوون. کاك ئەمیر قازیش بەگەڕانەوەی لە سەفەری دەرەوەی وڵاتی، بە ڕاشکاوی گوتبووی کە لەگەڵ ئەو جەمعە ئامادەی نیەکاربکا، ناوبراو لە هەموویان سەراحەتی زۆرتر بوو!

* * * * *

# گەڕانەوەی کادرو پێشمەرگەکان بۆ کاری تەشکیلاتی لە نێو خوێ وڵات!

پێشتر باسی ئەوەمان کردکە، کۆمیتە ناوەندی لە کۆ بوونەوەکانی خۆی دا، لە گوندی "دێلۆ"، بڕیاری لە سەر گەڕانەوەو بووژاندنەوەی کۆمیتەکانی حیزب دابوو: هەر لکەی بە لێپرسراوو کادرەوە، دەبوا بۆ ماوەی سێ٣مانگ گەرابانەوە بۆ ناوچە دیاریکراوەکانی خۆیان، و شانەو کۆمیتەکانی حیزبیان لە ناوچەکان دا، سەر لە نوێ بووژاندبانەوە، و دوای سێ مانگ گەڕابانەوە ڕاپۆرتی کاری خۆیان بەکۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیاندباوە!

نووسەری ئەو چەند دێڕە لە نێوەڕاستی مانگی خەرمانانی ئەو ساڵە دا، لەگەڵ مەلا محەمەدی عەجەم بە یەکەوە، ئامادەی گەڕانەوە بوون. شوێنی کاری تەشیلاتیمان ناوچەکانی شارویران و شامات و چەند گوندێکی سندوسی سەر بەکومیتەی هومام بوو. حەوتووێك بەر لە گەڕانەوی ئێمە، کاك باپیر (نخۆپاشایی) لەگەل کاك سالارو مەلا محێدین مودەریسی و مەلاسمایل فەقێیسێ وەکوو کادر، و دەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خۆیان، گەڕابوونەوەی بۆ باکووری کوردستان - ناوچەکانی ماکۆ، سەلماس، ورمێ.

کاتی ئێمە ئامادەی گەڕانەوە دەبووین، کاك سولەیمان موعینی و کاك سەدیق، دەگەڵ جەماعەتی تازە گەڕاوە، لە سونێ خەریکی باس و تووێژ بوون. لە هەمان کات دا کاك سولەیمان چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە، لێ پرسراوانی شۆڕش بەندیخانەی "شێنێی" لێ وەرگرنەوە...

لە کاتێ گەڕانەوە دا بۆ وڵات، کاك مەلا محەمەد عەجەم بێ چەك بوو، هیچ چەکیش نەبووکە بیدرێتێ. دەستمان وەهیچ کوێ ڕانەدەگەیشت. لەو حاڵە دا کە بێ هیوا ببووین، زیندوو یاد، "مەلا ئاوارە" گوتی:

«قەرەقشڵاقی! - (نووسەری ئەو چەند دێڕەیە) من ئەو سترلینگەت بە ئەمانەت دەدەمی، بەڵام کاتی گەڕایەوە، دەمەوێتەوە! با لە پێش دا ئەوەشت پێ بڵێم

من دەیدەم بە تۆ، و لە تۆم دەوێتەوە!»

زۆرم سوپاس کرد. من هەرگیز سەداقەت و سەمیمییەتی "ئاوارە" لە بیرناکەم. مەلا ئاوارە، لە ماوەیەکی زۆرکەم و کورت دا، ئەوەندە دەگەڵ من سەمیمی ببوو، دەتگوت دەیان ساڵ بەیەکەوە ژیاوین! بە هەق تاریف و ناساندنی سادەقەت و روح زلی مەلا ئاوارە، لە توانای خۆم دا نابینم باسی لە سەربکەم، مەلائاوارە لە ڕیزی ئەو کەسانەیە کە لە بارەی سەداقەتی دا، دەبێ وەکوو ئینسانێکی نموونە داستانی لە سەر بنووسرین! دیارە "مەلائاوارە" لە نێو بزاڤی رزگاریخوازی کورد دا، شوێنی خۆی هەیە، بەڵام بەڕای خۆم هێشتا ناوبراو کەمی لە سەر نووسراوە، دەشی نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد، زۆر تری گرێنگی پێبدەن و لە بارەی دا زۆرتر بکۆڵنەوە، روحی شادو یادی هەر زیندوو بێ!

ئیتر بە سوپاس و پێ زانینێکی زۆرەوە، بەرەو سنور ئیمە وەرێ کەوتین، و بۆ وڵات گەڕاینەوە. کاك سولەیمان زۆری هەوڵ دا لە سەر ئەو ڕاوەستم دوای چەند ڕۆژێکی تر بە یەکەوە بگەڕێینەوە. بەڵام ئێمە لە سەر ئەو رانەوەستاین، دەگەڵ عەجەم، گەڕاینەوە.

هەروەکوو پێشتر باسمان کرد، کاك فایق ــ (سولەیمانی موعینی) لێپرسراوی لکی ٣ بوو. لکی٣ ناوچەکانی سەردەشت، سابڵاخ، بۆکان و هەوشاری دەگرتەوە. کاتێ ئیمە دەگەڕاینەوە بۆ وڵات، کاك سولەیمان دەگەڵ کاك سەدیق و مامۆستا میرزا ئەحمەدو سەرجەم ئەو کەسانەی پێشتر دەگەڵ سیاسەتی کاك ئەحمەد تۆفیق، ناتەبا بوون، و گەرابوونەوە نێو ڕیزەکانی حیزب، هەموویان لە سونێ بوون. هەروەکوو ئاماژەمان پێ کردووە، کۆمیتەی ناوەندی بە تایبەتی کاك سەدیق، زۆر هیوا بەو جەماعەتە هەبوو، و تەمایان بوو کە، بۆشایی ناوەندی حیزب، بەو کەسانەی کە هە تا ئێستا دوورە پەرێز بوونە پڕ کەنەوە. چاوەڕوانی دەرفەتیان دەکرد کە لە پلنوم، یان کونفرانسێك دا، ئەو کەسانەی ئامادەیی کارکردنیان هەیە، بکرێن بە جێگر، یان مشاویری کۆمیتەی ناوەندی. بەڵام هەر وەکوو گوتمان: دەبوا لە پێش دا شانەو کۆمیتەکانی حیزب لە وڵات، سەر لە نوێ دامەزراندرابانەوە. ئەو کارەش پێویستی بە وجودی کادری لێزان و

هەزارنامەی کتێب

دەخۆڕادیو هەبوو کە، چووباوە نێو خەڵکی لە وڵات. دەبێ ئەوەش بگوترێ لەو سەردەمە دا ئەو کارە زۆر سادەو ساکارو بێ مەترسی گیان نەبوو. ئاکامەکەی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی لێ کەوتەوە.

بەهەر حاڵ زۆربەی ئەوانەی کە ملیان بەو کارە داو هەوڵیان دا بۆ یەکیەتی ڕیزەکانی حیزب و کاریان بۆ کرد، بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆریان گیانیان لە سەر داناو بوون بە فیدای ئەو ڕێبازە پیرۆزە کە، لە شوێنی خۆیان دا بە گوێرەی توانا، باسیان لێوە دەکەین.

وەکوو دوایی برادەران، بۆیان باس کردووم، بەشێك لەو جەماعەتە، وەکوو مامەند، (قادری قازی) سەید فەتتاحی نیزامی،و... دەگەڵ کاك سولەیمانی موعینی کەوتن و گەڕانەوە کوردستان. مەلا ئاوارەش، دەگەڵ مەلا ڕەحیم ناوێك (زێوەیی) و چەند پێشمەرگە گەڕانەوە بۆ مەڵبەندی سەردەشت.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کاك سولەیمان و کاك سەدیق و گشت جەماعەت، زۆر هەوڵ دەگەڵ کاك قادر شەریف (هاشم اقل الطلاب) دەدەن، کە بمێنێتەوە، نەڕوات، حیزب پێویستی بە وجودی ئەو هەیە، بەڵام بە داخەوە، کاك قادر دەیداتە باری لاساری و بە هیچ جۆر ڕازی بە مانەوە نابێ. پاشان چەکەکانی دەدەنەوە و دەڕوات گوایە دەچێتە هەڵشۆ و لە وێوە دەڕوات و...

لە نێو ئەو کادرە تازە گەڕاوانەدا کە لە سونێ دەبن، کاك سەید حەسەنی هاشمی هەڵدەبژێرن بۆ لێپرسراوی بنکەی سونێ. بنکەی سونێ هێندێکی پێشمەرگەی لێ قەوماوی بێ ئیمکانات لێ بوون کە، هەرچی ئادەمیزاد پێی دەژیا، نەیانبوو! ئەو سەردەمە بووکە، پێشمەرگەکانی شۆڕشی کوردستان، لە نەبوونی و برسیایەتی و پێخواسی رزگاریان ببوو، ئیتر ئێستا، موچەو مانگانەیان دەدرایە، پێڵاوی "فردوسی" تارانیان دەپێ دەکردو کوردە گوتەنی: "هەر بەسەریان دا دەباری"... ئەگەر باسی نەبوونی و هەژارو برسیایەتی ئەو سەر دەمەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە سونێ بگێڕمەوە، لەوانەیە زۆر کەس بڕوا نەکا، یان بۆیان بێتە جێگای پرسیار؟ بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم ئەو پێشمەرگانە، دەستەو نزا دە پاڕانەوە؛ کارێکیان بۆ پەیدا بێ: بچن بۆ مامورایەتی، بۆ

ئەوەی ژەمە زگێك تێر بخۆن! ئا لە كاتێكی وەها دا كە،كەس نەبوو ئاوڕێك وەسەر ئەو پێشمەرگانە بداتەوە، كاك سەید حەسەن ببوو بە لێپرسراوی بنكەی سونی! ئیتر ئەوانەی كە بۆ كاری سیاسی گەڕابوونەوە، تا ڕادەیەك خۆیان لە دەست زگ گوشین ڕزگار كرد بوو. بەشی هەرە زۆری كادرو پێشمەرگەكان دەگەڵ لێپراسراوانی لك، یان خۆیان سەر بەخۆ، گەڕابوونەوە وڵات، و دەگەڕانەوە.

﴿بۆ ڕوون كردنەوە! لە زۆر جێگای ئەو نووسراوەیە دا نێوی كەسانی نەخوێندەوار و كەم خوێندەوارمان هێناوە، كە وەكوو نوێنەری كۆنگرە، یان پێشمەرگە، یان جاری وایە لە جێگای كادری تەشكیلاتی، لە حیزبی دێموكراتی كوردستان دا چالاكیان بووەو هەڵسووڕاون. ئەوانە ڕاستە نەخوێندەوار بوون، بەڵام بەشی هەرەزۆریان زەحمەتكێشانی كوردستان و نیشتیمانپەروەرانی شەریفی كورد بوون. ئەگەر كەسانی وەكوو "هەڵمەت"و... هەبوون و زەنگیان دەبەر دەكرا؛ پێشمەرگەی وەكوو مینە شەم و سالح لاجانی و قادرلاجانیو پێشمەرگەنستانیەكان و...ش هەبوون كە خەڵكی كوردستان بە نموونەی فیداكاری و لەخۆبردوویی یان دەزانین و بە دروودو ڕێزەوە یادیان دەكەنەوە. نووسەری ئەو چەند دێرە، ویرای ڕێزو ئیحتیرام بۆ سەر سەرجەمی ئەو پێشمەرگە، كادر، ئەندام و لایەنگرانەی كە سادقانە بە بیرو بڕواوە، ڕێبازی شەرەف و كوردایەتیان كرد بە ڕێبازی خۆیان، هێندێك لەوانە، بە سەری بەرزەوە خۆیان كردە فیدای ڕێبازی زرگاری كوردستان، و هێندی كەسیش لەوانە، ماون لە ولات و دەرەوەی وڵات، بەگوێرە تواناو دەسەڵاتیان ڕێبازی نە تەوەكەیان بەر نەداوە، من لە حاندی روحی بەرزیان سەری تەعزیم دەچەمێنم!

با ئاوڕێك لەو كادرو پێشمەرگانە بدەینەوە كە ساڵەكانی ١٣٤٦-١٣٤٧كەوتنە بەر پەلاماری هیزە بەكرێگیراوەكانی حەمەڕزاشا. بە شایەدی مێژوو، و هەمووی ئەو كەسانەی ماون، پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان، لەو سەردەمە دا، لە هەموو بوارێكەوە, لە خراپترین هەلومەرجی ژیانی ئەوكاتەی كوردستان دا دەژیان. نە هەژاری و بێ بەرگی و بێ پێڵاوی، و تەنانەت نەبێ چەك و چۆڵی بۆ بەرگری لە

خۆیان، و نە ئانگژا بوونەوەی لەشکری ژاندارم و جاشی دەوڵەتی شاهانشا، ئەوانە هیچ کامیان نەیانتوانی چۆکیان پێ دابدا و بیان بەزینێ،و لە بەڵێن و بڕوای خۆیان پەژیوانیان کاتەوە، ئەوانە مردنیان لە پێناو ئازادی دا بە سەرکەوتن دانا بوو!

راستە، لەوانەیە هێندێ کەس لەوانە، یان باری قورسی بەرپرسایەتی ژن و منداڵی رەش و ڕووت، بە سەریدا سەپاندبن، یان هەلومەجێکیان بۆ هاتەپێش کەئێستا، و لێرەدا باسی لێوەناکەین: لە بەندەنێ دا پەڕیبنەخوار، و چووبنەوە ریزی کۆمەلگای زۆرلێکراوی کوردەواری، بەڵام هیچ کات بە بیرو باوەڕکۆڵیان نەدا و وازیان لەو ئامانجە پیرۆزە نەهێنا کە هەڵیان بژاردبوو، و تەسلیمی دوژمن نەبوون، هەر پێشمەرگەی پێشوو بوون، بەڵام، وەکوو گوترا بەسەریان دا سەپا بوو، وەك دەڵێن: "چاوەڕوانی دامرکانەوە تۆفان بوون! هەر ئەوکەسانەی کە چیاو بەندەنیان بە جێ هێشتبووو گەڕابوونەوە نێو کۆمەلگای بێ بەشی کوردەواری، کەسانی وەهایان تێدا هەڵکەتبوو،کە ئازایەتی وەهایان لە خۆ نیشان داوە قەرە لە قەرەی پاڵەوانان بدات!

داستانی فیداکاری خەباتگێڕانی کوردستان بابەتێك نیە نووسەری ئەو چەند دێرە بتوانێ لە بارەی دا بنووسیو باسی لێوە بکا! بەهەق هەموو خەڵکی کوردستان دانیشتوانی شارو گوندی، ژن و پیاو، کیژ و کوڕ و... گشتیان پێشمەرگەی ئەو گۆرەپانە بوون و هەن! بستێك لە خاکی ئەو کوردستانە، دەست ناکەوێ کە مەیدانی بەربەرەکانی و بەگژ دوژمن دا هاتوونەوە نەبوو بێ، و رۆڵەکانی لاپەڕێکی میژووی خەباتی خویناوی کوردستانی نە ڕەنگاندبێ! من لێرە دا باسی قارەمانەتی ناکەم و بڕوام بە قارەمان و قارەمانپەروەر نیە، بەڵام وێڕای ئاور دانەوە لە روو داوەکانی سالەکانێ ئەو سەردەمە، خۆڕاگری چەند کەسی نەخوێندەوار، وەکوو پێشمەرگەو ئەندامی حیزب، دەدەینە بەرباس!

ئیمەلە ڕووداوێك دەدوێین کە لە نزیکەوەی شایەدی ڕوودانی بووین. با سەیرێکی قەسابخانەی جەلدیان بکەین! ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧، حکومەتی شای ئێران، سەربازخانەی جەڵدیانی کرد بوو بە قەسابخانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران. بە نێوی دادگای سەحرایی!! جۆخەی ئێعدامی بەرپا کردبوو، و داری قەنارەی لێ

چەقاند بوو، کردبووی بەکوشتارگای شۆڕشگێڕانی کوردو نیشتمانپەروەرانی کوردستان. باسی شکەنجەو ئیعدامی ئەو پێشمەرگانەی ناکەین کە لەلایەن کار بە دەستانی "پاراستن" وەکوو سالح لاجانی، و سولەیمان کەرقەشان، عەلی گوێ ڕەش، قادر چل کۆچ، قادر پەنیرەو... تەسلیمی حکومەتی شای خایین کرانەوە، و ئیعدام کران.

لێرەدا باسی ئێمە لە سەرئەو کەسانەیە کە لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان، بە تاوانی لایەنگری و پشتیوانی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەیان، کەوتنەبەر پەلاماری ژاندارم و ساواك. جینایەتکارانی شا، و بەحوکمی هەستی نیشتیمانپارێزی، ئەوەی لە توانایان دا بوو سەبارەت بە شۆڕشیگێڕانی کورد، وەك قبووڵ کردنی ئیعدام، و شکەنجەی جۆراو جوری لەشی و روحی، حوکمی زیندانی ئەبەدو دریژخایەن، دریخیان نەکرد.

داستانی زیندان و زیندانیەکانی جەڵدیان، لە مەڕ شکەنجەو ئازار، لەگەڕانەوە نایەو باسەکەی لە تواناو حەوسەلەی نووسەری ئەو چەند دێڕەدا دانیە. خۆم لە زیندان نەبووم بەڵام داستانی شکەنجەو ئازارو ئیعدامەکانی ئەو زیندانە ترسناکە، کەس نیە لە کوردستان کەم‌و زۆر شتێکی لە بارەی دا نەبیستبێ! کارەساتی ئەو زیندانە یەك‌و دوو... نیە؛ ئەوەی نووسەری ئەو چەند دێڕەدا لێرە دا ئاماژەی پێ دەکا داستانی خۆڕاگری و کۆڵ نەدەری شێرە مەردێکی نەخوێندەواری کوردە، کە بەرپرسی کومیتەی ناوچەی نەڵێنی مەنگورایەتی‌بوو، نێوی ("وسێنی ئەستێ" خەڵکی کونەکێچی مەڵبەندی نەڵێنێ )یە:

بۆیان گێڕاومە: کاتێ "وسێنی ئەستی" یان هینا بو سەربازخانەی جەڵدیان، ئەو پیاوە بە جەرگە لە پێش دا خۆی لە گیژی دا،و وەها خۆ پێشان داکە ئاگای لە هیچ شتێك‌و جەرەیانێك نیە. دوایی ئەو شێرە مەردە یان خستە ژێر شکەنجەو ئازار، زیاتر لە دوو حەوتوو (بە قسەی خۆی و ئەوانەی لە زیندان دا دەگەڵی بوون) دەکەوێتە ژێر شکەنجەی جیسمی و ڕووحی جینایەتکارانی زیندانی شاهانشاهی. ئەوە پیاوە کۆڵنەدەرە، نە دان بە بەپرسی دا دەنێ، و نە هیچ پیوەندێك و ئەندامەتی لە حیزب دا وەستۆی خۆی دەگرێ! دەیانگێڕاوە هەرکات لە ژێرشکەنجەیان دەهێناوە بۆ ـ

بەندەکەی وەکوو تەلسە گەنم، بێ گیان و زمان فڕێ یان دەدا ژوورەکەیەوەو... ئیتر ئەوەندەی لە زیندان دا بوو، هەرچەندی شکەنجەیان کرد، هەر حاشای کردبوو، جنێوی بە دەرەبەگەکانی مەنگور دابوو کە چوونکە وەرزیرە و بەپێ داب و نەریتی سە ردەمی ئاغاوو ڕعیەتی خەرج و پێتاکی دەربەگەکانی نەداوە؛ ڕاپۆرتی بە درۆیان لێ داوە، وهەروەها ئەوکەسەی کە ئیعتیرافی لەسەرکردووە، ئەویش بەکرێگیراوی دەرەبەگانە!و...

داستانی خۆڕاگری "وسێنی ئەستێ" پێویست بوو و دەبوا ئەوکەسانەی لە زیندان دا دەگەڵی بوون و ئێستا کتێب دەنووسن، باسیان کردباو لە سەریان نووسیبا!؟

دیارە من مام "وسێنی ئەستێ" لە نزیکەوە دەناسم زۆریش دۆست بووم. ماڵەکەی پەناگای خۆم و هەموو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە "کونەکیچ". جاری دووهەم کە گیراوە لە زیندانی نەغەدەی دا، بە یەکەوە بووین. خۆڕاگری و بڕوای پوڵایینی ئەو کوردە زەحمەتکێشە نەخوێندەوارە لە گەرانەوە نایە! ساڵی ١٣٥٣دیسان لە سەر ئەوە گیرابووە کە، هاوکاری ئەو هەڵاتووانەی حیزبی دێموکرات دەکا کە ئێستا لە عێراقن!

دە شێ نووسەرانی کورد، چیرۆك و ڕۆمانەکانی خۆیان بە ئازایەتی و کۆڵ نەدەری و نیشتمانپەروەری کەسانی وەکوو ! "وسێنی ئەستێ" بڕەنگێنن. لە کوردستان دا، وسێنی ئەستێ یەکان، یەك و دوو نەبوونو نین، دەیان وەسێنی ئەستێی گومناوە هەبوون و ئێستاش هەن، لەکوردستان... یادی ئەو کەڵە شۆڕشگێرانە هەر زیندووبێ!

ڕاستە، ئەندامانی حیزب، یان پێشمەرگەکان، خوێندەواریان کەم بوو، کوڕە هەژارو زەحمەتکێش بوون، هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردەواری ڕێگەی خوێندن و فیربوونو پێگەیشتنی لێ بەرەبەست کردبوون، و ئەو جورەی ویستو داخوازیان بوو لە بواری گەشەکردن لە کۆمەڵگەدا بۆیان نەڕەخسا بوو، بەڵام هەر ئەو ئەندامە نەخوێندەوارنە و ئەو کۆمەڵە پێشمەرگە کوڕە هەژارە... لە کورەی تاقی کردنەوەی کوردایەتی هاتبوونەدەر، ئەوانە لە قوتابخانەی کوردایەتی دا، مێشك و شعوریان هەستی بە مەینەت و بێ بەشی نەتەوەکەیان و داگیرکراوی کوردستان کرد بوو،

ڕێبازی رزگاری نەتەوە زۆرلێکراوەکەیان هەڵبژارد بوو، و لەکوردایەتی و بەربەرەکانی داگیرکەران دا، وەك زیوی قاڵ یان لێ هاتبوو، دیواری بڕوایان سەبارەت بە نەتەوە زۆر لێکراو و ڵاتە داگیرکراوەکەیان، پۆڵای پتەو بوو نەدەڕووخا.

سەرەڕای هەموو کەم و کووڕی و هەڵەیەك کە، کۆمەڵگای زۆرلێکراوی کوردەواری بەسەریدا سەپاندبوون و تووشی هاتبوون؛ گەرەکیان بوو ڕابردووی هەڵەی خۆیان بە خزمەتی نەتەوەکەیان قەڕەبو بکەنەوە! ئەوانە، چاوی ویست و داخوازیان بڕیبووە ڕێبەرەکانی حیزب، پێویستیان بەوە هەبوو دەستیان بگرن، لە بواری فێرکردن و زانست و بەربەرەکانی دا ڕێبەریان بکەن. جێگای داخە کە کەمتر، وەڵامی داخوزیەکانیان دراوە؛ و کەمتریان خۆ پێوە ماندوو کردن. تەنانەت هێندێك لەو ڕێبەرانە، لە جیاتی پێ گەیاندنیان؛ یان کەڵکی خراپیان لێ وەرگرتن؛ یان لە توانایان دا نەبوو کە ئەوانە بە ڕێگەیەکی لەبارو شیاو دا ڕێنموونی بکەن بیانعاملێنن و بیانکەن بە دەستمایەیەکی بە نرخ بۆ نەتەوە بێبەشەکەیان. ئێستا کە ئەو چەند دێرە دەنووسم، نزیکەی ٣٧ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوانە دا تێدەپەرێ، لە خۆم ڕانابینم و لە توانای من دا نیە، ئازایەتی و لە خۆ بردوویی، ئەو خەڵکە خاوەن شەرەف و کوردپەروەرە پڕ پێستی خۆی بنرخێنم، و لە هەمان کات دا گەرەکم نیە بە تاریفی کاڵ وکرچ ئەو هەموو گیانبازی یە سەقەت بکەم، و لە بارەی دا بینووسم! بەڵام دەتوانم بڵێم خەڵکی نیشتیمانپەروەری کوردستان ئەوەی لە دەستیان هاتووە - خەبات بۆ رزگاری نەتەوەکەیان، وەك فیداکردنی گیان، ماڵ، کوڕ، ئیعدام، تابووش هێنانی زیندانی درێژ خایەن، ئەوەی تاڵی و سوێری یە لە پێناو رزگاری لە دەست دیلیەتی و ژێر دەستی چێشتوویانە! ئەگەر بە شوێن هەڵەو ئەوباڵ و قسورەکان، یان کارەساتە سیاسی یەکان کە، داوێنی نە تەوەکەمانی گرتۆتەوە بگەرێین، دەبێ لە سەرۆك و ڕێبەرەکان دا سۆراخیان بگرین! و خەڵك بێ قسورە! .

لێرەدا، جێگای خۆیەتی کە باسی چاوپیکەوتنی مامۆستا "عومەر عەسری" لەگەڵ کاك عەبدوڵڵا موعینی و مینەشەم، ڕۆڵەی ئازاو بەئەمەگی کورد، بگێڕمەوە. مامۆستا (عومەری عە سری) کەسێکە بەگوێرەخۆی لە سەر کوردایەتی،کەمی دەربەدەری و

زیندان و تاڵی و سوێری نە چێشتووە، ئەوانەی لە سالەکانی ١٣٤١وە بەملاوە لە مەیدانی کوردایەتی دا چالاکیان بووە، لە مەڵبەندەکان کوردستان دەیناسن، و پێویستی بن‌ناساندن نیە! بە تایبەتی لە مەڵبەندی مۆکریان لە نێوکەسانی چالاکی سیاسی دا، کەم کەس هەیە کە نەیناسێ! ناوبراو، بۆی گێڕامەوە:

«ئاخرمانگی بەهار، یان سەرەتای مانگی پووشپەڕی ١٣٤٧بوو، لەگەڵ کاك سەلاحی موهتەدی، بۆ چاو پێ‌کەوتنی شەهید کاك عەبدوڵڵای موعینی، چوین بۆ چیای حاجی کیمی لە "قەرەگوێز" لەمووچەی «حەبیب – وەرزێر».*

---

*- مامحەبیب، وەرزێرێکی زەحمەتکێش و خەباتگێرێکی زۆر فیداکاری، خەڵکی "قەرەگوێز" ی مەڵبەندی مۆکریان بوو. ناوبراو لەکۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرا بوو. بە هۆی کرێوەو باسریشك نەیتوانی بوو خۆی بگەیەنیتە کۆنگرە، بەفرو کڕێوە ڕەیگای لێ دەگرێ و ناوبراو ناتوانێ لە کونگرەدا بەشداری بکا، پاشملە وەکوو زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، بە ئەندامی ناوەندی هەڵبژێردرابوو. مام حەبیب نەخوێندەوار بوو، بەڵام بەگوێرەی خۆی وریایی سیاسی و شعوری نەتەوایەتی بەهێزو پێز بوو. ناوبراو مووچەکەی لە چیای حاجی کیمی بوو. لەو موچەیە دا کە لە بەندەنێ بووی، خانوێکی لێ سازکرد بوو. لە خۆیم زانیوە دەیگوت:

ئەو خانووەم تەنیا بە خاتری لێ حاوانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مووچە ساز کردبوو. من داستانی لە خۆ بردوویی مام حەبیبم لە شەهید کاك سولەیمانی موعینی بیستبوو. لە دوای شەڕی "سێ مانگە" لە "قالوێ ڕەسواغای" لە ماڵی عەبدوڵڵای خەیات، چاوم بە مام حەبیب کەوت و لە نزیکەوە لەگەڵی ئاشنا بووم. کاتێ باسی فایق و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بۆ باس کرد، هەر چەند مرۆڤێکی سەخت و قایم بوو، بەڵام ئاوی لە چاوان دا قەتیس مابوو؛ دەیگوت:

«هەرکات کە چاوم بە پێشمەرگەیەك دەکەوێ، چاوم پێیان ڕوون دەبنەوە، بە چاو سووری گەلەکەمیان دەزانم، بەڵام چاوەکانی من ڕۆڵەیەکی وەکوو سولەیمانیان لە نێویان دا بەدی ناکەن.» ن

کاتێ گەیشتینێ کاك عەبدوڵڵا دەگەڵ مینەشەم، لەوێ بوون. ئیمە دەگەڵیان دانیشتن، گەلێك باس و قسە هاتنە گۆڕ... ئێمە هاوکاریان بووین. ئەوەی لە دەستمان دەهات ئەنجام مان دەدا. ئاگامان لە هەموو شت هەبوو...

مینەشەم ویستی قسە بکا، فرمێسکی بە چاوان دا هاتەخوار گریاو گوتی:

«ئێمە بەشی زۆری ڕێبەرەکانمان شەهیدکراون، وەرن مەردبن ڕێبەریمان بکەن! ئێمە پێشمەرگەین! نەخوێندەوارین سەوادمان نیە، پێویستی مان بە کەسانی خویندەوار و باسەوادو خاوەن ڕابردووی سیاسی هەیە، بە شەرەفم هەر بە کۆڵ دەتانگێرم! و...»

ئێمە بەڵێنی مان پێ دان کە ئێمە ئامادەین شار بەجێ دێڵین، و مان و نەمانمان دەگەڵ ئێوە دەبێ. من کاك سەلاح گەراینەوە، کە خۆمان سازبکەین و... وا بزانم کەمتر لە حەوتوێکی خەیاندکە، لە "قالوێ" هەردووکیان شەهیدکران و ئێمەشیان بە چاوی بەستوو، دەستی گرێ دراو برد بۆ قەسابخانەی جەڵدیان...»

داستانی فیداکاری و لە خۆ بردوویێ نەتەوەی کورد لە کوردستانی دابەشکراو، یەك و دوو. دەو سەد نیە، بست بە بستی خاکی ئەو کوردستانە داگیرکراوە دەگرێتەوە. مینە شەمی لە دڵدا خەوتوو، تەنیا نموونەیەکە لە ڕۆڵە لە خۆ بوردووەکانی ئەم کوردستانە لە خوێن دا نوقم کراوە، دڵۆپێکە لە دەریا! داخوا لە ئاینده دا، کەس دەبێ سەربردەو لە خۆ بردوویی ئەو ڕۆڵە فیداکارانەو ئەو هەموو خوێنە بە ناهەق لە سەر هەق رژاوانە بنووسێ؟ یان...

* * * * *

دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەم! دوای چەند رۆژێك جەماعەت، لە سونێ بڵاوەی دەکەن. مامۆستا مێرزا ئەحمەد، (مەلا رحیم ویردی) لە گەڵ کادرو پێشمەرگەی خۆی و برادەرانی هەورامی وەکوو مام ئەسکەندر ومیرزا سەعیدو... بەرەو ناوچەکانی هەورامان و بانەو مەریوان و سە قزو...گەڕاوە وڵات.

کاك سەدیق ئەنجیریش، لەگەڵ کاك سەعیدکۆستانی و دوو پیشمەرگە، کە ناویان شیرزادو شێرکۆ (خانەلێتان و عوسمان لێتان ) بوو، بەرەو دۆڵی باڵەکایەتی ڕۆیشتن.

چەند رۆژ دواتریش کاك سولەیمانی موعینی، دوای ئەوەی کە بەندیخانەی شۆڕش تەحویل دەداتەوە، خۆی و هاوڕێکانی لە سنوور ئاوای دیوی کوێستان دەبن. لە چۆمی کەڵوێ دەپەرنەوە، بەرەو "پانەسەر" کە گوندێکی چوکەی مەنگورایەتی یە هەڵدەگەڕێن، لە گوندی "پانەسەر" بەسەر ژاندارمان دا دەکەون. لەگەڵ ژاندارمەکان لێیان دەبێتە تەقە، دەیانگوت:

«زۆرمان هەرا لە ژاندارمەکان کرد کە تەقەی مەکەن!» بەگوێیان دا نەچوو. ئیدی لە ژاندارمەکان یەکیان بریندار دەکەن و ئەوانی تریش کە، یەك دوێك دەبن یەخسیریان دەکەن. دوای یەخسیرکردنیان، بریندارەکەی دەرمان دەکەن و پاشان چەکەکانیان دەدەنەوە، ئازادیان دەکەن. ئەوە یەکەم دەرگیری دەبێ لەو ساڵە دا!

ئێمە بەرەو وڵات داگەڕاینە خوار، هەمووی پاییزی ئەو ساڵە -١٣٤٤ لە دەشتی شاروێران و شاماتی نزیكمیاندوا بووین. ئەوەندەی لێمان دەزانی و لە توانامان دابوو، بۆ دامەزراندنەوەی شانەو کۆمیتەکان، لە ماوەی ئەو سێ مانگە دا ئەنجام مان داو کۆمیتەکان بریتی بوون لە سێ کۆمیتەی ناوچە کە، سەرلە نوێ دامان مەزراندنەوە.

دەبوا هەتا کۆتایی پاییزی ئەو ساڵە، ئێمە ئەو ئەرکەی لە ئەستۆمان بوو ئەنجام مان دابوایە و گەڕابایەنەوە، بۆ بنکەی سونێ. ماونەوە لە دەشتی شاروێران و شامات و سندوس، بۆ ماوەیەکی زۆر، بە تایبەتی بۆ کەسێك کە قاچاخ بوایەو لەو ناوچانە دا ناسراو بوایە، کارێکی هاسان نەبوو. دەتوانم بڵێم لە ماوەی دیاریکراو دا، بە رێکوپێکی بێ ئەوەی کەسێك تووشی مەترسی گرتن و ئاشکرا بوون بێ، ئەو ئەرکەی وەستۆی خۆم گرتبوو ئەنجام دابوو. لە سەرەتایی زستانی ١٣٤٤ دا لە گەڵ مەلا محەمەد عەجەم بەرەو گەرمێن گەڕاینەوە.

لە گوندی "میشەدێ" بووین, هەواڵمان پێگەشت کە، کاك سولەیمان و جەماعەت، لە گەدەن. ئێمەش ڕێگاکەمان بەرەو "گەدە" خوارکردەوە. کاتێ گەیشتینە "سێوێ گەدەی" گوتیان جەماعەت بەرەو دۆڵی شێخان داپەڕیون. بە کورتی شوێنمان هەڵگرتن، لە "سەلیم ساوڵ" گرتماننەوە. دیارە من لە ڕێگا دا تووشی نەخۆشی بووم. لە پشتی "مێرگەرۆیە"، بە حالی توانیم خۆم بگەیەنمە سەر بستووەکەی پێش "سەلیم

ساوڵ". شەوێکی تارێکی زستان بوو، لەسەر زینوەکە، بەفر هەبوو، با، کڕێوەی پێ دەکرد، وەزعم زۆر شپرزە بوو. ئیتر لە سەر زینووەکە، لە پێ کەوتم. مەلا محەمەد عەجەم یادی بە خێر، ڕفیق نیوەڕێ نەبوو، بە ڕاستی هاوڕێیەکی دڵسۆزو سەمیمی بوو! هیندێك بن پیلی گرتم، ئیدی فرزەم لێ بڕابوو لە لاق کەوتبووم. گوتی وەرە کۆڵم! گوتم براگیان ئەدی تفەنگ و کۆڵەپشتی و چەكو شڕو شەپیتەی خۆت؟ ئەوە کاری کردن نیە. یەكدوو جار بەرەو گوند چرای لایتی لێدا. دوایی گوتی فایدەی نیە تۆ لێرەبە ئیستا دەگەڕێمەوە. زۆر بە توندی بەرەو "سەلیمساوڵ" داپەڕیە خوار.

ماوەیەك بوو ڕۆیشتبوو، گوێم لە دەنگی چەند کەسێك بوو کە، بە قسەکردن تیژ، بەرەو من دەهاتن. کاتی لێم نزیك بوونەوە، یەکێ لە وانە گوتی:

ماوی؟ دەنگەکەم ناسی! شەهید عەبدوڵلا موعینی بوو. هاتنە پیش شەهید مەلا مەحمود زەنگەنەو قادر لاجانیشی دەگەڵ بوون. هەر بەو شەوە تاریك و سەرمایە لەبەر نووری چرای لایت، کاك عەبدوڵلا موعینی، دەرزێکی نواڵژینی لێدام. هەر چۆنێك بوو گەیاندیانمە گوندی. لە پێشەوە بردبوویانم بۆ ماڵێك. لە شانسی بەدی من هیچیان ئەوەیان نە دەزانی کە، کاتێ پیاو تای هاتێ نابێ بە پێخەفی زۆرگەرم داپپۆشن، ئەوان لەوەش زیادتر، منیان لە بن کورسی نابوو! پێم وانەبوو تازە چاك بمەوە، هەر چۆنێك بوو، هەتا بەیانی نەختی وەزعم هاتەوە سەرخۆ، تەماشم کرد عەجەم بە جێی نەهێشتبووم هەروا لە لام بوو. کاك عەبدوڵلاش ناوە بەناو دەهات بزانێ دەرمانەکانی کاری خۆیان کردووە؟ بە ئیستیلاح پزشکی "اکیپ"بوو! دوایی ماوەیەك کاك سولەیمان هات تەواوێك هاتبوومەوە سەرخو. نە خۆشی من بوو بە هۆی دوو ڕۆژ مانەوە لە "سەلیم ساوڵ". دوایی لەگەڵ کاك سولەیمان دانیشتن باسی مەلبەندوکاری تەشکیلاتی و دۆ ست و هاوڕێیانم بۆ گێڕاوە، ئەوەی پێویست بوو بۆم باس کرد. بەکورتی ڕاپۆرتی کاری شارویران و شامات و ناچەکانمان بە وردی بەزمان بۆ گێڕاوە...

ئەوجارە من باسی گەڕانەوەم دەگەڵ هێنا گۆڕ. گوتی جاری هێندی سەبرگرە، کارم ماوە. پەلەی چیتە؟ سەرێکی لای ناوچەی شارویران و ئەو ناوەش دەدەین و...! کە وای گوت، گوتم:

بە ڕاستە!

گوتی وەڵڵا!

بەڵام پێویستە پێشەکی ئیوە سەفەرێکی ماسوێ و ئەو ناوە بکەنەوە و وەڵام بۆ برادەرانی شارو ناوچە بنێرن بێن لەوێ چاومان بە یەك دەکەوێ. ئیتر ئیمە چوار قۆڵی عەجەم و خۆم - ساڵح لاجانی و قادرلاجانی هاتین بۆ ماسوێ و ئەو برادەرانەی هاتنیان پێویست بوو، بە دواماندا ناردن و هاتن و پاشانیش گەڕاینەوە خەڵیفە ماڵی مامۆستا مەزنەی یادی بە خیر. بۆ سبەی شەو جەماعەت هاتن و چوین بۆ ماسوی. کاك سولەیمان دەگەڵ ئەو برادەرانەی کە زۆر لە میژ ساڵ بوو نەیدیتبوون دیداریان تازەکردەوەو دیدارێکی خۆشبوو...

دوای گەڕانەوە لە ماسوێ چووینە گوندەکانی تری ناوچەی دوڵی دێبوکری. شوێك لە دێبۆکر بووین، جەماعەتێکی زۆر لە شارەوە بە شەو بە ماشین و تراکتۆرو... هاتن، بۆ چاوپێکەوتن، ڕوحی شاد بێ کاك خەلیلی سەدیقی دوایین کەرەت لە دێبۆکری چاومان پێکەوتەوە، دەگەڵ جەماعەتێك لە خوشكو برایانی سابڵاخی هاتبوو، دیدارو شەوێکی بە ڕاستی خۆش بوو...

*****

بۆ شەوی دواتر چووین بۆ گوندی "برایمە"، دۆست و ئاشنایانی حیزبی لە شاری مهابادو دەوروبەرەوە، هەروا دەهاتن بۆ چاو پێکەوتنی کاك سولەیمان. ئێمە بێ خەیاڵ، هەرگیز بیرمان لەوە خەتەرە نەکرد بۆوە کە ئەرتەش دێتە سەرمان و دەگیر دەوین.
هەڵکەوتووی گوندی "برایمە" جورێکە، ئەگەر لە گوندی دێبۆکرەوە بەرەو برایمە بێی دەبێ بۆی هەڵگەڕێی. لە خڕێك دایە لە سێلاوە بەرزایی و چیایە. من کاك عەبدوڵلا موعینی ئەو شەوە لە ماڵی یەکێك لە خزمەکانی حەمەگۆران خەوتبووین.لە سەر بڕیاری ئێوارە کە درا بوو، دەبوا ئەو شەوە، ئێمە لە گوندی "برایمە" دوور کەوتباینەوە. شەوی زۆر نەما بوو، پێشمەرگەکان، لە ماڵان دابەش ببوون وا بزانم کەریم نستانی و قادرنستانی لەو شوێنەکێشك بوون کە کاك سولەیمانی لێ بوو. بە هەرحاڵ شەو زرینگا بۆوە، کاتژمێر نزیکی چوار، یان پێنجی بەیانیبوو، کازیوەی بەیانی نزیك دە بۆوە، بە هەراو هوریا لە گوندی برایمە وەدەرکەوتین بەرەو "قەشقونە". بە ڕێکەوت یەك یەك و دوو دوو، لەگوندی وەدەرکەوتین. خوا لێخۆشبوو مونتەقیمی قازی لە شارەوە دایکی، شیرنیاتی بۆ ناردبوو پێی بوو، هەر یەکەی دەنکێکی دەدایە و دەیگوت:
«چاویشت دەرێ دانکێکی دیت نادەمی!»
چل-پەنجا, میترێك لەکانی ژنان، دوور کەوتبووینەوە، مامۆستا مەلا محەمەدی مەزنەو حەمەگوران بە تەپە تەپ، بەدوامان دا گەیشتنی، گوتیان:
«ئەرتەش دەوری داوین، دەورەمان گیراوە!»
نزیکەی سەد مێترێك لە گوندی دوور کەتبووینەوە، ئیدی هەر ئەوەندەمان توانی نێوی نهێنی لە نێو خومان دا دانێین و بە نێو دوڵێ دا، بەرەو "لەندی شیخان" وەبەندەنی کەوین. نەماندەزانی دوژمن لەکام لاوە تەقەمان لێدەکا، هێشتا هەوا تاریك بوو. کەمتر لە نێو ساعەتی مابوو بۆکازیوەی بەیانی. هەر چیهەوا روناکتر دەبوو، ئێمەش زۆرتر بە سەر خۆمان و دەورو بەردا موسەللەت دەبووین. دەگەڵ زەردەی رۆژێ گەیشتینە سەر بستوێ "قەشقونەی". ڕوانیمان، ئەرتەشێکی زۆر لەگوندی "برایمە" لە سەربانان و ناو گوندە. مەوداما هەبوو دوور کەوتبووینەوە، بەڵام بە دووربین باشمان دەدیتن، ئەوانیش بێ گومانی ئیمەیان لێ دیار بوو، بەڵام مەوداما هەبوو. ئەحمەد نستانی دەگەڵ یەك

دوویك لە پێشمەرگەكان بەهەواو هەستی لاوەیەتی، روو بەرووی ئەرتەشەكە، دەستیان تیك گرتبوو، ئەحمەد گۆرانی بۆ دەگوتن‌و ئەوانیش هەڵدەپەڕین! (دەبێ ئەوەش بگوترێ ئەرتەشەكەلە پشتی "برایمە" لە سێ لاوە - لای خەلیفەی، هەوشینان، دێبۆكری لێگرتبووین، ئێمەبە هیچ كام لەو سێ لایانەدا نەرۆیشتن.) هێندێك لە سەر بستوێ "قەشقونە" راوەستاین، ئەرتەشەكەمان دە دیت، لە مەڕ ژمارەوە بۆمان نەدەژمێران بەڵام بە تەخمین زیادتر لە سەد كەس دەبوو، دوایی دیتمان لە گوندی برایمەوە، بەرەو "دێبۆكر"، داپەڕینە خوار رۆیشتن. كاتێ كە زانیمان ئەوان داگەڕانە خوار، ئێمەش هە تا دەروبەری ئێوارە لە "قەشقونە" خۆمان خافڵاند. لە پاشان بە تاكتیك داگەڕاینە خوار بەرەو سیاقۆڵ، ئەو شەوە هاتینە دوو سەید. لە جیاتی ئەوە وەبەندەنی كەوین داپەرینە خوار لە شاری مهاباد نزیكتر بووینەوە. ئیتر تووشی دەرگیری‌و تێكهەڵچوون نەبووین.

ئەوەی جێگەی سەر سورمان بوو ئەمە بوو، ئەو شەوەی كە لە "برایمە" لە لایەن ئەرتەشەوە دەورە درابووین، برادەرێك لە مهابادەوە بە سواری ئەسپ هاتبوو بۆ لای كاك سولەیمان، لە كاتی گەڕانەوە دا، بە نێوان دوو دەستە لەو سەربازانە دا، تێپەڕیبوو كە لەملاو لای ڕێگەكە، لە سەنگەر دا ببوون. بەڵام سەربازەكان دەنگیان نەدابوو؟ كە چی دوو برادەری خەڵكی دێبوكری (تەنیا هەر ناوی كەسێكیانم لە بیر ماوە، كابرایەكی كورتە باڵا بوو، بە زاراوەی خەڵكی مەلبەند: عەوڵای ... ناو بوو.)، پێش رۆیشتنی سوارەكە، دەگەنە راستی سەبازەكان دەنگیان دەدەن و دەیانگرن. هەتا بەیانی بەو شەوە ساردە، لە سەنگەرەكەی خۆیاندا ڕایان دەگرن. یەكیان دەمانچەیەكی چوكەی تۆپداریشی پێ دەبێ، پاشان بەڕییان دەكەن بۆ ورمێ گوایە، زیاتر لە دوو ساڵیان زیندان بە سەردا دەسەپێنن. (خۆم لە ناو هێنانی كابرای سوار بواردووە كابرایەكی نەناسراو نیە كە نەیناسم!)

لێرە دا پێوستە ئەوە بگوترێ، كاك سولەیمان موعینی، هەروەكوو كادرێكی لێوەشاوەو ئازا بوو، لە دروست كردنی تەشكیلات و گرتنی پێوەندیش تا ڕادەیەكی زۆر سەركەوتوو بوو. لەو ماوەیەدا كە لەوڵات بووین، لەگەڵ ئەندامانی حیزب، لە شارەكانی جۆراو جۆری ئیران پێوەندی گرتبووە،و یەك و دوو، دەهاتنەلای.

ئیدی ئەو زستانە، نزیکەی سی مانگ لەگەڵ کاك سولەیمان لە ناوچەکانی مەنگوڕان و گەورکان ماینەوە. لە دۆڵی "میریسێ" وابزانم لە گوندی "کارگێ" بووین لەگەڵ کاك سولەیمان بە یەکەوە لە ماڵێك بووین.گوتی:

« لە ورمێەوە برادەرێك هەواڵی بۆ ناردووم کە، یەکێك لە کاربە دەستانی شۆڕش ... بەڵێنی بە تیمسار "صیادیان" داوە کە سولەیمان موعینی،و ئەو کەسانەی داوایان دەکەنەوە بیاندەنەوە بە ئێران» ؟

دەورو بەری نەورۆز بوو، بڕواکردن بەو قسەیە لەو سەردەمەدا کە، هێشتا کاروکردەوەیەکی وەها لە لایەن ڕێبەرانی شۆڕشەوە ئەنجام نەدرا بوو، بۆ ئێمە هاسان نەبوو، دوای باسێکی نێو خۆمان لە دەوری یەکتر کۆ بووینەوە، هاتینە سەر ئەو ڕایە کە، چەند کەسێکمان بگەڕێینەوە بۆ سونێ، و هەلومەرجەکە لە نزیکەوە هەڵسەنگێنین و لە هەمان کاتیش دا کاك سولەیمان نامەیەکی بۆ سەدیق نووسیبوو. لەگەڵ کاك سولەیمان بەیەکەوە هەموومان بەرەو سوێسنایەتی هاتین. لە "داوداوێ" ئێمە کاك سولەیمان مان بەجێ هێشت، و ٧ کەسمان گەڕاینەوە بۆ سونێ. ئەوانە گە ڕاینەوە بریتی بوون لە:

١- کاك مونتەقیمی قازی، ٢-کاك عەبدوڵلا موعینی،٣- مامەند، ٤- مەلا محەمەد عەجەم، ٥-مەلاقادر لاچینی، ٦- مەلا مەحمود زەنگەنە،- نووسەری ئەو چەند دێڕە.

ئەو هەواڵەی کە لە کاك سولەیمان‌مان بیستبوو، بۆمان ببوو بەجێگای پرسیار؟ هەرگیز بڕوامان بەوە نەدەکرد، شۆڕش، بە تایبەتی بارزانی کارێکی وەها سەبارەت بەئێمە ئەنجام بدا. چونکە بە گشتی ئێمە لە هەموو بارێکەوە، بێ چاوەڕوانی هیچ جۆرە ئافەرین و پاداشێك لە قولایی دڵەوە بارزانیمان خۆش دەویست شانازی مان پێوە دەکردو خۆمان بە پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی بارزانی‌و شۆڕشەکەی دەزانی!. بۆیە بڕواکردن بە کردەوەیەکی وەها، بۆ ئێمە جیگای پرسیار بوو؟

گوتمان ئێمە دەچینەوە سونێ، ئەگەر زانیمان مەترسێك هەیە بە بێ دەنگی دەگەڕێینەوە، چاویشمان بەکاك سەدیق دەکەوێ، بزانین ئەو دەڵێ چی و نەزەری چییە؟

ئیتر ئێمە هاتینەوە، بۆ سونێ. کاتێ گەیشتینەوە، شەوی یەکەم یان دووهەم، هێشتا

ماندوویەتیمان نە سابۆوە، نامەی حەسۆ میرخان هات بۆ بنکەی سونێ کە پێشمەرگە چەکدارەکان و خەڵکی ئاوایی سونێ دەبێ هەرچی زووە بێن بۆ بناری "سەید ئەحمەدان" حکومەت نیازی هەیە بەرەو سونێ و شێنێ بێت!

ئیتر بەو شەوە هەموومان لەگەڵ نزیکەی**٢٠** چەکدارێکی ئاوایی سونێ و شێنێ چووین بۆ دەوروبەری دێلۆ و مێرتکە.چەکدارەکانی سونێ و شێنێ یەك بە شەوەو بۆ سبەی هەموو بەجێیان هێشتین و خۆمان تەنیا ماینەوە! نزیکەی چوار، پێنج ڕۆژێك لەوێ بووین، تانگەکانی حکومەت لە پشتی چۆم خڕکەی بۆ سەرتر نە هاتن. دوایی کە زانیمان حکومەت پێشڕەوی ناکا، ئێمەش بەتێکڕایی گەڕاینەوە بۆ سونێ. وەزعی بنکەی سونێ لەو پەڕی شڕی و شپرزەیی دابوو. نە نان‌هەبوو، بۆ خواردنی نە مڕ نەژی؛ نە نەفت هەبوو دەچرای کەن و... هیچ کەس نەبوو خۆی لێ بەرپرس بزانێ. لە شانسی بەدی ئەو پێشمەرگانەی کە لە سونێ بوون،کاك سەید حەسەنی هاشمی کە بۆ بەرپرس دیاری کرابوو، دوای ماوەیەك لەگەڵ کاك مەلا ڕەسول پێشنماز گەڕابۆوە کە، چاوی بە منداڵەکانی بکەوێ، بەڵام کاك سەید ڕەحمان، براگەورەی کاتێ دەزانی هاتۆتەوە، بە زۆر دەیباتەوە، و ئەمینی دەکاتەوە و ساواك نایگرێ. ئیتر وەزعی ئەو چەند پێشمەرگەیەی کە لە بنکەی مابوونەوە کەوتبووە بوارێکی ئەوەندە ناخوش کە لە گەڕانەوە نایە...

گەڕانەوەی ئێمە بۆ سونێ، ڕێکەوتبوو لە گەڵ هاتنەوەی مەلا ئاوارە بۆ سونێ. کاتی بە یەکەوە هێندێکمان قسەکرد،گوتی:

«من تازەلە باڵەکایەتی- لەدەربەند گەڕامەتەوە. چوو بووم بۆ دیدەنی کاك سەدیق. بەباشی دەزانم تۆش سەرێکی لای کاك سەدیق بدەی لە دەربەندە...!»

گوتم بێشك دەچم. ئاوارە بە داهاتووی حیزب و تێگەیشتوویی کاك سەدیق و شێوە بیرکردنەوەی، زۆرگەش بین بوو. لەکاك سەدیق‌و نە زەراتی زۆر ڕازی بوو.

شەوێك لە خانووەکەی گەلوەڕزەێ هەمووومان لەدەری یەکتر کۆ بووینەوە. کاك ئەمیر قازی، بە پێچەوانەی هەڵوێستی پێشووی، کە ئامادە نەبوو بۆ هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حیزب؛ زۆر بە جیددی لە سەر لێ قەوماوی‌و بێ دەرەتانی ئەو چەند پێشمەرگەیە دوا کە، لە بنکەی سونێ بە بێ‌درەتان مابوونەوە، و کەس نەبوو لە حاندیان

خۆی بە بەرس بزانێ، لە ڕاستیش قسەکانی کاك ئەمیر، بەلامانەوە زۆر دروست بوون. کاك پەمیر پێشنیاری کرد کە هەموومان کۆ بینەوە و بە تێکیڕایی داوا لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بکەین هەر چێ زووە بگەڕێنەوە، بۆ کوردستانی گەرمین - سونێ، و لە سەر وەزعی ناکۆکی نێوان خۆیان، تەسیمێمی جیددی بگرن و بیرێك بوی ئەو پێشمەرگە لێ قەوماوانە بکەنەوە، و کوتایی بە ناکۆکی نێوان خۆیان بێنن! بۆ نمونە داوا لە کاك ئەحمەدو کاك سەدیق بکەین بگەڕێنەوە بۆ سونێ. دوو نەفەر بە شوێن کاك فایق دا بچن و... بەکورتی هەمووان ئەو بۆچوونەی کاك ئەمیرمان بە پەسند زانی پێمان کارێکی باش بوو، کەس دژی ئەو پێشنیارە نەبوو!

کۆ بووینەوە! ئەندامانی ئەو کوبوونەوەیە بریتی بوون لە: ١-کاك ئەمیری قازی، ٢-کاك حەمەدە مین سیراجی، ٣-کاك سمایل شەریفزادە، ٤- کاك سالارحیدری، ٥- مەلا مەحمود زە نگەنە، ٦- مەلا قادر لاچینی، ٧- مەلا محەمەد عەجەم، ٨- کاك عەبدوڵلا موعینی،٩- کاك مونتەقیم قازی، ١٠- مەلا بایز، ١١- مامەند (قادرقازی)، ١٢- مەلائاوارە، ١٣- سەید رەسولی بابی گەورە، ١٤-محەمەد قەرەقشلاقی. بە ناوی ئامادە بووانی کووبوونەوەی بەشێك، لە کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند لاپەڕ دا نووسرا، بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو داوایان لێکرا بگەڕێنەوە بۆ سونێ، و هەرچی زووە دەبێ چارەسەریەك بۆ ئەو ناکۆکیانەی ناوخۆیی و ئەو پێشمەرگانە بدوزرێتەوە! لە نێو ئەوکادرانەدا هیچ کەس دژی ئەو بۆچوونە نەبووو هەموو ئیمزامان کرد.

بەهەرحاڵ بڕیاری کۆبوونەوە بوو بەوە کە، مەلا مەحمودی زەنگەنەو مەلا محەمەد عەجەم بچنەوە ناوچەی سەردەشت، بکەونە شوین کاك سولەیمانو نامەکەی بۆ بەرن. نووسەری ئەو چەند دێرەش بچێ بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، نامەی کاك ئەحمەد تۆفیق و مەلاسەید رەشید و کاك سەدیق بەرێ. دوای کۆبوونەوە لە دەرێ مەلا ئاوارەی شەهیدگوتی:

تۆ ڕاست برۆ بۆ دەربەند، لای کاك سەدیق، ئەحمەد شۆڕش دووری خستۆتەوە بۆ ناوچەی بادینان، لە ناوچەی بالەکایەتی نەماوە. مەلاسەید ڕەشید لە شێخانە، تۆ لە پێشدا

بچوو بۆ لای کاك سەدیق. من حەوتووی پێشتر لە لای بووم، کاتێ گەیشتێ دەربەند بچووە لای یونسی خەیات، ئەو شوێنەکەی کاك سەدیق و کاك سەعید کوێستانی دەزانی، ڕێنوێنی تان دەکا.

ئیتر من بەیانی ئەو شەوە، جلکەکانی خۆم گۆڕی، جلی پێشمەرگایەتیم دانا، چونکە ئەو دەم، هەر کات پێشمەرگە چووبان بۆ شوێنێك دەبوا وەرقەی ئیجازەی ئامیر هێزیان بوایە. منیش بۆ ئەوەی خۆم پێشانی حەسۆی نەدەم، بەجلی ئاسایی، بەرەو باڵەکایەتی وەڕێکەوتم و مەلا مەحمودو عەجەم بەرەو سنوری ئیران. تاریخی ڕۆژە کەم بە دروستی لە بیر نەماوە، چەند ڕۆژێك لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٥تێپەریبوو. من بە دوو ڕۆژ بە پێیان گەیشتمە دەربەند. زیاتر لە ساڵێك دەبوو خوالێخۆشبوو یونسم نەدیبوو، چوومە دوکانەکەی، دوکانێکی لە دەربەند گرتبوو، خەیاتی کردبۆوە. دوای نەختی سانەوە، هێندەی پێ نەچوو، کاك سەعیدکویستانی هات. ئیتر بە ڕاستی لە قوڵایی دڵەوە تاسەی کاك سەعیدم هەبوو، دوای ئەوە چایەکمان خواردەوە، هەرسێکمان-کاك سەعید، یونس، وخۆم ـ بەیکەوە بەرەومالێ و مزڵی کاك سەعیدوکاك سەدیق وەرێ کەوتین. لەگوندی دەربەند وەدەرکەوتین لە خانووی مالان، دوورکەوتینەوە هیچ خانویك دیار نەبوو، ئەوجارە بە نیو دارستان دا مەودایەك ڕۆیشتین لە نێو دوڵێك دا خانوێکی چووکە هەبوو کە خانووی باغ بوو، هاوینان خاوەنی باغەکەی لەوێ دا دەژیا. بە ڕاستی بۆ جێگەی ژیان نەدەبوو نازانم چۆن و بۆچی ئەو شوێنەیان هەڵبژارد بوو. کە چووین ژوور، کاك سەدیق لە ژوورەکەی دا، وەکوو هەمیشەی خۆی، خەریکی خوێندنەوە بوو.کە چاومان بەیەکتر کەوت ئیتر هەردوکمان شاگەشکە بووین. دوای یەکتر لە باوەش گرتن وماچ و موچ، دانیشتین وەردە وردە کەوتینە سەر پرسیاران لە هەموو بابەتێکەوە. من تا ڕادەیەك باسی سەفەری وڵات و خۆمانم بۆ گێڕاوە، لە مەر تەشکیلات و پێشوازی خەلکی کوردستان لە حیزب و پێشمەرگە... ئیترکاك سەدیق لە خۆشیان چاوی وەبزە کەوتبوون. ئەوجارە من پرسیارم لێ کرد:

لەسەر مەسلەی دوا ڕۆژی شۆڕشی کوردستانی گەرمین و وەزعی خۆمان

لەکوردستانی عیراق نەزەری چییە؟.

کاك سەدیق سەبارەت بە شۆڕش و بارزانی، زۆرگەشبین بوو. لە قولایی دڵەوە بارزانی دەپرست! پێی وابوو ئەگەر بە شێوەیەکی جیددی مەسڵەحەتی شۆڕشمان لەبەر چاو بێ و بیپارێزین؛ بێ موشکیلە دەتوانین لە کوردستانی گەرمێن دریژە بە خەباتی سیاسی بدەین. کاك سەدیق گوتی: دەبێ تاڕادەیەك بە چەکەوە خۆمان لە جادەو شوێنە بەرچاوەکان بپارێزین. ئێستا حکومەتی ئێران لەکوردستان هاروژاوە، شۆڕشی کوردستان جگە لەئێران ڕێگایەکی تری نیە و نابێ ئیمە لەلایەن شۆڕشەوە گلەیی مان بێتەوە سەرو...

پرسیاری کێشەو دەمە تەقەی خوێ و زەکی ئاکرەیی م لێ کرد؟ گوتێ:

«شتێکی زۆر گرینگ، نەبوو، ئێوە ئەوەتان لە کوێ زانیوەتەوە؟»

گوتم: ئیمە لە وڵات بیستمانەوە، کە لە قاەخانەی مستەفا سولەیمانی، لە دەربەند، زەکی هاتووتە ژوور ئێوەش لێوە بوونە، گوایە زەکی قسەی بێ ئەدەبانە کردووە، هەتا ئەو جێگایە کە گوتوویە ئێوە هەق تان نیە بینە سەرجادەو... و پاشان ئێوەش دایگژاونێ... و یەکی لە لێ پرسراوانی شۆڕش کە، دەگەڵ زەکی دەبێ، دەکەوێتە بەڕیوانی و پێش دەرگیری ئێوە و زەکی دەگرێ و...

هەرچەند کاك سە دیق هیچی بۆ من نەگێڕاوە، بەڵام لە قسەکانی ڕا هەستم بەوە کرد کە زەکی لە لایەنێکەوە تەحرێك کراوە، ئەگینا زەکی کاك سەدیقی نەدە ناسی!

پاشان، نامەکەی کۆبوونەوەی سونێم دایە. خوێندیەوە،گوتی ئەوە کادرانەی ئەو نامەیان نووسیوە و ئێمزا کردەوە، دەکری نێوەکانیان بڵێی؟

منیش بە ناوەکان داهاتمە خوار... ئیتر سەری ڕاوەشاند! گوتی:

سەید ڕەسوڵ بابی گەورە هاتۆتە سونی لای کێیە؟

گوتم لای کاك حەمەدەمین و کاك سمایلەو کاك ئە میرە. لەکاك حمەدەمین و کاك سمایل زۆر بەگازندە بوو.گوتی:

کاك حەمەدەمین و سمایل کاتێ حازرنین هیچ کاریك وەستۆی خۆیان گرن و خۆیان لە هەموو شتێك دەبوێرن، چۆنە وا بەڕاشکاوی داوای گەڕانەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەکەن؟

هەروەکوو گوتمان، کاك سەدیق لە پێش دا زۆری هیوا بەکاك حەمەدەمین و کاك سمایل بوو، هەر بۆیەش زۆرتر گازندەی لەو دوو کەسە هەبوو. هەروەها گوتی کاك ئەمیرو سەید رەسوڵ نازانن کە ئەحمەد لێرە نەماوەو بۆ ناوچەی بادینان تەبعیدکراوە؟

جا ئەو جارە دەستی کرد بە دەردی دڵ لە دەست کاك سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، و نەخشی مەنفی ناوبراوە لە مەر تەقینەوە دووبەرەکی نێوان ئەو و کاك ئەحمەد تۆفیق... (بە پێوستی نازانم پاش مەرگی خۆیان، کۆنەکان قسەکانی ڕابردوو زیندو کەمەوە! لە ڕوانگەی خۆمەوە، سەرەڕای هەموو کەم وکوڕی و هە لەیەکی سیاسی ڕابردوو، کاك سەید ڕەسوڵ بە شەهیدی ڕیبازی ڕزگاری کوردستان دەزانم و ڕێزو ئیحتیڕامی تایبەتیم بۆی هەیە و روحی شادو یادی هەر زیندوو بێت!)

گوتی: کاکە، براڵە! بە نووری ئەو چرایەی ئیوە هیچتان ــ کادرەکانی گەڕاوە لە کوردستان، هێندی منداڵێك لە سەر وەزع ئاگادارنین.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی کاك سەدیق ئەوە بووکە، کاتی باسی رووداو و بە سەرهاتێکی دەگێڕاوە، لای وابوو کە تەرەفەکەی، وەکوو خۆی بە وردی لە سەر بابەتەکە ئاگاداری هەیە! هەر لەبەر ئەوە بووکە کاتی باسی جەرەیانیکی دەکرد، لە چەند جوملەی زیاتری لە سەر نە دەڕۆشت. ناچار دەبووم بڵێم کاك سەدیق، درێژەی بدەیە! دەیگوت بە ڕاستی هیچی لێ نازانی؟

باسی جەرەیانی ناکۆکی نێوان خۆی و کاك ئەحمەد تۆفیقم پرسیارکرد کە لەو ماوەیەدا چاوی پێکەوتووە یان نا، داخوا ئامادە بوو بگەڕێتەوەو درێژە بە هاوبەشی خەبات وتێکۆشانی تەبایی بدات ؟

گوتی: «ئەو کوڕە، ئامادە نەبوو بۆگەڕانەوەو قبوڵ کردنی هیچ جۆرە ڕەخنەیەك؛ نازانم بۆچی ئەوەندە نەحاواوەو قسە نەبیستە؟ زۆری لەگەڵ خەریك بووم، لە سەرکردەوەکانی ڕابردووی خۆی، زۆرم نسحەت و سەرکۆنەکردووە کە بە خۆی دا

بچێتەوە... بەلام ئەو کورە ـ (کاك ئەحمەد تۆفیق) زۆر کەللە وشکە! ئامادە نەبوو هیچ شتێك قبوولّ بکا.»

گوتم کاك سەدیق لە ڕابردوو دا چ کارێکی کردووە کەوا بۆتە جیگەی ڕەخنەی ئێوە؟

گوتی: چۆن ! بەڕاستی نازانی؟

گوتی: «باسی نە حاوانەوە لەگەلّ ئەو کوڕە باشانەی حیزبی، ئێوە لە من باشتر دەزانن! ئەوانە هەموویان ئینسانی چاك و فیدا کاربوون, هەریەکە بە نێو و ناتۆیەك پالّی پێوەنان. کونگرە رەئی دا ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب، بەوجۆرە دیتت کە چ ڕێزێکی بۆ ڕەئی کونگرەی ٢دانا؟

نێوان مەکتەبی سیاسی کۆن و مەلا مستەفا، جەرەیانێکە بە خۆیان مەربوتە، ئەرکی ئێمە ئەوە نیە خۆمان تێکەلّاوی ناکۆکی نێوان ئەوان بکەین. ئێمە لێرە میوانین بۆچێ دەبێ شەڕی ئەوان بۆ خۆمان بکڕین؟ و دەیان شتی لەو بابەتانە...

هاوینیسالّی چل و سی، دوو کەسی کوردی ئیرانی گوایە هەردووکیان دز بوونە، چەکداری ناردوون گرتوویان، هێناویان بۆ سەنگەسەر، بێ مەحکمەو لێپرسینەوە، کوشتونی و شوێنەونی کردون.

سالّی رابردوو، ناردی مراد شیرێژو حسن ڕێتالی هینا ئەویش بەو جورە بووکە خۆت بە چاوی خوت دیتت! دوای ئەوە کە ڕایان کردووە ئێستا دیسان چەکداری کردوونەوەو لە حالّی حازردا خەریکە بۆ مەبەستی خراپ کەلّکیان لێ وەرگرێ و ئاژاوەیان پێ بنێتەوەو هەڕەشە لەم و لەو دەکا...!

دوای کونگرەی کابرایەکی مەلا، لە ناوچەی شکاکان ڕاهاتبوو،گوتبووی کە، سێ سالّی زیندان کێشاوە، ئێستا ساواك بە زۆر ناردوویەتی کە خەبەری کۆنگرەو حیزبی دێموکراتیان بۆ بەرێتەوە. کابرایمەلا، گوتبووی دەستم لێ هەلّناگرن دەیانهەوێ ئابڕوم بەرن، بمکەن بە جاسوسی خۆیان-ساواك. کابرای مەلا، دیار بوو پیاوێکی باشو بە شەرەف بووە، ئەگینا ئەو نهێنیە مەترسی دارەی نە دەدرکاند! ئەحمەد دوای ئەوە ناهیلّێ مەلا لە قەلّادزە، بمێنێتەوە، هەر چۆنێك دەبێ، ڕازی دەکا کە بچێتەوە، و کارو

کە سبی خۆی بەجێ نەهێڵێ و ئەو شتانەی کە زۆرکەس دەیانزانێ، و زەرەر بە حیزب ناگەیەنن، وگرینگ نین؛ لەو ڕەدەیەدا، هاوکاوکاریان بکاو ئەو جۆرە قسەنانەیان پێ بڵێ؛ دەگەڵ حزبیش پێوەندی خۆی ڕاگرێ. هەر وەکوو مەسەلەکەی"ئەسعەدی خودایاری"!؟ من و سولەیمان و کاك باپیر هەموومان لەوێ بووین؛ پرسی پێ نەکردوین، پاش کردنی کارەکە, بۆم دەگێڕێتەوە کە کارێکی وەهاي کردووە؟!...

پێمگوت کاکەگیان! تۆ دوای ئەوە کارەکەت کردووە، دوای کردنی کارە کە بەمن دەڵێی ئەوە کاری مرۆڤێکی سیاسی یە؟

بە هەرحاڵ کابرای مەلا بەزۆری دەباوەش ساواك داوێ؛ ئیستا بە جۆرێك کە زانیومەتەوەو ئاگادارم، کابرای مەلای بێچارە، دوای تەمەنێك سەربەرز ژیان، بە داوی ساواکەوە بووە! هەروا بەسانیش ناتوانێ خۆ لەو داوە رزگار بکا کە، کاك ئەحمەد بۆی ناوە تەوە!»

هەوالنامەی تیشک

کاك سەدیق لە ماوەی ئەو چوار پێنج ڕۆژەدا کە لە لای بووم، ڕۆژانە بەیەکەوە وەدەر دەکەوتین و زۆرجەرەیانی بۆ باس دەکردم، دیارە هەموو شتێك نانووسرێ و بۆ نووسین نابێ! بە وتەی مامۆستا حسن‌زاد: ناکرێ پیاو «بەرە لە سەر هەتیوان هەڵداتەوە!» ئەوەی بۆ گوتن‌و نووسین بن ئەوانەم لە بیر ماون.

کاك سەدیق پرسیاری لێکردم:

«مەلائاوارە هیچی بۆ باس نەکردون؟»

گوتم بە یەکەوە بە تایبەتی زۆرمان قسەنەکردوە، بەڵام پێش کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکەش گوتی: «پێویستە بچی سەرێکی کاك سەدیق بدەی!»

پرسیارم لێ کرد:

پێویستێکی تایبەت هەیە بۆ چوونم ؟

گوتی: «حەزدەکەم، بچی بۆ دەربەند، چاوت بەکاك سە عیدو کاك سەدیق دەکەوێ و...» ئیتر هیچی لەوە زیادتری بۆ باس نەکردوم.

هەر وەكوو گوتمان، كاك سەدیق زۆری هیوا بە دوا ڕۆژ هەبوو، نیازی هەبوو دوای گەڕانەوەی كاك باپیرو مامۆستا مەلاڕەحیم و كاك سولەیمان ناوەندی حیزب، بەرفرەوان تر بكەن، و كلاسی كادر بكەنەوەو كادری سیاسی بعاملێنن و بەرنامەی زۆری هەبوو بۆ داهاتوو...

ئەوجارە من لەسەر مەسەلەی ژیانی تایبەتی خۆم، باسم لەگەڵ كرد گوتم:

لەگەل كاك سولەیمان باسم كردووە، دەمەوێ عەرزی تۆش بكەم، نیازم هەیە ژن بینم. لەگەڵ ئافرەتێك لە میژ ساڵە بڕیارمان داوە، بین بە هاو سەری یەكترو... دەمهەوی پرس و ڕا بە تۆ ش بكەم ئەگەر ڕەزات لە سەر بێ، ئەو بڕیارو بە لێنی بەیەكتر مان داوە، عەمەلی بكەین... لەو بەهارە دا، پێش ئەوە كوێستانچی وەڕێ كەون بۆ هەواران، بتوانم ماڵە كەم بەهۆی ئەوان بێنم بۆ مەڵبەندی قەلادزێ.

گوتی: قەلادزە بۆ؟

گوتم: ماوەیەكی زۆرە لەو مەڵبەندەم، دۆست و ئاشناكانم زۆربەیان لەوێ دە ژین و... كاك سەدیق گوتی:

كارەكەتم پێ خراپ نیە، پیرۆزە! من ڕازیم و قسەم نیە، بەلام ئەگەر بە قسەی من دەكەی ماڵەكەت دەێنی بۆ ئیرە-ناوچەی باڵەك. لیرە خانووێك پەیدا دەكەین و مەسەلەی ژیانیش دابین دەبێ، بۆ بیر لێكردنەوە نابێ. باشترین كار ئەوەیە كە تۆ ماڵەكەت بێنی بۆ ئێرە!

گوتی: بە نیازی كەنگی ئەو كارە بكەی و ماڵەكەت بینی؟

گوتم: نزیكەی مانگێك دەگرێ هەتا دەچمەوە ولات و تەرتیبی هینانیان دە دەم لەوانەیە لەگەل خێڵ بەرەوژووری ماڵەكەم لە گەڵ ماڵی خزمان، بێنم بۆ كوێستانی قەندل... دیسان گوتی: پیرۆزە! ئیتر من بە قسەكەی كاك سەدیق ڕازی بووم وگوتم: باشە وەك ئێوە دەفەرموون، دەگەڕێمەوە لای ئێوە.

پاشی ئەو باسە، كاك سەدیق گوتی:

«تۆ دەبێ هەتا بۆت دەكرێ زووتر بگەڕیەوە بۆ سونێ. لەوانەیە سولەیمان

گەڕابێتەوە یان بگەڕێتەوە، لە لایەن مەکتەبی تەفیزی داوا بکرێ. دەبێ پێی بڵێ تا چاوی بە من نەکەوێ نەچێ بۆ مەکتەبی تەنفیزی! بڵێ هەر چی زووترە بێت بۆ لام. بەڵام نەیەتە دەربەندی. لەو نزیکانە بێ بە دوام دا بنێرێ من دەچم. من قسەم دەگەڵ کردونە، لەوانەیە بەم زووانەش چاوم بە مەلا مستەفا بکەوی. تۆگیر مەبە، خۆت بگەیەنەوە سونێ، نەکوو حەسۆ بە نێوی مەکتەبی تەنفیزی بە دوای دا بنێرێ و...

ئەوە شت لە بیر نەچێ، ئێستا کەدەگەڕێەوە کوردستانی ئێران، حکومەتی ئیران لە کوردستان، تا رادەیەکی زۆر هاروژاوە، کاتی دەچنەوە دەبێ شوێنی ڕێگەکەتان بگۆرن و زۆر وشیاربن، ئێستا ناوچەکان وەکوو پێشوو نەماون پر بوونە لە پاسگەو ژاندارم دەبێ ئاگاتان لە خۆتان بێ و وریایانە بجولێنەوە.!»

بە دوای من دا کاك عەبدوڵلای موعینی و کاك مونتەقیمی قازیش هاتبوون. بەڵام ئەوان لە لێوژێ لای مامۆستا هەژار گیرسابوونەوە. دوایی هاتن بۆ دەربەندو هەموومان بەیەکەوە گەڕاینەوە بۆ سونێ.

من خواحافیزیم لەکاك سەدیقو کاك سەعیدکوێستانی کرد،بە دوو رۆژو نیو لەگەڵ کاك عەبدوڵلاو کاك مونتەقیم گەیشتینەوە سونێ.کەگەیشتمەوە، شەوێك پێش گەیشتنەوەی من، کاك سولەیمان گەڕابۆوە. کاك سولەیمان گوتی پێش گەیشتنەوەی خۆم نامەی مەکتەبی تەنفیزی گەیشتۆتە سونی؟ کە بچم بۆ لایان و خۆم بناسێنم!

دیار بوو کاك سولەیمان لەگەڵ کاك سەیدرەسوڵ لەسەر هێندی بابەت، کە لێرە دا جێگای باس نیە تووشی نارەحەتی ببوون. کاك سەید رەسوڵ بواری بەرگری لە خۆی لاوازو بێ هیز بوو!کاك سەید رەسوڵ لەنێوخۆماندا بەحازر جوابی مەنشور بوو، بەڵام ئەوجارەوام نەهاتە بەرچاو ...

# ڕاگوازتنی كاك ئەحمەد تۆفیق بوناوچەی بادینان_ (كانی ماسی)

دوای ئەوەی كە كاك ئەحمەد تۆفیق بە نێوی وچان بۆ ماوەی سێ مانگ، بنكەی دێلۆی بەجێ هێشتو هات بۆ قەندیل، دوای تەواو بوونی ماوەكەی، ئیتر نەگەڕاوە بۆ لای هاوكارەكانی،- (ئەندامەكانی كۆمیتەی ناوەندی كە خۆی دیاری كردبوون بۆكۆنگرەی ٢) هات لەگوندی شێخانی _ ناوچەی باڵەك، بنكەی دروست كردو، دەستی كرد بە چالاكی و پێوەندی گرتنو سیاسەت بە شێوەی ڕابردووی خۆی. دیار بوو، ئەو وەزعەی كە دوای كۆنگرەی ٢(كە خۆی هۆكاری بوو) بۆی هاتبوە پێش و ناوەندێك بە نێوی كومێتەی ناوەندی دروست ببوو، بە دڵی نەبوو و تا ڕادەیەكی زۆر لە كردەوەی خۆی پەژیوان بوو. بێ ئەوەی بە ڕەسمی ڕاگەیەنی؛ نەیتوانی دەگەڵ ئەو تەركیبەی درێژە بە خەبات بداتو بڕوات،كورت و موختەسەر كەوتەوە سەر بیری وەزعی سەردەمی سەركردایەتی خۆی؛ دەیهەویست بچێتەوە سەر «گورگەلۆقە» ی پێش گرتنی كۆنگرەی ٢. یەكەم هەنگاو كە ڕۆیشت، دەستی كرد بە چەكدار كردنەوەی مراد شیرێژو كوڕانی هەمزەڕیتاڵی. كادری پێوەندی نێوان بنكەی "شێخان" و " دۆڵەڕەش و خەرپاپ" - (دوو شوێنی سەخت و قایمن، لە چیاكانی مەڵبەندی مەنگوڕان لە كوردستانی ئێران،كە زۆرتر مراد شێرێژو تاقمەكەی لێی دەحاوانەوە) و كادری كارو باری سیاسی كاك ئەحمەد، لە ناوچەكانی لاجان و لاجانی پیرانان، مام سوارە سەكر بوو.

مام سوارەسەكر، خەڵكی پیرانشار بوو. بابایەك بوو، تەمەن دەنێوە چوو لە سەروی شێست ساڵ دەبوو. نەخوێندەوار؛ شاییبە خۆ، و زۆر لە خۆ رازی بوو. خۆی بە گەورە پیاوێكی سیاسیو باوەڕ پێكراوی كاك ئەحمەد دەزانی. بەڵام بە داخەوە تەقەڵەكانی درشت بوون؛ لە زۆر شوێنان نەی دەشاردەوە، باسی ئەوەی كرد بوو كە نوێنەری كاك ئەحمەد تۆفیق و مەلامستەفایە!؟ بەگوێرەی ئەوەی دەمان بیستەوە، لە زۆر شوێن دەیگوت: «ئەوانەی ئێستا كە، وەكوو سەدیقی ئەنجیری و فایق و... لە حیزب یاخی بوونە؛ زۆری ناخەیەنێ كە حیزب موحاكەمەیان دەكاو بە سزای تاوانی

خۆیان دەگەیەنێ‌و...» مام سوار کابرایەکی ساویلکە بوو، لە هەمان حاڵ دا سەبارەت بە خۆی لە تەوەهوم دابوو. بە ڕواڵەت لێپرسراو، و کادری نهێنی کاك ئەحمەد بوو،کە چی کارە نهێنیەکان ئاشکرا تر بوون لە کارە ئاساییەکانی! ئیتر لێپرسراوی مامەسوار، هێندەی مەودا نەبوو، زۆری نەخەیاند کە مەسەلەی چەکدارکردنی مراد شیریژو حەسەنی هەمزەڕیتاڵی، لە بنج و بنەوانەوە بۆ ساواك و شوڕش و هەموو لایەنێك ئاشکرا بوو؛ و جەماعەتێکی زۆر لە ناوچەی پیرانان و لاجان و خانی لە بەهاری ساڵی ١٣٤٥دا گیران و مامە سوار دەسگیر نەبوو، ئاوای دیوی بالەکایەتی بوو، هاتە بنکەی شێخان، لای کاك ئەحمەد دانیشت. ساواك داوای کاك ئەحمەدو مام سوارو هێندێك لەو کەسانەی دەکردەوە کە، لە ناوچەی شۆڕش دا،و لە بنکەی شێخان بوون. بە هەرحاڵ، ئیتر نازانم مەسەلەی چەکدارکردنەوەی مرادشێریژ بوو، یا مەسەلەیەکی تر لە پشتی پەردەوەهەبوو، کە ئێمە ئاگاداری نەبووین؟ بارزانی کاك ئەحمەد تۆفیقی ڕاگوازت بۆ کانی ماسی بۆ لای عیسا سوار.

بەڵام ئەوکەسانەی کە دارو دەستەو ئەنجام دەری ئەرکە پێ سپێراوەکانی کاك ئەحمەد تۆفیق بوون، هێندێك لە دۆڵی ئاکۆیان لای مەلا ئەمینی بارزانی، و هێندێکیش لە لای حەسۆ میرخان لە سەنگەسەر مابوونەوە! ئەوە بوو بە کورتی ڕاگوازتنی کاك ئەحمەد، تا ئەو جێگایە کە من ئاگاداریم هەیەو پێشتر باسم لێوە نەکردبوو.»

* * * * *

دەگەڕێمەوە سەر ڕووداوەکان.

بە وردی باسی سەفەرەکەی خۆم بۆ لای کاك سەدیق و نەزەرزتی ناوبراوم بۆ کاك فایق گێڕاوە. گوتم لە سەر پێشنیاری کاك سەدیق، و خۆشم قەناعەتم پێ هاتووە، کە ماڵەکەم ببەم بۆ ناوچەی باڵەك. کاك سولەیمان گوتی:

ئەگەر پێت‌وایە ئەوێ باشترە من لەم بارەوەقسەم نیە. من‌وا دەچم بۆ لای کاك سەدیق، کاتی گەڕایەوە ئاگامان لە یەکتر دەبێ، ئیدی دوای قسەکردن لە سەر گەڕانەوە بۆ وڵات و هێنانی ماڵ و منداڵ، بڕیارمان دا بۆ سبەی ئەو ڕۆژە، من و

عەجەم ئامادە گەڕانەوە بین بۆ وڵات و کاك سولەیمان بەرەو ناوچەی بالەك بچێ، بۆ چاوپێکەوتنی کاك سەدیق. ئیدی من و کاك مەلامحەمەدی عەجەم بۆ سبەی ئێوارەکەی ئەو ڕۆژە، لە سنووری "شێنێ"وە ئاوای ئەم دیو بووین و بەرەو وڵات داگەڕاینە خوار، بۆ بەرەبەری بەیانی گەیشتینە گوندی "گردێنە" ناوچەی سەردەشت.

بە درێژایی ڕێگا بارانمان پێداباری، شوێنی وشکمان ددان بوون. چووینە ماڵێك خەریکی خۆ وشك کردنەوە بووین هێشتا نە خەوتبووین، برادەرێکی ئاوایی "گردینە" کەدراوسێی خانەخوێکەمان بوو هات گوتی:

پیشمەرگەیەك لەماڵی ئێمەیە بە دواتانە بووە، هاتووە لە ئێوە دەپرسی‌هاوڕێی ئێوەیە؟

گوتمان لەکوێیە وکێ یە؟

لەو قسانە دابووین کوڕێکی ڕەشتاڵەی دەموچاو زیپکاوی بە پینج تیرێکی عروسەوە وەژوورکەوت. سڵاوی کرد، ماندوو نەبوونیمان لێکرد لەکوێوە دیت و چ کەسە؟ گوتی:

دوێنێ دوای ئێوە هاتمە سونێ. لای کاك فایق، خۆم ناساندو گوتم: من ناوم سولەیمانە خەلکی گرداسێ، یان توژەلی "دوڵی قەرە خدر"ی ناوچەی لاجانم. لەگەڵ مراد شیرێژ بوومە. پێشان پێم وابووکە پێشمەرگەی حیزبە و دەگەڵی کەتووم، ئێستاش کە زانیومە ئەوان پێشمەرگەو حیزبی نین، وازم لێ هێناون و بەجێم هێشتوون، هاتوومە بم بە پێشمەرگە. دوایی کاك سولەیمانی موعینی گوتی: بە پەلە بەکەومە شوێن ئیوە، ئیتر لە گورەشێرەوە بە دواتانەوەم هەتا ئیرە نەم گرتوونەوە.

گوتمان: ئێمە پێشمەرگەمان بۆ چییە، خۆ ناچین بۆ جەبهە؟

گوتی: کاك فایق گوتوویە هەتا دەگەڕێنەوە لەگەڵ ئێوە بم و...

پرسیارمان کرد، باشەکوا نامەی کاك فایق؟

: کاك فایق گوتویە نامەت پیویست نیە، بلێ نیشانەمان ئەوە بی- فایق قەرارە بڕوات بۆ لای کاك سەدیق!

هیچ بیرمان لەوە نەکردەوە "هەیاران"، ئەو کورە پیاو چاکە یان سەری بە جێگایەکەوە بەندە...؟ بێ قەیدو شەرت دەگەڵمان کەوت هاتین، لە چۆمی کەڵوێ پەڕینەوە، بەرەو جانداران لە وێوە بەرەو گاگەشی سەری هاتین. کاتی گەیشتینە کانێ شینکێ ئەوەندەمان نەمابوو دەگەڵ ژاندارمان تووشی یەکتر بێین. ساتیك پیش گەیشتنی ئێمە بۆ ئاوایی "کانی شینکێ" گروپێك ژاندارم لە ئاوایی "گاگەشی سەری" ڕا هاتبوون، مام هەمزە کوردەیان گرتبوو لەگەڵ خۆیان ڕەپێچەك دابوو، بردبوویان بۆ گاگەشی سەری. ئیدی کە عەبدوڵڵای هەمزە کوردەی چاوی بە ئێمە کەوت سپی هەڵگەراو تێ دەزاری دا وشك بوو، گوتی: جا ئەوە ویژدانە؟ لانیکەم هێندێکتان بەزەیی بە ئێمە دا بێ! «پێش پێی ئیوە بابم عەجەمان برد» ئێستا ئێوە بەو ڕۆژە ڕووناکە لە چێ دەگەڕێن؟

ژاندرمەکان ڕۆیشتبوون. نانێکی بە پەلەمان خوارد، ڕوژئاوا ببوو، دوای نیو ساعەت بەرەو "گاگەشی سەری" وەڕێ کەوتین. گوتیان گاگەش پاسگایەکی هاتوتێ نزیکەی چل ژاندارمێك دەبن. مەلا عەجەم لە نێو گوندی گاگەشی زۆر شارەزا بوو. تاریکە شەویك بوو چاو چاوی نەدەیت و باران دەباری. لە قەراخ ئاوایی چووینەماڵی پیرە پیاوێك و پیرێژنێك. عەجەم چوو بۆ نێو ئاوایی، خدرمیرێ و سەید ... دەگەڵی خۆی هێناو هاتەوە بۆ ئەو ماڵەی کە لێی بووم، ناوی پیاوەکەم لە بیر نە ماوە؛ بەڵام پیرێژنەکە ناوی خەج بوو! خدرو سەید گاڵتەیان لەگەڵ پیرێژن هەبوو، خەجیان پێ دەگوت. باسی خەڵك و وەزعی گوندەکانی ناوچەمان لێ پرسیارکردن. گوتیان:

ژاندرم لە دۆڵی " میریسێ" و ناوچەی مەنگوڕایەتی وەك چاو ئێشەداری لێتان دەگەڕێن؛ ناوچەیان لە ئامان ناوە! لەوانەیە لە چەند جیگای دیکەش پاسگا دانێن. ئیتر ئیمە دوای نان و چای خواردن و هێندێك وتوێژ،گوتمان ئێمە بەرەو ئەو دیو دەگەڕێنەوە. خوا حافیزیمان لە خدرو سەید...کردو بەرەو "گەدە" ئاوەژوو بووینە. بەرەبەری بەیانی گەیشینە گوندی "ئۆغەن"ی ناوچەی گەدەی. ئیدی وردە وردە لەو کوڕەی کە، بە نیۆ سولەیمان بوو، دەگەڵمان کەوتبوو، دەشك دەکەوتین. هەتیو زۆر گورگەمێش دەهاتە بەرچاو، بەڵام تەنیا کاری ئاقڵانەمان ئەوە بوو کە، پێمان نەگوت

بۆ کوێ دەچین و لای ئەو باسی هیچ شتێکمان نەدەکرد. لە ئوغەنیش بۆ شوێنە ونکە ئاوای دیوی "مێشەدی" بووین گوتمان بەرەو عیراق دەگەڕێینەوە. بۆ سبەی شەو هاتینە "میشەدێ" لە میشەدی میوانی عەولا دەروێش بووین، سولەیمان مان لێ بەزر بوو. پێمان وابووکە ئاوای دیو توژەڵ بووتەوە بەیانە بوو چمان لە دەست نە دەهات نەمانتوانی لە ئاوایی بمێیننەوە، گوتمان با بەرەو "دۆلەرەش" هەڵگەرێین. هێشتا وەڕێ نە کەوتبووین دیتمان سولەیمان ئەوە دێت. بەمەلا عەجەمم گوت: پێت وانیە ئەو هەتیوە جیگای مەترسییە؟ لەو قسانە دابووین هێشتا سولەیمان نەگەیشتبووەلامان، لاوێکی خەڵکی ئاوایی میشەدێ لە ماڵە عەولا دەروێشی وەژوور کەوت گوتی:

هاتوومەشکایەتێ؛ ئەو هەتیوە هاتۆتە ماڵی ئێمە، کاتێ زانیویە پیاو لەماڵ نین، ویستوویە دەست درێژی بۆ خوشکم بکا؛و کاتێ من هاتوومەوە، دەرپەریوە.گوتی:

ئەو هەتیوە پێشتر شوانی خۆمان بووە... هەتیوێکی گورگەمێشە. ئێستاش دەڵێن: بۆتە پیاوی مام رەسوی عەبدوسەمەدی، چۆنە ئێوە، ئەوەتان دەگەڵ خۆتان خستووە؟

ئیدی ئەو جارە هەستمان بە نەفامی و نەزانی و بێ ئیحتیاتی خۆمان کرد، کە چەند بە نا هەڵسەنگاندوویی ئێمە ئەو کوڕەمان دەگەڵ خۆمان خستووە؟

بەهەرحاڵ لەوێ دەگەڵ عەجەم تەگبیرێ خۆمان کرد، و دەنگمان نەکرد هەتا گەیشتینە نزیك دۆڵەرەش. لەوێ عەجەم گوتی: ئەو چەکە دانێ! نەهێشت خۆیی بزێوێ، چەکمان کردو بەرەڵلامان کرد.گوتمان: ناتکوژین بەڵام لە هەرکوێك بزانینەوە کەوتوویە شوێنمان دەکوژرێی و زۆرمان هەڕەشە لێ کرد!

ئیتر ئیمە بە "سەر شاخان" دا بەرەو شارویران داپەڕینەخوار. بەڵام لە زۆر جێگا بە برادەرنی حیزبی‌مان گوتبوو کە کوڕێکی بەو ناو و نیشانەمان چەك کردووە، ئەو تفەنگە هی ئەوە، ناوبراو پیاوی رەحمان شێلمجاران و مام رەسووی عەبەدوسەمەدە، نەکا فریوی بخۆن‌و...! من و عەجەم داگەڕاینە خوار هەتا دیێ مەنسورو حاجی حەسەنی نزیك میاندواو، و ئەو ناوە ڕۆیشتین.

دوای ئەوە کە ئیمە دەگەڕێینەوە بۆ کوردستانی گەرمین و ماڵمان هێناوە، سولەیمان بە سیخوڕی دەکەوێتە شوێنمان. دەر دەکەوێ هەتا درەنگ، نەیتوانیبوو

شوێنمان هەڵگرێ. کاتێ لە شوێن هەڵگرتنی ئێمە دا سەرکەوتوو نابێ، دەچێتە "هومام" (هەوارگەیە لە گوندی ماسوێی ناوچەی مهاباد!) میوانی چادری سەید رەسولی سەید لاجانی خەڵکی ئاوایی "ماسوێ"دەبێ. دەڵێ من پێشمەرگەم و رە فیق میرزا مستەفام - یانی (من) لەوێ ناوم میرزا مستەفا بوو. تکایە دەمانچەکەتم دەیە هەتا شاویران دەچم. ناوبراویش لەو ئینسانە هەرە باش و بێ فێڵ وساکارانە بوو، بڕوای پێ دەکا. زۆری ڕیز دەگرێ و دەمانچەیەکی لامە دەستی نیوێ، دەسك سپی هەبوو وەکوو قەترانی ڕەش، پیاو دڵی نەدەهات وەکوری خۆی بدات هەتا دەرێی بەری! دەیداتیو دەڕوا، تومس ئەو هەتیوە ساختە چییە، کچی سوفی وسینی- خەڵکی ئاوایی ماسوێ کە، ماڵیان لە هەوار دەبێ دەچێتە ماڵیان، فریوی دەداو کچەی هەڵدەگرێ و دەگەڵ دەمانچەی سەید ڕەسوڵ دەرفێنێ!. ئیتر ئەو جەرەیانە نەقڵەکەی زۆر دوور ودرێژە، وازی لێ دێنم، با لە بابەتەکەی خۆمان دوور نەکەوینەوە.

لە ماوەی کەمتر لە مانگێك دا ئێمە توانیمان بە ماڵ و خێزانەوە بگەڕێینەوە قەندیل. ماڵەکەمان لەگەڵ ماڵی خزمانکە، دەهاتن بۆ کوێستان هێنا بوو لە کوێستان حاجی برایم، گیرسابووینەوە. لە بەد شانسی ئێمە،گەڕانەوەی ئێمە بۆکویستانی قەندیل ـ "حاجی برایم" هاوکات بوو لەگەڵ شەری هەندرێنی **١٩٦٦**. حکومەتی عیراق، هەرچەندی هیزی هەبوو، زەوینی و هەوایی، گشتی خستبووە سەر دوڵی باڵەکایەتی، بەگومانی خۆی دەیویست هەر چۆنێك بێ ئەو "گەروگایە" بگرێتەوە. بە تایبەتی بە هێزی هەوایی، دەورو بەری "مامەرووت" کە جێگای ئیسگەی دەنگی کوردستان- ڕادیوی شۆڕش بوو،و سنوری ئیران کە مالیمەلا مستەفای لێ بوو، لە کازیوەی بەیانەوە هەتا تاریکانی ئێوارە، بە فڕۆکەکانی ئەو مەڵبەندەیان بۆمباران دەکرد. ئیدی باسی جەبهەکانی زۆسك و هەندرێن ناکرێ کە، تەواوی شەو ڕۆژ ئاگری بە سەر دا دەباری. بە ڕۆژ لەبەر بۆمبارانی فروکان، ناوچە باڵەکایەتی چۆل دەبوو، تەنیا شەوانە هاتوچۆ دەکراو بەس. دوای دوسێ ڕۆژ عەجەم گوتی:

من دەچم بۆ لای دەربەند بزانم کاك سەدیق لەکویە! عەجەم بە دۆلی حاجی ئومەران دا، بە قەراخی رووباری دا، بەرەو "ڕایاتو دەربەند" داپەڕیە خوار سی چوار

ڕۆژی پێچوو، کاتێ گەڕاوە گوتی:

هەتا گەلاڵە چووە، لە هیچ کوێ بە ڕۆژ ژینەوەر بە دەروە نیە، هەموو گوندەکان چۆل بوونە، خەڵك بەگشتی لە چۆلو چیانە. تەنانەت بنکەیەکی پیشمەرگە لە شوێنی خۆی نەماوە. دەربەند بە تەواوی چۆلە، تەنیا شەوانە ئاوەدانێکی کەم لە سەر جادە دەبینی و بەس، ئیدی کە رووناك داهات خەلك هەمووی لە ترسی فڕوکان، لە حاشارگەکانیان دا، خۆیان دەشێرنەوە. هەرچەندی پرسیارم کردووە کەسی وام دەست نەکەوتووە کە ئاگاداری لە سەر کاك سەعیدو کاك سەدیق هەبێ، بەکورتی سوارخی بۆنەکرابوو، بە بێ ئاکامی گەڕابۆوە. زیاتر لە دە ڕوژ ئیمە لەو کویستانە ماینەوە. مانگی جۆ زەردان بوو، لەوەڕگەی کوێستانان بەرەوە تەواو بوون دەچوو، خزمەکانیش دەگەرانەوە بۆ ئاران. دوایی، رۆژێك گوتم: من بە دۆڵی "ئێنێ و موژدەدینان" دا، دادەپەرمە خوار بۆ لای ناوپردان و ئەو ناوە، بەلکوو بتوانم کاك سەعیدکویستانی، یونس، کە لەو ناوانەن، بیان بینمەوەو سۆراخێکیان بکەم. دەزانم کاك سەدیق دەگەڵ ئەوانە یە! ئیدی من داپەڕیمە خوار بە دوڵی خۆشکان دا هاتم هەتا گەیشتمە شێخان. لە کویستانی حاجی برایمەوە هەتا شێخان، چاوم بە دەکەس نەکەوت. کاتی گەیشتمە شێخان پاش نیوەڕۆ بوو. ئەوەندەی دەرێگادا بووم بێ نێوەبڕ، تەیارە دەهاتن، و هەر ژێنەورێکی بەدیان کردبا تەقەیان لێ دەکرد. دۆڵی خۆشکان و ئێنێ، ئەو دم زۆر پڕدارو چڕوقەوغا بوو، پیاو بە هاسانی دەیتوانێ لە نێو دارو دەوەنان دا خۆی حاشاردا.

چومە بنکەی "شێخان" بنکەی سەرەکی کاك ئەحمەد تۆفیق. چەند کەسێکی لێ بوو. ئەوانەی لەوێ چاوم پێکەوتن، بریتی بوون لە:

١- مام حسن حەوتەوانە، ٢- مام سوارەسکر، ٣- مەلا عەبدوڵلای سەرباز، ٤- مستەفا خاڵە. وا بزانم دوو پێشمەگەشی لێبوون ناوەکانیانم لە بیر نەماوە. دەگەڵ مام حسن چاك و خۆشێکی خەستمان پێکەوە کردو حاڵو ئەحواڵ پرسی دۆست و هاوڕیانو... گوتی:

کاك خالیدی حیسامیش لەو کونە دایە لە ترسی تەیارە خۆی شاردۆتەوە.

دانیشتین، هێندە پێ نەچوو، خەریکی چای خواردنەوە بووین، دوو تەیارە هاتن لە دەورو بەری کوسرەتان کردیان بە تەقە. لە بەدی شانسی کاك خالیدی حیسامی، بنکەی شێخان سەگێکیان هەبوو، لەو کاتەدا کە تەیارە کان تەقەیان دەکرد؛ سەگەش دەستکرد بە وەڕین!

ئیدی کاك خالیدی حیسامی ئەوەندە قەلس بوو، لە دین دەهری ببوو، و یەك بە خۆی لە کونەکە دا، دەینەڕاندو جنێوی دەداو "شورتوشوێی" مام حسن حەوتەوانەو پێشمەرگەکانی دەرهێنا، کە سەگەکەیان هەیەو دەوەڕی‌و شوێنی کاك خالید ئاشکرا دەکا!

کاك خالید، خۆی، زاتی ئەوەی نەبوو، بێتەدەر بەڵام بەو دەنگە زلەی خۆی دەینەڕڕاندو جنێوی دەدا، ئێمەنەمان دەدیت هەر جنێوەکانیمان دەبیست! مام حسن دەیگوت:

بێ بەڵابی، سگەکەت لە جێگای خۆی دەرپەڕاندووەو شوێنەکەت لێ زەوت کردووە؛ دەربەدەرو ئاوارەت کردووە؛ هێشتا نارازی و جنێویش دەدەی؟

ئیتر من کاك خالیدم نەدیت ئەوە ندەی من لەوێ بووم لە کونەکەی نەهاتەدەر! بە هەرحال لە شەری هەندرێن دا فڕۆکە بۆمبا هاوێژەکانی عێراق، زیادتر لە حەوتوێك ڕادیوی شۆرشیان "لە مامەڕووت" بۆمباران کردبوو. ئیتر کاك خالید لە ژێر بارانی بۆمباو ساروخان دا، (اعصاب) ئەوەندەی تر ورد ببوو. بە وتەی خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژار: «ئەو تەیارە... وەزعی کاك خالیدیان ئەوەندەی ترلێ تێك داوین!» ...

کاك مەلا عەبدوڵلای سەربازو مستەفا خاڵە، میوانی بنکە بوون. یەکەمجار بوو چاوم بە کاك مەلا عەبدوڵلای سەرباز دەکەوت. دیارە ناویم بیستبوو، و تاڕادەیەك لە دوورەوە دەمناسی. کاك مەلا عەبدوڵلا پرسیاری ناکۆکی کاك ئەحمەد تۆفیق و کاك سەدیق لێکردم. ئەوەندەی لە بیرم ماوە نەچوومە نێو باسی ناکۆکیانەوە، گوتم:

بە ڕاستی من ئاگاداریم نیە، لەوەی کە عەرزم کردووی زیاتری لێ نازانم. لەگەڵ مام حسن زۆر دۆست بووم، مام حسن، ئەوەندەی ساکارو سادەبوو ئەوەندەش زەحمەتکیش بوو بۆ کوردایەتی. ئیتر لای ئەوان باسی کاك سەدیقم نەکرد. من

هەرگیز، هیچ جۆرە موشکیلەو ناڕەحەتی و دڵ ئێشێکی تایبەتیم، لەکاك ئەحمەدو تاقمەکەی نەبووە!

هەتا نزیك ڕۆژئاوایەکی درەنگ، لە بنکەی شێخان مامەوە لە تاریکانی ئێوارە دا لەگەڵ مستەفا خالە، هاتمە سەر جادەی ناوپردان. ناوپردان بە ئیستلاح نەخۆشخانەی لێ بوو هەرماشێن بوون برینداریان دەفراندن بۆ پیرانشار. شۆرش، چەند دانە ریویی ئەرتەشی ئیرانی هەبوو کە هەمیشە لە هاتوو چۆی دیوی ئیران و باڵەکایەتی دابوون. من لە ناو پردان سواری ریوی جورج بووم بۆ دەربەند.، کە هاتمە دەربەند، ئیدی دەربەندی جاران نەبوو پەپووي لێ دەخوێند! قاوەخانەکانی چۆل کەسیان لێ نەبوو. سواری ماشێنێك بووم هاتم بۆ سێ ڕێیانی خەلان.

کاتێ گەیشتمە خەلان شەو بوو، لە نزیك ساباتی خەلان تووشی مام چووکەڵ - خدرە شەل بووم. سلاوم لێکرد وەلامی دامەوە بەلام هەر بە چۆکی خۆی دادەداو دەیگوت:

«ماڵم خرابوو...!»

پرسیارم کرد، مام خدر چ ڕووی داوە وا ناڕەحەتی؟

گوتی: چۆن نەتزانیوە، تەیارە لە ماڵی دام، ماڵەکەی خراپ کردم، ژنەکەی کوشتمو...!؟

مام خدر ئەوەندە نارەحەت بوو لە خۆم ڕانەدی پرسیاری کاك سەعید کویستانی و کاك سەدیقی لێ بکەم. هەروا دەهاتین، خەلان دەکری بلێین بەشی هەر زۆری چۆل بوو. لە سەربانێك گوێم لە دەنگی فەقی مستەفاو مەلابرایمی برای بوو. فەقی مستەفا پێشمەرگەی حیزب بوو، دەگەڵ مەلا برایمی برای، ماڵەکەیان هینابووە خەلان. بە هۆی شەرو بۆردمانی فرۆکان، خیزانی نارد بۆوە دیوی پیرانشار، خۆشی لەگەڵ مەلابرایمی برای لە خەلان مابوونەوە. کە نزیك بوومە کاك سەعیدکوێستانیش لەوێ بوو. ئیدی دڵم خۆشبوو لە مەبەست نزیك دەبوومە.

دوای چاك و چۆنی دەگەڵ دۆستان، -کاك سەعید و فەقی مستەفاو مەلابرایم و مام خدر هەتا درەنگانێکی شەو لە سەربانی دانیشتین. مام خدر بە ڕاستی ماڵی ویران

ببوو. ژنەکەی تەیارە لێی دابووکوژرا بوو؛ کۆنە ژنەکەی "خات زێڕن"، کاتێ زانیبووی لە مهابادەوە هاتبوو، منداڵەکانی کە دوو کچۆڵەی سێ ساڵو نیو و حەڤدە هەژدە، مانگانە، بوون دەگەڵ خۆی بردبوونیەوە بۆ مهاباد. ئەو جارە مام خدر ئەوەندەی تر پەرۆشی کچۆڵەکانی بوو.

دوای رۆیشتنی مام خدر لەگەڵ کاك سەعید دەستمان کرد بە قسەو باسان... پرسیاری کاك سەدیقم لێکرد. گوتی:

« پێش ئەوەی حکومەت هیرش بێنێ بۆ سەر هندرێن، من و شیرزاد، دەگەڵ کاكسەدیق بەرەو قەسرو دیلمان چووین، کاك سەدیق گوتی دەیەوێ چاوی بە مەلا مستەفا بکەوێ. بە هۆی ئەوەی مەلا مستەفا کاتی نەبوو ناچار بوو کە ڕاوەستێ. کاك سەدیق گوتی لە مێژە کاك هەژارم نە دیوە بابچین سەرێکی بدەین. ئیمە چووین بو لای مامۆستا هەژارو دوایی هاتین بو لای کاك خالیدی حیسامی لە ئیسگەی رادیوی دەنگی کوردستان... کاك سەدیق دەبوا چاوی بە مەلامستەفا کەوتباو مەلا مستەفا کاتی نەبوو؛ ژوورەکەی کاك خالیدیش زۆر چووکە بوو، جێگای خەوتن مان زۆر تەنگ بوو. کاك سەدیق، بە ڕەچاو کردنی تەنگی جیگا، گوتی:

ئێوە- من و شیرزاد، بڕۆنەوە من جاری لای کاك خالید دەبم کە چاوم بە مەلا مستەفا کەوت، خۆم دێمەوە! ئیتر ئیمە هاتینەوە دەربەندو دوایی بومبارانی نەپساوەی فڕۆکەکانی عیراق دەستی پێکرد.کەس نە یتوانی لە گوندی دەربە ند خۆی بگرێ؛ گوند چۆل بوو ئێمەش بەرەو ڕایەت و دوڵی ئاڵانی هاتووین. ئەوە نزیکەی چەند حەوتوویە ئاگربارانە پیاو بۆ هیچ کۆی سەرەدەر دەرناکا، هەر چەند من چوومەتە گەلاڵە پرسیارم کردووە بەڵام هەتا ئێستا خەبەری نیە!»

پرسیاری شێرزادم کرد گوتی داوای لیکردم ئیجازەی بدەم، بۆ ماوەی چەند رۆژێك بچێتەوە ئەو دیو، منیش گوتم بچوو بەڵام وریای خۆت بە...

ئەو شەوە لە خەلان نووستین بۆ بەیانی دەبوا لەبەر بۆمبارانی فڕوکەکانی عێراقی پیش تاوهەلات، گوندی چۆل کەین. ئەوە ڕۆژە بەیانی تەیارە نەهات. دەگەڵ جەماعە تێك لەوانەی بە ئیستیلاح سەڵتە بوون - ماڵ و منداڵیان ئاوای دیوی

سنوری ئیران کردبووە، هەموومان لە نێو باغەکانی خەلان دا ماینەوە. ماوەیەکی زۆر بە قسەی خۆشی سەید حەکیم مان بردەسەر. هێندەی پێ نەچوو شیخ عەبدوڵلاش هات. رادیو مان پێبوو، دەوروبەری نێو ڕۆیە بوو، بەیانی عبدالرحمن بزّازو بارزانی لە سەر وتوویژ دەرچوو. ئیدی بوو بە وتوویژ. کاك سەعید پێشنیاری کرد، گوتی:

ئێستا کە ماڵ و خێزانت هێناوەو شەڕیش وەستاوە ماڵەکەت بێنە ئیرە. گوتم ئەدی خانوو؟

گوتی ئێستا خانوێك لە شیخ عەبدوڵلای دەستێنین. کاك سەعید هەر لەوێ دەمو دەست چووە لای شیخ عەبدوڵلا داوای خانوێکی لێکرد بۆ من. شیخ منی نەدەناسی گوتی :

کاك سەعید ئەو برادەرە لە هاوڕێیانی ئێوەیە؟ عەیب نەبێ ناوی چیە و چ کەسە؟ کاك سەعید گوتی:

ناوی مەلا پیرۆتە؛ و باوکی لە مریدانی خۆتانە! ئیدی لەو دەمەوە ناوی مەلا پیرۆتم بە سەردابڕا! خەلان چۆل ببوو خانووی بە تاڵی زۆر بوو. لە خوار خانەقایە دوو ژووری چووکەی دامی ساڵی بە ٧دیناران ئەوەندەی خوا حەز دەکا ناخۆش بوون. خانوومان گرت، دڵمان خۆش بوو...

کاك سەعید گوتی تۆ بڕۆ ماڵەکەت بێنە، منیش دەرۆم بۆ خواری وەدوای کاك سەدیق دەکەوم لەبەر بۆمباران داخوا لەکوێ گیرساوەتەوە! هەتا تۆ مالەکەت دێنی منیش لەوانەیە کاك سەدیق دەبینمەوەو دەگەڕێنەوە ئیرەو...

بەرەوکویستانی حاجی برایم گەڕامەوە. ماڵی کاك ئەحمەدی خاڵەی ئاوەدان بێ، بارەبەر و پیاویان دایێ کەمولکە کەلوپەلێکمان بوو بۆیان بارکردین بۆ خەلان. ئێستا کە نزیکەی ٣٦ساڵ بە سەر ئەو رووداوەدا تێدەپەڕێ یادی پیاوەتی کاك ئەحمەدی خالەیو مروڤایەتی کویخاژن کە زردایکی بوو، ئیستاش لە دلم دا هەر بە زیندوویی ماوە. ئەگەر ماون یادیان بەخێر بێو ئەگەر نەماون بەهشتیان جێ بێ!

دوای ئەوەی کە مالەکەم هێنا بۆ خەلان، کاك سەعیدکە بە شوێن کاك سەدیق دا ڕوییشتبوو، دوای چەند رۆژ هاتەوە.گوتی چۆتە لای ماموستا هەژارو کاك خالید.

ماموستا هەژار دە لێ لای کاك خالید بووە. لەکاك خالیدم پرسی کاك سەدیق چی لێهات بۆکوێ چوو، لای تۆ بوو، قەرار وابوو دوایی بچێتە لای مەلا مستەفا چی بە سەرهات بۆ کوێ چوو؟

:کاك خالید:

«لێرە بوو، بەیانی دوای نان خواردن، گوتی: هێندێکم توتون بۆ دەکیسەکەی کە، دەچمە ژێر ئەو دارانە لەوێ خەرێکی خوێندنە وە دەبم، دوایی دێمەوە. چاوەڕوان بووین، بۆنان خواردنی نیوەرۆش نەهاتەوە وامزانی گەڕاوەتەوە بۆ دەربەند؟!...»

کاك سەعیدگوتی چوومەتەگەڵالە، هەرکەس کە ناسیومە پرسیارم لێکردووە، بە داخەوە بێ سەرو سوراخە. هەواڵم داوەتە کاك فایق ـ سولەیمان موعینی، کە کاك سەدیق بێ شوێنە!

ئەو دەم کاك سولەیمان لە سونێ دوور خرابۆوە بۆ "دۆڵە ڕەقە" کاتێ هەواڵەکەی پێ دەگا دوای دوو ڕۆژ لەگەڵ کاك عەبدوڵڵا و مونتەقیمو مەلاقادرو برادەرانی تر هەموویان هاتن بۆ باڵەکایەتی. مانگی جۆزەردانی ١٣٤٥هەتاوی بوو. سەری هەموو شوێنێکی دابوو. چوو بووە لای مامۆستا هەژارو کاك خالید؛ هەر چۆنیان بەکاك سەعید گوتبوو، هەر بەو جۆرەشیان بەکاك فایق گوتبوو. سەری مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی دابوو، بە داخەوە خەبەرێکی دەست نەکەوتبوو؟

کاك سولەیمان گوتی: نەماوە! هەرچی بە سەری هاتبێ کاری ئەحمەد تۆفیقە!

ئێمە، بە تایبەتی خۆم، وام بیر نەدەکردەوە، پێم وابوو بە دەستی ساواکیان رفاندویانە بۆ ئیران؟

کاك سولەیمان گوتی:

«کاکی خۆم ئێوە نازانن ! ئەحمەد تۆفیق، هاورێی خۆم بووە من دەزانم چ جینایەتکارێکە! هەرچی بە سەری هاتبێ دەستی ئەحمەدی تێدایە! بە هەرحاڵ دە بێ زۆرتر هەوڵ بدەین بەڵکوو سەرە هەودایەکمان دەست کەوێ. گوتی ناردومە بە دوای کاك حەمەرەسولی باوکی سەدیق دا.»

دوای دوو ڕۆژ کاك حەمەرەسول گەیشتێ. کاك فایق شەوێك دەگەڵ خۆی بردی

بۆ بارەگای بارزانی، نامەیەکی بۆ نووسیٚ بیداتە مەلا مستەفا. بەداخەوە ڕیگای پێ نادرێ دەڵێن بارزانی میوانی هەیە، نامەکەیان لێ وەرگرتبوو، مە لا مستەفا، بە خوالیخۆشبوو کاك ئیدریس بارزانی دەڵێ بەو جەرەیانە ڕابگە!. بەهەرحال ئەو شەوە کاك حەمەڕەسولٚ چاوی بە مەلا مستەفا ناکەوێ، بەڵام کاك ئیدریس دێتە لای، بەکاك حەمەڕەسولٚ دەڵێ مامە سەرۆك بارزانی دەستوریداوە، ئیمە تەحقیقات دەکەین ئیشاڵلا کورەکەت وەدی دیت... کاك حەمەڕەسولٚ سوور دەبێ لە سەر ئەوە کە، دەبێ بارزانی ببینێ.

کاك سولەیمان چەند ڕۆژ بوو لەو ناوە بوو. لە هەمان کات دا هاتوو چۆی کار بە دەستانی ساواك بۆ بارەگای بارزانی و مەکتەبی تەنفیزیو... کارێکی ئاسایی بوو، نەدەکراو بواری ئەوە نە بوو بە زەقی خۆی لە هەموو شوێنێك نیشان بدا. کومەلێکی کەسانی وەکوو کاك عەبدوڵلای موعینی، مونتەقیم قازی، مەلاقادر لاچینی، مەلامەحمود زەنگەنەو چەند پێشمەرگەی تریشی دەگەڵ دا بوون. کاك سولەیمان بە منی گوت سبەی مەلا مستەفا دێتە خەلان، بڕیارە وەفدی حکومەتی عیراق بێن بۆ وتوویژ. ئەگەر هیممەت بکەی کاك حەمەڕەسولٚ دەگەڵ خۆت بەری، لە نزیك شوێنی وتووێژەکە ڕاوەستی هەتا بارزانی لە وتوویژ تەواو دەبێ و دێتەدەر، بەڵکوو بتوانێ چاوی بە بارزانی بکەوێ ئەوە باشترین تەگبیرە. خۆت دەزانی ناکری من بێم و خۆم نیشان بدەم. گوتم بان چاو ئەوە کارێك نیە!

لەگەڵ کاك حەمەرەسولٚ هاتینەوە ماڵی ئیمە. ئیدی خەو و خۆراکان نەبوو. لە هەمووی ژیانی خۆم دا تووشی نارەحەتێ وەها نەهاتبووم. من خۆم هیچ، خیزانم لە من و کاك حەمەرەسولٚ دلٚکول تر بوو. بە هەرحالٚ هەتا بەیانی لە مالٚ بووین. بەیانی، پێش ئەوەی هێلی کوپتێری وەفدی عیراقی بگاتە نزیك قوتابخانەی خەلان، کە شوێنی وتوویژ بوو، لەگەڵ کاك حەمە رەسولٚ و مام چوکەڵلە پێش قوتابخانەکەی خەلان ئامادە بووین. دیار بوو مەلا مستەفا پێشتر هاتبوو. ئیمەگەیشتینە نزیك قوتابخانەو هێلی کۆپتێریش هات، نوێنەرانی عیراق دابەزین و پێشوازیان لێکرا، باش لە بیرم نەماوە، بەڵام وابزانم کاك ئیدریس هات بۆ پێش وازیان. ئیمەش لەگەڵ کاك حەمە

هەواڵنامەی پێشڕەو

رەسوڵ و مام چوکەڵ راوە ستاین هەتا وەفدی عیراقی و بارزانی لە کۆبوونەوەی وتوویژ بوونەوە. کاتێ ئەندامانی وەفدی عیراقی هاتنەدەر بڕۆن، بارزانی ڕەحمەتیش دەگەل وەفدەکەی هاتەدەر وابزانم ئەویش دەرۆیشت. هەتا نزیك ڕێگاکەی خەلان لەگە ڵیان هات. دەگەڵ کاك حەمەرەسوڵ نەختێ بەرەو دەرگای قوتابخانەکە چووین. بەلاّم دە میترێك دوور تر لەوان ڕاوەستاین. بارزانی خەریك بوو دەستی لە دەنان کاك ئیدریس و کێشکچیەکان دەوری بارزانیان گرتبوو. هەشت، نۆ میتر دوور بووین، بە حەمەڕەسوڵم گوت بڕۆ پێش. کاك حەمەرەسوڵ بەرەو بارزانی ڕۆیشت، کاك ئیدریس گوتی: مامەکارت بە کێ یە؟ بارزانی سەرنجی نەدابۆیە، ئیدی کاك حەمەرەسوڵ بە دەنگێکی نەختێ بەرزو بە ویقارەوە سێچوار میتر دوور لە بارزانی گوتی: سەلاموعەلێکم سەرۆك بارزانی!

بارزانی سەرنجی دایەو زۆر بەرێزەوە وەڵامی سڵاوەکەی داوە، فەرمووی: مامەکارت بە من هەبوو؟

کاك حەمەڕەسوڵ: خۆی ناساند. وادیار بوو کاتێ خۆی لە مهاباد، بارزانی دیتبوو. بە هەرحال بارزانی یان لە بیری نەمابوو، یان نەیویست، بچێتەوە سەر باسی ڕابردوو... کاك حەمەرەسوڵ ئەو جارە گوتی جەنابی سەرۆك بارزانی من بابی سەدیقم!

بارزانی: سەدیق کێ؟

: سەدیقی ئەنجیری ئازەر، ئەندامی ك. ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان. گوایە ماوەیەك لەوە پێش بە نیازی چاوپێکەوتن، بۆ خزمەت جەنابتان هاتووە، و میوانی کاك خالیدی حیسامی بووە لە ڕادیوی شۆرش، ئیتر لەو دەمەوە کەس چاوی پێی نەکەوتۆتەوە؛ و بێ سەرو شوێنە!

بارزانی: چەند شەو لە وە پێش هەر تۆ نەبووی نامەیەکت بۆ نارد بووم؟

گوتی: بەڵێ سەرۆك من بووم.

لەو کاتەدا کاك ئیدریس لە تەنیشت بارزانی ڕاوەستا بوو. بارزانی فەرمووی: ئیدریس! من نەگوتەتە!

گوتی بەڵێ ئەزبەنی، من پێم گوتووە کە، ئێمە تەحقیق دەکەین ئیشاڵلا کورەکەت

وە دی دێ و نارەحەت مەبەو...

(هەروەکوو پێشتر گوتمان: چەند شەو پێشتر کاك سولەیمان نامەیەکی لە زمان کاك حەمە ڕەسولّ بۆ بارزانی دەنووسێ و کاك حەمەڕەسولّ دەگەڵ خۆی دەیبا بۆ بارەگای بارزانی لە حاجی ئومەران. بارزانی کە نامەکەی دەخوێنێتەوە، دەستوور بەکاك ئیدریس دەدا کە بەو جەرەیانە ڕابگا...)

بارزانی زۆر بە میهرەبانی دڵی کاك حەمەڕەسوڵی داوە:

گوتی: مامە ناڕەحەت مەبە ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ دۆزینەوەی ئیشاڵڵا کورەکەت وەدی دیت و پێك شاد دەبنەوە و...

کاك حەمەڕەسولّ گوتی:

«جەنابی سەروك بارزانی! لە ڕۆژێ دا دەیان پێشمەرگە دەبنە فیدای رزگاری کوردستان، خوێنی کوڕی من لە خوێنی ئەو پێشمەرگانەی کە شەهید دەبن گەش تر نیە. ئیستا ئەگەر لە جەبهەی شەهید با ڕاستە جەرگە پەرۆشم دەبوو، بەلام شانازیم پێوە دەکرد! جەنابی سەرۆك بارزانی! دەمەوێ شتێکت عەرز بکەم:

کوڕی من ئەوەندە لەگەڵ خودای خۆی و کوردستان پاکە، (لەو کاتەدا رووی چیای "کەوشان" بوو قامکی بۆ ڕاداشت.) گورگی ئەو شاخانەش نایخون! کوری من هەرچی بە سەری هاتبێ بە دەستی عەبەی ئیسحاقی ـ ئەحمەد تۆفیق، لە بەین چووە! چوونکە ئەحمەد تۆفیق جینایەتکارێکی بێ بەزەیە! و...»

بارزانی دیسان زۆر بە مێهرەبانی دڵی کاك حەمە ڕەسوڵی داوە. هەرچەند ماشینەکان و کاك ئیدریس و جەماعەت هەموو ئامادەی ڕویشتن بوون بەرە و حاجی ئومەران، بەلام بارزانی خۆی وا نیشان نەدا کە بگەیەنێ، پەلەی هەیە، زۆر بە ئاسایی و لە سەرخۆیی گوێی بۆ کاك حەمەڕەسولّ گرتبوو!

ئەوەی زۆر سەرنج راکێش بوو بەتایبەتی بۆمن، شەهامەت و ویقارو لە خۆرادیوی کاك حەمەرەسولّ بوو. ئەو خوالێخوشبووە، لە کاتی قسەکردن دا لەگەڵ بارزانی، بە پێچەوانەی پیش چاو پێکەوتنی بارزانی کە، هەمیشە دەکوڵی و فرمێسکی دەهاتنە خوار؛ فرمێسکی چاوانی وشك ببوون بە جێی خۆی، ئەوەی پێی دەلێن «خۆ

بە چوك گرتن» یەك زەڕڕە بە روخساری ئەو پیرە مێردەوە دیار نەبوو! زۆر ئازایانەو بە ڕاشكاوی دەگەڵ بارزانی دوا، و سكاڵای خۆی كرد! دوای تەواو بوونی قسەكانی، سەرۆك بارزانی دیسان گوتی:

مامە نارەحەت مەبە ئیشاڵڵا بەو زووانە دەگەڵ كوڕەت بە یەكتر شاد دەبنەوە..!

بەو جۆرەی دیداری كاك حەمەڕەسوڵ لەگەڵ مەلا مستەفا، دوایی پیهات. دەگەڵ مام چوكەڵ وكاك حەمە ڕەسوڵ، گەڕاینەوە ماڵ. دوایی كاك حەمەرەسول مان بە كۆڵەبارێك خەم و پەژارەوە، بەكوڵی دڵەوە، بە چاوی تەڕەوە؛ بێ هیوا، ئاوای سنوورمان كردەوەو مالاوایی مان لە یەكتر كردو ئەو ڕۆیشت، ئێمەش بەخەمباری گەراینەوە. بە وتەی خۆی: كە چۆوە «چ وە لامی پرسیاری ئەو پیرێژنە بداتەوە؟ جلكەكانیشی دەست نەكەوتنەوە بیانباتەوە بۆ پیرێژنێ بۆنی پێوەكا، سوكنایەكی دڵی پێ بێتی»!

هەوالنامەی کتێب

﴿كاك سەدیق ئەنجیری ئازەر، ئەو مرۆڤە فرشتە ئاسایە، بێ سووچ وتاوان، بێ سەرو شوێن كرا؟ جینایەتكارانی سەردەم، دەرفەتیان لە هەستی مرۆڤ خوشەویستی ئەو مرۆڤە سادق و بێ فێڵە وەدەست هینا؛ ناوبراو كە بەنیازی چاو پێ كەوتنی سەرۆك بارزانی، دەچێتەی لای دیلمان و لای مامۆستا هەژار. دوایی دەچێتە سەردانی كاك خالیدی حیسامی، لە ڕادیوی دەنگی كوردستان، میوان دەبێ و لەوێڕا، بە دەستی جینایەتكارانی سەردەم بێ سەرو شوێن دەكرێ؟ دوای بێ سەروشوێن كرانی، نەكەس گوێ دا بە سكاڵای باوكی پیری، نە دادگایەك دادی پرسی؛ وەكوو بەردی بن گۆمێ ئاو و ئاو چوو؟

وەكوو دە لێن: ئادمیزاد كە خوو و ختەی مرۆڤایەتی فرێدا، لە گورگی برسی و هەموو دڕندەیەكی سامناك، سامناكترە! باسی جینایەتكارەكان ناكەین، چوونكە ئەوانە، بە مانای وشە، جینایەتكارن،و تەنیا دەسەلات و دادگایەكی خاوەنسەلاحییەت دەتوانێ لە تاوانەكانیان بكۆڵێتەوە و سزایان بدات!

بەڵام، لێرە دا، گازندەو لۆمە بەر ئەو كەسانە دەكەوێ كە لە نزیكەوە، كەم زۆر شایەدی ئەو جینایەتە سامناكە بوون، یان بە شێوەیەك ئاگاداری ئەو تاوانە نەبخشراوە بوون، یان لانیكەم كەسایەتی كاك سەدیق ئەنجیری یان ناسیوە، و لە ئاستی تاوانی ئەو جینایەتكارانە كە بەو جۆرەی باسمان كردووەو دیسان هەرلە سەری بەردەوامین؛ بێ دەنگ بوون. داخوا بێ تەفاوەتی نیشان دان نیشانەی لاوازی هەستی مرۆڤایەتی نیە؟

جێگای خوێیەتی ئەگەباسی ئەوانە بكەین كە، لە كاتی ژیانی دابە ڕواڵەت هاتوچۆو، دۆستایەتیان لەگەڵ كاك سەدیق بوو، و ناوبراو لە سۆنگەی میوانداری ئەوان دا، بوو بە قوربانی وسەر بە نیست كرا!؟ دەڵێن :"مێژوو كەڕو كوێرە!" بەڵام داخو، تاوان و جینایەت و هەر ڕوو داوێك كە ڕوو دەدا بۆ هەمیشە پووش بە سەر دەمێنێ و دوایی كەسی ئەوتۆ دەست ناكەوێ لە ژێر پەردەی فەرامۆشی بیهێنێتەدەر، و لە قاوی بدات و بە شێوەیەك بێداتە بەرباس كە بۆ كەسانی لێكۆلەرەوەی خاوەن دەسەلاتی زانیاری، ببێتە جێگای پرسیار؟

كاك سەدیق ئەنجیری ڕوناكبیرێكی خاوەن دەسەلاتی قەڵەم و لێكدانەوەی سیاسی بوو. لە كۆنگرەی دوو٢دا دوای ئەوە كە بەئەندامی ڕێبەرایەتی هەڵبێژاردرا، لە بەرامبەر بۆ چوونە هەڵەكانی كاك ئەحمەد تۆفیق دا، ڕاوەستا و بە شێوەیەكی سیاسیو ماقوڵانە نەزەرو كردەوە چەوتەكانی ناوبراوی ڕەد كردنەوە. بەرگری لە كۆماری كوردستان و رێبەرایەتیەكەی، وەكوو پێشەوا هاواڵەكانی و گشت ڕێڕەوانی ئەم رێبازە كرد! دەركردنی كادرەكانی وەكوو شەهید مەلا ئاوارەو قادر شەریف و... بە نارەوا، زانیو نوێنەرانی كۆنگرە بۆ چوونەكەی ناو براویان پەسند كرد، و تەون و بەستەكەی كاك ئەحمەد تۆفیق یان پووچەڵ كردەوە. دوای كونگرە ش كە، كاك ئەحمەد تۆفیق بەیاننامەی كۆتایی كۆنگرەی ٢ ی لە سەر ئیرادەی شەخسی خۆی؛ نووسیو بڵاوی كردەوە، و ئەو هێرەشە ناڕەوایەی كردە سەر رێبەرایەتی كۆماری كوردستان و...، مەبەستی لە ڕاوەستان لەبەرامبەر ئەو كردەوانەدا تەنیا، بەمەبەستی خزمەت بە كوردو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی بوو، ئەگینا هیچ جۆرە وردەحیسابی تایبەتی و شەخسی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق نەبوو! كاك سەدیق ئەنجیری، لە بەرامبەر

هەوارنامەی كتێب

هەلەکانی کاك ئەحمەد دا بە مەنتیق هەلۆێستی دە گرت، نەك بەمل ئەستوری! ئەو کردەوە شۆڕشگێڕانەی کاك سەدیق بوو بە هۆی دلگەرمی لە نێو زۆربەی کادرەکانی حیزب دا، دەتوانم بلێم بوو بە جێگای ڕزامەندی و هیوای دوا ڕۆژ!

دوایی لەسەر مە سەلەی تەشکیلات و گەڕانەوەی جەماعەتی ناڕازی لە شێوە سیاسەتی کاك ئەحمەدو کۆمیتەی ساخکەرەوەدەمەتەقە کەوتەنێوان، و کە ئاکامەکەی بوو بە زیز بوون و ئیستیفای ناوبراو... هەر وەکوو لێرە دا پێشتربەکورتی باسی لێکراوە!

داخوا ئەو هەلۆیستە ڕەواو مرۆڤ دوستانەی کاك سەدیق ئەنجیری، تاوانێکی ئەوەندەگەورە بوو کە دەبوا بەکوشتن سزای ئەو مرۆڤە خیرخوازو ئازادی خوازە بدرێتەوە؟

لێرە دا مەبەست ئەوە نیە ڕاستەو خۆ، کاك ئەحمەد تۆفیق، تاوانبار بکەم. من لێرە دا ڕووداو،و گوتراوەکان دەست نیشان دەکەم. داخوا کاك ئەحمەد تۆفیق، وەکوو لە بارەی دا گوتراوە: ئەگەر قاتیلی کاك ئەسعەدی خودایاری و کاك سەدیق ئەنجیری بێ؛ بۆ ئەوە دەبێ کە لە ڕیز قازی محەمەدو دوکتور قاسملو، دوکتور شەرەفکەندی ناوی ببرێ؟

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە ئازایەتی و غیرەتی ئەوکەسانەیە کە، ماوەیەك لەوە پێش کاك ئەحمەد تۆفیق وەك دیکتارو سەرەڕۆ، قاتیلی ئەسعەدی خودایاریو کاك سەدیق ئەنجیری ناساندووە؛ کەچی ئێستا لە ڕیزی شەهیدانی وەکوو پێشەوا قازی و دوکتورقاسملو، دوکتور شەرەفکەندی و... ناوی دەبەن؟ داخوا ئێستا چ موجیزەیەکیان چاو پێکەوتووە کە، دەیکەن بە شەهیدی کوردستان و لەڕیزی ئەو شەهیدانەی ناوی دەبەن؟!! و... ئەمە، یان ئەو؟

ڕچەو شوێنی ئەوانەی وەکوو قاتیلی کاك سەدیق ناسێندراون؛ بەکوێ دا تێپەڕدەبێ؟

لە بارەی چۆنایەتی کوشتن و بێ سەروشوێن کردنی کاك سەدیق چۆن باس دەکەن

و دەڵێن چی؟

- چەند رۆژێك دوای گەرانەوە ی کاك حەمە رەسوڵی باوکی کاك سەدیق، و کاك سولەیمانی موعینی بۆ "دۆڵەڕەقە". رۆژێك لە چۆمان لە پێش چایی خانەی شیخ ئەحمەد، دانیشتبووم، چاوەڕوانی ماشینم دەکرد بگەڕێمەوە بۆ خەلان. لەو کاتەدا، دوو ماشین لەندروەری پر بارزانی، هاتن لە چۆمان ڕایانگرت و سەفەریەکانی دابەزین. حەسەنی برازای کاك ئەحمەد تۆفیق لە لەندروەرێك هاتەدەر. کە سەرنجی داو منی دیت، هات بۆ لام و سلاوی کردو یەکترمان ماچ کرد. ش زیاتر لە ساڵێك دەبوو یەکترمان نەدیتبوو. دەستمان کرد بە حال و ئەحوالّ پرسین. ئەحواڵی کاك ئە حمەد تۆفیقم پرسیار کرد.

حسن گوتی من دەگەلّ کاك ئەحمەد نەماوم. دەگەڵم نە دەحاواوە! چەکەکەم بۆ جیّ هیشتووە، هاتوومەتەوە ماله مەلا مستەفای. من لەو کاتەدا،کاك ئیدریسم نەدیتبوو، هەتا کاك ئیدریس بانگی حسن نەکرد نەمزانی کە حسن لە ماشێنی کاك ئیدریس دابەزیوە. پرسیارم لیّ کرد نیازت هەیە چ بکەی؟

گوتی: هیچ من ئەوە جاریّ لە ماڵی بابی گەورەم ـ مەلا مستەفا! حسن زۆر بە پەلە بوو خوا حافیزی کردو لەگەلّ کاك ئیدریس بەرەو حاجی ئومەران ڕۆیشتن. ئیدی حسنم نەدیتەوە. دوای ماوەیك ئاشکرا بوو کەکاك ئیدریسی ڕەحمەتی، حسنی بردۆتەوە ئیران، و لای ساواك ئەمینی کردۆتەوە!؟

- کاك کەریمی حیسامی کە دوای شەهید بوونی کاك سە دیق و کاك سولەیمان و باقی کادرو پێشمەرگەکان دەگەرێتەوە بەغداو کۆنگرەی سیّ دەگیریّ و دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسی و زۆریش چالاك دەبیّ، و لە ساڵی ١٩٧٠دا، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئیران دە نووسیّ. بە سەرقافڵەی شەهیدان، قازی محمدی نەمرەوە دەست پێدەکا هەتا ئاخرین شەهیدی ئەو سەردەمە. تەواوی شەهیدەکان بە ناو و ناسنامەوە دەنووسیّ هێندێك لەوانەکە بە هۆی ناکوکی و دووبەریکی و... کوژراون، ئەوانیشی بە شەهیدی کوردستانی ناو بردوون. کەسانی وەها هەنە، تەنانەت ناوی نەزانیون و

نەیناسیون لە خۆیەوە ناوی لێ ناون و کردونی بە شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟ بۆ وینە بروانە کتیبی ناوبراو لاپەری٦٩ لە سەر کوژرانی کوڕەکانی ناسر بابۆڵی "کانیەڕەش" کە بە دەستی قادراغای "بابخالاوێ" کوژران، بە مام سمایلی ناو بردووە؟ شکم لەوە دا نیەکە ئەو کارەی خوالێخۆشبووکاك کەریم، کردویەو لە سەر شەهیدانی کوردستانی نووسیوە، کارێکی گەورەو شۆڕشگێرانەیەو جیگای دەستخۆشانەیە. بەلام ئەوەی دەبێتە جێگای پرسیار ئەوەیە کاك کەریم، ناوی کاك سەدیق لەریزی شەهیدانی کوردستان دا، بە ناسنامەو ڕابردووی سیاسیەوە، لەکتێبەکەی دا نەهیناوە؟

لە لاپەڕی کوتایی کاروانێك لە... دا، دەنووسی:

«دیارە لەو بارەوەش هەر دەرەتان نەبووە، کە بە تەواوی کارەساتەکان بخەمە ڕوو. بۆ نمونە لەم کتێبەدا، ناوی هەوالێکی زاناو تێکۆشەرو خەباتگێر(صدیق ئەنجیری ئازەر) نەهاتوە، کە یەکی لە هەوالەکانی زۆر بەنرخ و کۆڵنەدەرو زانای ئێمە بوو، وە بە زۆری و بە چەشنێکی هەراو قاوە، کە بە دەستەو دەسکیسی (ئەحمەد تۆفیق) عەولای اسحاقی کوژراوەو بێ شوێن کراوە. بەلام چونکە لام وابو ئەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، لە باسکردنی خۆم بواردووە.و...»

(؟)

دیسان خوا لێخوشبوو, کاك کەریم، ساڵی ١٣٥٩پیش گیرانەوە مهابادو چوون بۆ "شیلاناوێ" ئەو دەم لە مالەکەی کاك قادر شهابی دابوو ڕۆژێك چوومەلای، کەسمان لا نەبوو. لیرو لەوی قسەمان دەکرد، و هەڵیدایەگوتی:

مەلا محمد! دەزانی سەرەهەودایەکی چۆنایەتی کوژرانی سەدیق ئە نجیریم دەست کەوتووە؟

گوتم: چۆن؟

گوتی: «محمد میرزاعەولای دەگەڵ بووە ئیعتیرافی کردووە کە، دەگەڵ حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق بووەو سەدیق بە دەستی حەسەن کوژراوەو دواییش بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ بیناسێتەوە سەری بڕیوەو لە ڕووباری "وەسان"یان هاویشتووە!»

هەروەها گوتی:

«دوای ئینقلاب لە ئیتلاعاتی تاران، حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیقیان بانگ کردووە، و پەروەندەی کوشتنی کاك سەدیق ئەنجیری یان لە پێش داناوە کە، کاتی هاتۆتەوە ئێران، لە ساواك چۆنایەتی کوشتنی ناوبراوی ئیعتیراف کردووە. ئەوەم لە کەسێکی ئاسایی نەبیستووە!»

: باشە چ دەکرێ؟

گوتی: لەو هەلومەرجەی ئێستای کوردستان دا هیچ کارێك ناکرێ!

- کاك کەریم کە لە ساڵی ١٩٨٦دا هات بۆ سوید، دەستی کرد بە نووسینی بیرەوەریەکانی خۆی و رووداوەکانی کوردستان، بەتایبەت کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە سەرزۆربەی رووداوە کانی نووسیوە. لە بەرگی چواری دا، کەوتۆتە شوێن کوژران و بێ سەروشوێن کردنی کاك سەدیق ئەنجیری. نامەی بۆ کاك سەعید کویستانی و کاك حەمەدەمین سیراجی نووسیوە،کە ئێوە لە نزیکەوە پیوەندیتان بەکاك سەدیقەوە هەبووە لە جەرەیان دا بوونە ئەوەی لەو بارەوە دەیزانن و ئاگاداری هەن بۆی بنووسن. ئەوە وەڵامی کاك حمەدمین سیراجی یە کە لە بارەی کوژرانی کاك سەدیق ئەنجیری دا، بۆکاك کەریمی حیسامی نووسیوە:

«...لە گەڵ سوپاس بۆ وەڵام دانەوەی کاك حەمەدەمین سیراجی ئەوە دەقی نووسراوە کەی ئەو کە ١٩٨٩/١/٦ بۆی ناردوم:»

نامەی کاك حەمەدەمین سیراجی:

«... لە بارەی مەسەلەکانی داوات کردبوون. مەسەلەی کاك صدیق کە چۆن لە ناوچوە:

"شەهید سە دیق لە ساڵی ١٩٦٤چوە کوردستانی عیراق و لەو کاتەدا ئەحمەدی پێ فیدل کاسترۆیەك بوو. لە کۆنگرەی ٢ بە ئەندامی ڕابەری هەڵبژێردراو بۆ وتووێژ بە مەبەستی یەکگرتنەوە لەگەڵ شەهید سلیمان و شەهید نحۆ پاشایی کاك و ئەمیرقازی و ڕەشە لە لایەن کونگرەوە دیاری کران. پاش وتووێژو رێك کەوتن لە سەر چەند

خاڵ، دەستەی نوێنەرایەتی بە گشتی و کاك سەدیق و کاك سلیمان بەتایبەتی کەوتنەبەر پلارو هێرشی ئەحمەدەوە. شەهید سلیمان و کاك سەدیق و نحۆ لێی دوور کەوتنەوەو بە لای ئیمەی، قۆڵی پێشکەوتووی حیزب هاتن. ئەحمەد وەك تووڕەیی و زیزبوون ئیستیعفای کرد. هێندێ لە لایەنگرانی لەگەڵ خویی هەڵگرت و بنکەی شێخانی لە نزیك دەربەندی بالەکایەتی کردە ناوەندی کارو باری. مەودای نێوان دۆستەکانی دوێنێی ئەحمەدو بەرهەڵستەکانی ئەمڕۆی هەر لە زیادی دەدا. ڕاست لەو کاتەدا بەرەو "کانی ماسی" دوورخرایەوە. ئێمە هەوڵی بەستنی کۆنفراسێکمان دەدا کە دەسەڵاتی کۆنگرەی پێ بدرێ و سەرلە نوێ ڕابەری هەڵبژێرێتەوە. کاك سەدیق لە لایەك لەو هەوڵەدا بوو، پێوەندی بە ڕابەری پارتییەوە دەگرت (حبیب محمدکریم)و لە لای تر نەخشەی پێوەندی سازکردنەوە لەگەڵ دۆست و ناسیارەکانی ناوخۆی وڵاتی هەبوو. دوای دوور خستنەوەی ئەحمەد بنکەی شێخان بەکردەوە هی لایەنگرانی ئەحمەد بوو. لە ناو خۆی وڵاتیش مرادو چەند نوێنەری ئەحمەد تۆفیق بە تایبەتی لە "لاجان" خەریکی کۆ کردنەی یارمەتی و هەڕەشە لەم و لەو بوون. سوارە سەکر یەکێك لەو کەسانە بوو کە لەو پێوەندییە دا دەهات و دەچوو، تفەنگ و تەقەمەنیش لە بنکەی شیخانەوە دابین دەبوو. گویا کاك سەدیق ئەم مەسەلەی لە لای سەدیق ئەفەندی و فرانسوا درکاندووەو هەر لەبەر ئەمەش بوو سوارە سکر گیراو درواەتەوە بە ئێران. ئەم کارە بەگوێی ئەحمەد دەگاتەوەو تەنووری تووره یی دەهاروژێنێ و بڕیاری کوشتنی دەدا. حەسەنی برازای ئەحمەد جیبەجێ کردنی ئەم کارەی دەخرێتە ئەستو.

لە هاوینی ١٩٦٦دا تەنیا ٣ ڕۆژ دوای ئەوە کە لە لێوژە بە یەکەوە لەگەڵ کاك سەدیق و سالار و مەلاسەید رەحمان و سەعید نانی نیوڕۆمان خواردو ئەو بۆ دیتنی حبیب بەرەو قسر، جێگای ڕادیوی شۆڕش چوو، بوو بە دەنگۆ کە کاك سەدیق نانی نیو رۆی بە جێ هێشتووەو نەگەڕاوە تەوە. ماوەیەکی زۆر شایعەی سەیر سەیر لەم بارەوە بڵاو دەکرایەوە. پەیگیری و دواکەوتن بە دوای ئەم ڕووداوەدا، نیشانی دا، دوای ئەوەی حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق، لە جەماعەتی ڕادیوی شۆڕشی دوور

خستۆتەوەو بەرەو "وەسان" هەڵکشاون، ئیتر سدیق بەزیندوویی نەدیتراوەتەوە. حەسەن، گۆیا حاصل، محەمەد حەرەس و دوو سێ کەسی تریشی لە گەڵ بوە. کاك هەژار ئەگەر لە بیری مابێ و حاشای لێ نەکا، خۆی ساڵی ١٩٧١باسی چاو پێکەوتنی ئەحمەدو هەڕەشەو گوڕەشەی ئەوی کە ئەگەر وابێ و وا بکرێ، وەك سەدیق کە "تۆپاندوویەتی" بەر هەڵستەکانی تریشی "دەتۆپێنێ"

چەند مانگ دوای بێ سەرو شوێن بوونی کاك سەدیق، برادەرانی "حشع" لاشەیەکی سەر بڕاویان لە چۆم دۆزیبۆوە کە پێ یان وابوو دەبێ کاك سەدیق بێ.))*

*- بۆ ڕوون کردنەوە! کاك حەمەدەمین لەو کەسانە بوو کە بە لە ناوچوونی کاك سەدیق زۆر نارەحەتبوو و یەکێك بوو لەو کەسانەکە بۆ سەرو سوراخ کردنی، ئەوەی لە دەستی هاتووە هەوڵی بۆ داوە. نامەکەی کاك حەمە دەمین دوو هەڵەی لە بارەی تاریخی ڕووداوەکە تێدایە: تەحویل‌دانەوەی مام سوارە سەکرو ئەو وەرزەی کە لە لێوژی لای مامۆستا هەژار لەگەڵ کاك سەدیق چاویان بەیەکتر کەوتووە:

١- هەر وەکوو پەنجەمان بۆ ڕاکێشاوە کاك سەدیق لە مانگی بانەمەڕ دا لەگەڵ کاك سەعید چۆتە لای مامۆستا هەژارو کاك خالید، کە هاو کات بوو لەگەڵ چەند ڕۆژێك پێش شەڕە بەناوبانگەکەی هەندرێن.

٢- مام سوارە سەکر، لە هاوینی ئەو ساڵەدا، عەیامێك بە سەر بێ سەرو شوێن کرانی کاك سەدیق دا تێپەڕیبوو، کە رۆژێك لە چۆمان گرتیان و هەر لەوێ تەسلیمی ساواکیان کردەوە! من خۆم ئەو دەم لە خەلان بوو.

- هەروەها خوالێخۆشبوو كاك كەریمی حیسامی لە بەرگی چواری بیرەوەریەكانی دا لە لاپەڕی ١١دا دەنووسێ

«شەوی ١٩٨٩/٣/٢٦ لە شاری لین‌شۆپینگ لە ماڵی كاك حامیدی گەوهەری بووم مەلا حەسەنی ڕستگارو كەماڵی كەریمی و حاجی ئەحمەدی و دوو برادەری دیكە هاتنە ئەوێ. بەو سیفەتە كە مەلاحەسەن كاتی شەهید بوونی كاك سدیق ئەنجیری لەو ناوچەیە بوە و لەگەڵ جەرەیانی سیاسی ئەو دەم دابوە و دۆستی كاك سەدیق بوە بە دەرفەتم زانی كە باسی بێ سەروشوێن بوونی سەدیقی ئەنجیری لە ویش بپرسم. كاك مەلاحەسەن لە وەڵامی پرسیاری من دا گوتی: " كە خەبەری وون بوونی سدیقمان زانی وەدوای كەوتم. چوومەلای خالیدی حیسامی لە ڕادیوی شۆڕش.

چونكە سدیق لەكن خالید ئاغا نانی نیوەڕۆی خوارد بوو. خالید ئاغا گوتی: "سدیق لای من بوە. دوای نانخواردن كتێبێكی وەرگرتووە، چوە لەو سەرە بیخوێنێتەوەو ئیتر نەهاتۆتەوە. بەڵام ڕاستی نەدەكرد.

پاشان بڵاو بۆە كە حەسەنی برازای عەوڵای ئیسحاقی كوشتویەتیو گۆیا حاسڵ و ئەوانیشی لەگەڵ بوە. پێشتر دەمانچەیەك بە حەسەنی برازای عەوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) بوە كە دەمانچە مرۆڤێكی بەڕێزو ناسراوی كورد بوە."

لێم پرسی ئەو مرۆڤە ناسراوە كێیە من دەیناسم؟

مەلاحەسەن گوتی: "عەوڵای مام سەعیدی یە. جارێك لێشم پرسی ئەو دەمانچەی تۆ بۆ بە حەسەنی ئیسحاقی بوە؟ چرژا، تێكچوو، گوتی: "ڕاستە ماوەیەك دابووم بە حەسەنی ئیسحاقی"

مەلا حەسەن لە كۆتایی دا گوتی: " بی شك خالیدی حیسامی ئاگای لەكوشتنی كاك سدیق ئەنجیری هەیە". پاش وون بوونی سدیق ئەنجیری بابی هات بە دوای سەرو شوێنی دا وەدوای كەوتبوو بۆ كوردستانی عێراق و ناوچەی شۆڕش‌و چەند جار چووبوە لای مەلا مستەفا. بەڵام هیچ سۆراخی نەكرد بوو تا ئێستاش بە تەواوای ڕوون نەبۆوە كە كاك سدیق ئەنجیری بۆچی‌و لە سەرچی كوژراو سەر بەنیست كرا.؟»

* * * * *

## ڕووداوەچاوە ڕوان نەکراوکان، و گۆڕانی چارەنووسی ئەو بەشەی لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە کەوتنەبەر پەڵپ و پەلامار، لە لایەن پاراستنەوە؛ و کارەساتە دڵ تەزێنەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧هەتاوی!!

دوای ڕەوانە کردنەوەی کاك حەمەرەسوڵی باوکی کاك سەدیق بۆ دیوی ئێران، لەگەڵ کاك سەعید کوێستانی گەڕاینەوە لای کاك سولەیمانی موعینی لە دەربەند. جەرەیانەکەم بۆ گێڕاوە. ئیدی باسی پەژارە و ناڕەحەتی کاك سولەیمان و کاك عەبدوڵڵا و گشت برادەرانی کادر ناکرێ، بە ڕاستی ئەوەی پێی دەڵێن تازیە، هەمووەمان تازیەبار بووین. کاك سولەیمان گوتی با هێندێ پیاسە بکەین. لە دەروەی دەربەند، بەرجادە بووین بەرەو چۆمان پیاسەمان دەکرد. کاك سولەیمان پرسیاری لێکردم گوتی:

نیازت هەیە چ بکەی؟

داخوا دەتەوێ درێژە بە هاوکاری بدەی ؟

گوتم کاك فایق بە لێنت پێدەدەم ژیان و نەمانمان بەیەکەوە دەبیت، من هاورێی نیوە رێ نیم! کە وام گوت، کاك سولەیمان زۆری پێخوش بووگوتی:

«مەلا محەمەد مەرد بن، مەیدان چۆل مەکەن، ئێستا کە ئەحمەد تۆفیق... زیندووی مەکەنەوە! ئەگەر ئێوە هیمەت تان هەبێ بە لێنیتان دەدەمێ ئێمە سەرکەوتوو دەبین. کاکەگیان، سیاسەت هەورازو نشیو و تاڵی و تەنگانەی هەیە، ئێمە نابێ بە نەمانی کاك سەدیق دەستمان لە قۆڵ بێنینەدەر؛ دیارە برینی کاك سەدیق قووڵ و بەئێشەو سارێژبوونەوەی هاسان نیە، بەڵام هاورێ و هاوکاری هەڵکەوتووشمان لە نێو خۆی وڵات کەم نین. ئەو ماوەیە بە خۆڕایی لە وڵات نەخولاوینەوە. کارمان بۆ کردووە، و پێوەندیمان لە گەڵ هاورێیانی ڕووناکبیر گرتووە، ئەگەر نەختی هەوڵ بدەین و ورەمان

هەواڵنامەی کتێب

هەبێ، لە ماوەیەکی کەم و کورت دا دەتوانین کونگرە، یان کونفرانسێکی بەرین، بگرین و ناوەندی حیزبمان بەهێز بکەینەوە. ئەو برادەرانەی ئێستا لە دەورەمانن هەموویان بۆ ئەوە دەبن پشتیان پێ بسپێری...»

ئەوجارە پرسیاری کاك سەعید کوێستانی لێکردم. گوتم من لە کاك سەعید ڕادەبینم کە هاوکاری بکا و زۆریشم هیوا پێی هەیە. یادی بە خیر، مەلا قادر لاچینی، ئەویش هەر لە سەرکاك سەعید و ڕابردووی نەزەری موسبەتی هە بوو. ئیدی کاك سولەیمان گوتی ئێستا دەچین دەگەڵ کاك سەعید لە سەر ڕێبەراتێکی کاتی نوێ قسە دەکەین. هەموومان لە دەرەوەی دەربەندی دانیشتین و لە بارەی کاری داهاتوو قسەمان کرد. چۆنی من پاشملە لە بارەی کاك سەعید دا بەکاك فایقم گوتبوو، کاك سەعید خۆی لە سەر هاوکاری و درێژەی دان بە خەبات، بەڵێنی بەکاك سولەیمان دا. ئەو جارە باسەکەمان هاتە سەر ئەوە کە دەبێ چالاك بین و ڕێبەرایەتێکی کاتی نوێ، هەتا گرتنی کونفراسێك، هەڵبژێرینەوە. لێبڕاوانە هاتینە سەر ئەو ڕایە کە ڕێگا نەدەین جارێکی دیکە ئەحمەد تۆفیق کە، ئێستا... زیندووبێتەوەو بە مل ئەستووری جەردە پیاوکوژان لە دەوری خۆی کاتەوەو بە سەر حیزبی دێموکرات دا زاڵ بێتەوە!

(چەند رۆژێك لەوە پێش، هەواڵی شەهید بوونی کاك باپیر شکاك و هاواڵەکانی گەیشتبوو. هەواڵی شەهید بوونی ناوبراو لە هەواڵی بێ سەروشوێن کرانی کاك سەدیق ناخۆشتر بوو!

کاك باپیر (نحو پاشایی) بواری مرۆڤاویەتی و شەهامەت و عاتیفەو دەخوڕادیوی زۆر بە هێز بوو. لە بواری خاوێنی و سەداقەت و دڵسۆزیشەوە، ئەگەرخوێندەواری بەرز و... بوایە کاك سەدیق دووهەم بوو! ئەو هەواڵە ئەوەندەی تری پەرێشان کردین!)

کاك فایق -سولەیمان، گوتی: بۆ خۆتان کێ بەباش دەزانن، جگە لە دارو دەستەی ئەحمەد تۆفیق، هەرکەس دەعەوەت بکەن من قسەم نیە. کاك سەعید لیستێکی پێشنیار کرد بۆ کۆبوونەوەی "دۆڵەرەقە" کە بریتی بوون لەو کەسانە:

مەلا ئاوارە، کاك حەمەدەمین سیراجی، کاك سمایل شەریفزادە، کاك سالاری

حەیدەری، کاك مەلا عەبدوڵڵای سەرباز.

کاك سولەیمان هەروەکوو پێشتر گوتبووی، قسەی نەبوو، بەڵام لە مەڕ کاك حەمەدەمین و کاك سمایل گوتی:

پێت وایە سمایل و کاك حەمەدە مین هاوکاریمان بکەن؟

کاك سەعید گوتی: لە سە ر ئەو باوەڕەم هەر دووکیان هاوکاری دەکەن. کاك فایق گوتی: من شکم لە پاکی و شەریفیان دا نیە، کەسی لەوان باشترم پێ شك نایە، بەڵام ئەوە کە خۆیان لە کاری سیاسی و چیا و بەندەنان دەن لە شك دام. کاك سەعید گوتی هەلومەرجی ئێستا، لەگەڵ سەردەمی دەسەڵاتداری ئەحمەد تۆفیق جیاوازی هەیە، ئەو دەم کاك ئەحمەد تۆفیق هەتا جەردەو ڕێگر هەبوان، نەیدەهێشت کەسانی ڕووناکبیرو تێگەیشتوو تخون حیزبی دێموکرات بن! ئێستا کە ئەو نەماوە پێم وایە ئامادەیی یان هەیەو کاری سیاسیش دەکەن...

منیش لیستە پێشنیارکراوەکەی کاك سەعیدم بە دڵ بوو. لەوانە، تەنیا کاك مەلا عەبدوڵڵاهیم نەدەناسی، دەنائەوانی تر، بە بۆ چوونی ئەو سەردەمی خۆم، هەموویان کەسانی رووناکبیرو چەپ بوون. لەو سەردەمەش دا، خەباتی دژی ئیمپریالیستی و رزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین دا، هێزە چەپەکان ڕێبەرو ئاڵا هەڵگری جوڵانەوەکان بوون. ئێمە، ئەگەر بەزانستیش لە دواوە بووین، بە هەست و بڕوا، بەکردوە، شەیداو خولیای ئەو ڕێبازە بووین.

بەهەرحاڵ ئەو دەم تەنیا دووکەس لەو حەوت کەسەی کە، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوون، بەکردەوە مابوون. تەنیاکاك فایق و مامۆستا میرزا ئەحمەد بوون. لە سەر ئەوە قسەمان بڕاوە کە لە نێو ئەو کۆمەڵەدا، کۆمیتەیەکی بە ڕێوەبەری کاتی هەڵبژێرین هەتا گرتنی کۆنفرانسێك یان گونگرەی ٣. زۆری نەما بوو بۆ مانگی پۆشپەڕی ١٣٤٥ حەوتوێك دوای گەڕانەوەی کاك سولەیمان و جەماعەت بۆ "دۆڵەڕەقە". کاك حەمەدەمین و سمایل و سالارو ئاوارەش بە بیستینی بێ سەروشوێنی کرانی کاك سەدیق هاتن بۆ "باڵەکایەتی". ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان کەوتنە هەوڵ و پرسیاران لە مامۆستا هەژارو کاك خالید. ئەو قسانەی کاك خالیدی حیسامی، لە بارەی کاك سەدیق

دا، بە کاك سەعیدکوێستانی گوتبوو، لەگەڵ ئەوەی، بە کاك سمایل وکاك حەمەدەمینی گوتبووی جیاوازی هەبوو. بە هەرحاڵ ئەو جەماعەتە چەند رۆژێك لە خەلان مانەوە. لەو ماوەیە دا کاك سەعید لە مەڕ دەعوەتی کاك سولەیمان و چوون بۆ "دۆلەڕەقە" و هەلبژاردنی کۆمێتەیەکی کاتی بەڕێوەبەرایەتی قسەی دەگەڵ برادەران، کاك حەمەدەمین و جەماعەت کردبوو. وابزانم لە مانگی یەکەمی هاوینی ١٣٤٥ دا بە تێکڕایی بەرەو "دۆڵەڕەقە" بە مەبەستی هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ڕێبەرایەتی نوێ، وەرێکەوتین. ئیتر ئەو جەماعەتە بۆ خۆیان لە سەر جەرەیانێکی تایبەتی، لە نێو خۆیاندا ساخ بوونەتەوە یان نا من ئاگاداریم نیە. ئەو جەماعەتەی کە لە خەلانڕا چوون بۆ "دۆڵەڕەقە" بریتی بوون لە:

١- کاك حەمەدەمینی سیراجی، ٢-کاك سەعید کویستانی، ٣- کاك سمایل شەریفزادە، ٤ - کاك سالاحەیدەری، ٥- کاك مەلاعەبدوڵڵا عەبدوڵلاهی، ٦-مەلامحەمەد عەجەم، ٧- مەلائاوارە٨- نووسەری ئەو چەند دێرە. لە پێش دا بڕیارمان دابوو کە نابێ شۆڕش ـ «پاراستن » پێ بزانێ کە ئێمە نیازی هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی وەهامان هەیە یان هەڵمان بژاردووە. بە هیچ جۆر نابێ ئەندامانی ڕێبەرایەتی نوێ ئاشکرا بن! کاك سولەیمان لە سەر ئەو قەرارە دۆست برادەرانی حیزبی دەعەوەت کرد بوو، و ئێمە لە سەر ئەو بۆچوونە چووین بۆ "دۆڵەڕەقە". کاتێ گەیشتینێ مامۆستا مەلاڕەحیم ـ میرزائەحمەد، خۆی و کادرەکانی هاوکاری، گەیشتبوونە "دۆڵەڕەقە". ئەو ئێوارەیە بە هۆی ماندویەتی هەموو لایەکمان نەپرژاینە سەر ئەو باسەی کە مەبەستمان بوو. کاك سولەیمان لەگەڵ مامۆستا مەلاڕەحیم باسی کرد بوو هەر دووکیان لە سەر پێشنیارەکە ڕێك بوون. هەمووی ئەو کە سانەی لێیان گیرگدرابۆوە ئامادە بوون. بۆ سبەی کە بڕیار وابوو لە سەر بابەتی گۆڕین باس بکەین. بە پێچەوانەی ئەوەی کە، باسمان لە سەرکردبوو نهێنی بێت، و جگە لە ئەوانەی دەعەوەت دەکرێن نابێ کەس پێ بزانێ، کە چی چەند کەسێك کە ناویان لە لیستی ئەو کۆبوونەوەیە دا نەبوو، و دەعوەت نەکرابوون، هاتن بۆ دۆڵە ڕەقە؟ (لێرەدا بەپێویستی نازانم ناوی ئەو کەسانە بەرم)

کاتێ ئەو چەند کەسە هاتن، جەماعەت ــ هەموو بە چاو و ئیشارە، تەماشای یەکتریان دەکرد، دەبێ کێ ئەو نهێنیەی درکاندبێ کە ئەوانە زانیویانە و هاتوون؟ شەوێ دوای نان خواردن لە خوارەوەی خانووە چۆلەکانی "دۆلەڕەقە". کاك سولەیمان و کاك حەمەدەمین و کاك سمایل و کاك سەعید لە یەکتریان پرسیار دەکرد، دەبێ کێ بەوانەی گوتبێ.؟

(بە داخەوە تاقی کردنەوەی سەرنەکەوتنی ئیمەی کورد، نیشانی داوە؛ یان بە هۆی بەدبینی ناتوانین دەگەڵ هاورێ و دوستی ناسیاوی خۆمان هاوکاری بکەین، یان بە هۆی خۆشبینی ــ تەوەهوم، خۆمان بە هەموو داو و دەعبایەك دادەدەین! ئەو کارە لە هەر دووك جێگا دا دەکرێ کارەساتی بە دواوەبێ! بەهەرحاڵ)

ئیدی بەگشتی هاتنە سەر ئەو ڕایە: بۆ ئەوەی ئەو برادەرانەی هاتوون، هەست بەوە نەکەن کە ئێمە نیازی دارشتنەوەی ڕێبەرایەتێکی نوێی وەهامان هەیە، مەسەلەی بێ سەروشوێن کردنی کاك سەدیق دەکەین بە بابەت و لە سەر ئەو باس دەکەین و کۆبوونەوەکە کۆتایی پێدێنین. جاری مەسەلەی ڕێبەرایەتی وەدوا دەخەین بۆ کاتێکی لە بارتر. بۆ سبەی ئەو شەوە کۆ بوونەوەکەمان لە سەر بێ سەر شوێن کرانی کاك سەدیق ئەنجیری ئازەرگرت، ئیدی لەوە زیادتر باسێکی ترمان نەکرد، تەنانەت شتێکیش یادداشت کرا کەکاك سولەیمانی موعینی بیدا بە سەرۆك بارزانی. ئیدی باسی هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی کاتی نەکرا. دوو ڕۆژ دواتر ئەوانەی لە ناوچەی بالەك ڕا بەیەکەوە چوو بووین بۆ "دۆلەڕەقە"؛ هەموو مان بەگشتی بەرەو گەلاڵە گەڕاینەوە.

ئیتر لێرەوە باسەکەی ئێمە تاڕادەیەك دەێتە سەر چۆنایەتی دروست بوونی کومیتەی ئینقلابی و ڕووداوە ناخۆشەکان، ــ پەلاماری ناڕەوای "پاراستن" بۆ سەر کادرو ئەندامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ....

## «کۆمیتەی ئینقلابی»؟

لە گەڕانەوە ماندا لە "دۆلەرەقەی" کاك حەمەدەمین و کاك مەلاعەبدوڵڵای

عەبدوڵڵاهی ــ سەرباز، چوون بۆ گەلاڵە. ئێمە گەڕاینەوە بۆ خەلان. من وکاك سەعید ماڵمان لە خەلان بوو. ماوەیەك دوای گەڕانەوەمان لە "دۆڵە ڕەقە" (بە دروستی تاریخەکەم لە بیر نەماوە، بەڵام هاوینی ١٣٤٥بوو) کاك سمایلی‌شەریفزادەکە لەگەڵ کاك حەمەدەمین و سالارو مەلا ئاوارە هاتبوونەوە خەلان، و میوانی مالی شیخی خەلان بوون. شەوێك کاك سمایل هاتە ماڵەکەی ئێمە، بە خێزانمی گوت:

براژن! بۆ سبەی نیوڕویە شتێکتان بۆ ساز دەبێ، لەوانەیە چەند کەسێکمان مێوان بێت، حەز ناکەین بێنە "خانەقا" دەکری خواردنێکی درویشیان بۆ سازکەی؟.

خیزانم گوتی: کاك سمایل ئەوە چ فەرمایشتێکە، میوان بە خیر سەرچاوان شتێك هەر دەبێ، نێوچاوانی تۆ خۆش بێ!

بە هەرحال من پرسیارم نەکرد میوانەکان کێنەو چ کەسن. مەلا ئاوارەو کاك حەمەدە مین و سالار بە میوان حیساب نەبوون. بۆ سبەی نیورۆیە لەگەلاڵەوە چەند برادەری شکاك هاتن، کاك سمایل بەرەو پیریانەوە چوو، وا بزانم مەلا عەبدوڵڵاش دەگەڵیان بوو، هینانی بۆ ماڵەکەی ئێمە.من تا ئەو دەم کاك سەننار مامەدیم نەدیبوو، هەر ناویم بیستبوو. زۆرمان بە خیرهاتن کردن، دوای خواردنی نانی نیوەرۆ، کاك سەننارو کاك سمایل وەدەرکەوتن، بەرەو ئالانە رۆیشتن.

دوایی برادەرانی تریش هەموویان بەرەو "دۆلی ئالانێ" چوون. بەرەبەری عەسرێ گەڕانەوە بۆ گوندی خەلان. کاك سەننار دەگەڵ چەکدارەکانی گەڕاوە بۆ گەلاڵە، بە دروستی لە بیرم نە ماوە کە، کاك مەلا عەبدوڵڵای سەربازیشی دەگەڵیان چۆوە یان نا؟. هەروەها بە دروستی لە بیرم نەماوە کەکاك حەمەدەمین و کاك سمایل‌و سالار ئاوارە، چەند رۆژ دوای ئەو کۆبوونەوەیە چوونەوە بۆ گەڵوەڕەز. بەڵام دوای رۆیشتنەوەی ئەوان، ڕۆژێك دەگەڵ کاك سەعید بەرەو گوندی ئازادی دەرۆیشتین، من ئاگاداری هیچ جەرەیانێك نەبووم، هیچ باسێکی تایبەتیمان نەبوو لە سەری بدوێین.کاك سەعید وێرای قسەکردن گوتی:

«مەلا پیرۆت، جەرەیانێك هەیە؛ دەمەوێ پێت بڵێم بە مەرجێك بەڵێنم پێ بدەی هیچ کەس لێت نەبیسێ! تەنانەت سمایل‌و سالارو کاك حەمەدەمینیش نابێ هەست پێ

بکەن کە من بە تۆم گوتووە چوونکە قەرارمان داوە جاری بە نهێنی بمێنێتەوە!»
بەڵێنیم پێ دا: کەس لێم نازانێ!
کاك سەعید گوتی:
«دەزانی کاك سەننار بۆ هاتبوو؟»
: ناوەڵڵا، بە هەقی خۆشمی نازانم ئەو پرسیارەی لە تۆ بکەم!
کاك سەعید گوتی:
«شتێکی نوێ مان پێکەوە ناوە بە نێوی «کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان». ئەندامەکانی ئێستا لە ٧ کەسانە پێکهاتووە کە لێرە بووین، لەو کۆبوونەوەیەدا، کاك ڕەحمانی قاسملو و کاك کەریمی حیسامی‌شمان هەلبژاردووە...
پاشان لاپەرێکی لە گیرفانی هێنادەر بە نێوی تیشك: ئەوە رۆژنامەی تیشکە! تیشك، ڕۆژ نامە ی ئۆرگانەکەمانە. منیش پیرۆز باییم پێ گوت. ئیدی لە ناوەرۆکی تیشك نەگەیشتم و نەمزانی‌چی تێدا بوو. هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێت کاك حەمەدەمین و سالارو سمایل لێ یان نەزانیم.

(دیار بوو ئەو جەماعەتە کە بۆ "دۆڵەرەقە" هاتبوون زۆرتر بۆ ڕاویژو ڕێکەوتن لە سەر بەرنامەی ئەو ڕێکخراوە بووە کە دروستیان کرد بوو بە نێوی «کۆمیتەی ئینقلابی»، نەك هاتبن بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی کاتی نوێ، دەگەڵ کاك سولەیمانی موعینی و مامۆستا میرزا ئەحمەدو کادرەکانی مەوجود... هاتن بۆ "دۆڵەڕەقە"یان وەکوو پۆشش بە کار هێنا بوو!)
کاك سەعیدکوێستانی لەکتێبەکەی خۆی دا، ئەوەی نە شاردۆتەوە بە خشکە بۆچوونەکەی منی تا ڕادەیەك پشت ڕاست کردۆتەوە کە:
لە لاپەڕی ١٥٨ ئاوڕێك لە... دەنووسێ:
«ئێمە لەگەڵ کادرەکانی دەرەجە دوو پاش قسە کردن لە گەڵ یەکتری، بەو ئاکامە گەیشتین کەکۆمیتەی ناوەندی بە مانای واقیعی نەماوە و ئێمەش نابێ ئەحمەدێکی دیکە دروست بکەین. کە وایە بۆچی لە خۆڕا چوار مۆرەی ناتەباو نالێك

هەرزنامەی کتێب

حاکمیەتمان بە سەردا بکەن؟...»

بۆ ڕوونکردنەوە! خوالێخۆشبوو مەلاسەید ڕەشید لەو کۆ بوونەوەیە دا حزوری نەبوو. تەنانەت ئەوکەسانەی بە جۆرێك هەستی پێکرابێ لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، نزیکایەتی بیرو بۆچوون و هاوکاریان هەیە دەعوەت نەکرابوون! تا ئەو جێگایەی کە من ئاگادارم، ئەو چەند کەسە_ کاك سەعیدو کاك حەمەدەمین و... جگە لە خۆیان، دەگەڵ هیچ کەس لەو کادرانەی کە لە "دۆڵەڕەقە" بوون قسەیان نەکردووە! ئەو ڕووداوە زۆرساڵ و عەیامی بەسەردا تێپەڕیوە، وا دیارەکاك سەعید لە بیری نەماوە بە هەڵە ناوی مەلا سەید ڕەشیدیشی هێناوە. بە هەرحاڵ لێرە دا مەبەستی من لێکدانەوە و تەحلیل و حاشیە ڕۆیشتن نیە. بەڵکوو ئاماژە بە نووسراوەکەی کاك سەعیدەکە لە سەر بۆ چوونەکەی خۆم، تەئیدێکی زیمنی‌تیدایەکە خۆیان نیازیان بووە ڕێبەرایەتێکی نوێ دروست بکەن، بێ کاك سولەیمانی موعینی و مامۆستا میرزا ئەحمەد، دیارە بە کردەوەش هەر وەها بووا ئەو کەسانەی بۆ کۆبوونەوەی "دۆڵەڕەقە" دەعوەت کرابوون، جگە لەو٦کەسە، هەموویان تەبا بوون، و بۆ هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەیەکی کاتی دیاری کرابوون. نەك وەکووسەعید نووسیویە، بۆ «دروست کردنەوەی ئەحمەد تۆفیقێکی دیکە» کەسیش وەك "مۆرە" دیاری نەکرابوو! ناوەکانیشیان بەمجۆرە بوو:

١- فایق ئەمین (سلیمان معینی) ٢- میرزائەحمەد(ملارحیم ویردی) ٣ عەبدوڵڵا موعینی ٤- مونتەقیم قازی ٥- قادرقازی ٦- مە لا مەحمود زەنگەنە ٧- خەلیل شەوباش ٨- مەلا بایز(کمال) ٩- سەید فەتاح نیزامی ١٠- سالار(ملاعلی قطبی) ١١- مەلا قادرلاچینی ١٢- میرزاسەعید هەورامی ١٣- مام ئەسکەندەر هەورامی ١٤ - حەبیب هەورامی ١٥ - حەمەدەمین سیراجی ١٦- سمایل عەریفزادە ١٧- سالارحەیدەری ١٨- مەلامحەمەد عەجەم ١٩- سەعید کوێستانی ٢٠ مەلا عەبدوڵڵای سەرباز ٢١- محەمەد قەرەقشلاقی (محمدخضری) ناوی ژمارە ٢٢م لە بیر نەماوە وابزانم لەبرادەرانی هەورامی‌بوو؟

ئەو "كۆمیتە ئینقلابی" یەی كە لە "دۆڵی ئالانێ" لە هاوینی ١٣٤٥دا دامەزرا، ئەندامەكانی بریتی بوون لە:

١- كاك حەمەدەمینی سیراجی، ٢- كاك سمایلي شەریفزادە،٣- كاك سالاری حەیدەری، ٤- مەلا ئاوارە،(ملاامحمدشلماشی) ٥- كاك سەعید كۆیستانی، ٦- كاك سەنناری مامەدی،٧- كاك مەلا عەبدوڵڵای عەبدوڵڵاهی.

ئەو حەوت كەسە ئەندامی ڕێبەرایەتی "كۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموكراتی كوردستان بوون. كاك سەعید لەكتێبەكەی خۆی دا، كاك حەمەدەمین بە مێشكی سەرەكی ئەو كۆمیتەیە دەناسێنێ. كۆمیتەی ئینقلابی، بەو جۆرەی كە لە سەرەوە باسمان لێوە كردووە، لە "دوڵی ئالانێ" دامەزراوە. جێگای سەرنجە: وشەی" ئینقلاب و ئینقلابی" بۆتە هۆی ئەوە كە ئەو كۆمیتەیە لە نێو كۆمەڵگا كوردەواری بەشی ئێران دا، تا ڕادەیەك نێو دەربكاو هێندێ كەسیش بیكەن بە بابەت بۆ نووسراوەكەی خۆیان؟ !

وشەی ئینقلابی و شۆڕشگێڕ، لەو سەردەمەدا، لە نێو كۆمەڵە چەوساوەو بێ بەشەكان جیهان دا، وەكوو دیاردەیەكی پیرۆز سەیری دەكرا، و كۆمەڵگای كوردەواریش لەو قایدەو قانوونە جیا نەدەكراوە، وەكوو دەڵێن: "منع الجمع" نەبوو. هەروەها جێگای سەرنجە، هێندێ كەس لە كوردستانی ئێران، خەبات و جۆلانەوە چەكدارە هەڵخوازانەكەی ساڵەكانی ٤٦-٤٧ بە "كۆمیتەی ئینقلابی" ناو دەبن، بێ ئەوە هیچ بەڵگەو نووسراوەیەكیان بەدەستەوە هەبێ! من ئاگاداری ئەوە نیم كە كاك سولەیمانی موعینی دوای ئەوە كە پاراستن بە سەری دا سەپاند كوردستانی گەرمێن بەجێ بێڵێ، لە كوردستانی ئیران، شتێكی بە ناوی كۆمیتەی ئینقلابی، لە نێوخۆیان دا پێكهێنا بێ. چونكە بەڕاستی هەلومەرجی ئەو سەردەمە كوردستانی بەشی ئێران، وەها نەبوو كە مرۆڤ بتوانێ كۆبوونەو كۆمیتەیەكی بەو جۆرە پێك بێنێ؛ دەنا كاك سولەیمانی هەمیشە دەفكری ڕێبەرایەتی حیزبی دێموكراتی كوردستان هەبووە. كاتێ لە بەغداش یەكمان گرتەوە من هیچ وشەیەكم لەو بارەوە لە كاك سولەیمانی موعینی نەبیست كە كۆمیتەی ئینقلابیان دروست كردبێ و لەگەڵ چەندكەس لە سەری

بەو جۆرەیان پێك هێنابێ و دروست کردبێ.

(ئیستا نزیکەی سی‌و شەش ساڵ بە سەر دامەزارنی «کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی‌دێموکراتی کوردستان» - دامەزراو لە دۆڵی ئالانێ، تێدەپەڕێ. دامەزرێنەرانی ئەو کۆمیتەیە جگە لە دوو کەس ــ ئاوارە و شەریفزادە، کە شەهید بوونە، ئەندامەکانی تری ئەو کۆمیتەیە هەر پێنج کەسیان بە خوشیەوە ماون و هەموویان ساخ و سلامەتن، لە حاڵی حازر دا، لە ئورووپا دەژین. چوارکەسیان لەوانە ــ کاك حەمەدەمین‌سیراجی، کاك سەعیدکۆستانی، کاك سالارحەیدەری، کاك سەننار مامەدی، لە سوید دەژین، و کاك مەلا عەبدوڵلا عەبدوڵلاهی ش لە ئەڵمانە. هەتا ئێستا هیچکام لەو ئەندامانەی «کۆمیتەی ئینقلابی»، بە شێوەیەکی "مشخص" وڕاشکاوانە خۆیان لە قەرەی کارو کردەوەی کۆمیتەکەی خۆیان نەداوە، و هیچیان لە سەر ڕوون نەکردۆتەوەکە ئەو کۆمیتەیە چی کردووە، بۆچی تووشی قەیڕان هات. ئەو کۆمیتەیە بۆچی داوای هاوکاریان لە کاك سولەیمانی موعینی و مەلا ڕەحیمی ویردی نەکرد؟ هەروها بەرنامەو ستراتیژی چی بوو کەدەگەڵ بۆچوونی ئەوان نەدەهاتەوە؟

ئەوەندەی من ئاگاداریم لە سەر ئەو کۆمیتەیە هەیە، بێ ئەوە بچمە سەرباسی ئەو قەیڕانەی کە لە ماوەیەکی کورت دا، دە ناوی کەوت؛ جگە لە ئاوارە و کاك سەعید، ئەوانی تر لە ناو خۆی وڵات تەشکیلات و پێوەندیکی زۆر بە هیزیان نە بوو. لە نێو کوردەکانی نشتەجێ لە کوردستانی عیراقیش، سامپاتی‌و هاوکاری زۆریان نەبوو! "کورت‌و کرمانجی" زۆر بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم ئەو کۆمیتەیە سەرکەوتوو نەبوو. بە داخەوە ئەو کۆمیتەیە؛ جگە لە ناوەکەی؛ کارنامەیەکی کردەوەی لە پاش خۆ بە جێ نەهێشتووە، زۆر زوو تووشی قەیران هات، ئەندامەکان بڵاو بوون، بوون بە تۆوی زەوی! لە ئاخرەکەی دا، کاك حەمەدەمین و کاك سمایل شەریفزادە، لای ئاوارەو کاك سولەیمانی موعینی‌و کادرەکانی لکی ٣، گیرسانەوە، کە لە جێگای خۆی دا تا ئەو جێگایەی من کە ئاگاداریم هەیە باسی دەکەم.

﴿لێرە دا مەبەستی من بە هیچ جۆر لۆمەو سەرکۆنە کردنی" کۆمیتەی ئینقلابی"- دۆڵی ئالانێ؛ نیە بە ڵکوو دەور کردنەوەی ڕووداوەکانی ناو حیزبی‌دیموکراتی کوردستانە

لەکوردستانی گەرمێنە، کە لەو پێوەندیە دا بە پێویستم زانی بۆ ڕوون کردنەوە، کورتەیەکیش لە سەر ئەو کۆمیتەیەش باس بکەم. "کۆمیتەی ئینقلابی" کۆمیتەیەك نەبوو کە خاوەنی تەشکیلاتی سیاسی بێ؛ یان بە حوکمی هەوڵ و تییوری بتوانێ چارەسەری کەموکوڕیو قەیرانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا! بەلکوو دەتوانم بڵێم کۆمیتەیەك بوو مە شوەڕەتی زۆرتر لە سەر تەوەهوم پێکهاتبوو. هەر وەك بەکردەوە دەرکەوت ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەگشتی - هەموویان ناسیاوێکی لە مێژینەیان لە سەرکارو ڕابردووی یەکتر نەبوو؛ هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەکە، نەیانتوانی هیچ کارێك بکەن، تووشی قەیران و هەڵوەشانەوە هاتن. ئیترمن لەوە زیادتر ناچمە نێو قەیران و هەڵەو هەڵوەشانەوەی ئەو کۆمیتە! خۆزیا ئەو کۆمیتەیە ڕابردوێکی ئەوەندە پڕ لە کارو تێکۆشان وکارنامەیەکی باشی دەبوو، کە ئیستا بە تاریفی دا چووبامە خوار!

ئەوە ئاگاداری خۆمە لە مەر "کۆمیتەی ئینقلابی". دیارە دەمان بیست کە کومیتەی "ئینقلابی" تریش هەبووە کە لە بەکرەجۆ بوو، دوکتور لاشایی، دەگەڵ جەماعەتێکی بەرپرسی بوو کە دوای ماوەیەك ئەویش بێ ئەوە بتوانێ هیچ کارێك بکا، لە بەرێك هەڵوەشا، و لاشایی خۆی تەسلیمی حکومەتی ئێران کردەوە.

ئەگەر ئەو برادەرانەی کۆمیتەی «ئینقلابی» خۆیان شتێکیان پێ شك دەی و کردویانەو من ئاگاداری نیم فەموون با بینووسن و تەمی گومان بڕەوێنن!

دێمەوە سەرباسەکەم. لە بیرم چووە کە باسی دوور خستنەوەی کاك سولەیمان و کادرو پێشمەرگەکان بۆ "دۆڵەڕەقە" بنووسم. کاك سولەیمان، دوای گەڕانەوەی لەکوردستانی ئیران - لە کاری تەشکیلاتی، لە کۆتاییساڵی ١٣٤٥دا، چوو بۆ چاوپێکەوتنی کاك سەدیق، و دوایی بە یەکەوە دەچن بۆ م. س پارتی و مەکتەبی تەنفیزی، چاویان بە لێپرسراوانی شۆڕش دەکەوێ. لێپرسراوانی شۆڕش، دەڵێن: بۆ ئەوەی ئێرانیەکان - حکومەتی ئێران، قسەیان نەمێنێ بە باشی دەزانین ئێوە سونێ بە جێ بێلن و نەختێ لە سنوور دوورکەونەوە، بچن بۆ دۆڵەرەقە" با مەسڵەحەتی شۆڕش

لە مەترسی نەکەوێ...

کاك سولەیمان و کاك سەدیق پێشوازی لە دەستورە کەیان دەکەن. ئیترکاك سولەیمان لە مانگی خاکە لێوەی ١٣٤٥لەگەڵ کادرو پێشمەرگەکان دوور دەخرێنە بۆ دۆڵەڕەقە" بۆ ئەو شوێنەی کە پێشتر مام جەلال و مەکتەبی سیاسی کۆنی لێ بوو.

کاك سولەیمان و جەماعەت، هاوینەکەی ئەو ساڵە-١٣٤٥ لە "دۆڵەرەقە" بوون. سیامەندی کوڕی کە تەمەنی گە یشتبووە ٨ ساڵ، هێشتا سێبەری باوکی لەسەرخۆی نەدیتبوو، و دایکی سیامەندی هەر بە نۆ بووکی لە وڵات بەجێ هێشتبوو، لە پاییزی ئەو ساڵەدا، لە وڵاتەوە هێنانی بۆ گەرمین و لە "دۆڵە ڕەقە" گوازتیانەوە بۆ گوندی "دێرێ"، لەوێ نشتەجێ بوون. دوای هێنانی سیامەندی کوڕی و خیزانی، لە پاییزی ئەو ساڵەدا، سەفەریکی تری ناوچەی باڵەکی کرد. کاك سولەیمان لەگەڵ مامۆستا میرزا ئەحمەد و عەبدوڵلای برای و دوو، سێ، کەس لە کادرەکانی لکی ٣، لە سەر بانگهێشتنی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق، بۆ کۆنگرەی حەوتی پارتی، وەکوو میوان دەعوەت کرابوون و هاتبوون. کاتی هاتن داوایان لە من و کاك سەعید کویستانیش کرد، ئێمەش دەگەڵیان چووین بۆ گەلالەو ناپردان. لەو سەفەرەدا کاك سولەیمان باسی پێوەندی گرتن و نووسینی نامەی خۆی، بۆ کاك کەریمی حیسامی بۆ کردم و (و نامەکەی خۆی کە بۆ کاك کەریمی نووسیبوو، هەروەها وەڵامی نامەکەی کاك کەریمیشی بۆ خوێندمەوە. نامەکەی کاك سولەیمان بێ سانسۆرکردن، لە بەرگی سێ "لە بیرەوەریەکانم ... " ی کاك کەریم دا نووسراوە.) گوتی: پێش هاتنی دایکی سیامەندو سیامەند، لە پاییز دا، لەگەڵ برادەران کورتە سەفەریکی تری وڵاتیان کردووەو عەبدوڵلا و مەلاقادرو... سەری ناوچەی موکریانیان داوە، خەڵکی کوردستان، لە ڕابردوو زیادتر پشتیوانی لە حیزب دەکەن و...

دوایئەوە کە کونگرەی پارتی کۆتایی هات، دەگەڵ مامۆستا میرزا ئەحمەدو برادەران، گەڕانەوەو بۆدێرێ، و داوایان لێکردین کە بچین بۆ سەردانیان و... هەروەها کاك سولەیمان و کاك عەبدوڵلای برای، جەرەیانی "محمدسرباز"یان بۆ گێڕامەوە:

«ماوەیەك لەوە پێش لاوێکی چست و چالاکی وریا، هات بۆ "دۆڵەڕەقە" بە ناوی... (ناوەکەم لە بیر نەماوە ناوێکی داتاشراوی لە خۆ نابوو.) گوتی خەڵکی مەڵبەندی شارۆێرانم و هاتووم بم بەپێشمەرگە. کوڕێکی روح سوکی هەڵسوڕاو؛ هەتا خوا حەز دەکا چالاك و لەبەر دڵان بوو. ڕامان گرت و تفەنگە پینج تیرە عروسەکەی کە، تۆ لە سولەیمانی گۆرینت ئەستاندبوو، دەمانی وچەکدارمان کرد. ئیتر کاری تەواوی ئەو بنکەیەی دەکرد.کورت و موختەسەر، کردمان بە پێشمەرگە. لەو سەردەمە دا بوو کە ئێمە ئامادە دەبووین بگەڕێینەوە بۆ وڵات. داوای لێ کردین کە ئەویش لەگەڵ خۆمان بەرین، لە وڵات نازانم لە کۆی کاری کردووە پارەی لای خاوەن کارەکەی ماوە بەڵکوو بتوانێ بیئەستێنێ یان ...

بەهەر حاڵ وەرێ دەکەون. دەچنەوە بۆ مەڵبەندی مەنگوڕایەتی و ناوچەی سەرشاخان و ئەو ناوە. (ڕەنگە رووداوەکەم وەکوو ئەو جۆرەی کاك سولەیمان و کاك عەبدوڵڵا، بۆیان گێڕاومەتەوە، بە گشتی هەمووم بەو ئەدەبیاتە لە بیر نەمابێ؟) بەهەرحاڵ هەتا نزیك مهاباد دەچن. لە گەڕانەوەیان دا، دێنە گوند "هەوشینان" لە ناوچەی سەرشاخانی لاجانێ. عەبدوڵڵا گوتی:

دوای نیوە رۆ بوو، خەریکی نان و چای خواردن بووین، محمد سرباز، لێمان بزر بوو؟ گوندی "هەو شینان" هەمووەکەی چوار، پێنج ماڵ بوو؛ لە هیچکام لە ماڵەکان نەبوو. عەبدوڵڵا گوتی: وە ك پێم بڵێن: تۆ بڵێی نە چووبێتە «پاسگەی لکبن» ژاندارمان بێنێ بۆ سەرمان؟ گوتی:

زۆر کەمتری لە کاتژمێرێك پێ چوو، ئێمە بە پەلە وە بەندەنی کەوتین. هێندە لەگوندی دوور نە کەوتبووینەوە؛ دیتمان محمد سەرباز تفەنگ لە سەرشانەو لە پێش ژاندارمان دا بە دۆڵی "هەوشینان" دا دیت وەگوللە تیژ دەڕوات. گەیشتە نزیك ئەو ماڵەی کە ئێمە لێ بووین؛ یەك بەخۆی هەرای کرد، عەبدوڵڵای موعینی دایکی... روحی خۆت چۆن لە دەست محەمەد سەربازی ڕزگار دەکەی؛ بۆم وەدەرکەوە، نازانی من محمدسربازم و... ؟

گوتی محمد سرباز لە پێش دا، و ژاندارم بە دوایەوە؛ دەستی کرد بە تەقە، بەڵام ئێمە

لە گوندی دوور کەوتبووینەوە گەیشتبووینە بەرزایی «بازارگە» بەسەر ئاوایی دا زاڵ بووین. بەچاو و بە دووربین دەمان دیتن. بەڵام لەبەر شۆڕش تەقەمان لێ نەکردن. ئەگەر ویستبامان، شڕمان دەکردن. بەڵام لەبەر مەسلەحەتی شۆڕش، وەڵامی تەقەکەمان نەدانەوە! ئەگەر هاتباو ١٥دەقە خۆمان گنخاندبا، تووشی کارەسات دەهاتین. ئیتر بە سەر "قەڵاتی شای" - (چیایەکی بەرزە لە نێوان ناوچەی لاجان و مەنگوری دۆلی شیخان) بەرەوگەرمێن گەڕاینەوە. ئەوەش نەقڵ بەسەرهاتی محەمەد سەرباز!

(محەمەد سەرباز، بەکرێگیراوێکی جینایەتکاری ساواك و ژاندەرمەری ئیران بوو، لە ناوچە جۆربە جۆرەکانی کوردستان، بە دەستووری ژاندارمەری و ساواك، خەڵکی زۆرلێکراوی کوردی لە ئامان نابوو، و خەڵك لە دەستانی وەزاڵە هاتبوون. پێشەی ڕاپۆرت دان و پارە ئەستاندن و ڕاورووت بوو لە خەڵکی بێ دەسەڵاتی کوردستان. نازانم خەڵکی کام ناوچەی کوردستان بوو. هێندێ جار ساواك، بۆ تیرورو لە داو خستنی پیشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناردن بۆ نێو حکومەتی عێراقیش، کەڵکێ لێ وەردەگرت. دوای ئەوە کە دەینێرن بۆ "دۆڵە ڕەقە"،و لە دەداوخستنی کاك سولەیمان و پێشمەرگەکان سەرکەوتوو نابێ، ئەو جارە لە لایەن ژاندەرمەریەوە، یان ساواك، دەینێرن بۆ نێو حکومەتی عیراق. دەچێتە "ڕواندز" خۆی وەکوو پێشمەرگەی "شورشی کوردستان" و خەڵکی کوردستانی گەرمێن؛ دەناسێنێ و دەڵێ: پێشمەرگە بوومەو ئێستا ڕام کردووە وهاتووم بم بە عەسکر. دەبێ بە عەسکری "غیرمکتوب" ماوەیەك لە رواندزو باپشتیان و ئەو ناوە دەبێ لە نێو "جیش عیراق" دا، دوای ماوەیەك ڕۆژێك را دەکا و لە نزیك "بەرزێوە" خۆی تەسلیمی پێشمەرگەکانی شۆڕش دەکا. لە پێشدا دەڵێ خەڵکی بیتوێنە. بەڵام دوای لێکۆڵینەوە بۆیان دەر دەکەوێ کە درۆ دەکا. دەیگرن و دەینێرن بۆ بەندیخانەی خەلان لای مام سەعید مەسیفی. مام سەعیدکە خۆی ئەندام بوو لە پاراستن دا، دەیکێشێتە ژێر لێ پرسینەوە. هەرچەندی پرسیاری لێدەکا، وەڵامی ڕاستی لێ نابیسێ. ئەو جارە دەست دەکا بە شکەنجەکردنی، لە ژێر لێدان و دارکاری سەعید مەسیفیش دا ڕاستی ناڵێ! ئەو جارە بە دەستبەندی قەپانی

سەروبانی هەڵداوەسێ دیسان هەر ڕاستی ناڵێ. چەندین داغی سەری پریموسی پێوە نابوو دیسان هەر ڕاستی نەگوتبوو. ئەو جارە مام سەعید شەوێك دەیهێنێتەدەر، گۆایە چاوی دەبەستن، پێی دەڵێن: کە ئەگەر وەسیەتی هەیە بیکا؛ چونکە دەیبەن ئێعدامی دەکەن. لە پشتی بەردەزەردی کە دەزانی ئیتر ڕزگار بوونی لە دەست سەعید مەسیفی نابێ؛ ئەو جارە دەڵێ کە ئێرانیە و حکومەتی ئێران ناردویە بۆ جاسوسی بچێتە ناو "جیش" خەبەریان بۆ بەرێتەوە؛ و پیشتریش ناردوویانە بۆ نێو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لەو دا سەرکەو توو نەبووەو...

من کاتێ کە لەلایەن "پاراستنەوە" گیرام، بردیانم بۆ بەندیخانەی خەلان، ناوبراوم لە بەندیخانەی خەلان، چاو پێکەوت. یەکێك لە پێشمەرگەکانی بەندیخانە بە ناوی سمایل خەڵکی ناوچەی هەولێر، ئەو ماجەرایەی بۆ گێڕامەوە و محمدسربازی پێ ناساندم. محمد سرباز، نەخوێندەوار بوو، هەتا بڵێی بە دەست‌و مست ئازاو هەڵسوڕاو بوو. دەورەی کماندوویی لە تاران دیتبوو. بەڵام زۆر ئەحمەق و نەزان بوو. کاتێ منیان برد بۆ بەندیخانەی خەلان، و زانی من کوردی بەشی ئێرانم، بێ ئەوەی من بناسێ؛ دەیویست خۆی لە من نزیك کاتەوە. بەندیەکان پێیان گوتبوو کە من ئێرانیم. هاتە لام گوتی : «من خەلکی گوندی گوێکتەپەی شاروێرانم، ناوم محەمەدە،کوڕی حاجی قارەمان ئاغای گوێکتەپەم. لە لایەن ساواکەوە کەوتمە ژێر تەعقیب ناچار بووم ڕابکەم. کاتێ ئاوای دیوی عێراق بووم و هاتمە ناو شۆڕش زانیم، کە ئەگەر بێتوو شۆڕش بزانی و بمناسن، تەسلیمی ئیرانم دەکەنەوە؛ ناچار بووم چووم لە ڕواندز خۆم ناساند و "غیرمکتوب" بووم بە عسکر. ئەو جارە لە جەبهە شەڕگیانم لە مەترسی دابوو، ڕام کردوە بۆ نێو شۆڕش دوایی ئەوەیان بەسەر هێناوم کە بەندیەکانی بەندیخانەئاگادارن. ئێستا دوای ئەو هەموو شکەنجەکردنم، نازانم چارەنووسم دەبێتە چی؟...

محەمەدی قارەماناغای گۆیکتەپەی" کوڕە پووری خێزانم بوو و تا ڕادەیەك لەدایکەو بە خزم دەگەیشتە من، چوونکە دایکی محەمەد کچە مامی دایکم بوو. ئیتر بەو خۆ ناساندنە هەموو شتێکی محە مەد سەربازم، بۆ ئاشکرا بووکە، ئەوە کابرایە کی

جێگای گومانەو پیاوی حکومەتە. دوایی مام سەعید مەسیفیش هێندێ شتی پێ گوتم، بەڵام پێشتر سمایلی پێشمەرگە، باسی محەمەد سەربازی بە تەسەلی بۆ کردبووم... وەکوو بیستمەوە دوایی ساواك پێ دەزانی و لە شۆڕشی وەرگرتبۆوە؛ دوایی بوو بە جاش دەگەڵ تەکاوەران کەوت بۆ عەمەلیات، لە دژی خەباتە چەکداریەکەی ٤٦-٤٧و....)

لە هاوینی ساڵی ١٣٤٥دا، کە کاك سولەیمان هات بۆ ناوچەی باڵەك، لە سەرەدەرکردنی نووسراوەیەك ـ ڕۆژنامەیەك، بە نێوی ئۆرگانی لکی سی(٣) وتووێژی لەگەڵ ئێمە کردبوو، و هەموومان لە سەر ناوی (ڕۆژ) ساخ بووینەوە. کاك سولەیمان داوای هاوکاری لێکردم، بەڵام بە داخەوە، نە خۆم و نە کادرەکانی تەشکیلاتی ئەو دەمی حیزبی دێموکرات، لە بواری نووسین، هیچکاممان دەستی قەڵەممان نەبوو. ڕۆژنامەی "ڕۆژ" بە هەوڵ و زەحمەتی کاك سولەیمان بابەتەکانی ئامادە دەبوو، بەشی تەکنیك و تایپەکەشی کاك عەبدوڵڵای موعینی براچوکەی کاك سولەیمان ئەنجامی دەدا. ئیتر بۆ سەرەتای پاییزی ئەو ساڵە-١٣٤٥، ڕۆژنامەی «ڕۆژ»ی چاپ کرد، و دیسان هات بۆ سەردانی ئێمە لە ناوچەی باڵەك. چەند نوسخەی لە ژمارەی یەك و دوو، بۆمن هێنابووکە بۆ کۆمیتەکانی شامات و شارۆێرانی ناوچەکانی مهابادم ڕەوانەکردنەوە. هەروەها چەند نوسخەیەکی دامێ کە بیبەم بۆ مەکتەبی سیاسی لە ناو پردان، بیدەم کاك (عیسمەت شەریف)کە ئەو دەم نوێنەری سەرۆك بارزانیو شۆڕش بوو لە ئوروپا، و هاتبووە بۆ کوردستان. ڕۆژنامەکانم برد دام بە کاك (عیسمەت شەریف). ئەدەم کوردی باش نەدەزانی. بە گاڵتەگوتی:

«برای من، من بەتاران دا دەگەڕێمەوە، لەوە ناترسی تەسلیمی ساواکی شایان، بکەم» بە هەرحاڵ کاك عیسمەت شەریف ڕۆژنامەکانی لێ وەرگرتم. من گەڕامەوە. کاك سولەیمان دیسان داوای لێکردین کە لەو زستانە دا بچین بۆ لایان، ئەو دەم لە دێری بوون.

لە زستانی ئەو ساڵە د ا بەرلە نەورۆز لە مانگی ڕەشمەی ـ ١٣٤٥ دا ئێمە لە

خەلان ڕا چووین و مامۆستا میرزا ئەحمەد لە ناوچەی پێنجوینەوە، کاك حەمەدەمین و سمایل و سالارو ئاوارە، هەموو یان هاتبوون لە دێری کۆبووینەوە. ئیتر ئەو جارە باس لە سەر کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی نەکرا. ئاخرین کۆ بونەوەمان بوو لەکوردستانی عیراق. هەرگیز بەبیرمان دا نە هاتبوو کە ئەوە دوایین کۆبوونەوەمان دەبی. چەند رۆژێك لە دێرێ ماینەوە. ئیتر لە سەر هیچ بابەتێکی سیاسی کونکرێت، ساخ نەبووینەوە.

ئیتر من لای کاك سولەیمان هەرگیز باسی دروستبوون و پێکهێنانی کۆمیتەی «ئینقلابی» م نەکرد!... کاك سەعید دەگەل من نەگەڕاوە بۆ خە لان. گوتی ماوەیەك دەچم بۆ گەڵوەڕەز، پاشان بۆ دەروبەر ری نەورۆز دەگەڕێمەوە. لەگەڵ کاك حەمەدەمین و مەلا ئاوارە و جەماعەت چوو بۆ گەڵوەڕەز. منیش دەگەڵ برادەرانی هەورامی گەڕامەوە بۆ گەلالە، و هاتمەوە خەلان...

* * * * *

هەواڵنامەی کتێب

## "خەباتە ڕەوا چەکدارانەکەی ٤٦-٤٧ " چۆن بە سەر کاك سولەیمان موعینی و کادرەکانی لکی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، داسەپا؛ و "پاراستن" و کاربەدەستانی شۆڕشی کوردستانی گەرمێن بوچی بەناهەق خوێنی کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان ڕشت؛ و تەسلیمی حکومەتی ئێرانیان کردنەوە!؟

(من نازانم، فەلسەفەو حیکمەتی ئەوە چیە کە کاتێ مرۆڤ، تووشی ئازارێکی لە ڕادەبەدەر دەبێ هاواری لێ هەڵدەستێ؟ یان کاتێ شاگەشکە دەبێ سوور هەڵدەگەرێ و ئاوی دەچاوان دا قەتیس دەبێ؟ بۆچی کاتێك کە تووشی بە سەرهاتێکی تاڵ دێت، گەرکیەتی بەگیرانەوەو باس کردنی، ئێشی دەروونی سووك بکاو خۆی هێور کاتەوە؟

بەڵام منیش لێرە دا بە پەیڕەوی لە هاودەردانی کلۆڵی خۆم؛ گەرکمە هێندێك لەو ئازارانەی کە لە سەر دەمێکی دیاریکراو دا، لە تاراوگەو دەربەدەری دا تووشی هاتووم، و هەتا ئیستاش هەست بە ئێش و ئۆفەکەیان دەکەم؛ بە کورتە باسێك لەو ڕووداوە ناخۆشانەو ئەو خوێنە بە ناهەق ڕژاوانە؛ یان بە واتەیەکی تر، ئەو خوێنانەی کە بە ناهەق لە سەر هەق ڕشتیان؛ دەور بکەمەوە!)

❋ هەرچەند من تەمام نەبوو بەسەرهاتی تایبەتی خۆم لەو نووسراوە دا، باس بکەم و بیهێنمە گۆڕ. چوونکە داستانی ژیانی تایبەتی ئێمە نە بەسەرهاتێکی قارەمانانەیە، نە ڕۆمانتیکانە! جا لەبەر ئەوە گەرەکم نە بوو، قاقەزی پێ ڕەش کەمەوە؛ و کاتی خوێنەرەوەی پێ بگرم. بەڵام بەناچار، ئەو بەشانەی کە گرێدراوی بابەتەکەن، نێوە بەنێوە، کورتەیەکیان لێ دەدرێتە بەرباس!

وەکوو پێشتر ئاماژەم پێ کردووە، لە ساڵی ١٣٤٥ دا لەگەڵ خێزانم، بەڵێنی

ئەویندارییان بردە سەر، لە هەلومەجێكی زۆر دژوارو نالەبار دا، بووین بە هاوسەری یەكترو...

ئێمەش وەكوو هەموو كیژوكوڕێك، زۆرمان خەونی خۆش بە داهاتووی بەختەوەرانە و ژیانی پڕ لە خۆشی و نازپەروەرانە، و هیوا بە دوا ڕۆژێكی ڕووناك دەدیت. بەڵام بە داخەوە، زۆربەی هەرە زۆری خەونە كانمان بوون بە تراویلكە؛ و ماتەمی هاوڕێ خۆشەویستەكانمان و پەژارەی دوا رۆژێكی نادیار؛ ڕاكردن و خۆ شاردنەوەو... ئیتر هەرگیز نە خەونەكانمان هاتنە دی؛ نە دەروێكی كراوەمان و ڕوونمان بەرووی خومانەوە دی! تا ڕادەیەك بەشێكمان لە پیوەندی دەگەڵ پێشمەرگایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازی دا بە خشكە، باس لێوە كردووە، دیسانیش درێژەی هەر هەیە؛ و لە جێگای خۆیان بەكەموكوڕی باسیان لێوە دەكرێ. لە بواری دابین كردنی ژیانی نەمرنەژی ڕۆژانەشمان كەوتینە ناو گێژاو، و چەرمەسەری...

هەر وەكوو پێشتركە باسم كرد، دوای ئەوە كە حكومەتی عیراق، لە شەڕی "هەندرێن" دا تووشی شكستێكی ئابڕووبەرانە هات، داوای وتوویژی لە ڕێبەرایەتی شۆڕش كرد، و وتووێژی ١٩٦٦ دەستی پێ كرد. ئا، دروست لەو كاتەدا من لە "خەلان" بووم، و كاك سەعیدكۆستانی خانوە ناخۆشەكەی كە پێشتر باسی كرا، بۆی لە شیخ عەبدوڵلا گرتم و ماڵەكەم هێنا بۆ خەلان.

من لە بواری كار، ئالوویری بازاڕو شار، هیچ جۆرە ئەزموونێكی كڕین و فرۆشتنم نەبوو. پارەو دراوێكی وەهاشم نە بوو كە، بتوانم تا ماوەیەك خۆمی پێ بەڕێوەبەرم؛ و لە بواری كارو پیشەیەك بۆ دابین كردنی بژیوی رۆژانە، بیرێك بكەمەوە. كاتی هاتم بۆ خەلان، یەكەم كار كە، بە فكرم گەیشت بیكەم، بەو دراوەكەمەی كە بووم، تووتن كڕین بوو. ئەو ساڵە تووتن كەم بوو، ئەوەشم كە دەزانی، خۆم سیخاركێش بووم، و بە زەحمەت تووتنی خۆشكێشم دەست دەكەوت كە بیكێشم. ئەو كارەم بە تەمال هەڵناو بەكارێكی بە پڕ لە سوودو قازانجم زانی. لەو سەرو بەندەدا، ماڵێك لە نەغەدەوە هات، بوو بە دراوسێ مان. ژن و پیاوێك بوون و كوریژگەیەكیان هەبوو. ئەوانیش لە سەر بەسەر هاتێك تووشی دەربەدەری ببوون. پیاوەكە، ناوی كاك ئەحمەد نەغەدەیی بوو،

هەتا خوا حەز دەکا پیاوێکی چاك و خۆش بەرخوردو لەبەر دڵان بوو، و خیزانەکەی لە خۆی باشتر... دوای ئاشنا بوون، دەگەڵ کاك ئەحمەد ڕێککەوتین، کە توتن بکڕین بە قازانجە!!...

ڕۆژێـك دەگـەڵ کاك ئـەحـمـەد، بـە پێیـان لە خـەلان ڕا چـوویـن بـۆ گـونـدی "مەمیخەلان" سێ کاتژمێرە ڕێگە زیادترە. پرسیار پرسیار! لە مەمیخەلان چووینە لای توتنەوانێك. کابرای توتنەوان گوتی: من توتنەکەی خۆم هەڵنەبڕیوە، بەڵام ئەو کابرایەی جیرانم توتنێکی خۆش و وشکی هەیە، و توتنەکەی "بێشەممایە". چوینە لای کابرای خاوەن توتن. کابرا، ناوی مام عەلی بوو، تورك زمانێکی ئێرانی بوو. کاتێ زانیمان تورکە؛ بە تورکی دواندمان بۆ ئەوەی بەلکوو هەستی تورکایەتی و ئێرانیگەری ببزوێ و سەنگ و سوکێکمان دەگەڵ بکا. مام عەلی گوتی:

«بە منداڵی پەڕیوەی دیوی گەرمێن بووم، تورکیم لە بیر نەماوە!»

بەڵام هێشتا بە باشی فیری کوردی نەببوو! بە هەرحاڵ توتنەکەمان بە کەیفێ بوو لێمان کڕی بایی چل و پێنج دیناری عیراقی بوو. من لە ٢٠دینار زۆرترم نە بوو؛ پیموا بوو کاك ئەحمەد کە پیشەی قاچاخچیەتی بوو، پارەی زۆرەو ئەو ٢٥دینارەکە دەداو دوای فرۆشتنی توتنەکە، ٥ دینارەکەی خۆی هە لدەگرێتەوە. بەلام بە داخەوە کاك ئەحمەد لە منی پتر نە بوو؛ ئەویش هەر ٢٠دینار هەبوو. مەسەلەی گرێنگ ئەوە بوو نزیکەی چوار کاتژمێر، ئێمە بەیەکەوە بە ڕێگادا هاتبووین، هیچ کاممان نەمان پرسیبوو ئەری تۆ چەندت پارەپێیە؛ یان چەندت هەیە؟ بە هەرحاڵ تازە توتنەکەمان بە ترازوو کێشابوو، لە تەلیس دا درو بوومان. ناچار گوتم:

مام عەلی، توتنەکە با لێرە بێ من دەچم بارەبەرێك دێنم؛ کاتی هاتمەوە توتنەکە بەرم ٥ دینارەکەی تریشت دەدەمێ!

گوتی: زۆر باشە. دەگەڵ کاك ئەحمەد بەرەو خەلان گەراینەوە، یەکمان لەوی تر، داماوتر، بۆ پەیدا کردنی ٥دینار بۆ هێنانەوەی توتنەکە!

کاتی هاتمەوە ماڵ، خیزانم بە میهربانی بەرەو پیرم هات، ماندوو نەبوونی لێ کردم، بەڵام من لە کاتی وەڵام دانەوە دا "لە گۆمێکی تر دا مەلەم دەکرد؟" بە هەرحاڵ پێم

گوت کە حاڵو تەفسیل بەو جۆرە بووە!!...

خیزانم وەسەر خۆی نەهێنا،گوتی: «خولا گەورەیە! من دەچمە لای "پوورە بەسی" لەوانەیە دراوی هەبێ، ئەگەر هەبێ پێموایە دەمان داتێ!»

"پوورەبەس" ژنێکی تەمەن بەساڵدا چوو بوو. تۆبەکاری شیخی "خەلان" بوو. من هەرگیز روویم نەدیت، بزانم زۆر بەتەمەنە، یان سەرەژنە. جیرانمان بوو، دەرگای ماڵەکەی هەر ٢ میتر لە دەرگاکەی ئێمە دوور بوو. خیزانم کە ئەو دەم ئافرەتیکی کەم تەمەن بوو نوێژی دەکرد، بەهۆی نوێژکردن، ببوو بە خۆشەویستی "پوورەبەسێ" ، خیزانمی زۆر خۆش دەویست. بە هەرحال خیزانم چووەلای، ٥ دیناری داینێ، تووتنمان پێ هێناوە، و دوای فرۆشتن خێرا پارەکەمان داوە، نەکوو خوانە خواستە جارێکی تر پێویستمان پێی بێتەوە...!

ئیتر ئەو ساڵە هە تا گەیشتینە زستان، بە کۆنە کۆت فرۆشی، قەسابیـ گیسك کوشتنەوەو گۆشت بە پشت گێڕان بۆ ئەم دی و ئەو دێ؛ دەگەڵ کاك سەعید، خۆمان ئیدارەکرد، و بووم بە خاوەنی ٢٥دیناری عیراقی!!...

ئەگەر باسی نگبەت و بێ دەرتانی خۆم بگێڕمەوە لەوانەیە بڕوام پێ نەکەن!! ئیتر بە کۆیرەوەری و چەرمەسەری؛ "نەمرنەژی" خۆمان ئیدارە دەکرد. لە هەمووی ئەو ماوەیەدا، تەنیا ئەو جارە بووە کە خێزانم ئەو ٥ دینارەی بە دەست قەرز وەرگرتووە. ئەویش تووتن بەسەریدا سەپاندین!! دەنا هەرچەند نانیشمان نەبووبێ، نەفس زلی ڕێگای نە داوین لای خەڵك و هاوڕێ داوای قەرز بکەین!

زستانی ئەو ساڵە ( ١٣٤٥) سەرەڕای ساردیو سەختلەتی لە ڕادەبەدەری، بە تایبەتی بۆ من زستانێکی فرە ناخۆش بوو. لە بواری ژیانەوە لەو پەڕی نەداریو دەست کورتی دابووین. بەلام ئەوەندەی باش بوو، هاوینەکەی، خزمان کە هاتبوون بۆ هەواری، پەنیرو لۆرکی تەسلی زستان و کەمولکەیەکیان ڕۆن بۆ هێنابووین. خیزانم دووگیان بوو، نەخۆش بوو. پارەم نەبوو ببەم بۆ دوکتور، هەر وەك گوتم نەفس زلیش ڕێگەی نەدەدام داوا قەرزو قۆڵە، لەم و لەو بکەم پێم وابوو ئەگەر داوایان لێ بکەم‌دەڵێن: دوایی پارەکەی بە چی دەدەیەوە؟

بۆ پارەم نە بوو؟

ئاخر مانگی پاییز بوو، پیش بارینی یەکەم بەفری زستانی ئەو ساڵە، بیست و پینج دینارم دراو هەبوو، دراوەکەم دابوو بە مام چوکەڵ، کە لە بەغدا بووم بدا بە شتێك بەڵکوو لە زینوی، کە بازاری سەر سنوور بوو، بیفرۆشمەوە قازانجێکی لێ بکەم. مامچووکەڵ، پێنج ڕادیویی چووکەی بۆ کڕیبووم. دانەی بە ٥ دینار، هەمووی سەروەت و سامانەکەم ئەو بیست و پێنج دینارەبوو، جگە لەو ٢٥دینارە، نزیکەی دوو دینارێکیشم لە گیرفان دا هەبوو. لەو کاتەدا؛ حوسین مەراغەیی خوالێخۆشبوو کە دۆستم بوو، ئاڵوێری دەکرد، هاتووچۆی گەرمێنی دەکرد، میوانمان بوو، گوتی:

«ڕەفیق! ئەگەر ئەو ڕادیویانە لێرە بفروشیەوە چەندت قازانج بۆ دەکا؟ گوتم:

لەوانەیە بەهەموویان، دیناریك، یان دینارو ربعیك قازانج بکەن. گوتی:

«لە خولای بە زیاد نە بێتەوە، و نۆشی گیانی تۆش نەبێتەوە!.

: من رادیوکانت بۆ دەبەمەوە ئیران، لە وێ بۆت دەفرۆشمەوە. هیچ نەبێ سی وپێنج دینار دەکەنەوە و... دوای چەند ڕۆژی تر دەگەڕێمەوە.»

زۆرم سوپاس کرد. لە کۆنەوە گوتویانە: پیاوی بە تەماع هەمیشە مەغبون- (مفلس) و تێشکاوە! بە هیوای ئەوە کە دەبم بە خاوەنی ٣٥دینار ڕادیوکانم دا بەکاك حوسین مەراغەیی بردی بۆ ئیران، ڕۆیشت. ئیتر دوای رویشتنی کاك حوسین مەراغەیی فەڕی منی نگبەت؛ دەستی کرد بەکرێوە و باسریشك، "هەرچی دەکەم ئێستای دەکەم!" بەفرێکی قورس باری. بە هۆی بارینی بەفرو کڕیوە هەتا چەند حەوتوو لە مانگی خاکە لێوەی ١٣٤٦ نەچوو، ڕێگای هاتوچۆی ئەو "دیو" نە کراوە. لەو زستانە سەخت و بێ ئەمانەی زینوێ و خەلان دا، ئێمە بەو دوو دینارە بردمانە سەر. خیزانم کە دووگیان بوو، تازە جمێ ــ دو"قلو" زابوو! جێگای حاوانەی خۆمان و دوو منداڵی ساوا، لە خانوێکی چووکەی کەمتر لە ١٠ میتر دا، لە نێو بەفر وسەرماو سیاقەی خەلانێ دا، بەو ئیمکانیاتەی کە بوومان؟ بەڕاستی ژیانێکی پڕ لە ئێش و ژان بوو! نازانم؛ خوا بەزەیی پێیان داهات؛ یان فیداکاری یەکێك لە دوو "دووانەکان" کە کچێك بوو، بە لە خۆ بردووی خۆی دەسەر براکەی گێرا؟ وەك دەڵێن: مێیەنە

سەرچاوەی بزیی و عاتیفەیە، خۆی کردە قوربانی کورەکە؛ و مرد!! بەڕاستی نە جێگای حاواندنەوەیانمان هەبوو، نە توانای دابین کردنی شیرو بژیویان، بەڵام هێممەت و خۆ ڕاگری خێزانم وەکوو هێزێکی فرە گەورە لە پشت خۆم هەست پێ کرد، دڵی دەدامەوە؛ بەبڕوایەك کە هە یبووی دەیگوت: «خوڵا - خوا، گەورەیە! تەنگانە، فەرحانی یان بە دوا دا دێ خەمت نەبێ هیممەت هەبێ پیاو ئەو پیاوەیە کە لە تەنگانەدا بە جەرگ بێ!» ئەو قسانەی خێزانم بەڕاستی هێزی دڵ بوون بۆمن!

با لە باسی ئەو بە سەرهاتە شوم و ناخۆشانەو ئەو ڕۆژە ڕەشانە گەڕێین، لە گەڕانەوە نایەن؛ خوا پێشانی کەسی نە دا، لە باسەکەمان بەسەرنە کەین!

سەرەتای مانگی خاکەلێوە بوو، یان ئاخری مانگی ڕەشمە، چیاو دۆڵ ودەرەکانی سنوری پیرانشارو ناوچەی بالەك، هێشتا خاڵ بەڵەك نەببوون - رەش نەببوونەوە، قاچاخە ڕێگاکانی سنووری ئیران، بۆ دیوی گەرمێن، نەکرابوونەوە. ڕۆژێك کاك سولەیمان و عەبدوڵڵاو مونتەقیم و کادرەکانی لکی ٣، لە خەلان پەیدا بوون. خواو ڕاستان، نە هاتنە ماڵەکەی ئێمە، میوانی خانەقا بوون؛ گوتیان دەچین بۆ زینوێ و منیشیان دەگەڵ خۆیان برد، هەموومان چوین بۆ زینوێ شێخی. لە زینوی میوانی کاك مستەفای شیخ عوبیدیللا بووین... دوایی چووینە نێو دوکانەکانی زینوێ، نازانم چۆن بوو، بە ڕێکەوت چوومە دوکانی مەحموده سور. لەوێ چاوم بە دووربینێك کەوت، هەلواسرا بوو.بەسەرنجەوە سەیرم کرد، دوربینەکەم ناسیەوە. دووربینی شەهید مەلاسمایل فەقێیسێ بوو. کاتێ گەڕامەوە لای کاك سولەیمان، گوتم:

دووربینەکەی کاك مەلا سمایل فەقێیسێ لەو دووکانەیە.

گوتی: چۆن دەزانی هی ئەوە؟

گوتم: ساڵێك لە ئیران و ناوچەی قەلادزە، لای خۆم بووە تەنانەت تەماشای بەرگەکەی ژوورەوەم کرد، ناسیومەوە کە، "عەبدوڵڵا نەورۆز" بۆی دروو بووم. بەکورتی دیسان چوومەوە لای کاك مەحمودە سور، پرسیارم لێکرد:

کاك مەحمود! ئەو دووبینە بە چەندی؟

گوتی: کاك مەلا! ئەو دووربینە ئەمانەتە؛ هی بنەماڵەیەکی باوك کوژراوی هەژاری

چەند سەر خیزانە، لایان داناوم بۆیان بفرۆشم!
: دەکری ناوی باوکە کوژراوەکەی سەخیرەکان بڵێی کێیە؛ و سەخیرەکان لەکوێ دەژین؟
: گوتی باوکیان ناوی مەلا سمایل بوو، خەڵکی خانێ بوو، بەهاری ڕابردوو(١٣٤٥) لە نێوشکاکان دەگەڵ "نحۆ شکاك" شەهیدکراوە!
گوتی: دووربینەکەش بە ١٠دینار! و زۆر باسی نەداری و بێ ئەنوایی منداڵەکانی مەلاسمایلی بۆکردم...
کاتی هەژاریو نەبوونی منداڵەکانی مەلاسمایلم بیست، و سیمای سادقی مەلاسمایل کە هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆم بوو، هاتە بەرچاوم و... بە ڕاستی هەستی دەرونم هاروژا، جەرگم وەژان کەوت! بەجۆرێك کە ژیانی شپرێوی خۆم لە بیر چۆوە. بەناڕەحەتی گەڕامەوە لای کاك سولەیمان، جەرەیانەکەم بۆ گێڕاوە. کاك سولەیمان لە من زۆرتر موتەئسیربوو، ٢٠دیناری دامی کە بۆ منداڵەکانی مەلاسمایلی بنێرم و دووربینەکەش بۆ خۆم هەڵگرم. چوومەوە دووکانی کاك مەحمودە سور.
گوتم: کاکەگیان من دووربینەکە دەبەمەوە ئەوەش ١٠دینار پارەی دوور بینەکە! ئەو ١٠دینارەش یارمەتی حیزبە بۆ منداڵەکانی مەلاسمایل. کاك فایق، دەڵێ: خوا یار بێ لەمەو دوا، لێیان خافڵ نابین و بە پێی ئیمکان یارمەتییان دەدەین! ٢٠دینارەکەم دا بەکاك مەحمود سوور کە بۆ منداڵەکانی مەلاسمایلی بنێرێتەوە.
لە ڕاستی دا دووربینەکە ٥ دیناری نە دەهێنا. کاك سولەیمان، ٥ دیناریشی دا بەخۆم و ٥ دینار بە مەلا محەمەدی عەجەم کە لە زیندانی ورمی گیرا بوو، بۆی بنێرم. دراوەکەی مەلا عەجەمم دا بە عەبدوڵڵای ڕەحیمی زێنێ، کە لەو کاتەدا لە زینوێ بوو، کە بیدا بە براکانی لە گوندی گۆلی سندوس، بۆی بنێرن.
(کاك مەلا محەمەد عەجەم، لە هاوینی ١٣٤٥دا، بە سەفەرێکی بزۆزانە، چووە بۆوە بۆ سندووس. بە هۆی خۆ نیشان دان و تەزاهورکردن، و ڕەچاو نەکردنی نهێنی کاری، لە گوندی "مەمەلیان" لە ماڵی کاك مەلا محەمەد محەمەد زادە، میوان دەبێ، ڕاپۆرتیان لێدەدەن، شەوێك مامورەکانی ساواك دێنەسەریان؛ لە کازیەوەی بەیانیدا لە گەڵ

خانەخوێکەی ـ مەلامحەمەد محەمەدزادە، دەگیرێن و دەیانبەن بۆ ورمی هەریەکەی دووساڵیان حەپسی بەسەردا دابڕن.)

کاك سولەیمان چەند رۆژێك لەو ناوە ماوە. رۆژنامەی" رۆژ"ی ژمارە **٣**ی لەگەڵ خۆ هێنا بوو. هێندیکمان لە سەر چالاکی و نەپچڕانەوەی پێوەندی لەگەڵ کۆمیتەکانی وڵات و گەیاندنی رۆژنامەو... باس کرد. هەرچەند خۆمان نەدەچووینەوە، بەڵام پێوەندی نەپساوەمان لەگەڵ کۆمیتەکان و ئەندامە چالاکەکانی وڵات بە هێز بوو.

هەر وەکوو گوتمان: کاك مونتەقیمی قازیشی دەگەڵ هاتبوو. خوالێخۆشبوو مونتەقیم، لە گوندی زینوێ و خەلان و ناوچەی باڵەکایەتی، تووشی هەرکەس ببا، ناسیاوی لە سەر هەبوایەیان نا، دیگوت: «ئەوە لە دێڵە زەردی دەدەین؛ تۆش دەیکەی یان نا؟» مونتەقیم ئەگەر بەجیددیشی بوایە، ئێمە هەر بەگاڵتەمان دەزانی!

مونتەقیم میوانی، کاك مستەفای شیخ عوبیدیللای زینوێ بوو. کاك مستەفا، ئەو دەم براکەی کاك عومەر_ نەوەی شیخ رەشیدی لۆلان، لە هەولێر بوو،کورت و کرمانجی «جاش» بوو. کاتێ کاك سولەیمان و جەماعەت دەگەڕانەوە بۆ گوندی " دێرێ"، مونتەقیم لێیان هەڵبڕا، دەگەڵیان نەگەڕاوە بۆ دێری. من هەتا ڕایات، دەگەڵ کاك سولەیمان و برادەرانی هاوڕێی، چووم و بە ڕێم کردن. کاك سولەیمان لە ریگای نێوان "خەلان" و " ڕایات" دا، داوای لێکردم: هەوڵ دەگەڵ مونتەقیم بدەم بەڵکوو قانع بێ نەچێتە هەولێر. گوتی:

«مونتەقیم، سەرەڕای ئەوەی کوڕی کارو باری سیاسی نیەو بۆ ئەوەش نابێ، لەو هەلومەرجەدا هەر جۆرە پێوەندی گرتنو نزیکایەتی کردن لە حکومەتی عیراق، بە زیانی حیزبی ئێمەیە،و نابێ بە هیچ جۆرێك خۆمان تووشی گرفتێکی وەها بکەین! گوتی: لەو زستانەدا، بە هۆی برایم ئاغای مامی بایزاغای هەباساغای سەرکەپکان، ئامیر لیوای ڕانیە، لە لایەن قاید فیرقەوە، لێی ڕایسپارد بووم کە، ئێمە ـ (حکومەتی عیراق) ئامادەین هەموو جۆرە یارمەتێکیان بدەین، ئەگەر لە ئێران شۆڕش سازبکەن.»؟من لە وەلامی برایم اغا دا،گوتم:

ئەگەر کار بە دەستانو حکومەتی عیراق، ڕاست دەکەن و دۆستی کوردن؛ و

دڵیان بۆ كورد دەسووتی؛ با دەگەڵ شۆڕش و سەرۆكایەتی شۆڕش لە سەر مافی گەلی كورد، لەكوردستانی عیراق، ڕێككەون!...

لەلایەكی تریشەوە هێندێك كەس لە كار بە دەستانی "پاراستن" ڕاستەو خۆ پیاوی ساواكن، و زۆرمان لە دژن، لە بیانوویێك دەگەڕێن پەلیمان پێ بگرن...! »

بە هەرحاڵ كاك سولەیمان و جەماعەت بەرەو دێریّ گەڕانەوە. منیش گەرامەو خەلان. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، دوای نەرۆزو سەرەتاكانی مانگی خاكەلێوەی ١٣٤٦بوو. كاك حەمەدەمین و كاك سمایل و كاك سالاری حەیدەری لە خەلان بوون. دوای گەڕانەوەی كاك سولەیمان و جەماعەت بۆ دێری، ڕۆژێك دەوروبەری قاوڵتونێ بوو، دەگەڵ كاك حەمەدەمین و سالار و سمایل، هەموومان لە ماڵی كاك سەعیدكویستانی بووین پاسۆڕمان دەكرد. كاك مونتەقیمی قازی پەیدا بوو. دەگەڵ كاك حەمەدەمین و كاك سمایل دەستی كرد بە گاڵتەو گوتی: ئیوە لە ترسان دڵتان تۆقیوە دڵتان تۆقێ!

كاك حەمە دەمین گوتی:

«دەی مونتەقیم كەنگێ لە دێلەزەردی دەدەی!»

: «دوایی دەزاننەوە كە چۆن لە دێلە زەردێ دەدا...!»

مونتەقیم بانگی كردمە دەرێ و بە یەكەوە چووینەوە ماڵی ئێمە. مونتەقیم گوتی: «من دەچم بۆ هەولێر، با تفەنگو فیشەكدان و جانتاكەم لای ئێوە بێ هەتا دەگەڕێمەوە!»

لە سەر ئەسپاردنی كاك سولەیمان، ئەوەی دەمزانی بۆ پەژیوان كردنەوە بە مونتەقیمم گوت. بەڵام بە داخەوە، جگە لەوی كە پێی گوتم: "جەرگت خرابێ دڵت تۆقی، ترسنوك!"... دەسكەوتێكی ترم نەبوو. بە هەرحاڵ مونتەقیم تفەنگ و فیشەكدان و جانتاكەی لە ماڵی ئێمە بەجێ هێشتو ڕۆیشت بۆ هەولێر.

دوای ڕویشتنی مونتەقیم بۆ هەولێر، كاك حەمەدەمین و كاك سمایل و سالاریش ئەو دەم كە لە خەلان بوون، نازانم چوون بۆ سەردانی كاك سەنار یان چوون بۆ لای گەلالە. بەهەرحاڵ ئەوانیش دوای مونتەقیم، لە خەلان ڕۆیشتن. حەوتوێك بە سەر

ڕۆیشتنی موتەقیم دا، بۆ هەولێر بەسەرچووبوو یان زۆرتر، ڕۆژێك كاك سەعیدكۆستانی لە خەلان، گوتی:

«یەكێك لە برادەرانی هەورامی، (هێندێك برادەری هەورامی كە ئەندامی حیزب بوون، لە گەلاڵە دوكانیان هەبوو، لە بیرم نەماوە كە میرزا سەعیدی هەورامی دەبێ یان یەكی تر) هەواڵی ناردووە كە، كاك مونتەقیمی قازی گیراوە و ئێستا لە بەندیخانەی گەلالەیە، گوتوویە بە برادەران بڵێن...؟! »

كاك سەعید دەچێتە "گەلالە" ، دەگەڵ كاك حەمەدەمین سیراجی هەوڵ دەدەن چاویان بە مونتەقیم بكەوێ. كاك حەمەدەمین گوتی فرانسۆ ئیجازەی داین كە چاومان بە مونتەقیم بكەوێ... مونتەقیمیان دیتبوو جا چیان دەگەڵ باس كردبوو نازانم ئەوان دەبوا لە سەر ئاكامی ئەو بە سەرهاتە ناخۆش‌و نا ڕەوایە بنووسن!

## مونتەقیم چۆن گیرا؛ بۆ گیرا؟

هەواڵنامەی کوردستان

ئەو ڕوژەی كە كاك مونتەقیم لە هەولێر دەگەڕێتەوە، بەرەو ناوچەی باڵەك، لە "بەرزێوە" كە سنووری نێوان دەسەڵاتی شۆڕش و حكومەت بوو، كار بەدەستانی "پاراستن" چاوەڕێی ئەو ئوتومبیلە دەكەن كە مونتەقیمی تێدا دەبێ؟ كاتێ ئوتومبیلەكە دەگاتە "بەر زێوە "، ئوتومبلەكە ڕا دەگرن و مونتەقیم دادەبەزێنن. ئیدی هیچ كەس لەوانەی لە ئوتومبیلەكەدا دەبن هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ‌نەمزانیەوە كەسێك لەوانە، باسی گیرانی مونتەقیمی دركاندبێ؟ وا دیار بوو كە ئەسپاردبوویان كەس باسی ئەو جەرەیانە نەكا!

ئیدی ئەو رۆژەی كەدەگیری بۆ شەوەكەی دەیهێنن بۆ بەندیخانەی "گەلاڵە" لە ناوچە ی باڵەك. مونتەقیم شەو كە لە بەندیخانە دا دەبێ كشكچیەكانی بەندیخانە، نایناسن. بۆ بەیانی كە بە ڕەواڵی هەمیشەی خۆیان، كەسێك لە بەندیەكان دەبن بۆ هێنانی نان لە نانەواخانە.كیشچێك دەڵێ :

«كێ ئامادەیە، دیت بچین نان بێنین؟»

مونتەقیم دەڵێ : من.!

تەلیس ـ گۆنی، هەڵدەگرێ و بە نێو بازاری گەڵاڵە دا، تەلیس بە کۆڵەوە، تووشی ئەو برادەرە هەورامیە دەبێ. برادەرەکە پرسیاری لێ دەکا:

« ئەی! کاك مونتەقیم ! ئەوە چیە بەکۆڵتەوە؟ »

: «نانە ! من گیراوم و لە بەندیخانەم. دوێنێ کە لە هەولێر گەڕاومەوە لە ڕێگا گرتوویانم و هێناویانم بۆ ئێرە، هەوال بدە بەبرادەران نیگەران نەبن» (؟)

ئەوە ڕیوایەتێکە کە، کاك سەعیدکۆیستانی بۆی گێڕاومەوە، لەوم زانیوە!

بەکورتی ئەوانەی مونتەقیمیان دەناسی بەگیرانی زۆر سەخڵەت بوون. زۆریان هەوڵ بۆ دا، بەڵام ئەو کەسانەی هەوڵیان بۆ دەدا، قسەیان نەدەرۆیشت؛ سوودی نەبوو. ئەوانەی وەکوو مامۆستا هەژارو کاك خالیدو... کە لە "پاراستن" دا دەستیان دەڕۆیشتو بەڕواڵەت مونتەقیم دۆستیان بوو؛ هەمیشە هاتووچۆی دەکردن! بە داخەوە خۆیان لێ بە ساحێب نەکردو هیچیان بۆ نەکرد. دوای کورتە ماوەیەك، مونتەقیمی چارەرەشیان کردە دیاری (هەدیە) دایانەوە بە حکومەتی حەمەڕەزا شای تاوانبار!

(بەڵام پرسیارێك دێتەگۆڕ: تۆبڵێی کار بە دەستانی شۆڕش ـ"پاراستن" خەونیان دیتبێ، یان عیلمی غەیبیان دەزانی؟ یان دیسیان لێرەش دا، دەستی خۆیی دەکار دابوو؟)

## ڕووداوەکان درێژەیان هەیە

–بە دروستی لە بیرم نەماوە چەند رۆژ دوای گیرانی کاك مونتەقیمی قازی بوو. ڕۆژێك کاك سەعیدکوێستانی دوای نیوەرۆیەکی درەنگ هاتە ماڵی ئێمە، بۆگێڕامەوە:

«کاك فایق بە ئەحمەدی بارام میرزا دا، نامەیەکی چەند دێڕی بۆ نارد بووم و داوای کردبوو بە پەلە بچم بۆلای و چاوم پێی بکەوی. منیش بەیانی زوو بە پەلە، دەگەڵ ئەحمەدی بارام میرزای بە رەو حافیز و دەرگەڵە، چوومە خوار، لە نزیك حافیز چاوم پێکەوت. کاك فایق زۆر پەشێو و نیگەران بوو. گوتی دوێنی بە نێوی مەکتەبی سیاسی "برقیە"- بروسکەیەکم بۆ هاتووە کە هەتا مەکتەب بچم. بەڵام من دەزانم ئەوە نامەی کاك ئیدریس بارزانیەو خۆم لەو بانگ کردنە دا نیاز پاکی نابینم...

«لە سەرداوای کاك فایق، من چوومە مەکتەبی سیاسی لای کاك عەلی عەبدوڵڵاو کاك نوری شاویس. دوای دانیشتن و ئەحواڵ پرسی - گوتم بروسکەیەك بە نێو مەکتەبی سیاسی بۆ فایق چووە، داخوا ئێوە بۆتان ناردووە یان نا؟» لە وەڵام دا گوتیان:

ئێمە ئاگاداری ئەو جەرەیانە نین و...

بە هەرحاڵ من گەڕامەوە لای کاك فایق و قسەکانی کاك عەلی عەبدوڵڵاو کاك نوری شاویسم بۆ گێڕاوە. ئیتر شك لەوە دا نەماکە، ئەو بانگ کردنە هیچ نیازێکی باشی تێدا بەدی ناکرێ! پاشان بە یەکەوە دانیشتین و لە سەرکارو بەرنامەی دوا ڕۆژ هێندێکمان قسەکرد. ئیدی هاتینە سەر ئەو ڕایەکە خۆی بە دەستەوە نەدا. جاری لە دەوروبەری سنورەکان خۆی بپارێزی بزانین وەزعەکە، چ گۆڕانێکی بەسەر دا دێت. هەروەها گوتی کاك فایق گوتوویە ئێوە - کاك سەعیدو من، جاری لە جێگای خۆتان مەبزوون، هەتا دەتوانن بمێننەوە. ئەگەر نەشتان توانی بمێننەوە، پێوەندیمان دەبێ و لێکتر ئاگادار دەبین. ئیدی من و کاك فایق و کادرو پێشمەرگەکان یەکترمان ماچ کردو خوا حافیزیمان لە یەکتر کردو من گەڕامەوە و ئەوانیش دەبەندێ هەڵبوون.»

کاك سولەیمان دەگەڵ کادرو پێشمەرگە بە ئەمەگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەگەڕێنەوە بۆ داوێنی دایکی نیشتمانی خۆشەویست. چیا سەربەرزەکانی کوردستان و یارمەتی بێ دریخی گەلە ژێردەست و چەوساوەکەیان، دەبێتە پشت وپەنایان و دەیانحاوێننەوە. کاك سولەیمان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، هەروەکوو لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، نیازی شۆڕشیان نە بوو، بۆ شۆرش کردن نەگەڕابوونەوە، و هەلومەرجی ئەو ڕۆژی کوردستانیان باش دەرك کرد بوو. بەڵام هەڕەشەی گرتن و دانەوە دەستی ئێران، ئەوانی ناچار کرد، و بە سەری دا سەپاندن کە بگەڕێنەوە بۆکوردستان، ئەگەر بۆیان بلوێ لە چیاکانی کوردستان، تا دەروویەکی هێمنایەتیان بۆ دەکرێتەوە لە سنورەکان، خۆیان بپارێزن. بەڵام هێرش و هورووژمی بە کرێگیراوانی کوردستان بۆ سەریان، ئەوانی لە شوێنێکی وەهای پاستاوتبوو، جگە بەرگری لە خۆ و

بەکورد مانەوەیان، چارێکی تریان بۆ نەمابۆوە. ئیتر داگیرکەرانی کوردستان و سویند خۆرانی گەلەکەمان، لە هەموو لاوە هێرشیان کردنە سەر، وئەوانیش دەستیان لە سەردەست دانەنا، بە گژ داگیرکەرانی وڵات دا هاتنەوە. ئیتر بەو جۆرە خەباتە چەکدارانە ڕەواکەی ساڵەکانی ٤٦ -٤٧یان بە سەر دا سەپاندن. زۆر ئازایانە بەرگریان لە خۆیان و نەتەوەکەیان کرد، و وەکوو پێشمەرگەیەکی بە ئەمەگی کوردستان، لە پێناو مافی نەتەوایەتی، ئازادی و دێموکراسی دا، شەرەف و سەربەرزیان لە مێژووی جۆلانەوەی رزگاریخوازی کوردستان دا، بۆ خۆیان تۆمار کرد. ناوی هەمیشە لە دڵدا زیندوویان، لە کۆمەلگەی کوردەواری دا، وەکوو ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار هەتا هەتایە دەروشێتەوەو دەمێنێ!

ئیدی ئەوە ی پێی دەلێن «شۆرشی ساڵەکانی ٤٦-٤٧» بەو جورە، بێ ئەوەی بناخەی بیرو کردەوەی بۆ دارێژرابێ، بە سەر کادرو پێشمەرگەکانی لکی ٣ حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، دا سەپا!. ئەوەی ڕاستی بێ هیچ نەخشەو پلان و بەرنامەیەك بۆ ئەو جەرەیانە، لە پێش دا دیاری نەکرابوو،و دانەڕێژرا بوو!

دوای ئەوە کە، کاك سولەیمان ناچێ بۆ مکتەبی تەنفیزیو رێگای چیاکانی نێوان سنووری هەر دوو بەشی کوردستان دەگرێتە بەر، "پاراستن" بۆ سبەی ئەو شەوە، دەستەیەك پێشمەرگەی بارزانی، بە نێوی مەکتەبی تەنفیزی دەنێرێ بۆ "دێرێ" و بە سەر بنکە،و ماڵەکەی کاك سولەیمان دادەدەن. کاك سیامەندی کوری کاك سولەیمان کە ئەو دەم کوڕێژەگەیەکی٨- ٩ساڵان بووە، دەڵێ:

«وەبیرم دێت! دوای ئەوە کە شەوێ بابم و پێشمەرگەکان ڕۆیشتن بەیانە بوو، پیشمەرگە بە سەرماڵەکەیان دادایـن. دەستیان کرد بە پشکنین و شتومەك کۆڵینەوە. هیندەمان شتومەك نەبوو، بەڵام دیسان هەر چی بوومان فڕێیان دا دەرەوە، تەنانەت کتیبی دەرسی منیش، کە ئەو دەم مامە عەبدوڵڵام دەرسی پێ دەگوتم، هەموویان لێ فڕێ داینەدەر. ئیدی دوای ئەوە کە هیچیان دەست نەکەوت لە گردۆڵکەکەی نزیك دێری نیشانەیان داکرد و دەستیان کرد بەتەقە کردن. تەنانەت منیش کە منداڵێك

بووم، پێیان گوتم وەرە تۆش باوێ. سیامەند: منیش تەقەم کرد و دوایی ڕۆیشتن. ئیتر هیچ جۆرە بێ ڕێزێك و قسەی دزیومان لێ نەبیستن. چەند ڕۆژێك دوای ئەو بەسەرهاتە، ئەو جارە حەسۆ میرخان مالەکەمانی برد بۆ سە نگەسەرو...»

(دیارە لێرە روو داوی تریش هەن بە هۆی تێبینی خۆیان لێ دەپاریزم!)

چەند رۆژ دوای ڕۆیشتنی کاك سولەیمان، رۆژێك لە لایەین "پاراستنەوە" دووچەکدار دەگەڵ ئەحمەدی بارام میرزای هاتن بۆ خەلان، چەکدارەکان هاتنە ماڵی ئێمە.گوتیان: هاتوون بۆ تفەنگ و جانتای مونتەقیم کە لە ماڵی ئێمە بوون. منیش جانتاو تفەنگ و فیشەکدانەکانم لە پێش دانان و دوای ئەو کە سەیریان کردن، داوای ڕەسیدم لێکردن. رەسیدیان دامی و جانتا و تفەنگ و فیشەکدانەکانیان بردن و ڕۆیشتن. ئیدی باسی هیچ جۆرە قسەو باسێکیان لەگەڵ من نەکرد. دیار بوو مونتەقیم گوتبووی کە من، دەگەڵ بەرنامەو کاری ئەو پێوەندیم نەبووە!

چەند رۆژێك پاش ڕویشتنی کاك سولەیمان بەرەو سنوری وڵات، کاك حەمەدەمین و کاك سمایل و کاك سالار کە لە خەلان بوون، ئیدی نازانم کاك سەنار خەبەری بۆ نارد بوون، یان لە ئاشناو رۆشنایانیان زانیبوویان کە، کاك سەنار، خەیاڵی گەڕانەوەی ئێرانی هەیە، دەگەڕێتەوە، و گوایە لە باکووری کوردستانی ئیران، نیازی شۆرشی هەیە .(؟) کاك حەمەدەمین و سمایل کاك سەعیدکویستانی بە پەلە کاك سالارحەیدەریان نارد بۆ لای کاك سەنار، کە ئەو دەم مقەڕەکەی لە سیدەکان بوو، بەڵکوو پەژیوانی کاتەوە؛ پێی بڵێ ئیستا بە هیچ جۆر کاتی شۆڕش نییە و...

بەدوای رۆیشتنی سالاردا بۆ لای کاك سەنار، کاك سمایل و کاك حەمەدمینیش گەڕانەوە بۆ لای گەلالەو لەوێرا چوونەوە گەڵوەرەز. دوای چەند رۆژ، رۆژیك کاك سەعید گوتی:

کاك سەنارو سالار، گەڕاونەتەوە بۆ کوردستانی ئیران و لە سیدەکان نەماون. (گوایە کاتێ کاك سالار دەچێتە لای کاك سەنار، هەر دووکیان بەوە دەگەن کە کوردستانی گەرمێن بۆ مانەوە نابێ باشتر ئەوەیە بچنەوە بۆ باکوری کوردستانی ئیران

و دەست بکەن بە خەباتی سیاسیو چەکداری بە شێوەی پارتیزانی. کاك سالار نامەیەکی کورتی چەند دێڕی بۆ کاك سەعید دەنووسیو لەگەڕانەوەی خۆیانی بۆکوردستانی ئێران، ئاگادار دەکا.)

کاتێ سالار دەگەڵ کاك سەنار لە سەر گەڕانەوە بۆ باکووری کوردستانی ئێران، ڕێك دەکەون و دەڕۆن، کاك حەمەدەمین و کاك سمایل ئاگادار نابن. ئەوان گەڕابوونەوە بۆ گەڵوەڕەز.

لە هەمان کات دا، کاك کەریمی حیسامی لە بولغارستانەوە هاتبوو بۆ بەغدا، وەڵامی بۆ ناردبوون کە بچنە بەغداو چاویان بەو ـ کاك کەریم بکەوی. کاك حەمەدەمین، کاك سمایل نارد بوو بۆ بەغداو خۆی لە گەڵوەرەز، بە جێ دەمێنێ.

دوای ڕۆیشتنی کاك سەنارو کاك سالار، ئیتر نازانم، "پاراستن" لە کاك حەمەدەمین و کاك سمایل دەشك دەکەوێ، یان حەسۆ لە سەر دەسەڵات و ویستی خۆی، چەند پێشمەرگان دەنیرێ کە، کاك حەمەدەمین و سمایل، لەگەڵوەرەز داپەڕێنیتە خوار و بیان هێنێتەوە بۆسەنگەسەر. دیارە لەو دەمەدا سمایل لە بەغدا دەبێ، بەڵام کاك حەمەدەمین دەهێنن بۆ سەنگەسەر...

ڕۆژێك دەگەڵ کاك سەعید دەچووین بۆ گوندی ئازادی. گوندی "ئازادی" تازە دروست کرابوو دووسێ ماڵ بوون. یەك لەو دو سێ ماڵانە ماڵی مەلابرایم و فەقێمستەفا بوو. مەلابرایم و فەقێ مستەفا برا بوون و هەر دوکیان ئەندامی حیزب بوون. مەلابرایم، یەکێك بوو لەو کورە شەریف و دڵسۆزانەی حیزب. چایخانەیەکی هەژارانەی هەبووکە، هێندە لە مێژ نەبوو لە گوندی "ئازادی" داینا بوو. کاك سەعید لە ڕێگایە دا، وێڕای وتوویژ، باسی ڕۆیشتنەوەی کاك سالارو ناردنی نامیلکەیەکی چەند دێڕی کە، بۆی نووسیبوو، و داخستنی ماڵەکەی کاك حەمەدە مین و کاك سمایل لەگەڵوەڕەز، هێنانیان بۆ سەنگەسەر، بەگشتی ئەو هەواڵانەی بۆ گێڕامەوەکە، هەموویان نیسبەت بە ئێمە، زۆر ناخۆشبوون. بە هەرحال نامەکەی سالاری نیشان دام و خوێندیەوە و هەر لەوێ لای من نامەکە،کە لە کوتە قاقەزێك نووسرابوو. دڕی

و فڕێی دا. ناوەرۆكی نامەكە شتێكی تایبەتی تیدا نەبوو جگە لەوە نووسیبووی، دەگەڵ كاك سەننار، بەوە گەیشتین كە كوردستانی عێراق بۆ مانەوە نابێ و لە نامەكەی دا ئاماژەی بە وتەیەكی مائۆ كرد بوو كە: "دوژمن بەوری قاقەزەو...نابێ لێی بترسی و..." پێوستە ئێوە كاك حەمەدەمین و سمكۆ ئاگادار بكەن ئیتر من خواحافیز! براتان سالار...

كاك سەعید گوتی:

دەبێ هەر چۆنێك بێ كاك حەمەدەمین و سمایل لەو جەرەیانە ئاگادار كەمەوە. بچین بەڵكوو مەلابرایم بنێرم بۆ سەنگەسەر. دە لێن حەسۆ كاك حەمەدەمین و كاك سمایلی هێناوەتە سەنگەسەر، هەرچەند دەڵێن: كاك سمایل بە سەفەر چۆتە سولەیمانی. دەبی هەم لە سەر ڕۆیشتنی كاك سەننارو سالاریان ئاگادارکەین، هەمیش خەبەرێكی وەزعی ئەوانمان بۆ بێنێتەوە. بەهەرحال، ئیمە هاتین بۆ چایخانەی مەلابرایم. كاك سەعید گوتی:

«مەلابرایم وەكوو برای چاك! كارێكی زۆر زەروری‌و پێویستمان هەیە، و جگە لە تۆ كەسم پێشك نایە كە بتوانی ئەنجامی بدا! بەڵكوو بتوانی بە نێوی سەردانی خزمان سەفەرێكی سەنگەسەر بكەی، بچی بۆلای كاك حەمەدەمین و سمایل. دەڵێن: حەسۆ میرخان كاك حەمەدەمین و كاك سمایلی لە گەڵوەڕەز*، هێناونەتەوە سەنگەسەر. هەم خەبەری ڕۆیشتنی سالاریان دەگەڵ كاك سەننار بۆ دەبەی، هەمیش خەبەر چۆنیایەتی وەزع خۆیان، و نیازی حەسۆ میرخان كە چ نەزەرێكی هەیە، دەهێنیەوە. هەر وەها پێیان دەڵێی كە نیازیان چییەو چ دەكەن و چ بكەین؟.»

مەلابرایم، گوتی: بە چاوان هەر چونی دەڵێن ئامادەم!

كاك سەعید چۆنایەتی ڕۆیشتنەوە كاك سەننارو كاك سالارو نووسینی نامەی سالار، كە لە چەند دێڕدا نووسرابوو، هەمووی بە مەلابرایم گوت كە، لە سەنگەسەر بەكاك حەمەدەمینی بڵێ. هەر وەها پێی بڵێ لەبەر مەترسی دەگیركەوتن و ڕەچاوكردنی بواری نهێنی كاری، نامەی نەنووسیوە، و نامیلكە چەند دێڕیەكەی سالاریشی دڕاندووە. ئەو دەم نێوان سنگەسەرو خەلان بە پێیان بۆ پیادە قۆچاخ نزیكەی سێ ڕۆژە ڕێگا

بوو. مەلابرایم پیاوانە، بێ خۆ گنخاندن ئامادە بوو، بەرەو سەنگەسەر، وەرێکەوت.

ڕۆشتن و هاتنەوەی مەلابرایم، نزیکەی حەوتوێکی خایاند. کاتی هاتەوە باسی کاك حەمەدەمین و کاك سمایل شەریفزادەی بۆ گێڕاینەوە.گوتی: جەرەیان و قسەکانی ئێوەم بۆ کاك حەمەدە مین گێڕاوەتەوە. هەروەها لە زمان کاك حەمەدەمینەوە گوتی:

کاك حەمەدمین: «کاتێ لە بالەك گەڕاینەوە، سمایل چوو بۆ سەفەر. حەسۆ جەماعەتێکی بارزانی نارد کە، من و سمایل بێنن بۆ سەنگەسەر. سمایل لەوێ نەبوو منیشیان بە تەنیا هێناوەتە ئێرە. دوای چەند ڕۆژ سمایل گەڕاوە. بەهۆی دۆستان لە قەلادزە ئاگادارم کرد کە، نەکا بێتەوەو خۆی تەسلیمی حەسۆ کات. دەیگوت: لە سەنگەسەر وەکوو دەست بە سەرانە، بۆ هەر جێگایەك بچی پیاوەکانی حەسۆی کە سەر وەئەحمەد تۆفیقن بە دوایەوەن. دەیگوت : کاك حەمە دەمین گوتوویە سمایل لە مەترسی رزگاری بووە، ئاوای ئەو دیو بۆتەوە، منیش قەرارە دەگەڵ هێندێك لە هاورێیانی پێشمەرگە، بەو زووانە خۆمان بگەیەنینەوە جەماعەت لەو دیو. هەروەها دەیگوت لە نێوان پێشمەرگە ئازاکان دا وتووێژیان هەیە، زۆربەیان ئامادەن و چاوەڕوانی دەرفەت دەکەین بۆ خۆ دەربازکردن و گەڕانەوە بۆ وڵات.»

مەلابرایم بە نهێنی ئەو ماموریاتییەی ئەنجام دا. سەرەرای گەرانەوەی مەلابرایم و خەبەری دەرباز بوونی سمکۆ، هێشتا نیگەرانی وە زعی کاك حەمەدە مین بووین!

دوو، سی‌ڕۆژ دوای گەرانەوەی مەلابرایم، هەواڵمان پێگەیشت کە کاك حەمەدەمین دەگەڵ جەماعەتێك لە پێشمەرگەئازاکانی حیزبی وەکووك سالح لاجانی و کەریم ڕەشاش‌و... هەموویان بە یەکەوە شەوێك خۆیان، دەرباز دەکردووەو گەڕانەتەوە لای هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی خۆیان لە چیاکانی ئەو دیوی سنوور. ئەو هەنگاوەی کاك حەمەدەمین بە نیسبەت ئێمەوە زۆر هەنگاوێکی ئازایانە بوو، و زۆری پێ خۆشحاڵ بووین. خۆیان لە مەترسی گرتن و تەحویل‌دانەوە رزگاری کردبوو، ئەو نیگەرانییەی بوومان لە مەڕ ئەوان نەما بوو. بەڵام هەر چی‌دەهات لە بارەی خۆمانەوە زۆرتر ترسی تەحویل دانەوە مان ڕێدەنیشت. خۆمان لە هەموو جۆرە باس‌وخواسێکی برادەرانمان لە وڵات، دەبواردو خۆمان دە پاراست.

هەرزانامەی ئێنێر

دوای گەڕانەوەی کاك سولەیمان و پێشمەرگەکان بۆ وڵات، و بە دوای ئەوانیش دا کاك حەمەدەمین و کاك سمایلی شەریفزادە، وەزعی ناوچەکانی لێواری سنوری ئیران و عێراق بە تەواوی شێوا بوو. تەواوی مەلبەندەکانی کوردستان، لە سنوری پاوەو مەریوانەوە هەتا سنوری پیرانشارو شنۆ و سیسنوور، بە جاش و ژاندارم و تەکاوەرو هوانیروزو ئەرتەش، تەنرا بوو. هەروەها لە دیوی گەرمێنیشەوە لە ناوچەی بیارەوە هەتا ناوچەی باڵەك و برادۆست، "پاراستن" بۆ گرتن و کوشتنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەمەبەستی خزمەت بە حکومەتی شا، وەك "تای تەورداس ڕاوەستا بوو" و ڕەوی دەبرد! سایەی شومی ترس و وەحشەت ئەو ناوچانەی داگرتبوو. وەستۆ گرتنی ئەو ئەرکە ناپیرۆزو دزێوە، بە نێوی هاوکاری دەگەڵ ژاندەرمەری و لەشکری جاش و تەکاوەران، ویجهەی شۆرشی کوردستانی گەرمێنی دابە زاندبوو! "پاراستن" چەند دەستەی لە پیشمەرگەکانی لەشکری شۆرشگێری کوردستانی-گەرمین، بۆ ئەو کارە بێز لێکراوە، تەرخان کرد بوو. لە نیو ئەو دەستەو سەر پەلانەدا کە، ئەرکی هاوکاریان لەگەڵ ژاندارو جاشەکانی ئێران، پێ ئەسپێردرابوو، دەتوانین نیوی ئەو کەسانە بەرێن:

١- مام وسو دزەیی٢- گرکۆ یەزیدی،-٣ملازم ئەحمەد، ٤- عەبدوڵڵا ئاکۆ، مەحمودی حەمەرەش و ... ئەو جگە لەو کەسانەی کە لە ناوچەی باڵەك، وەکوو سەعید مە سیفی و ئەحمەد حاجی و... کە هیزو دەسەڵاتی فرەیان هەبوو بۆ گرتن و تەسلیم کردنەوە و ڕاونانی پێشمەرگەکانی حیزب.*

---

*- ئەو چوار ناوانەی سەرەوە، لە نامەی کاك حەمەدەمین سیراجی،کە بۆ کاك کەیمی حیسامی نووسیوە و لە بەرگی ٣ی لاپەڕی ٧٨ی بیرەوەریەکانی کاك کەریم دا نووسراوە، وەرگیراوە. ن

هەرزانی کتێب

## ڕووداوەکان درێژەیان هەیە!؟

## هێرشی جاش و ژاندارم و بارزانیەکان، بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزب، لە گوندی "ئاڵانێ" نزیك "حاجی ئۆمەران" و شەهیدکردنی برایم دەڵاوەیی و بریندارکردنی عەلی گوێ ڕەش و گرتنی هەواڵەکانیان و دانەوەیان بە ئێران!؟

بە دروستی لە بیرم نەماوە کام مانگی بەهار بوو، بانەمەڕ بوو یان جۆ زەردان؟ ڕۆژێك لە ڕۆژانی بەهاری ساڵی١٣٤٦ بوو، ئێوارە درەنگ وە خت بوو، زۆری نەمابوو بۆ تاوپەڕێ؛ دەگەڵ کاك سەعیدکویستانی لە گوندی زینوێ شێخی، لە دووکانی کاك خدر رەسول بووین یادی بە خیر. دەمانویست بگەڕێینەوە بۆ گوندی "خەلان". تەماشامان کرد ماشێنێکی جێپی ژاندرمەری ئیران، پڕ لە ژاندارم لە پێش دووکانی حاجی پیروت ڕایگرت. ژاندارمەکان خێرا دابەزین. بە دوای ئەوانیش دا ماشێنی ئەحمەد حاجی، لێپرسراوی سنووری حاجی ئومەران بوو. ئیتر سی، چوار، ماشین ئەرتەشی پڕ لە ژاندارم و جاش و بارزانی، بەلەز بە دوای یەکتردا گەیشتنە ناو گوندی زینوێ و نەفەرەکانی دابەزین و بەرەو مزگەوتی زینوێ کە لە بەرپاڵی لە سەرەوەی گوندی زینوێ هەڵکەوتبوو هەڵگەڕان. جگە لە ژاندارم و تەکاوەر، سەرۆکی دەستەی جاشەکان ئارەحمانی شێلمجاران بوو لەگەڵ مام رەسووی عەبدوسەمدی شێلمجاڕان. من تفەنگم پێ بوو و کاك سەعید دەمانچە، بە ڕاستی پێمان وابوو ئەو ڕۆژەیە کە لێی دەترساین! کە دیتمانن ئەوان بەکۆڵانی مزگەوتی دا هەڵگەڕان و وەسەرکەوتن، ئێمەش لە دووکانی کاك خدر وەدەرکەوتین. کاتێ ژاندارم و جاش و بارزانیەکان وەبەندەنی زینوێ شێخی هەڵگەڕان، من کاك سەعیدیش داپەڕینە خوار. ئەگەر ماوە یادی بە خیر ئەگەر نەماوە خوا لێی خوشبێ حاجی محێدین کیل... رووی کردە ئێمە گوتی:

«ئەوە لە چی دەگەڕێن ئێوە هەتا کەنگی ئاقڵ نابن؛ نازانن بە تەنەکە رۆنێکتان

دەفرۆشن؟...»

ئیتر من و کاك سەعید بە پشتی قاوەخانەی حاجی برایم... دا، بە نێو باخچەسپینداری حاجی سەید زەینەڵی دا ، بەرەو گوندی "خەلان" داگەڕاینە خوار! پێمان وابوو، تووشی دەرگیری دەبین، و ترس و نیگەرانیمان هەر هەبوو. ئیدی ئێمە لای ڕێ بووین و بەرەو "خەلان" هاتینەوە!

پێشتر بیستبوومان کە، کۆمەلە پێشمەرگەیەکی جەبهەی "دۆڵی ئاکۆیان"، لە جەماعەتی ئەحمەد تۆفیق، مەلا ئەمینی بارزانیان بە جێ هێشتووەو گەڕاونەتەوە کوردستانی ئیران. بەڵام هێشتا باسی تێکهەڵچوون و شەڕ دەگەڵ ئەرتەش و ژاندارمەمان نەزانی بوو.

بەهەرحاڵ لە دوورەوە جاش و بارزانیمان دەدیتن بە بەندنی "کانی خوای" دا بەرەو" قوچی قەلان"- (چیایەکی بەرزە لە سەر سنوور، لە نزیك بارزینە، دۆڵی "ئالانێ" لە دوایێنی ئەو چیایە دەبڕێتەوە) هەڵدەکشان. بەڵام نەماندەزانی کە وەشوێن کێ کەوتوون. ئێمە لەو عەمەلیاتە نارِوون و لە ناکاوە، کەوتینە شك و گومان و نیگەرانیەوە؟ بە نیگەرانی و پەشێوی، هاتینەوە ماڵ. من ئەو شەوە خەوتم، و ئیتر ئاگاداری هیچ شتێك نەبووم هەتا بەیانی. بەڵام کاك سەعیدو براژنەزاری خیزانی، هێشتا نە خەوتبوون چاویان بە بارزانی و ژاندرم و جاشەکانی ئێرانی و مام سەعید مەسیفی و خالید ئاشگەیی کەوتبوو کە، لە لای "ئالانە" وە دەهاتن.جنازەیەکیان لە ئەسپێك ناو بوو، دەستی بەلایەك و پێیەکانی بەلای تر دا ڕادەژان؟ پێشمەرگەیەکی برینداریان سواری ئەسپێك کردبوو، پیشمەرگە بریندارەکە، دیاربوو کە لەبەر ئێشی برینەکەی خۆی لە سەر ئەسپەکە ڕاناگرێ و دەیناڵاند! هەروەها چەندکەسێکیان لە نێو خۆیان گرتبوو، دیار بوو کەدەستیان بەستراوە، بەرەو قوتابخانەی "خەلان" دەڕۆیشتن! ... ئەوە دیتنی خودی کاك سەعیدکوێستانی و براژنەزاری خێزانیەتی. براژنە زارا کە ژنێکی بەهەست و عاتیفەیە، بە سەرنجەوە ئەو بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە!!

* * * * *

## ئەوەی خۆم لە بارەی هێرشی سەرئاڵانێ گوێ بیستی بووم!

ئیتر هیزێکی گەورەی ژاندارمەری و جاشەناسراوەکانی خانێ و لاجان وەك: مام رەسوی عەبدوسەمەدی، ڕەحمانی شێلمجاڕان، مەلاحوسێنی خانی،و مراد قەتاری و...، بە جادەی حاجی ئۆمەران دا، وەکوو لە سەرەوە پەنجەمان بۆڕاکێشا، بە دەستکێشی ئەحمەد حاجی و پێشمەرگەکانی سنورەوان و سەعید مەسیفی و هێندی کەسی تر لە کار بە دەستانی شۆڕش، دێن لە گوندی زینوێ شێخی دادەبەزن بە رووناکی بە داوێنی کانی خوای دا هەڵدەچن، بە دیوی زینوێ‌و خەلان دا بە ڕێنوێنی بێسم لە بەرزاییەکانی سنورەوە، بەرەوە "قوچی قەلان" دەڕۆن.

بەگوێرەی ئەوەی بیستمانەوە، جیا لەو هێزانە، پیشمەرگەی تریش لای ڕایات و پشتی ئالانی بە دیوی "گوندەژۆری" دا، ئەو ناوەی هەموو دەگرن، کە بە هیچ جێگایەك دا ڕێگای دەرباز بوونیان نابێ. پێشمەرگەکانیش، بێ ئاگا لەو هەموو داو و تەون و بەستەی بۆیان تەنراوە!؟

پێشمەرگەکان، لە تاریکانی ئێوارەدا دادەپەڕنەخوار، دێن بۆ نێو گوندی ئاڵانێ. شارەزا دەبن دەچنە ماڵێك لە گوندی "ئاڵانی"بسێننەوە. زۆر ماندوو شەکەت دەبن. ئیتر جەماعەتی جاش‌و سەعید مەسیفی‌و... بە دۆڵی ئاڵانێ دا، شوێنیان هەڵدەگرن هەتا نێوئاوایی ئاڵانێ. "ئاڵانی" ئەو دەم گوندێکی شەش، حەوت، ماڵی بوو. ئیدی زوو دەیان بیننەوە. دەورەیان دەگرن. لە ژوورێکی چوکەدا دەبن. ئەو جۆرەی کە ئێمە زانیمان، کێشکیان نابێ‌و بێ خەم، بە کەلەلایی لێی دەکەون. هێندێك دەڵێن خەریکی نان و چا خواردن دەبن. بێ دەنگدان لە ژووری دا دەیاندەنە بەر دەسڕێژی رەشاش، یەکەم کەس برایمە سوری دەپێکن و عەلێ گوێ ڕەش بریندار دەکەن. پێشمەرگەکان تر دەست نادەن، نایانهەوێ تەسلیم بن. گوایە مام سەعید مەسیفی بانگیان دەکا تەسلیم بن، قەولی شەرفیان دەداتێ ئەگەر تەقە نەکەن وتەسلیم بن، تەحویلی ئێرانیان نادەنەوە...

گوایە پێشمەرگان نازانن کە، لەشکری ژاندارم‌و جاش دەگەڵ بارزانیان و سەعید

مەسیفی هاتوونە سەریان، و دەوریان داون! وا دەزانن کە پێشمەرگەی شۆرشن و بەس، بۆیە تەسلیم دەبن.

گوایە: عەلی گوێ ڕەش و پێشمەرگەکانی تر، کاتی دەیانهێننەوە ئیران، پێش ئەوەی ئێعدام بکرێن، لەزیندان دا، ئەو جەرەیانەیان بۆ ئەوانە گێڕاوەتەوە کە چاویان پێ کەوتوون!

بەهەرحاڵ؛ ئا، بەو جۆرەی کە باسمان کرد، ئەو پێنج لاوە ئازاو شۆرشگێڕەی، پیشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگوندی "ئاڵانێ" بە هاوکاری«پاراستن»و هێندێ کەس لەکار بەدەستانی شۆڕشی کوردستان، دەداو دەخرێن. برایمە سور لە ئاڵانێ شەهید دەکرێ و تەرمی بێ گیانی بە سەر پشتی ئەسپ دا شۆڕ دەکەنەوە، دەیهێنن بۆ خەلان، لەوێوە بە ماشێنی ئەرتەشی دەیبەنەوە بۆ پیرانشار. لە پیرانشار، بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی داخدارو تازیەباری کوردستان، تەرمی پیرۆزی برایم دەڵاوەیی دەکەن بە پێشانگە!؟

(بەڵام تەرمی خوێناوی برایمە سورەکان، نەك هەرخەڵکی کوردی چاو ترسێن نەکرد، بەڵکوو پێشان دانی ئەو جۆرە پیشانگایانە بوون بە هۆی قین و تووڕەیی و بێزاریەکی وەها کە لە دەروونی خەڵکی کوردستان دا پاشەکەوت ببوو، بوو بە هۆی هیزێکی لە دوایی نە هاتووی خەباتی رزگاریخوازی، لە بەرامبەر حکومەتی جێنایەتکاری شاو بەکرێگیراوان دا!)

عەلی گوێ رەشی بەبرینداری، دەگەڵ سێ پێشمەرگە ئەسیرە دەست بەستراوەکانی تر کە؛ ناویان حسین چل کۆچ، قادرەشەل، و قادر پەنیرە بوو، دەبنەوە جەڵدیان. و دوایی ماوەیەك شکەنجەو جەزرەبە دانێکی لە ڕادەبەدەر لە زیندان دا، پاشان لە جڵدیان، یان لە مەیدانی تیری لەشکری پیرانشاردا، ئیعدامی دەکرێن.

(بەمجۆرە، خوێنی گەشی بەناهەق ڕژاوی ئەو پنیج لاوە فیداکارە،کەوتە ئەوباڵی کار بە دەستانی شۆڕشی کوردستانی گەرمین. ئیتر نە ئەو پەڵە دزیوە بە هاسانی لە نێوچاوانیان دەشۆرێتەوە؛ و نە ئەو برینە قوڵ و تەشنەبووە وا بە زوویی سارێژ دەبێ! بەو جۆرە لاپەڕێکی تر لە مێژووی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەمان، بە خوێنی ئەو پێنج

ڕۆڵە لە خۆ بردووەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تۆمار کرا. شەرمەزاریش بە بەکریگیراوانی کوردستان و هاوکارەکانیان بڕا!)

هەرگیز لە بیرم ناچێ!

دوای ئەو بەسەرهاتە، ڕۆژێك، چوومە لای مام سەعید مەسیفی لە بەندیخانەی خەلان کە، دەرزیم لێ بدا. بەکورتی باسی بەسەرهاتی "ئالانێ" و ئەو لاوانەی گیڕاوە کە لە ئالانێ گیران و کوژران. ئاخر، لە ڕوانگەی مام سەعیدەوە، هەرکەس بە بۆچوونی ئەو، لە دژی «شاهانشا» دوابا تاوان بوو؛ چ دەگا بەوانەی کە لە دژی شا، چەك هەڵدەگرن؟!.. باسەکەشی لەبەر سەمیمی بوون و خۆشەویستی من نەبوو. زۆرتر لایەنی جۆرێك تەبلیغ و ترساندنی تێدا هەبوو! لە نیوان قسەکانی دا گوتی:

«کاتێ ئەو لاوانەمان هینانەوە ئێرە ـ خەلان، ئەو لاوەی بریندار بوو، لەبەر ئێشی برینەکەی لێوی هەڵدەقرچاندن. دیار بوو کە ئێشی برینەکەی زۆرە. منیش، بەڕاستی بەزەییم پێی داهات؛ کە دیتم زۆر سەخڵەتە؛ دڵم پێی سووتا؛ پێش ئەوەی بەرەو ئێران بگەڕێنەوە، برینەکەم بۆ دەرمان کرد...» (!؟ )

## دیسان هەواڵێکی ناخۆش!

– کاك سەعیدکویستانی، لە بەهاری ١٣٤٦دا لە ئازادی خانوێکی دروست کرد، ماڵەکەی بردە گوندی ئازادی. من و مام چوکەڵ لە خەلان مابووینەوە. نیوان گوندی ئازادی و خەلان ٢٠دەقە ڕێگا بوو. ئازادی لە سەر جادە بوو، خەلان، لاپەر. ڕۆژانە کە کارم نەبوایەو ماڵ بوومایە، زۆرتر دەچوومە چایخانەی مەلا برایم لە گوندی ئازادی.

ڕۆژێکی ئاخرێ بەهاری ئەو ساڵە – ١٩٦٧ بوو، چوومە گوندی ئازادی. کاك سەعید کوێستانی تازە لە گەلالە هاتبۆوە، پەشێو بوو.گوتی:

لە گەلالە، خەبەرێکی زۆر ناخۆشیان پێ داوم!

برادەرانی هەورامی گوتیان:

بەپێی ئەو هەواڵەی کە بە ئێمە گەیشتووە، چەند ڕۆژ لەمەوبەر، عەبدالوهاب

ئەرتووشی، مام ئەسکەندەر و چوارکەسی تر لە برادەرانی هەوراوی لە بیارە، گرتووە و تەسلیمی مەرزەبانی (مرزبانی) "نوسود" کردنەوە. پاشان بردوویانن بۆ کرماشان و تەحویلی ساواکیان داون!

گرتن و ڕاونانی بەشێك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ببوو بەکاروکردەوەیەکی شانازی؛ بۆ هێندێك لەکار بە دەستانی شۆڕش!؟ دوای ئەوەکە، ئەو پێنج پێشمەرگە سادق و نیشتیمانپەروەرە دەبەن بۆکرماشان، لە پاش ئازارو شکەنجەیەکی زۆر لە دادگای بێ دادی حکومەتی حەمەڕەزاشای تاوانبار دا، هەر یەکەی ، لە ٥ ساڵەوە تا ٢ساڵ، حەپسیان بەسەردا دەسەپێنن...

## - هەواڵێکی ناخۆش تر!

- بە دوای گرتن‌و تەسلیم کردنەوەی ئەو پێنج پێشمەرگە هەورامی یە دا،- مام ئەسکەندەرو کاك تۆفیق و کاك حەبیب و... هەوارامی، هەواڵێکی ناخۆشترو دڵتەزێنترمان پێ گەیشت؟ بیستمان عبدالوهاب، ئەو جارە مامۆستا مەلارەحیمی ویردی گرتووەو لە بیارە زیندانی کردووە!

جەرەیانی گرتنی مامۆستا مەلاڕەحیمی ویردی بە گوێرەی ئەو هەواڵەی بە ئێمە گەیشت گوایە:

عبدالوهاب،کە مامۆستا مەلا رەحیم دەگرێ لە بیارە زیندانی دەکا. ئەو ماوەیە کە لە زیندانی بیارە دا دەبێ، ئیجازەی بە خیزانی و منداڵەکانی نە دا چاویان پێی بکەوێ؟ دوای ماوەیەك ڕاگرتن لە زیندانی بیارە، رۆژێك عبدالوهاب، بە دوو پێشمەرگەی خۆی دا بە ڕواڵەت بۆ ئیرانی بەرێ دەکاتەوەکە؛ تەسلیمی "مرزبانی" نوسودی کەنەوە. سەرەڕای ئەوە، ئەو مرۆڤە شەریفە بە ساڵ دا چووە، وەکوو ئەسیر، بە دەست بەستراوی، بە بێ دەسەلاتی، دەیبەن کە تەسلیمی ئێرانی کەنەوە؛ بێ سوچ‌و تاوان بێ هیچ مەحکەمەو لێ پرسینەوەیەك، لە ڕێگا دا دەیدەنە بەر دەسرێژی گوللەو ئەو پیرە مێردە شەریفە، شەهیدی دەکەن!؟ ماوەیەکی زۆر ئەو نیشتمان پەروەرە لە سەر هەردی بێ هیچ ڕوو پۆشێك، تەرمی بە گوللە کون کون کراوی، لەبەر هەتاوی گەرمی هاوین

دا، بە دڵ ئاواڵەیی دەیکەنە سفرە بۆ مێش و مەگەسان!؟ ئیتر نەکەس دەبێ بە خاکی بسپێرێ، نە هەواڵێك بە ماڵ و منداڵەکەی دەدەن کە، بچن لانیکەم جەنازەکەی وەشێرن...!؟

﴿ئیتر ئەو جارە، دەستی شای جینایەتکاری ئێران، لە قۆڵی کە سانێك هاتەدەر کە، بە ڕواڵەت خۆیان بە پێشمەرگەی کوردستان، و پارێزەری ژیان و ماڵ و نامووسی نەتەوەی کورد ناساند بوو!!!

شای ئیران، ئەو جارە بۆسەرکوت کردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی لەکوردستانی ئێران، و دارزاندنی شۆڕشی کورد، و نەهێشتنی شوێنەواری بەربەرەکانی وکوردایەتی؛ پەنای بردەبەر تەرفەندو شێوە سیاسەتێکی فێڵبازانەتر!

ئەو جارە شا، بەنێوی دۆستایەتی و داکۆکی لە مافی کورد(؟)و یارمەتی دانی شۆڕشی کوردستان، توانی دەست بخاتە نێوشۆڕشی کوردستان و بەلا ڕێی دا بەرێ!! توانی هێندێ کەس کە، جل و بەرگی پێشمەرگەیان دەبەرخۆ کردبوو، و خۆیان دەنێو شۆڕشی ڕەوای کوردستان خزاند بوو، تا رادەیەك شوێن و پۆستیان لە نێو شۆڕش دا داگیرکردبوو؛ بێ کەندوکوسپ، بیانکڕێ و بیانکا بە نۆکەری ئاڵقە لە گوێ خۆی؛ و ئەو تاوانانەی کە نەدەبوو بە دەستی کورد بەنجام بدرێ؛ بە دەستی ئەو جۆرە کەسانەی ئەنجام دا! و شۆڕشی کوردستان و سەرکردەکەی پێ بەد نێوکرد!

ئەو کەسانە، بێ شەرمانە، بوون بە داردەستی شاو ساواك و "کەوا سووری پێش لەشکری"، دڵ ڕەقانە؛ دەستیان لە هیچ تاوان و جینایەتێك سەبارەت بەکادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەپاراست...! ڕاستە لە بارەگای نەتەوەی کورد سەربەرزو روو سوورنەهاتنە دەر؛ و هەریەکەی بە جۆرێك کەوتەبەر قین و نفرەتی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان! بەڵام مخابن دەستی شکاوم، چرەدووکەلی کردوەی ئەوانە؛ چووە چاوی نەتەوە داخدارو زۆر لێکراوەکەمان لە کوردستانی عێراق بەگەشتی! ئیتر دیتمان کە، «شاهانشا» ی مام سەعید مەسیفیەکان و... چ سەرەنجامێکی بوو؛ چەندەی خێرداوە بۆ شۆڕشی کوردو کوردستان! پشتیوانی و پاداشەکەی بوو بە خەنجەرو لە پشتی شۆڕشی هەمخوازانەی کوردی ڕاکێشا!﴾

لەکۆتایی هاوینی ١٣٤٦دا، ناسیاویکی خیرخوایخەڵکی زینوێ شێخی خانوویێکی لە ئازادی دروست کردبوو، خانووەکەی بێ کرێ دامێ، ماڵەکەم بردە ئازادی. گوندی ئازادی قەیاسێکی ماڵ هاتبوونێ. منیش بە هاتووچۆی موسڵ و هەولێر، و ئاڵویری هەژارانەوە خۆم سەرقاڵ برد بوو، بێ موشکیلە بژیوی ژیانی نەمرنەژی خۆم دابین دەکرد.

لەو سەروبەندەدا کە مانگی سپتامبری ئەو ساڵە بوو، هێندێکم کەلوپەلی ئێرانی کڕیبوو، بە قاچاخی بردبووم بۆ "موسل"، هێندێکم کۆنە رادیوو نەوارو ئەو جۆرە شتانە کڕیبوو. لە گەڕانەوە دا لە هەولێر، تووشی کاك سەعیدکوێستانی بووم. کاك سەعید پێشتر، بە رەچاوکردنی بواری نهێنی، گوتبووی کە دەچێ بۆ هەولێر. بەڵام لە ڕاستی دا، چوو بوو بۆبەغدا بۆ چاوپێکەوتنی کاك کەریم حیسامی. لەکاتی گەڕانەوەی دا لە بەغدا، من لە هەولێر بووم. کاك سەعید گوتی:

کاك کەریمی حیسامی هاتووە، وەڵامی دابوومی چوومەلای، لە بەغدایە. من چاوم پێکەوتووە، ئێستا کاتی ئەوە نیە من بە وردی بۆت باس بکەم. ناوبراو، لە هوتیل "بەشار"ە چاوەروانیت دەکا. دیارە من قسەم دەگەڵ کردووە، بەڵام گوتی: پێم خۆشە چاوم بەویش- (من) بکەوێ...

ئەوەی ڕاستی بێ هیچمان - نەمن نە کاك سەعید، وەرەقەیەکی قانوونی وەهامان بە دەستەوە نەبوو کە بێ ترس و لەرز، هاتوچۆی شارەکانیعیراقی پێ بکەین. من دەفتەرنفوسێکی (ناسنامە) ساختەم هەبووکە، کاتی خۆی کاك سولەیمانی موعینی لە لیژنەي ناوچەی "قەڵادزە" بۆی لە میرزا باپیر، ستاند بووم و خۆی بۆی نووسیبووم، مۆری دایرەی نفوسی کە کەوتبووە دەست لیژنەی ناوچەی قەڵادزە, بۆی لێ دابووم، هاتوچۆم بەو دەفتەر نفوسە دەکرد. کاك سەعیدیش هەر شتێکی وەهای هەبوو. بۆ موسڵ، هەولێر، هەر بەو "دەفتەرنفوس"ە ساختەیە هاتوچۆم دەکرد. ئەو دەم حکومەتی عیراق وەزعی لە بواری پشکنین و کونترۆل هێندە بە هیز نەبوو. دەیانگوت:

ڕێگای کەرکوك ــ بەغدا، بەترس و لەرزە؛ ئەمن و ئیستخبارات زۆر بە جیددی کونترول دەکەن و لێ دەکۆڵنەوە. زۆر دوو دڵ بووم. بەهەرحاڵ بەکاك سەعیدم گوت دەچم.

(من لە بەهاری ١٩٦٧وە هاتوچۆی هەولێرو موسڵم دەکرد. بیستبووم و دەمزانی کە قادر مەنتك لە هەولێرەو سەرۆك جاشە. بەڵام هەرگیز نەلای کەس باسم کردبوو کە دەیناسم؛ نە بەدڵم دا هاتبوو کە چاوم پێی بکەوێ! دەگەڵ سەعید کەبابچی لە ئاڵویردا، شەریك بووین. ئیتر من ئاگاداری ئەوە نەبوومە کە سەعید کەبابچی بەڵێنی بە قادر مەنتك داوە کاتی چووم بۆ هەولێر بەو ڕابگەیەنێ. دوای ئەوە کە کاك سەعید کویستانی گەڕاوە بۆ ئازادی، بۆ ئێوارەکەی من میوانی کاك سەعیدکەبابچی بووم. لە ماڵی ئەوان بووم، بێ ئاگا لە هەموو شت، ئەوەندەم زانی لە دەرگای دەروازەیان دا. گوتیان: "مسلحە"یەکی جاشانە، هاتوون داوای سەعیدو من دەکەن. تەواوێك ترسم ڕێنیشت و نیگەران بووم. ئێمەش چووینە بەردەرگا. جاشەکان لە ماشێنەکە دابەزیبوون، کۆڵانیان گرتبوو. یەکێك لە جاشەکان گوتی فەرموون سوار بن بۆ فیرقەی! سەعید گوتی:

کاکە بۆ چی دەمانبەن بۆ فیرقە، چیمان کردووە؟...

ئیتر بە قسەکردنی سەعید، دەگەڵ کابرای جاش، من دەشك کەوتم. زانیم ئەوە کەلەکی سەعیدە. سەعیدکەبابچی خۆی "هویە"ی جاشەتی هەبوو بەو "هویە" یە هاتوچۆی ناوچەکانی شۆڕش و موسڵ و بەغدای دەکرد. (کەریم خانی هەرکی "هویە"کەی دابوویە، یەك دووجار مافوورەی ئیرانمان برد بوو، بە هۆی ئەوە کە زۆر بوون و لە ماڵان نەشاردرانەوە، لە حەوشی کەریم خانمان دا دەنا. بە وتەی خۆی جاشی کەریم خان بوو.) گوتیان: فەرموون سواربن گوتم: بۆ کوێ کاکە؟ ئیدی یەکێك لە جاشەکان خۆی پێ ڕانەگیرا گوتی:

«کاك مەلا بە خوای ئێمە جاشی قادراغای مەنتکین، ئەوەش کەڵەکی کاك سەعیدە! قادراغا ئێمەی بە دوای تۆ دا ناردووە!...»

دیار بوو سەعید بە قادراغای گوتبوو کە من لە هەولێرم و... لەگەڵ سەعید سوار

بووین چووین بۆ ماڵی قادراغای مەنتك. شەو لەوێ بووین. ئیتر قادراغا زۆری قەدرو ڕێزگرتین وهەتا درەنگانی شەوێ بە باسی ڕاکردنی خۆی‌و محەمەد حوسیینە کوردەی بردەسەرکە، چۆنیان وەرەقەی مەکتەبی تەنفیزی بە هۆی ڕەئوف ناوێك کە، پێشمەرگەی مەکتەب تەنفیزی بوو لە "هەڵشۆ"، سازکردوەو بە ناوچەکانی سەردەشت و بانە و مەریوان دا، خۆیان گەندۆتە کرماشان‌و لە وێوە بۆ قەسرو خانەقین‌و...

بە سەرهاتەکە دوورو درێژە، قادراغای مەنتك، لە پاییزی ١٩٦٤دا بە تۆمەتی ئەوە کە لەگەڵ حکومەتی عبدالسلام عارف پێوەندی گرتووە،چۆتە قسری جمهوری، پارەو چەکیان قەول پێ داوە، یان وەری گرتووە، لەلایەن شۆڕشەوە گیراو هێنایان بۆ بەندیخانەی سەنگەسەرو پاشانیش بردمان بۆ بەندیخانەی "شێنێ". لای ئێمە لە بەندیخانەدا بوو. بە هۆی ئەوە کە ئێمە بە ڕاستی دەگەڵ بەندیەکان ڕەفتارێکی ئینسانانەمان هەبوو، لای گشتیان ڕیزمان هەبوو.

ئیتر هەر وەکوو لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، محەمەد حوسین کوردە کە، خەڵکی خانەقین بوو، یەکێك بوو لە فەرماندەکانی پێشمەرگە، لە لایەن شۆڕشەوە بە تۆمەتی جەلالی بوون گیرا بوو. دەگەڵ ئێمەو پێشمەرگەکانی "عقیدشیخ صالح" کە حاکمی شۆڕش بوو لە شێنی بوو، نێوانی زۆرخۆش و دۆستانە بوو. ئیتر قادراغاو محەمەد حوسین کوردە بە هۆی پێشمەرگەیەکی مەکتەبی تەنفیزی کە پێشتر پیێشمەرگەی محەمەد حوسین کوردە دەبێ، و ئەو دەم لە مەکتەبی تەنفیزی دەبێ لە "هەلشۆ"، وەرقەیەکی مەکتەب هەڵدەگرێ و مۆری دەکاو دێتە شێنێ. محەمەد حوسین کوردەو قادراغای دەگەڵ خۆی دەباتە دەرێ. محەمەد حوسین هەر وەك دەست بە سەران بوو، وەکوو زیندانیان هەڵسوکەوتی دەگەڵ نە دەکرا! ئیتر ڕۆژێك دەگەڵ رەئوف دەچنە دەرەوەی زیندان. زیندان، یان کۆنە قشڵەی شێنی، دەگەڵ سنووری ئێران مەودایان هەر هەزار میتر، دەبێ و نابێ! هەر سی کەسیان - قادراغا، محەمەد حوسین، رەئوفی پێشمەرگەی مەکتەبی تەنفیزی، ئاوای سنووری ئێران دەبن و دەڕۆن. وا دیاربوو، پێشمەرگەکەو محەمە د حوسین شارەزا دەبن ئیتر رزگاریان دەبێ و خۆیان دەگەیەننە «مرزی خسروی» و ئاوای سنووڕ عیراق دەبنەوە. قادراغا باسی ئەو بەسەر هاتەی

بۆگێڕاینەوە!

لێرە دا، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم،کە کاتێ مونتەقیم دەچێ بۆ هەولێر، میوانی قادراغا دەبێ، مونتەقیم کەسێکی تریشی دەگەڵ دەبێ؛ قادراغا هێندێکی لەو بە سەرهاتەش بۆ باس کردووم؛ کە بە پێوستی نازانم لێرە دا بچمە سەر ئەو وردە باسانە!؟)

من شەو لە ماڵی قادراغا، باسی ئەوەم کرد کە نیازم هەیە بچم بۆ بەغدا. قادراغا گوتی:

ئێمەش دەچین بۆ بەغدا، کە وابێ بۆ لەگەڵ ئێمەنایەی؟ :

«ئەگەر دەخۆت ڕادەبینی ترسی ئەوەت نیە سبەی ڕۆژی لە سەرەوە ـ (ناوچەکانی شۆڕش)، پێت برێن: بوویتە جاش؛ ئەوە دەگەر ئێمەوەرە بەزەمانەت دەتبەم و دەتهێنمەوە!»

بە هەرحاڵ، سبەی دوای نیوەرۆ، دەگەل قادراغا سوار بووم چووم بۆ بەغدا، گوتم: دە چم بۆ هوتێل "بەشار". شەو گەیشتینە بە غدا. قادراغا، منی لەبەر دەرگای هوتێل لە " شارع وسبە" دابەزاند.

چوومە هوتێلەکە، هوتێلێکی دەرجە٣ی بەغدا بوو. بە مودیری هوتێلەکەم گوت: من دۆست و هاوڕێی شیخ حوسێنم هاتووم بۆ لای ئەو، دەتوانم چاوم پێی بکەوێ؟. ئەو دەم ژوورەکانی هوتێلەکە تەلێفونیان نەبوو، بە هۆی شاگردێك، کاك کەریمیان ئاگادار کرد کە، برادەرێك دەیهەوێ بێتە لات ئیجازەی هەیە؟ کاك کەریم گوتبووی : بابێتە ژوور.

ئیتر من چووم،کە وەژوورکەوتم و سڵاوم کرد، هێندێکی تێی ڕوانیم بە هەموو زیرەکی خۆیەوە نەیناسیم. خۆم پێ ناساند، ئیتر یەکترمان ماچ کردو دوای چاك و خۆشی گوتی:

«ڕەبی ماڵت ئاوابێ، خۆ تۆ لە نێو "شامی قەرەقشڵاق" ڕا نەهاتوویە؟ دەهەستە!هەستە! برۆ حەمامێك بکە و نەختی خۆت فێنك کەوە، جا وەرەوە دوایی

تێرو تەسەلّ، قسان دەکەین!...»

ئەو شەوە، تا ڕادەیەك بە قسەی خۆشی دەورانی ڕابردووی کاك کەریم لە شارویران، و سندوس و ئەو ناوە، بردەمانەسەر. بۆ نووستن هەر لە ژوورەکەی ئەو کە، دوو تەختی بوو خەوتم. ئەو جارە کاك کەریم، لێم کەوتە پرسیاران - لە بارەی چۆنایەتی گیرانی کۆنگرەی ٢و دەوری کاك سەدیق ئەنجیری لە کونگرە دا، و پاشان هۆی ناکۆکیەکان و زیزبوونی ئەحمەد تۆفیق و... بێ سەرشوێن چوونی کاك سەدیق و مەسەلەی گیرانی مونتەقیمو گەڕانەوە کاك فایق بۆ کوردستانی ئیران و کاك حەمەدەمین و سمایل و... ئیتر من ٤ ڕۆژی لا بووم. ئەوەندەی من ئاگاداری ڕووداوەکان بوومو دەمزانی بێ ئەملاو ئەولا، هەمووم بۆ باس کرد. ئیتر سەفەرو چاوپێکەوتنێکی فرە دۆستانەو خۆش بوو. کاك کەریم زۆرتر منی بۆ هەوالّ پرسیاران بانگ کردبوو.

کاك کەریم گوتی: سەبارەت بە فایق و حەمەدمین وسمایل و گشت پێشمەرگەکان زۆر نیگەرانم...

دیار بوو کە دەگەلّ کەسێکی دیکەش قەراری چاو پێکەوتنیان هەیە. بەرچایی بەیانیمان دەخوارد، کاك قادر شەریف وەژوورکەوت. ئیدی بە ڕاستی شاگەشکە بووم، دوای زیادتر لە دوو سالّ، دەگەلّ کاك قادر پێك شادو شکور بووینەوە.

کاك قادر تازە لە سولەیمانی گەڕابۆوە. کاك کەریم ڕایسپارد بوو کە سمایل، یان کاك حەمەدەمین و فایق، بۆ هەرکامیان ئیمکانی هەیە، وەلامیان بداتێ، کە کاك کەریم هاتووە، و چاوەڕوانیان دەکا. کاك قادر گوتی:

لە نزیك سنوور نەبوونە، بەلام وەلامم بۆ ناردون، باوەڕ ناکەم بەو زووانە بتوانن بیان بیننەوە،و لە فریایی تۆ کەون. تۆ وا بە پەلە، باوەڕ ناکەم ئەمجارە بتوانی بیان بینی. دەگەلّ کاك قادرو کاك کەریم لە دەرێ نانی نیوەڕۆمان خوارد، کاك قادر خوا حافیزی کرد، ڕۆیی.

کاك کەریم گوتی برادەرێکم بۆ لای مەلا مستەفا ڕاسپاردووە کە بەڵکوو لە حەمەدەمین و فایق و سمایل خۆشبێ بگەڕێنەوە بۆکوردستانی گەرمین، لە ناوچەکانی

شۆڕشی شوێنێکیان بۆ دیاری بکا دانیشن. جاریّ هەلومەرجی شۆڕش لە ئێران نەرەخساوە، با خۆڕایی نەچن و...

گوتم: پێت وایە مەلا مستەفا، ڕێگایان بدات بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و لەویّ دانیشن؟

گوتی: لەوانەیە! ئەمڕۆ ئەو کابرایەی ڕامسپاردووە، دەگەڕێتەوە یان گەراوەتەوە. ئێوارەی ئەو ڕۆژە بوو، وا بزانم کاك کەریم لە دەریّ تەلێفونی کرد بوو ئاگاداری گەڕانەوەی راسپاردەکەی ورگرتبوو. ڕۆژئاوا ببوو سواری "باس" ـ ئوتووبووس، بووین چووینە بینایەك- ئەپارتمان، لە "شارع سعدون". شوێنێکی تاڕادەیەك گەورەبوو، فەراش و چایچی هە بوو، بە خێرهاتنیان کردین چایان بۆ هێناین، دوایی کاك کەریم چوو بۆ ژووری برادەرێك، ماوەیەك، بە یەکەوە باس و وتووێژیان کرد. دوایی برادەرەکە دەگەڵ کاك کەریم هاتە لام و منی بە خیرهاتن کرد. دیار بوو کاك کەڕیم پێی گوتبوو. کاك کەریم کاك دارا تۆفیق بەمن ناساند. ناوی کاك دارا تۆفیقم بیستبوو، بەڵام لە نزیکەوە بە خزمەتی نەگەیشتبووم. دەمزانی کە، یەکێکە لە باوەڕ پێکراوانی مەلامستەفا. ئەو جارە زانیم کە ئەویّ شوێنی کاری کاك دارا تۆفیق بوو. دەگەڵ کاك کەریم قەیاسێکی تر پێکەوە خەریکی وتوێژەی خۆیان بوون. دوای وتووێژ کاك کەریم گوتی:

«هەتا لە بیرم نەچووە، با پێت بڵێم: چەند برادەریکمان لە ناوچەی باڵەك ماون، ناوەکانت دەدەمی ئەگەر چوویەوە سەری بەڵکوو "بە خیراخۆت"بە سەرۆك بارزانی بلێی ئەوەندە لوتفەی بکا دەستور بدات لیّ یان گەڕێن! ئەوانە موخلیسی بارزانی و شۆڕشن، قەولتان پیّ دەدەم هیچ کارێك بە زیانی شۆڕش ئەنجام نادەن، دانیشتوون لیّ یان گەڕێن خۆیان دەژێنن! بەسە، چیدی ڕێگا نە دا بە هەلپەرستان، کە وەزنەی خۆی و شۆڕش ئەوەندەی تر بهێننە خواریّ و...»

کاك کەریم ناوی مام چوکەلّ و کاك سەعیدو منی دا بە کاك دارا. کاك دارا یاداشتی کردن، ئیتر نازانم دوای ئێمە هەر لەویّ ناوەکانی دڕاندوە و فڕێی داوان، یان ئەو ناو دانە، بوو، بوو بە هۆی ئەوەی کە کاربە دەستانی شۆڕش بمانناسن،و بمانگرن و ڕاومان

بنێین؟

ئیتر دوایی، دەگەڵ کاك کەریم خواحافیزیمان لە کاك داراکرد و هاتینەوە هوتێل. کاك کەریم لە ڕێگا گوتی: دەزانی بۆچوونەکەی تۆ لە سەر بارزانی دروست بوو! کاك دارا دە لێ:

سەرۆك بارزانی گوتوویە: فایق ئەمین نابێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی عێراق. ماونەوە لە ئیران باشترە، هەتا گەڕانەوەی بۆ کوردستانی عیراق. بە هەرحاڵ گوتوویە کوردستانی عێراق بۆ مانەوەی ئەو نابێ!

وەکوو دەردەکەوت ئیران بواری ئەوەی بڕیبوو کە کوردەکانی کوردستانی ئێران بتوانن جارێکی دیکە لە کوردستانی گەرمێن، دژایەتی حکومەتی شا بکەن! بەڵام لە بارەی کاك حەمەدەمین و سمایل گوتبووی ئەوان دەتوانن بگەڕێنەوە. هەرکات گەڕانەوە شوێنێکیان بوی دیاری دەکرێ و مانیعی نیە.

لەو ماوەیە دا کە، لە بەغدا بووم ڕۆژێك چووین بۆ خزمەت مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا. لە خزمەت مامۆستا باسی وەزعی خۆمان بەگشتی و کردارو ڕەفتاری کاربەدەستانی شۆڕشم بەتایبەتی دەورکردەوە. پێشان مامۆستا بەشكو گومانەوە سەیری قسەکانمی دەکرد. چوونکە باسی ئەو کاروکردەوانە بۆ کەسێك کە، دوورە لە ناوچەکانی شۆڕش و هەڵسوکەوتی کاربەدەستان، و لەمان کات دا بڕوای پتەوی هەیە، بە شۆڕش و سەرکردەکەی، بڕوا کردن بە هاوکاری لەگەڵ ژاندارم و جاش ئیرانی و گرتن و کوشتنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، و تەسلیم کردنەوەیان بەئێران و کوشتنی ماموستا میرزا ئەحمەد لەلایەن عبدالوهاب و... زۆرهاسان نەبوو! بەڵام کاك کەریم قسەکانی منی پشت ڕاست کردنەوە، ئەو جارە ناوبراو زۆر موتاسیر بوو! ئەو جارە مامۆستا هەمزە فەرمووی:

«باوکم ئەم قسانەی تۆ لیرە ئەیانکەی بۆ ناچی بۆ لای سەرۆك بارزانی لە نزیکەوە بیانڵێی و لە سەر واقعیەت ئاگاداری کەیەوە؟ باوکم بارزانی ئاگاداری ئەم کارو کردەوانە نیە؛ بارزانی گوێ ڕایەڵی هەموو قسەیەکی دڵسۆزانەیە! شکم لەوە دانیە کە، بە گوێی بارزانی بگوترێ پێشیان پێ دەگرێ! ئەم کردەوانەی تۆ کە ئێستا لێرەوە باسیان

لێوە دەکەی، ئەمانە کارو پیشەی پێشمەرگەیەکی شۆڕش نیە؛ کاری بە کرێگیراوانەو... ئەمانە ئابڕوبەری شۆڕش و بارزانین!...»

هەروەکوو گوتم: مامۆستا هەمزە سەبارەت بە بارزانی بڕوایەکی پتەو وموخلیسانەی هەبوو. ئیدی دوای ماوەیەك لە خزمەت مامۆستا هەستاین و خوا حافیزیمان کرد.

وەکوو هەستم پێکرد، هاتنی کاك کەریم بۆ غدا، لە ڕاستی بۆ پێوەندی گرتن بە کاك سولەیمان و کاك حەمەدەمین و کاك سمایلەوە بوو. لە هەمان کات دا، دەیویست تا ئەو جێگایەکە دەرەتان هەبێ ئەوکەسانەی دژی سیاسەتی سەرەڕۆیی کاك ئەحمە دتۆفیق بوون بیانبینێ.

کاك کەریم گوتی: بەسەعیدم گوتووە بە تۆش دەڵێم، بە هەر جۆرێك بێ هەتا بۆتان دەکرێ دەبێ بمێننەوە و لە جێگای خۆتان نەبزون. هەروەها دەبێ هەوڵ بدەن پیوەندی بە جەماعەتەوە بگرن، بەڵکوو بێنە نزیك سنوور، بەبرادەرنی حشع ڕابگەیەنن ئەوان من ئاگادار دەکەنەوە خۆم دێم بۆ سەری و چاوم پێیان دەکەوێ و... (دەبێ ئەوش بڵێین بەڕاستی خوالیخۆشبوو مرۆڤێکی کاری و نەترس بوو!)

هەواڵنامەی کێکبر

ئیتر دوای چوار رۆژ گەڕامەوە بۆ ماڵ. ئیدی من دەگەڵ سەعید کەبابچی بەکاری کڕین و فروشتن و هێنانی کەلوپەلی عیراقی بۆ سنوور، و بردن کەلوپەلی ئێرانی بۆ موسڵ و بەغدا، خۆم سەرقاڵ کردبوو، بێ دەردە سەری بژیوی خۆم، دابین دەکرد. لە زستانی ١٣٤٦دا، رۆژێك مام چوکەڵ هات ١٠ دیناری دامی گوتی: کابرا، بە یارمەتی هەریەکەی ١٠دیناری بۆ ناردوین بۆ زستان بیدەین بەدار، سەرمامان نەبێ!

گوتم: کابراکێیە؟

گوتی: حیسامی!

کاك کەریم حیسامی بۆ مام چووکەڵ و کاك سەعیدو من، هەریەکەی ١٠دیناری بە یارمەتی بۆ ناردبووین.

چەند رۆژێك دواتر، کاك سەعید گوتی: کاك کەریم لە بوڵغارستانەوە هاتووە،

وەڵامی ناردووە بچین بۆ بەغدا. من و کاك سەعید بە یەکەوە، زۆر بەهیواو هومێدەوە چووین بۆ هەولێر، نەمان وێرا بە کەرکوك دا بچین بۆ غدا، چووینە موسڵ، لە وێوە رۆیشتین. مام چووکەڵ دەگەڵ ئێمە نەهات ئەو بەتەنیا ڕۆیشتبوو. من و کاك سەعید بە موسڵ دا چووین بەڵام ڕێگای موسڵیش هێندە لە کەرکوك ئەمین تر نەبوو. لەو سەفەرەدا، دەگەڵ کاك سەعید، لە ڕێگا تووشی کونترۆڵو لێپرسینەوە بووین، و تەنانەت کاك سەعیدیشیان دانەزاند... بۆ ئەوەی لە بابەتەکەمان دوور نەکەوینەوە، خۆم لە گێڕانەوەی ئەو وردە ڕووداوانە دەبوێرم.

کاتێ گەیشتینە بەغدا بەیانە بوو، یەك سەرە چووینەوە هوتێلی گۆرین. کاك کەریم لەوێ بوو، چووینە ژوورەکەی ماندوو نەبوونیو چاك و خۆشیمان کردو... گوتی:

پێتانوایە کێ لێرەیە؟

کاك سەعیدگوتی: «چزوانم، کێ لەکاری تۆ سەرە دەرێ دەردەکا؟ »

لەو قسانە دابووین کاك سولەیمانی موعینی، کە خۆی لە حەمامەکە دا حاشار دابوو هاتەدەرو خۆی بە سەردادام. ئیدی من و کاك سەعید دەستمان لە ئەستۆی کردو لێمان بوو بە جیژن و شادی، شادیەکی وەها، کە دەکرێ بڵێم بۆ من، خۆشترین دیدارو شادی بوو تا ئەو دەم! لە ژوورەکەی کاك کەریم دانیشتبووین خەریکی خواردنی نان و چایی بەیانی بووین، هێندەی پێ نەچوو کاك حەمەدەمین سیراجیش هات. دەگەڵ ئەویش هەر بەو جۆرە. ئیتر ئەو ڕۆژە بە شادی خەریکی گەڕانو وردە باسی وڵات و پرسیار لە دۆست و هاوڕێیان بووین...

جێگای وەبیر هێنانەوەیە! ئیوارەی ئەو ڕۆژە لە سەر شەقام بووین، لە پێش دوکانی حوسێنی ڕەعنایە، جەماعەتێك دەهاتن بۆ هوتێل "یرموك" کە، من هیچ کامیانم نەدەناسین، گوتیان: برادەرانی پارتی کۆنن کە، بریتی بوون لە:

خوا لێخۆشبوو مامۆستا زەبیحی، سەید عەزیزی شەمزینی،(لەئیران ڕا هاتبوو) مامۆستا حلیمی، مام جەلال و... ئیتر منو کاك سولەیمان چووینە ژووری دوکانەکەی حوسینی ڕەعنایە؛ بۆ ئەوەی ئەو جەماعەت نەمانبینن. ئیتر ئەوان چوون بۆ هۆتێل یرموك، ئێمەش دوایی ڕۆیشتین.

بەرنامەی سبەی بەیانیمان کۆ بوونەوەیەکی تێکڕایی بوو. شەو هەموومان لە دەوری‌یەکتر کۆ ببووینەوە، ئەوانەی شارەزای بەغدا بوون، بەرنامەی بەیانیان دارشت کە، بۆ کۆ بوونەوە بچین بۆ "مدینة الالعاب". من شارەزای هیچ کوێ نەبووم. چووین بۆ شوێنی گۆرین، شەهید دوکتور قاسملوش هات. یەکەم جار بوو کە لە نزیکەوە چاوم بە شەهید دوکتورقاسملو دەکەوت. ئەو کوبوونەوەیە ڕاوێژو تووێژ بوو لە سەرکاری داهاتووی حیزب و ئامادەگی بۆ گەڕانەوەی وڵات و کار کردن لە ناخۆی وڵات. کاك کەریمی حیسامی‌و کاك سەعید هەر دوکیان لە بیرەوەریەکانی خۆیان دا، باسی ئەو کۆبوونەوەیان کردووە، بەڵام نازانم بۆ باسی ئەوەیان نەکردوە، بۆچی ولە سەرچی بووە!!! ئیتر نازانم بە هۆی تێپەڕ بوون ساڵ‌و زەمان لە بیریان نە ماوە یان، حەزیان لە باسی لە ناوەرۆکی کۆبوونەوەکە نەبووە؟

کاك کەریمی حیسامی لە مەر ئەو کۆ بوونەوەیە، ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر بەشداربوونی ئێمە، لەبەرگی سێ‌٣ی بیرەوریەکانی دا لە لاپەڕی ٩٣دا، ئاوا دەنووسێ:

«... لەو بەینەدا ئەو برادەرانەی لە زینوێ‌شێخی بوون، کاك سەعیدکوێستانی‌و مەلامحەمەدی خزری‌و چوکەڵی گەوهەری هاتنە بەغداو لەگەڵ ئەوانیش یەك دوو کۆبوونەوەمان هەبوو. لام‌وایە جارێکی لەگەڵ دوکتور ڕادمنیش-یش دانیشتین. ئەوانیش لە سەروەزعی کوردستان‌و خەبات لە ئێران بیروڕای خۆیان دەربڕی.»...

ئیتر کاك کەریم، نەك هەر باسی ناوەرۆکی کۆبوونەوەکەی نەکردووە، تەنانەت خۆی لەوەش بواردووە کە، بڵێ : ئێمە بە دوامانداا ناردبوون؟ داخوا ئێمە خەونمان دیتبوو؛ یان عیلمی غەیبمان هەبوو، کە بزانین ئەوان دەگەڵ دوکتور ڕادمنیش و دوکتور قاسملو، لە بەغدان‌و...؟

کاك سەعید کوێستانی‌ـیش لە "ئاوڕێك"دا لە بارەی ئەو کۆ بوونەوەیە دەنووسی:

«...بەیانی سواری تاکسی بووین چووین بۆ "مدینة العاب".ئێمە حەوت کەس واتە دوکتور قاسملو، کاك کەریم حیسامی، کاك سولەیمانی موعینی، کاك حەمەدەمینی سیراجی، مام چوکەڵی گەوهەری، کاك محەمەدی خزری،نوسەر.

تا لای ئێوارێ لەوێ دانیشتمان بوو و خەریکی قسەو باسی سیاسی بووین.

ئێوارەیش بۆ شام هاتینەوە ڕستورانێك. دوایی دوکتور ڕادمنیش هات هێندێکمان شت لەگەڵ باس کرد.»و...

نازانم بۆچی خۆیان، لە ناوەرۆکی باسەکانی ئەو کۆ بوونەوەیە بواردووە؛ شتێکی وای تێدا باس نەکراوەکە، پیاو بڵێ ئەگەر بگوترێ "زیانی بۆ پەز هەیە"!؟ بەڵام بەهەرحاڵ، ناشکوری نەبێ ئێمەی کورد، ئاوەکەمان جۆرێك ڕژاوە؛ هیچ شتێکمان وەکوو هی خەڵکی تر ناچێ؟! یان دەست دەکەین بە قسەو باس، ئەوەندەی لەبەرێك دەکێشینەوە کە، بەڕاستی خەڵکی خاوەن فەرهەنگ و پێشکەوتوو، خۆی لەو جۆرە باسانە دەپارێزێ. ئێمە بۆ دەبێ لە خۆمان ڕانابینین واقعییەت و ڕووداوێك کەڕووی داوە، یان کە باسی لە سەرکراوە، ئەو جۆرەی کە بووە باسی بکەین!؟

﴿بەداوای لێ بوردن لەکاك حەمەدەمین و کاك سەعید کوێستانی، چوونکە دەستپێکی کۆ بوونەوەکە، بە باسی ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە،و ئەم دوو کەسە دەستی پێکراوە، لێرە ناچارم ئاماژەیەکی پێ بکەم! بە ڕەچاو کردنی پرنسیپ و ئەخلاق، نایەمە سەر وردە کاری باسی ئەو کۆ بوونەوەیە! بەڵام ئەگەر خۆیان پرسیارم لێ بکەن؟ من ئامادەم وەکوو شایەدی بەشێك لەو باسە؛ و ئەو شتەی کە باسیان لە بارەی دا کردووە شایەدی خۆم بدەم!﴾

هەروەکوو پێشتر ئاماژەم پێ کردووە، و کاك کەریمی حیسامی لەو ساڵەدا چەندین کەڕەتی، هاتوچۆی بەغدای کرد بوو هەتا توانی لە زستانی ئەو ساڵەدا، لە بەغدا، کاك حەمەدەمین و کاك سولەیمانی موعینی چاو پێ بکەوێ. ئیتر من ئاگاداری ئەوەنیم کە کاك کەریم لەگەڵ کاك حەمەدەمین و کاك سولەیمان و دوکتور قاسملو، پێشتر باسی چیان کردووە؟ بەڵام کاك کەریم ئێمە سێ ٣کەسی دەعوەت کردبوو! نەك وەکوو نووسیویە: «هاتنە بەغداو...» ؟

هەروەکوو گوتمان: چووینە "مدینة الالعاب". کاك کەریمی حیسامی بە ڕێوەبەرەی جەلەسەکەمان بوو. لەو جەلسە یە دا، زۆر بابەتی ڕابردوو باسیان لە سەرکرا، ڕەنگە بابەتەکان گرینگی ئەوەیان نەبێ، کە پیاو خۆیان پێوە ماندوو بکا.

کاك کەریم، لە مەڕ کاك سالاری حەیدەری، پرسیاری لە کاك سەعیدکوێستانی کرد:
«سەبارەت بە کاك سالار نەزەرەو بیرو ڕات چۆنە؟»
کاك سەعید:
«من بڕواو ئیمانم بە سالار هەیە، بە کوڕێکی مارکسیست و خاوەن بیرو باوەڕی چەپ و پێشکەوتووی دەزانم. بەڵام بیستوومە، ئێستا لە مهاباد ئازادە، و خۆی تەحویل داوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش دیسان هەر بڕوام بە سالار هەیە چوونکە بە ڕاستی تێ دەگا!و....»
کاك کەریم گوتی سەیرە؟...
ئیتر من لەوە زیاتر لە سەر "کۆمیتەی ئینقلابێ" ئەو بابەتە باس ناکەم چونکە بابەتی باسەکە، مەربووتە بەکاك حەمەدەمین و کاك سەعید. هیوادارم خۆیان باسی بکەن و تەمی گومان لەسەر یەکتر بڕەوێنن!
لە دوای ئەو پرسیارانەو هێندی وردە باسی ڕابردوو، ئەو جارە کاك کەریم گوتی:
«برایان! ئێستا ڕۆژ ڕۆژی کاری تەشکیلات و ڕێکخستنە! هەلومەرجی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە قوناخێکی ئاستەم و ناسك دا تێپەڕدەبێ، و دەبێ هەموومان بە لە خۆ بردوویی ئازایانە شانی بدەینە بەرو خۆمان دەوڵات هاوێنەوە. ئەوەندەی بۆمان بکرێ لە دەرگیری و تێکهەڵچوون خۆمان بپارێزین و خەریکی کاری ڕێکخستن و تەشکیلاتی بین. ئەگەر "شەریش قونی دەدەرگا نا"، پیاو بە خۆی نیەو دەبێ دەست بکاتەوە...!»
ئەندامانی کۆبوونەوەکە حەوت کەس بوون کە بریتی بوون لە:
١-شەهید دوکتور عبدالرحمن قاسملو، ٢-خوالێخۆشبوو کاك کەریمی حیسامی، ٣-شەهیدکاك سولەیمانی موعینی،٤- کاك حەمەدەمین سیراجی، ٥-کاك سەعید کوێستانی، ٦- خوالێخوشبوو مام چوکەڵ گەوهەری، ٧- نووسەری ئەو چەند دێڕە.
ئەو جارە کاك کەریم ڕووی کردەئێمە:
«ئامادەیی تان هەیە بۆکار کردن؟»
دیارەی لێرە دا ڕووی قسەی کاك کە ریم، لە من و کاك سەعیدکوێستانی بوو. مام

چوکەڵ لە تەمەنێك دا نەبوو وەکوو ئێمە، بتوانێ خۆی لە چیاو بەندەنان بدات. بەهەرحاڵ، من وەڵامی موسبەتم داوە. بەڵام مەسلەی ماڵ و منداڵم لەگەڵ هێنانەگوڕ، کە دەبێ ڕێگا چارەیەکیان بۆ دۆزرێتەوە. کاك سەعید بە هۆی هێندی ناڕەحەتی وەڵامەکەی نیگاتیڤ بوو. بە سەراحەت گوتی:

لە فەزایەکی وەهادا ئامادە نیم هاوکاری بکەم و...(دەبێ ئەوەش بڵێم بەراستی کاك سەعید هەقی هەبوو!)

لە مەر مەسەلەی ماڵ و منداڵ، کاك سولەیمانی موعینی، گوتی:

منیش سیامەندو دایکی و... دێنم بۆ ناوچەی سولەیمانی. ژین و مردنمان بەیەکەوە دەبێ ئێوەش دەگەڵ کاك سەعید، ماڵ و منداڵەکەتان بێنن بۆ ناوچەی سولەیمانی لە سیتەك- شیخ لەتیف، جێگایان بۆدابین دەکەین. ئەوان لە وێ بۆخۆیان سەر بەیەکەوە دەنین و ئێمەش بە وتەی کاك کەریم خۆمان لە وڵات داوێنەوە...

بەهەرحاڵ من قسەم نەما. قسەمان لە سەر ئەوە بڕاوە کە ئەو سەرماو سۆڵە بەسەر بچێ، تەکبیرێك بۆ چوونە سولەیمانیە دەکەین. کاك حەمەدەمین و کاك سولەیمان گوتیان حەز دەکەی لە کوێ کار بکەی؟ هەرجێگایەك پێت خۆشە دەتوانی لەوێ کاربکەی! من لەسەر چوون بۆ ناوچەی بانەو کارکردن دەگەڵ کاك سمایل شەریف‌زادە ساخ ببوومەوە. پێشتر جاروبار دەگەڵ سمکۆی

شەهید دەمانکرد بەگاڵتە و دەمگوت:«لە هەرکوێ پسا لە وێی گرێ دەدەمەوە!» ...ئیستاش ساخ ببوومەوە دەگەڵ سمایلی گرێ دەمەوە...

کاك سولەیمان گوتی: ئەو سمایلەی دیتوتە ئەو نەماوە. دەبێ لە ڕیزی پارتێزانەکانی چیگوارای حیساب بۆ بکەی!...

* * * * *

ئەو چەند ڕۆژە کە لە بەغدا دەگەڵ کاك سولەیمان بووم، زۆرتر پرسیاری وڵات و برادەرانم لێ دەکردو نابراوویش وەڵامی دەدامەوە. باسی پێوەندی گرتنەوە دەگەڵ هێندێك لەو کەسانەکرد کە، پێشتر بە هۆی سیاسەتی چەوت و نەحاواوەیی کاك ئەحمەد تۆفیق لە حیزب دابڕابوون. لەوانە باسی کاك محەمەدی ئیلاخانی زادەو کاك سەلاحی موهتەدیشی کرد:

«ئێستا دەگەڵ ئەوانیشمان گرێ داوەتەوە، لە ڕابردوو چالاکترن... هەروەها بەشێکی زۆر لەو کەسانە کە لەکوردستانی عیراق گەڕابوونەوە، نەك هەر کۆڵیان نەداوە، بەڵکوو لەڕابردوو زیادتر، هاوکاری و یارمەتی حیزب دەکەن. پشتیوانی بێ دریخ و هاوکاری و فیداکاری خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان، تین و گوڕێکی تایبەتی بە خشیوە بە کادرو پێشمەرگەکان لە وڵات. کاتێ پیاو ئەو هەموو لە خۆ بردوویی و وره و چاو نەترسیەی خەڵکی کوردستان دەبینێ سزاواری ئەوەیان هەیە کە مرۆڤ، لە پێناویان دا گیان بەخت بکا.»

ئەوجارە باسی شەهید بوونی کاك مەلا مەحمودی زەنگەنەو عەولا گڕوێی گیراوە کە، بەڕاستی خەسارەتێکی گەورەو برینێکی سارێژ نەبووە بوون!

هەواڵنامەی کتێب

شەوێك لە "ئەبونەواز" لە ڕستورانێکی چوکەو ئارام دا، دەگەڵ "دکتر رضا رادمنش" چاوپێکەوتنیکمان بوو. کاك کەریمی حیسامی تەرتیبی شوێن و چاو پێکەوتنەکەی دابوو. کاك کەریم گوتی:

ئەگەر "دکتررادمنش" هات، ناکا هەر تەماشای دەمی بکەن و قسەنەکەن! بە کەیفی خۆتان ئەوەی دەیزانن بیڵێن لانیکەم پێی بڵێن یارمەتی و هاوکاری ئێوە چییە و چ دەبێ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان؟.

دوای ماوەیەك دکتر رادمنش هات. وامان دەزانی کە دوکتورقاسملوش دێت، بەڵام دوکتور قاسملوی دەگەڵ نەبوو. کاك کەریمی ئێمەی بەدوکتور ڕادمنش ناساند. دیار بوو پێشتر دەگەڵ کاك حەمەدەمین و کاك سولەیمان یەکتریان دیتبوو. دوای بەخیرهاتن و چاك خۆشی "دکتر رادمنش" هێندی پرسیاری لێ کردین، وەڵامی پێویستمان

داوە، بەڵام لە ڕاستی دا، ناوەرۆکی هەمووی قسەکانیم بە دروستی لە بیر نەماوە. بەشی زۆر تری وتوویژەکە، دەگەڵ کاك سولەیمان و کاك کەریمی حیسامی بوو. ئەوەندەی من لە بیرم ماوە دوکتور رادمنش زۆرتر پێی لە سەر تەنزیم و تەشکیلاتی حیزب دا دەگرت. بەڵام لە قاڵبی بۆچوونی خۆی دا! (وەك تودەیەك، ئەگەر بە بۆ چوونی ئێستا خۆمی بەراوەرد بکەم، بە ڕاشکاوی دەتوانم بلێم کە، ناوبراو، هیچ ڕاویەکی بە ناوەرۆکی مەسەلەی کوردو کوردایەتییەوە نەبوو!)

کاك سولەیمانی موعینی، لەمەڕ وەزعی ئەوە سەردەمی، دیویست کە دوکتور رادمنش، تێ بگەیەنێ کە، هەلومەرجی ئێستای کوردستان جۆرێکە کە، دەگەڵ سەردەمێك کە ئەو لە ئیران بووە، لە هەربوارێکەوە گۆڕانی بە سەردا هاتووە:

هەلومەرجی ئێستای کوردستان وەکوو سالەکانی سی نەماوە کە، بتوانین لە گوندەکان خۆمان لە نێو خەڵکی وڵات دا حاشار بدەین و ساواك پێ نەزانێ. ئێستا ساواك بە کەڵك وەرگرتن لە بکرێگیراوانی خۆی، بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە کە کادرەکانی حیزبی ئێمە، بە شێوەی ڕابردوو، بتوانن بێ چەك و ئامرازی داکۆکی لە خۆیان، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەی کوردستان دا چالاکی بنوێنن. کادرەکانی ئیمە هەموویان لە لایەن ساواکەوە ناسراون و هێندێك لەوانە لەمێژە حوکمی گرتن و بازداشتیان دراوە! ئێمە کە ئێستا لە کوردستان خەبات دەکەین، ناچارین بۆ پارێزگاری لەگیانی خۆمان چەکداربین. حکومەتی ئیران، بەو هەموو ئیمکاناتەی کە هەیەتی، بە دوامانەوە یە کە دەگیرمان خا، لە هەرکوێیەك ڕچەمان دیار بێ، هیرشمان دەکاتەسەر. لەو هەلومەرجەی ئێستا دا بەهیچ جور نیازی ئەوەمان نەبووە، و نیمانە، دەگەڵ حکومەتی شەڕبکەین یانشۆڕش بکەین. ئەو حکومەتی ئێرانە، گێچەڵ مان پێ دەفرۆشێ و شەڕێکی ڕانەگەیاندراوی بە سەرئێمە دا داسەپاندووە!... لە هەلومەرجێکی ئاوا دژواردا، پێویستمان بەیارمەتی هەمەلایەنە هەیە، داخوا ئێوە، وەکوو حیزبی تودەی ئێران، یارمەتیمان دەکەن؟...

ئەوەی ڕاستی بێ لەو کۆبوونەوە، یان بەواتەیەکی تر لەو کوڕە دا کە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ یەکتر پێکهاتبوو، پێم شك نایەو لە بیرم نەماوە کە دوکتور ڕادمنش بەڵێنی

یارمەتیێکی کۆنکرێتی دابێ؟ بەڵام ئەوەم لە بیرە، بەگوێرەی بۆچوونی خۆم، وای تێگەیشتم کە، بە وتەی خەڵکی مەڵبەندی خۆمان، ناوبراو «پوختی دەکردین» بۆ حیزبی توودە! ئیتر من لەوە زیاترم لە بیرم نە ماوە، چونکە باسەکە لە نیوان کاك سولەیمان و کاك کەریم و دوکتور ڕادمنش و کاك حەمەدەمین دا بوو، و جارناجاری ئەگەر پرسیارێکمان لێکرابێ یان پرسیارمان کردبێ... ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، باسی ئەو شەوەی ئێمە، زۆرتر بواری ئاشنا بوون لەگەڵ یەکتری هەبوو، هەتا باسێکی کونکرێتی سیاسی!

دوای چەند ڕۆژ مانەوە لەبەغدا، و وتوویژکردن دەگەڵ کاك کەریم و کاك سولەیمان و کاك حەمەدەمین، من و کاك سەعیدکوێستانی بە ڕێگای "موسڵ" دا گەڕاینەوە بۆ گوندی ئازادی.

کاتی لەبەغدا گەڕامەوە، کەوتمەبیری وەدەست خستنی ناسنامەیەکی عیراقی. برادەرێکی مرە مروڤ دۆستم هەبوو لە گوندی «ڕایات» ناوبراو دەفتەرنفوسی برای دۆستێکی خوێ کە لەمیژ نەبوو جوانەمەرگ ببوو، بۆی ئەستاندم. دەبوا من بەناوی ئەوەکە، دەفتەرنفوسەکەم سوتاوە، تازەکردباوەو وێنەی خۆم لە دەفتەر نفوسەدا با. ئەوەکارێکی هاسان نەبوو. ئیتر من خەریکی کۆکردنەوە ئیمزاو هاتوچۆی "مەرکەزی ناحیەی گەڵاڵە" بووم...

لە ماوەی نزیك بە دوو مانگ دا ئەو کارانەم لە "گەڵاڵە" تەواو کرد. تەنیا مابووە سەر ئەوە ڕۆژێك بچم بۆ "ڕواندوز" لە دایرەی نفوس، دەفتەرنفوسەکەم نوێ کەمەوە. ئەوەش کارێکی هاسان نەبوو. دەبوا چوو بامەوە "ناحیە" نامەی مودیر ناحیەو تەقازاکەی خۆم و ... ورگرتباوە. کەسێك بوایە لەدایرە ناسیبامی... بەهۆی برادەرێکی خۆم بە شوێن وەسیلەیەك دا دەگەڕام. تاکوو توانیم وەسیلەیەك بدۆزمەوە بۆ لای مودیری دایرەی نفوسی "ڕواندوز" ئەو کارە ماوەیەکی زۆری کێشا گەیشتینە بەهار. ئیتر من لە هاتوچۆی گەڵاڵەدا بووم، ڕۆژێك لە ڕۆژانی بەهاری ١٣٤٧ بوو،(وابزانم ئاخری خاکەلێوە، یان بانەمەر بوو) لەگەڵ کاك سەعید کوێستانی، زانیمان کاك فایق لە

ناوچەی سولەیمانیە لە لایەن شۆڕشەوە گیراوە؟ بەڵام چۆنیایەتی دەگیرکەوتنە کەمان بۆ روون نەبۆوە کە، دەگەڵ کێ بووە؟

بۆ سبەی ئەو ڕۆژە، دەگەڵ کاك سەعیدکوێستانی چووین بۆ گەڵالە. ئەو دەم گەڵاڵە ناوەندی هەواڵ و هاتوچۆی خەڵکی شاروناوچەکانی شۆڕش بوو. گەڵالە ببوو بە ناوەندی بازاڕێکی گەورە. گەلێك دوکانی عەجەمی یەکانی ئێرانی، جەماعەتێکی برادەری هەورامی لێ بوون دوکانیان هەبوو، خەریکی کڕین و فروشتن بوون.لەنێو بازاری گەڵاڵە دەخولاینەوە، هێندێکمان ئاشناو هاواڵ و دۆستی هەورامی هەبوون کە، لە گەڵاڵە دوکانیان هەبوو. دەمانویست بچینە لایان پرسیاریان لێ بکەین، بەڵکوو ئەوان ئاگادارییان لە بەسەرهاتەکە هەبێ. لە نێو بازاری گەڵالە دا تووشی کاك ئەمیرقازی بووین. ماندوو نەبوونیمان لە یەکتر کردو... کاك ئەمیرگوتی:

«هەواڵی فایق ئەفەندیتان هەیە؟» گوتمان: نا!

: «بەڵێ! سەدیق ئەفەندی لە ڕێگای سیتەك و سولەیمانیە، دەگەڵ خەلیل شەوباش، هەردووکی گرتوون، و بڕقیەی بۆ مەکتەبی تەنفیزی لێداوە، من خۆم بڕقیەکەم دیتووە. لەوانەیە تاچەند رۆژی تر بیانهێنن بۆ ئیرە.»

ئیدی کاك ئەمیر زۆر بە پەلە بوو، گوتی:

«دەبوورن جارێ زۆر بەپەلەم دەبێ بڕۆم؛ دوایی دەتان بینمەوە!»

بەبیستنی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە نەرکەمان لەدڵی هات، بە جارێك تاساندنی، هەست حواسی پەرت کردین، رووناکاییمان لە دڵ دا نەما بوو، و بە دڵێکی پڕ لە خەم و پەژارەوە، بە داماوی گەڕاینەوە بۆ ماڵ. تەنانەت لە ڕیگادا، سەرچاوەی قسەو وتووێژمان وشك ببوو؛ باشارو هەست و شعورمان بەسترابوو، بەبێ هیوایی هاتینەوە ماڵ. ڕۆژانە دەچووین بۆ زینۆێ شێخی بەڵکوو خەبەرێکمان دەست کەوێ. هیچ خەبەرێکمان لە کاك حەمەدەمین نەبوو، نەماندەزانی لە عیراق ماوە،یان گەڕاوەتەوە بۆ لای برادەران لەکوردستانی ئێران؟

ماڵی مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی، چەند ڕۆژێك دەبوو هاتبووە ئازادی. ئێوارانە کە مامۆستا لە دەفتەر، یان لە "سورەبان" دەهاتەوە، دەچوومەلای. من زۆر موخلیسی

مامۆستا هەژار بووم ڕۆژێك لە مامۆستام پرسیارکرد.

: مامۆستا! تۆ بڵێی، سەرۆك بارزانی فایق تەحویلی ئیران داتەوە؟

خواڵێخۆشبوو مامۆستا هەژار، زۆر بە دزیوی ناوی کاك فایق و کاك حەمەدەمین سیراجی برد:

«گوتی باوەر ناکەم بەڵام لەوانەیە لە شوێنێك زیندانی بکا!...»

ئیتر ئەو قسەیەی مامۆستا هەژار، بۆ من بوو بە حەبێکی "مسکن". بەو قسەیەی ماموستا هەژار، تاڕادەیەکی زۆر لە ناڕەحەتی دەروونم کەم بۆوە، ئەو دەم پێموابوو، ئەگەر سەرۆك بارزانی زیندانی بکا؛ ڕۆژێکیش ئازادی دەکا؟...

زیاتر لە حەوتوێك بە سەر بڵاو بوونەوی هەواڵی گرتنی کاك فایق‌دا تێپەڕی بوو، ڕۆژانە بۆ خۆ دزینەوە لە دەست واقعیات و ناڕەحەتی‌و گوشاری دەروون؛ و خۆ پاراستن لە قەزاو بەڵای "پاراستن"، لە ماڵ وەدەردەکەوتم و هەر ڕۆژەی پەنام بو شوێنێك دەبردکە ڕۆژ بە سەر بەچیّ و شەو بەسەر دابیّ؟

ڕۆژی ١٩٦٧/٥/٢٥چووم بۆ زینویّ شێخی. قاوەلتوون بوو، خەڵکی کاسبکاری خانیّ – پیرانشارکە، هاتوچۆی دیوی عیراقیان دەکرد، گەیشتبوونە زینویّ. چەند کەسێك لەوانە لە چایخانەی خدرە سووری بوون، هەواڵی کوشتن و لە دار بەستنی تەرمی کاك فایق یان لە خانیّ – پیرانشار، لە چایخانە باس کردبوو. من لە دووکانی کاك خدر ڕەسوڕ، لای کاك حەمە خالەی بووم، خدرە سووری چایچی هات گوتی:

«"کرێکۆڵ" لە خانیّ ڕا هاتوون، (کرێکۆڵ بەو خەڵکە هەژارەی بناری پیرانشارو لاجانیان دەگوت: کە، بۆ دابین کردنی ژیانی ڕۆژانەیان بە کۆڵ باریان بۆ خەڵکی تر هەڵدەگرت بۆ دیوی ئێران، یان بە پێچەوانە!) دەڵین: دوێنێ تەرمی لە خوێندا شەلاڵی فایق ـ کاك سولەیمانی موعینی مان لە خانیّ چاو پیّ کەوتووەکە، لە داریان بەستبوو؛ و کردبوویان بە پێشانگە...؟

گوایە، دوای ئەوە کە کاك سولەیمانی موعینی‌و خەلیل شەوباش، لە دەوروبەری "دیلمان" بە دەستی کار بە دەستانی "پاراستن" شەهید دەکرین؛ تەرمی کاك سولەیمانی موعینی دەبنەوە بۆ سنووری حاجی ئومەران و پۆستی "گەروشینکیّ" پاسگەی سنوری

پیرانشار_ عیراق. بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ، شوێنی گڵکۆی خەلیل شەوباشی شەهید، ئاشکرا نەکراو نە زانرا گڵکۆ ئەو گۆڕغەریبە لە کوێیە؟

بە پێی زانیارێك کە لەو سەردەمە دا لە سنورەوە بە ئێمە گەیشت، دوای ئەوە کە تەرمی کاك سولەیمان دەبنەوە بۆ "پۆستی گروشینکێ" لەوێ را بە هێلیکۆپتێر دەیبەنەوە بۆ پیراشار. بە دەستووری ساواك لە پێش دا بە "بلێندگۆ" ڕایانگەیاندبوو کە، سولەیمانی موعینی، کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی چەتان؛ لە تێکهەڵچوونێك دا لەگەڵ هێزەکانی ژاندارمەری کشوری شاهنشاهی (؟) لە ناوچەی سەردشت، بە دەستی جەناب سەروان...کوژراوەو ئێستا خەڵکی... پیرانشاربە چاوی خۆیان ئەو... دەیبینن کە ئەو سەرکردە هەڵگەراوە لە حکومەتی شاهنشاهی؛ چۆن بە سزای خۆی گەیشتووە (!؟)

(هێشتا هێلیکۆپتێرەکە لە سەر هەردی نانیشێ کە، خەڵکی ئازاو خەباتگێڕی پیرانشار، فێڵ و تەڵەکەی ساواك و "پاراستن" پووچەڵ دەکەنەوە،و "ڕیسەکەیان دەکەنەوە خوری!" بە هەموو کەس ڕادەگەیەنن و دەڵێن: کە سولەیمان لە کوردستانی گەرمێن گیراوەو بە دەستی کاربە دستانی شۆڕشی گەرمین شەهیدکراوە. خەڵکینە ئەو کڵاوەتان نەچێتە سەرەوە!)

ئیتر دوای ئەوەی کە دەبینن لە پیرانشار، دەگەڵ قین و تووڕەیی خەڵکی نیشتیمانپەروەری پیرانشارو لاجان ڕووبە ڕوو دەبن، ئەو جارە جەنازەکەی دەبەنەوە بۆ مهاباد. خەڵکی هەمیشە زیندوو، کۆڵنەدەرو چاو نە ترسی مهاباد، کاتێ دەزانن تەرمی سولەیمانیان هێناوەتە مهاباد، زۆربەی زۆری خەڵکی بازار، دوکانەکانیان دادەخەن، قوتابیەکان ناچنەوە قوتابخانە، و ئێدی ڕێگا نادەن بەرژێم کە لە مهاباد، تەرمی سولەیمان بکرێ بە پێشانگەو بێ ڕێزی پێ بکرێ. تەرمی سولەیمانی شەهید وەردەگرنەوەو دەیبەنە یەکێك لە مزگەوتەکانی شار، دوای شوشتن و... لە نێو ڕێوڕەسمێکی بە ڕێزو شکۆ دا، تەرمی پیرۆزی دەبەن بۆ گۆرستانی "بداخ سوڵتان" و لەوێ بە خاکی دەسپێرن!...

﴿گرتن و کوشتن و ڕاوانانی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ژێر دەستی ئێران، بە تایبەتی

هەزارانەی کتێب

پێشمەرگەو کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە داخەوە ببوو ئاماجی "پاراستن" لە نێو شۆڕشدا. بە دوورمان نەدەزانی بە ئامازەیەکی چوکەی ساواك، هەڵمانکوتنە سەرێ و ئەوەی ساواکیەکان گەرەکیانە دەگەڵمان بکەن. ئیتر سێبەری مۆتەی وەحشت، ساتێك لە سەر زەین و مێشکمان لا نەدەچوو، تاوانی تاوانباران وەکوو پەردەیەکی گەورەی سینەما دەهاتە بەرچاومان، خۆی بەمێشك و زەینەمانەوە هەڵواسیبوو، جار دوای جار، تاوان و جینایەتە سامناکەکانی پێشان دەداین؛ کە بە چ قەساوەت و بێ بەزەیەکەوە؛ بێ سڵەو پرینگانەوە لە تانەو لۆمەی هاونیشتیمانانی خۆیان و سزای ــ دوا رۆژی سروشت؛ بە ناهەق، خوێنی ڕۆڵەکانی کوردستانی ئیرانیان، بۆ شای جینایەتکار دەرشت؟! ئەو دیمەنە پڕلە کارەساتانە، ئەو بیرەشی دەبردە مێشکمانەوە ــ تۆ بڵێی کوشتن و بێ سەرو شوێن کردنی کاك سەدیقی ئەنجیری ــیش "پاراستن" «چرای سەوزی» بۆ تیروریستەکان لێ نەدابێ؟

(ئاخر کاك سەدیق ئەو کەسەبوو کە لە دەربەندی ڕایات، لە چایخانەی مستەفا سولەیمانی، دەگەڵ زەکی عقراوی، کە یەکێك بوو لە ئەندامانی "پاراستن" تووشی دەمەقاڵێ ببوو، کاك سەدیق مەردانە دایگژابوویەوە...!)

دەنا،چۆن بە ڕۆژی ڕووناك، لە پەنا دەستی بارەگای بارزانی توانیان ئەو مرۆڤ فرشتەیە، تیرۆر بکەن؟

سکاڵای باوکی پیری بوو بە چی؟...

رچەو شوێنی قاتیلەکان، چۆن ون بوو؛ و ئەو جینایەتە چۆن و بۆچی پووش بەسەر کرا!؟ و دەیان پرسیار تری لە مێشکمان دا ڕیز دەبوو...

باشارم بەسترابوو. هروژمی فکران، ترسی گرتن و نیگەرانی تەحویلدانەوە بە ئێران، فرزەی لێ بڕی بووم. تەنیا شتێك کە بەفکرم گەیشت بو خۆ دەرباز کردن، وەرگرتنی ناسنامەیەکە بوو کە بەڵکوو بتوانم لە شوێنێك خۆمی پێ حاشار بدەم. بەو قەناعەتەگەیشتم کە، هەتا دەرفەت هەیە بچم بۆ "رواندز" دەفتەرنفوسەکەم وەربگرم بەڵکوو بتوانم هەتا ئەم تۆفانە بە سەر دەچێ لە شوێنێك ماتەی بۆ هەڵگرم!

ئەوراقی دەفتەرنفووسەکەم تەواو ببوو. تەنیا ئەوەندەی مابوو کە دۆستێکی نیشتیمانپەروەری گەرمێنی، نامەیەکم بۆلای یەکێك لە ئاشنایانی خۆی لە "ڕواندز"، بۆ بنووسێ بیدەمێ بەڵکوو کاتێ چووم بۆ وەرگرتنەوەی دەفتەر نفوسەکە، یارمە تیم بدا و...

دۆستەکەم نامەکەی نووسی و ڕوژێك بە پەلە چووم بو ڕواندز. نامەکەم دا بە ئاشنای دۆستەکەم. ئەویش زۆر پیاوانە یارمەتی کردم. بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە چووم بۆ سەرای ڕواندز، لە دایرەی نفوس، دەفتەر نفوسەکەم بێ موشکیلەو دەردەسەری بە هاسانی وەرگرت و گەڕامەوە ئازادی. لێرەدا پێوستە سوپاسی هەمووی ئەو کەسانە بکەم کە لە پێناو مرۆڤ دۆستی دا یارمەتیان داوم. ناوی هەموویانم لە بیرە و هەرگیز موحیببەتیان لە بیر ناکەم، بەڵام ئێستاش بە هۆی تێبینی لە ناو هێنانیان خۆم دەپارێزم. لە مەڵبەندی ئێمە باوە دەڵێن: «پیاوکە بە شیری زاری سووتا، فوو لە دۆش دەکا!»

## چۆن گیرام؟

دەفتەر نفوسەکەم لە گیرفانم نا و بەبەرچاوی ئەو عەسکەرانەی کە لە سەر ڕێگادا کونترۆلیان دەکرد، گەڕامەوە. کاتێ گەیشتمە نوختەی ئەسکەرەکان، داوای ناسنامەیان لێ کردم. بۆ یەکەم کەڕەت دەفتەر نفوسەکەم پێشان دان هیچیان نەگوت. ئیتر ترسێك کە پێشتر لە مەر دەفتەر نفووس بووم؛ نەممابوو.

لە ڕواندز گەڕابوومەوە، دوای خواردنی نانی نیوڕۆژ، خێزانم گوتی: دەڵێن: چادری ماڵی کاك ئەحمەد خاڵەی هاتووە، وا لە خوار گوندی ئازادی هەڵیانداوە، بابچین سەریان لێ بدەین و بە خێرهاتنیان بکەین، دەعوەتیان بکەین بۆ ماڵ، کاتێ‌خوێ ئەوان، زۆریان چاکە و پیاوەتی دەگەڵ ئێمە کردووە! گوتم: قسەکەت زۆر بەجێ و باشە، هەتا تۆ خۆت ساز دەکەی من سەرێکی چایخانەی مەلا برایم دەدەم‌و دێمەوە دەچین. من چوومە چایخانە لای مەلابرایم و گەڕامەوە ماڵ کە دەگەڵ خێزانم بچین بۆ چادری ماڵی کاك ئەحمەدی خاڵەی. خێزانم گوتی: ئێستا مام سەعید مەسیفی هاتبوو، پیم وایە کاری پێت بوو. خولقیشم کردگوتم : فەرموو ماڵەوە، دەچم بانگی دەکەمەوە.

گوتی: پێویست ناکات خۆم دەیبینم کارێکی زۆر پەلەو پێویستم پێی نیە. بە هەرحاڵ لەو قسانە دابووین، مام سەعید هات. دەگەڵ مام سەعید مەسیفی دۆست ایەتیمان خۆش بوو، سڵاو- ئەحواڵپرسی...گوتی:

«بیستوومە دەمانچەیەکی لامەی دەستی نێوێت هەیە نیازی زایەکردنیت هەیە؟ ئەگەر باش بێ من، بۆکاك خالید ئاشگەیی دەیکڕم.»

گوتم:

«بەڵێ ڕاستە دەمانچەیەکی جوانو چاکە!»

گوتی: «دە توانم تەماشای بکەم؟»

:بەڵێ!

چووم دەمانچەکەم بۆ هێنا. ماڵەکەی ئێمە لە سەر جادەی (هیملتون) بوو. ئەو بەری ماڵی ئێمەش ماڵ و چایخانە بوون. مام سەعید دەمانچەکەی لێ وەرگرتم، لە دەستی وەردە دا و دەگەڵ من قسەی دەکرد. دیار بوو نەیدەزانی چۆن مەبەستەکەی خۆی دەربڕێ.

گوتی:

«مەلا پیرۆت! حاکمی گەڵاڵە کیتابێکی هەنووکە،لۆ ناردینە، دەڵێ: دەمانچەیەکی لامەی دەستی نێوێ دەسك سپی، دزرایە گوایە دەمانچەیەك بە ناوو نیشانە لای کەسێکە بە ناوی مەلا پیرۆت لە گوندی ئازادی، تکایە نابراو راگرن؛ هەتا ئیمە لە بارەیە دا لێکۆڵینەوە دەکەین!» ؟

ئێتر لەو قسانە دابووین خالید ئاشگەیی دەگەڵ جەماعەتێك لە پێشمەرگەکانی بەندیخانەی خەلان، لە ماڵی وەستا مەحمودی خەیات هاتنەدەر دەورەیان دام؟

گوتم:

مام سەعید پیاوی چاك! ئەگەر دەمانچەکە دزیەتی بێ خاوەنەکە وەستا مەحمودە، ئەوە تا لە پەنا دەستی خۆتە! ئەگەر منیش بە تاوانی دزیەتی بگری ئەوە ئێتر شتێکی ترە من ئەو هێزەم نیە بتوانم داکۆکی لە خۆم بکەم!

بەهەرحاڵ مام سەعیدگوتی:

هەزارنامەی کتێب

«كاك مەلا بەو سویندو قوعانە، ئیمە قسورمان نیە "المأمور معذور"، ئێمە ئەمریان بۆ ناردوین بە داوای لێ بوردنەوە دەبێ تەشریف بەری بۆ خەلان هەتا لێ پرسینەوەی حاكم» (؟)

بە هەرحاڵ خیزانم لە سەرجۆگەی بوو، وادیار بوو هێشتا نەیزانیبوو كە مام سەعید هاتووە من بگرێ. خێزانم تێ گەیاند: مام سەعیدو ئەو برادەرانە منیان گرتووە؛ دەمبەن بۆ زیندانی خەلان. ئەگەر ئێوارە مامۆستا هەژار هاتەوە ماڵ، عەرزی بكە: بزانێ بۆچی منیان گرتووە، داخوا من چ گوناهێكم هەیە...؟

ئیتر لەوە زیادتر ئیجازەیان نەدام باسی هیچ شتێكی تر لەگەڵ خێزان بكەم. ئەوە ڕۆژەی كە من لەلایەن مام سەعید مەسیفیەوە گیرام، چەند رۆژێك بوو، كاك سەعید كوێستانی چوو بوو بۆ هەولێر، خیزانی و منداڵەكانی برد بوو بۆ لای دوكتور، لە ماڵ نەبوو.ئەوە باش بوو كە هەردووكان ویكرا دەگیر نەكەوتین. بەڵام هێشتا نیگەرانی دەگیركەوتنی كاك سەعیدكوێستانیم هەر لە دڵدا بوو.

بەهەرحاڵ سێ، چوار پێشمەرگە منیان برد بۆ بەندیخانەی خەلان. بەندیخانە چ بەندیخانە؟ تاریفی پیسی ناكرێ و لە خۆم ڕانابینم بتوانم لە بواری پیسی و بۆگەنی ئەو بەندیخانەیە،وێنەك لەزینم دا بكێشمەوەو تاریفی جۆنایەتیكەی بكەم! بەندەكانی ئەم بەندیخانەیە، كلاسی دەرسی قوتابیەكانی سەرتایی بوون. هەر كلاسەی كرابوو بە بەندێك و ژمارەی ئەو بەندییانە كە لەو ژوورانەدا بوون، زۆر لە زەرفییەتی ژوورەكان زۆرتر بوون كە دەبو تێی دابان! لە ماوەی ٢٤ كاتژمێردا دووجار، دەیان بردنە توالێت. هەر ژوورەی تەنەكەیەكیان تێی دا دانابوو؛ هەركەسێك میزی هاتبا، یان... دەبوا لە بەر چاوی هاو بەندییەكانی خۆی، ئەو كارەی ئەنجام دابا. بەشێك لە سزای بەندییەكان ژیان لە نێو میزو پیسایی دا بووا؟ ئەگەر بڵێم بۆگەنیوی میزو پیسایی ژوورەكان، بە ئێش ترین و ناخۆش ترین شكەنجە بوو؛ قسەیەكی بە زیادەوەمان نەكردووە. من خۆم خەڵكی گوندی بووم و خاوەن پاتاڵ بووین. ئیمە لەو زیندانەوانانە زۆر باشتر وەماڵاتەكەمان ڕادەگەیشتین!... ئیدی باسی ئەو عەزابە ناخۆشە لە گەڕانەوەنایە! ئەوە ڕاستی بێ تا ڕادەیەك زۆریان مایە بۆ من دانا بوو، بە ئەندازەی دۆشەگێك

جێگایان دابوومی کە، هیچ کام لە زیندانیەکان، ئەو ئیمتیازەیان نەبوو. لە پاڵ جاش و پیاوکوژانیان نەکردبووم. ئەوەندەی لە بەندیخانە بووم هیچ جۆرە بێ ڕێزو کردەوەیەکی ناشایستم سەبارەت بە خۆم هەست پێ نەکرد.

کاتێ بردیانم بۆ بەندیخانە، ئەو بەندییانەی لە ژوورەکەی دابوون، دەوریان دام؛ هەریەکەی پرسیارێکی دەکرد کە، چ کەسم و لە سەرچی گیراوم؟ (ئەگەر خوای ناخواستە ئیوەش، ڕێگاتان لە زیندان کەوتێ، لەگەڵ ئەو شیوە پرسیارانەڕووبەڕوو بوونە!) ئەوە سەرەنجی ڕاکێشام بەرخوردی یەکێك لەو بەندییانەبووکە، گوتی: ئەی ماموٚستا! ئەوە تۆیان بۆ گرتووە؟

گوتم: کاك من بەکێ دەشوبهێنی؟

گوتی :بە مەلا محەمەد قەرەقشلاقی!

گوتی:خۆت لە من نەناس مەکە! من یەکێم لەو بەندییانەی شێنێ کە ئێوە ئەو دەم دەگەڵ کاك مەلا مەحمودو برادەرانی تری دێموکرات، بە سەر بەندیخانە ڕادەگەیشتن. من لە هاوڕێیانی ماموستا عەلی حەمدی و کاك مەحمودی حاجی تۆفیق و... بووم. ئەو دەم ئەو برادەرە، هێندێك پرسیاری برادەرانی خۆمانی لێ کردم، بەداخەوە دە خۆم ڕانەدی بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە...

هەر ئەو برادەرە بوو، لە پێش پێشمەرگەکانی بەندیخانە دا، محەمەد سەربازی پێ ناساندم، و هێندێکی بەسەرهاتو شکەنجە مام سەعید بۆگێڕامەوە کە ناوبراوی پێ ئازار دابوو. پیشتر باسی محەمەد سەربازم کردووە لێرەدا بەپێویستی نازانم دووپاتی کەمەوە...

دوای چەند کاتژمیرێك خێزانم نوێنو پێخەفی بۆ هینام بەڵام ئیجازەیان نە دا، و نەمتوانی چاوم پێی بکەوێ.

بەدوای گەرتنی من دا، ئەو ڕۆژە ئیوارەیەکی درەنگ وەخت کاك سەعید کوێستانی، لە هەولێر دەگەڕێتەوە. کاتێ دەگەڕێتەوە، هەواڵی گرتنی من دەزانێ، دەچێتە لای خیزانم دڵخۆشی دەداتەوە دەڵێ: نیگەران نەبێ سبەی دەچێتە لای برادەرانی دەفتەر... ئازاد دەکری هیچ نیە و...

مام سەعید مە سیفی، خۆی و پێشمەرگەکانی، لە ماڵی برادەرێکی ئەندامی پارتی خۆیان حاشار دەدەن.کە شەو بەبێ دەنگی کەس هەست پێ نەکاك سەعید کوێستانی بگرن. ئەو برادەرەی کە لە ماڵەکەی دا خۆیان حاشار دابوو، وەکوو دەسکیس بۆ هەڵنانی؛ دەینرن بزانن سەعید لە ماله؟

ناوبرا دەچێتە ماڵی کاك سەعید، دەبینێ لە ماڵ نیە، لە خێزانی پرسیار دەکا: کاك سەعید لەکوێ یە؟

خیزانی دەڵێ لەوانەیە لە چایخانە ی مەلابرایمی بێت. ئیتر ئەوبرادەر هەست و ئەخلاقی دۆستایەتی و جیرانەتی هانی دەدا؛دەچێتە قاوەخانەی مەلابرایم، بە بێ دەنگی بە ئاماژە، کاك سەعید بانگ دەکا بۆ دەرەوە. لە دەرێ سویندی دەدا ئەگەر لەگیرکەوت بە هیچ جۆر ناوی ئەو نەهێنێ! پاشان دەڵێ:

کاکی خۆم! مام سەعید لەگەڵ جەماعەتێك پێشمەرگە ئەوە لە ماڵی ئێمەن. منیان ناردووە کە تۆ هەڵنێم و بین بتگرن. بەڵام بە حوکمی دۆستایەتی لە مێژینەو دراوسێتی، پێتیدەڵێم! من ئەوە هێندێك خۆم دەخافڵێنم؛ دەچمەوە ماڵ دەڵێم لە ماڵ نەبوو، تۆش خێرا، خۆت دەرباز کە!

ئیتر ئەو برادەرە، وەك مرۆڤێکی خاوەن شەرەف خۆی لەو زلکاوە ناوێ! نەختێك خۆی دەخافڵێنێ، بەگوێرەی ئەوەی کاك سەعید بۆی باس کردوم:

ئیتر دوای ئەو کەخواحافیزی لەو برادەرە باوەفایە دەکا؛ هەر ئەوە ندەی ماوە دەبێ بچێتەوە ماڵ خواحافیزی لە خێزانی بکا. پێش ئەوەی وەبەندەنی کەوێ، دەچێ بۆ ماڵی مامۆستا هەژار. ماڵی مامۆستا، هەر سی، چل، میترێك لە ماڵی خۆیان دوور بوو. دوای بە خێرهاتن و چاك خۆشی، بە مامۆستا هەژار دەڵێ:

مامۆستا! مە لا محەمەدیان بۆچی گرتووە؟

خوا لێخۆشبوو مامۆستا هەژار:

«داخوا چیان لە بارەی دا گوتووە، بروا ناکەم شتێکی زۆر گرینگ بێ، من سبەی دەچمە دەفتەر پێیان دەڵێم ئازادی دەکەن.»

کاك سەعیددەڵێ:

«مامۆستا! ئەدی مام سەعید مەسیفی بۆ هاتووە من بگری؟»

دیسان مامۆستا:

«بەڕای من شتێك نیە من سبەی دەچم بۆ دەفتەر دەگەڵیان باس دەکەم، ئەگەر بە من دەکەی خۆت دەچی بۆ بەندیخانەی خەلان؛ پێیان دەڵێی من خۆم هاتووم فەرموون! چیتان لە من دەوێ؟ من سبەی تێیان دەگەیەنم دەگەڵ مەلا محەمەد ئازادتان دەکەن.»

ئیتر کاك سەعید دەڵێ:

«مامۆ ستا! من لە سەر قەولو بەڵێنی بەڕێزتان، بێ ئەوەی ئەوان من بگرن، من هەر ئێستا خۆم دەچمە بۆ بەندیخانە "خەلان" بۆ لای مام سەعید.»

ئیترکاك سەعید لە ماڵ مامۆستا هەژار دێتەدەر، یونسی ئاهنگەری ڕەحمەتی یشی دەگەڵ دەکەوێ، بەو شەوە باران و لنگێزەیە، دوو قۆڵی بەلا ڕێ دا دادەپەڕنەخوار بۆ گوندی ڕایات و لەوێوە بۆ ئالآنێ و ڕەشە هەرمێیان. هەر ئەو شەوە لەگەڵ کاك مارف ناو، وەبەندەنی بارزینی دەکەون، و خۆیان دەربازو ڕزگار دەکەن...

ئیتر مام سەعید مەسیفی، لە گرتنی سەعید کوێستانی ناکام دەبێ و ناوبراوی بۆ دەسگیر نابێ. سبەی ئەو ڕۆژە خیزانم هات بۆ بەندیخانە، دووراو دوور، ئیجازەیان دا لە کونی دەرگاکەی بەندیخانەوە، چاوی پێی بکەوێ. گوتی: دوێنێ ئێوارە کاك سەعید هاتەوە. شەو هاتبوون بیگرن، بەڵام توانی خۆی دەرباز بکا، خۆی دەرباز کردووە، دەتوانم هەر ئەوەندەت پێ بڵێم!

خێزانم گوتی:

چومەتە لای مامۆستا هەژارو خیزانی، زۆریان لەبەر پاڕاومەتەوە... مامۆستا هەژار گوتوویە:

«خۆشکم! پیاو نانی گاور بخوا دەبێ سڵاوات لە دیداری گاور لێ بدا.» ؟

گوتی: وەختی ئەوە نیە هەمووی قسەکانت بۆ بگێڕمەوە. جیرانەکانمان زۆر بە جیدی خەریکن، لە زمان منەوە نامەیان بۆ مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی نووسیووە و گرتنی تۆیان بە هەموو شوێنێك ڕاگەیاندووە. قەرار وایە نامەیەکم بۆ بنووسن، من

بیدەم بە مەلا مستەفا. برادەرانی ئازادی دەڵێن: پێویست ناکا تۆ بچی بۆ دیلمان، مەلا مستەفا، بە ئازادی دا دیت دەچێ بۆ حاجی ئۆمەران. ئەو دەم تۆ دەچیە پێشی ماشێنەکەی دەگری و نامەکەی دەدەی بە دەستی خۆی. ئێستا من چاوەڕوانی ئەوە دەکەم کە مەلا مستەفا، بێت و نامەکەی بدەمێ. برادەرانی ئازادی دەڵین: دەزانن کەی دێت خۆیان تەرتیبی دەدەن.

گوتم ئەوە باشترین کارە! بە مەرجێك ئەگەر بتوانی نامەکەی بدەی بە دەستی خودی بارزانی، بڕوام وایە پێشی ئەوە دەگرێ کە تەسلیمم کەنەوە. ئیتر خێزانم گەڕاوە بۆ ماڵ و من لە ژووری بەندیخانە دا، بە چاوەڕوانی چارەنووسێکی نادیار، بە نیگەرانییەوە مامەوە. سێ، چوار ڕۆژێك دەبوو گیرا بووم. هیچ خەبەرێکم لە دەرەوە نەبوو. ڕۆژێکی درەنگانی ئێوارە؛ مام سەعید مەسیفی بە داوای دا ناردم. لە ژووری بەندەکە، هێنایانمە دەری. چووم بۆ لای مام سەعید. هێندیکمان پێکەوە قسەکرد، دوایی گوتی:

کاك مەلا بابچین هێندێ پیاسەی بکەین. لام سەیر بوو؟ گوتم فەرموو! ئەو قسەیەی مام سەعید بۆ من زۆر جیگای سەرەنج بوو مەسەلە چییە؟

بە پیاسە چووینە سەروی بەندیخانە. زەوی بوون باران باریبوو، هەردەکە قوڕ بوو، زۆریشم سەرما بوو؛ بەڵام هەموو ئازای گیانم ببوو بەگوێ بۆ ئەوەی بزانم مام سەعید دەڵێ چی؟!

مام سەعیدگوتی:

«کاك مەلا، ئەگەر من هێندی پرسیارت لێ بکەم وەڵامی ڕاستم دەدەیەوە؟

: بێ گومان!

گوتی: «ئێمە بەیەکەوە نان و نمەکمان کردووە، دۆستایەتی حوکم دەکا ئەوەی لە دەستم بێت سەبارەت بە تۆ وخیزانت و ئەو منداڵە چوکەیەتان، بۆ ئازاد بوونت ئەنجامی بدەم! ئیستا برای خۆم، تکات لێدەکەم "کچی خۆت بە قوربانی کوڕی خەڵك مەکە! " تۆ لەگەڵ کاك سەعیدکوێستانی چوویەتە بەغدا، لەوێ چاوتان بە فایق ئەمین و حەمەدەمین سیراجی و قاسملو کەوتووە! فایق ئەمین- کاك (سولەیمانی موعینی)

لەکاتی لێ پرسینەوەدا ئیعتیرافی لەسەرکردووی؛ لە خۆرا نەگیراوی! ئێستاش ئەگەر خوت دان بەڕاستیەکان دابنێی بە سەلاحی خۆت و شۆڕشە و بێ مەترسی بە سەربەستی دەچیەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆت!. من دەتوانم بەلێنیت پێ بدەم ئەگەر ڕاستی بلێی هیچ مەترسی و هەڕەشە یەك لە سەر تۆ نامێنێ!»

گوتم مام سەعید خۆ من هەلاتە نەبوو؛ ئێوە دەبوا لە پێشدا منتان بانگ کردبا و پرسیارتان لێ کردبام، زانیباتان کە من داخوا حاشا لە ڕاستی دەکەم؟ ئەگەر حاشام کردبا، بوتان هەبوو بێ سیو دوو لێ کردن، زیندانیتا کردبام! ڕاستە ئێوە هەتا ئێستا لەبەندیخانە هیچ جۆرە بێ حورمەتێکتان بەمن نەکردوە؛ بەلام من وەکوو تاوانبار بە گوناحی نەکردوو زیندانی کراوم. ئەوگرتنە خۆی شوێنی زۆر خراپی لەسەر داناوم... ئێستاش فەرموو! پرسیار بکە! من ئەوەی بیزانم و ئاگاداریم لە سەری هەبێ عەرزتانی دەکەم. خۆم من دزی و... م نەکردووە! گوتی:

«تۆ لەگەڵ کاك سەعیدکویستانی لە بەغدا بوونە، نا؟»

گوتم: ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، ئێمە چوینە بەغدا، لەوێ سێومان کڕیوە، بە موسڵ دا هاتوینەوە،کونە ڕادیو، و ساکۆ و... ئەو جۆرە شتانەمان لە موسڵ کڕیوە، ئەوە شتێك نیە کە حاشای لێ بکەم!

وا دیار بوو مام سەعید مەبەستی منی باش نە پێکا بوو: واتێ گەیشتبوو کە، من ئاگاداریەکی زۆرم هەیەو بەسانایی لە ئێختیاری ئەوانی دەنێم و پێیان دەڵێم.

گوتی: «تەنیا مەبەستی من ئەوە بوو کە بزانم داخوا تۆ ئامادەی لای حاکم دان بەراستی ئەو شتانە دا بنێی کە وا حاکم پرسیارتان لێ دەکاو لەگەڵ شۆڕش هاوکاری دەکەی؟»

گوتم: «ئەگەر هاوکاری شۆڕش نەکەم؛ هاوکاری کێ دەکەم؟»

گوتی: «لەوانەیە سبەی حاکم بیت بۆ ئێرە، تەحقیقاتت لێ بکا. کاتێ هات ئاگادارت دەکەمەوە؛ جارێ تۆ بچۆوە ژوورەکەی خۆت؛ هەتا حاکم دێت، ئەو دەم بانگ دەکرێی!»

چوومەوە ژوورەکەی خۆم، درەنگ وەختێکی تاریکانی ئێوارە بوو، خیزانم بە

هەرانامەی ئێنپێر

بیانووی هێنانی کتێبی "شوهراهوخانم" هات بۆ لام. ئەوجارە زۆر بە سانایی ئیجازەیان پێدا بێتە پێش کونی دەرگاکە و شاهۆ کۆرم کە ئەودەم نزیکەی هەژدە نۆزدە مانگانە دەبوو هێنابووی و دەستی کرد بە قسەو باس گێڕانەوە. گوتی:

دوێنێ، مەلا مستەفا هات چوو بۆ حاجی ئۆمەران. گوتیان لەوانەیە بەو زووانە بگەڕێتەوە. کاك مەلا غەفورو عوسمان و برادەرانی تری ئازادی، نامەیەکیان بۆ نووسیم، گوتیان کاتێ وەدەرکەوت ئێمە ئاگادارت دەکەین، تۆ بچووە پێشی و نامەکەی بدەیە!

بە چاوڕوانی ڕاوەستام، دوای نیوەڕۆ، مەلا مستەفا گەڕاوە. برادەرانی گوندی ئازادی گوتیان: براژن بچوو پێش، ماشێنەکەی نێوەڕاستێ هی مەلا مستەفایە! دەستی شیواوی کچی کاك سەعیدم گرت و شاهۆ بە ئامێزەوە، چوومە سەر جادەی نامەکەم بە دەستەوە بوو، کاتێ مەلا مستەفا دیتمی دەچم بۆ پێشی ماشێنەکەی ئەو، دیار بوو بە شۆفیرەکەی گوتبوو، ماشێنەکەی ڕاگرت. گوتی خوشکم! کارت بە من بوو؟ گوتم بەڵێ: سەرۆك! ئەوە چەند ڕۆژە، من مێردەکەم لە هیچ خۆڕایی پێشمەرگە هاتن بردیان، ئێستا لە بەندیخانی "خەلان" گیراوە... گریام: ئەگەر خەیانەتی کردووە لەبەرچاوی خۆم گوللەبارانی بکەن! دەنا چ خودا هەڵدەگرێ تەسلیمی ئیرانی کەنەوە؟

مەلا مستەفا، نامەی کەی لێ وەرگرتم. گوتی:

«خوشکم نیگەران مەبە.»

ئیتر ئەو ڕۆیشت، منیش هاتمەوە ماڵ.

ئیمڕۆ، ماوەیەك لەوە پێش، مام سەعید مەسیفی، هات بۆ ئازادی پێی گوتم:

«براژن! حەز دەکەی چاوت بەکاك مەلا بکەوێ؟» گوتم:

«مام سەعیدکوا ئێوە ئیجازەم دەدەن؟ دیسان گریام...» گوتی:

«وەرە، ئیجازەت دەدین!»

زۆری لەبەر پاڕامەوە، گوتی:

«ئەوەی لە دەستمن بێت بۆ ئازاد بوونی دریخی ناکەم.»

ئێستا هاتووم پێت بلێم کە جەرەیانەکە بەمجۆرەبووە؛ و گەیشتۆتە ئێرە. برادرانی

حشع پێیان وایە چون مەلا مستەفا پێی زانیوەو خۆی گوتویە، بێ گومان ئازادی دەکەن!

ئەو شەوە مامەوە بەڵام کەمتر خەوتم. خەوەکەم بوو بە فکرو خەیاڵات، هەرجارە دەهاتمە سەر بۆچوونێك: لەوانەیە مامۆستا هەژار هەوڵی بۆ دابم؟، یان سەرۆكبارزانی دەستووری دابێ و ...؟

بۆ بەیانی حاکم هات.

حاکم کاك محەمەد عەزیز بوو.کاتی هات بانگیان کردم چوومە لای، هەرچەند بەڕواڵەت بە میهرەبانی بەرخوردی لەگەڵ کردم. گوتی:

«ئەو چەند ڕۆژەی کە میوانی مام سەعید بوویە؛ زۆر نارەحەت نەبووی؟»

دیسان گوتم: کاك محەمەد، من بەناوانی گوناحی نەکردووگیراوم، زۆر بە هەق کوژی و ناڕەوا دەزانم.کاك حەمە عەزیز دەیویست بە قسەی خۆش و میهرەبانی نارەحەتیەکانی ئەو چەند ڕۆژەم لەبیر بەریەتەوە. و ئەوەی کە خۆی مەبەستی بوو وەستایانە دایبڕێژی نەتیجەی لێ وەرگری.

ئەوەی منیش بووم دەمویست زۆر ساکارو سادە خۆم پێشان بدەم؛ و کوردە گوتەنی: خۆم لە هەموو قسەیەکی زل بپارێزم!

گوتی: «با تەحقیقاتەکەمان دەست پێ بکەین!»

: فەرموو!

: ئێوە لەگەڵ کاك سەعیدکوێستانی چوونەتە بەغدا؟

:بەڵێ! من دەگەڵ ناوبراو چوو بووم بۆ بەغداو موسڵ، لە هەر دوو شار کەلوپەلمان کڕیوە، لە بەغدا سێومان کڕی، و لە موسڵ هێندێك کۆنە ڕادیوو تە سجیلو کەلوپەلی تر...!

: «ئیوە لە بەغدا، چاوتان بە فایق ئەمین و حەمەدەمین سیراجی کەوتووە! لە دانیشتنەکانتان دا لە بارەی چ شتیك قسەتان کرد بوو؟»

: «بەگەم! من لە بەغدا چاوم نە فایق کەوتووە، و نە هیچ جۆرە پێوەندیەکەم بە فایق ئەمین و حەمەدەمین سیراجیەوە هەیە، نەشمزانیوە ئەوان هاتبنە بەغدا! لەو

دەمەوە کە لە ناوچەی باڵەك بوونەو چاوم پێیان کەوتووە، هەرگیز نە پێوەندیم پێیانەوە بووە. نە ئەو دەمەی کە لێرەبوون لەگەڵیان هاوکاری و چالاکیم بووە. تەنیا پێوەندی من لەگەڵ ئەوان، ئەو دەمەش کە لێرە بوون، ناسیاوی و هاو وڵاتی بوون و بەس!»

: «لە بەغدا چاوتان بە کەریمی حیسامی و عبدالرحمن قاسملو کەوتووە؟»

: من من هەرگیز لە نزیکەوە ئەو دوو شەخسەم نەدیوە؛ و نایانناسم! ئەگەر تووشیشیان هاتم، یان تووشیان بێم، بە یەقین من نەمناسیون و نایانناسم، چونکە هیچ جۆرە ئاشنایەکم لەگەڵ ئەو دوو شەخسە نەبووە و نیە!

: چەند رۆژ لە بەغدا بوون؟

: سێشەو و چوار ڕۆژ!

: «ئەو ماوەیەی ئێوە لە بەغدا بوون، هەموو ڕۆژەکان دەگەڵ سەعید بەیەکەوە دەبوون، دەچوونە کوێ و لەو ماوەیە دا کێ تان چاو پێ کەوت؟»

: ئێمە هەمووی ڕۆژەکان بە یەکەوە نە دەبووین. دوو ڕوژ بەیەکەوە نە بووین. کاك سەعید، بەشوین پیداویستی خۆیدا دەڕۆیشت، و منیش خۆم وەدوای کڕینی کەلوپەلی خۆ م دەکەوتم. ئیتر هەتا ئێوارە، یەکترمان نەدەدیتەوە. نە من پرسیارم لەوکرد کە لەکوێ بووە، نە ئەو پرسیاری لە من کردووە! ئێمە جگە لە سیوەکان، کە شەریك بووین، باقی شتەکانی ترمان، بە جیا، هەرکەسەی بەسەلیقەی خۆمان دەمان کڕی، بە یەکەوە شەریك نەبووین!

: «وەکوو بزانی، سەعید دەگەڵ حەمە دەمین وفایق پێوەندی هەبووە یان نا؟»

: من ئەوە نازانم! چونکە منو سەعید وەکوو دووکەسی خەڵکی کوردستانی کوێستان و درواسێ، هاورێ بووین، نەك وەکوو دوو هاوکاری سیاسی! ئەگەر پێوەندیشی هەبووبێ، لای من باسی نەکردووەو من ئاگاداریم نیە! لەوانەیە پێوەندی بووبێ؛ لەوانەیە نا!

لێپرسینەوەکەم ڕەنگە هەموو بە وردی، بە وشە، و ئەدەبیاتی ئەو سەر دەمە لە بیر نە مابێ، نزیکەی دوو کاتژمێرێکی خەیاند. دیارە هەموو لێپرسینەوە نەبوو، قسەکردن و چایی خواردنەوەشی دەگەڵ دا بوو. مام سەعید مەسیفیش لەوێ بوو.

کاك محەمەد عەزیز لە مەر ئەوە کە چاوم بەکاك سولەیمان و کاك حەمەدە مین و باقی برادەران کەوتبێ هیچی دەسگیر نەبوو، من لە و بارەیەوە وەشەیەکەم لە دەم نەهاتەدەر. ئیتر بێ ئەوە خۆم بەشێوەیەك نیشان بدەم کەسەرم لە قسەوکاری سیاسی و تەشکیلاتی دەر چێ ساکارانە خۆم نیشان دا!

ئەو جارە کاك محەمە د گوتی:

«ئەگەر ئازاد بکرێی هاوکاری شۆڕش دەکەی؟»

بێ خۆ گنخاندن و بیر لێ کردنەوە گوتم: شۆڕش داوای هەرکارێکم لێ بکا مادام بتوانم و لە وزەی من دابێ ئامادەم ئەنجامی بدەم, بەڵام گوتم هاوکارێك کە لە منتان دەوێ چییە؟

کاك محەمە د گوتی: «سەعیدکویستانی بڕواو سیقەی لە سەر تۆ چۆنە؟»

دیاربوو کاك محەمەد هێشتا نەیزانیبوو کە کاك سەعید، خۆی تەسلیم کردۆتەوە. بە هەر حاڵ داوای لێکردم ئەگەرشوێنی خۆ حاشاردانی سەعید بزانم خەبەریان بدەمێ. منیش خیزانم ئێوارە ڕۆژی پێشتر گوتبووی کە خوی تەسلیم دەرباز کردووە. گوتم: ئەگەر بزانم لە کوێیە پێتان دەڵێم. ئیتر ئەوەی زۆر بەزەقی لە منی دەویست یەکەم لە داو خستنی کاك سەعیدکوێستانی بوو. هەروەها ناوبراو گوتی:

«گوتی ئەمڕۆ شۆڕشی کوردستان پێوستی بە هاوکاری هەمووومان هەیە، شۆڕشی هەمووی خەڵکی کوردە، دەبێ بە هەموومانەوە هەوڵ بدەین بەرژەوەندی ئەم شۆڕشە لە مەترسی نەکەوێ. ئێستا دەستێکی ناپاك خۆی لە کوردستانیئیران خزاندووە، بۆ ئەوە شۆڕشی کوردستان تێك بدەن دەستیان کردووە بەئاژاوە نانەوە. لەگەڵ حکومەتی عێراق و جەلال پێوەندیان هەیە، دەیانهەوێ شۆڕشەکەمان بشێوێنن و هێندی کەس لە ئێرانەوە، بە تایبەت بە ناوی قاچاچچی دەنێرن بۆ زینوێ، قەڵادزە، و سنوورەکان، فیشك و تەقەمەنی بکڕن بۆ ئەو جەماعەتە چەتەیە! دەبێ هەموومان هەوڵ بدەین ئەوانە بناسین و بزانین لەم دیو کێ چەك و فیشکیان بۆ دەکڕێ؛ بە بێ دەنگی بە شۆڕش ڕاگەیەنین. ئەوەی من لە بیرماوە، ویست و داخوازی کاك محەمەد، زۆرتر ناسینی ئەو قاچاچچیانە بوو، کە لە ئیرانەوە دەهاتن، فیشەك و چەکیان

دەكرێ...

گوتم: من كەسی ئەوتۆی قاچاخچی ناناسم كە ئاڵوویری چەك و تەقەمەنی بكا، پیوەندیشم بە چەتەو پیاو خراپانەوە نیە! ئەگەر شتێكی وەهاش بزانمەو بێشك شۆڕش ئاگادار دەكەمەوە.

گوتی: «ئەگەر هاوكاری ئێمە بكەی نابێ هیچ كەس هەست بەوە بكا كە، تۆ لەگەڵ شۆڕش پێوەندیت هەیە!» (؟)

كاك محەمەد عەزیز ئازادی كردم. هێشتا لەسەر خۆ تەسلیم كردنەوەی كاك سەعیدكوێستانی، ئاگاداری پێ نەگەیشتبوو. داوای لێ كردم وەدوای شوێنی پێی كەومو ئەگەر شوێنم هەڵگرت، ئاگاداریان بكەم. منیش بەچاوان و...

(؟)

ئەوەی ڕاستیێ من بە دانی بەڵێنی هاوكاری "پاراستن" ئازاد كرام. هەتا ئێستا نزیكەی ٣٣ساڵ بەسەر ئەو بەسەرهاتە دا تێدەپەڕێ، مەبەستی من لێرەدا تەنیا روون كردنەوەی رووداوەكانە، بە هیچ جۆر لە قاو دانی ئەو بەسەرهاتە كۆنە نیە! ئاگاداری من لە سەر "پاراستن" زۆر لەوە كەمترە كە خەڵكی تر لە سەر ڕابردووی پاراستن هەیانە و دەیزانن! هەروەها مەبەستیشم ئەوە نیە كە ئەو كەسانەی كە بە هاوكاری لەگەڵ پاراستن بە گومانلێكراو نێوبانگیان دەركرد بوو بەڕاست یان بە درۆ، ناویان برم! نە سەبارەت بە خەڵك بە بێ ئەدەبێ دواوم، نە بەتاریفی شان و باڵی خۆم و كەسم دا هەڵا گوتووە!

* * * * *

هەر ئەو ڕۆژەی کە هاتمەوە ماڵ، زۆربەی جیرانەکانمان کەلایەنگرانی حشع، بوون لە گوندەکانی ئازادی و ڕایات و خەلان پێمەوە هاتن، بەئازاد بوونم خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی. لەو چەند ڕۆژە دا کە گیرابووم، زۆرم پێوە ماندو بوون. منیش بەنۆرەی خۆم  زۆرم سوپاس کردن، وچۆنایەتی ئازاد بوونیخۆم دەگەڵ ئەوانەی کە ئەندامی حیزب بوون و دۆستم بوون، هێنا گۆڕیو داوای یارمەتیم لێ کردن. گوتم: لەوانەیە من بەو زوانە لێرە بڕۆم و خیزانم بەجێ بێڵم. گوتیان: نیگەرانی ماڵ و براژن مەبە، خۆ ئێمە نەمردوین. زۆر پیاوانە بە دلی ئاواڵەییەوە ئامادەیی خۆیان بۆ هەر چەشنە یارمەتێك دەربڕی.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە ئازاد کرابووم، کاك ئەمیرقازی دەگەڵ مامۆستا هەژاری رەحمەتی، هات بۆ ئازدی. کاك ئەمیر زۆر ئیزهاری نارەحەتی کرد کە گرتوویانم، هەروەها خۆشحاڵ بوو کە بەخیر گوزەراوە،و ئازادیان کردووم. بۆ نان خواردنی شەو، دەگەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژار، تەشریفیان هێنا، بۆ نانی شەوێ لە ماڵی ئێمە بوون. خێزانم چوو بوو بۆ ماڵی یەکێك لە جیرانەکان. منیش بۆ کارێك چووبومەدەر، لە پشتی دەرگا بوو گوێم لێ بوو،کاك ئەمیر، لە بارەی گیرانی من لە مامۆستا هەژاری دەپرسی، گوتی:

مەلامحەمە دیان لە سەرچی گرتبوو.؟

مامۆستا هەژار وەڵامی داوە: کە... سی نوختەکە باشترە لە دەقی فەرمایشتەکەی مامۆستا!

سبەی بەیانی ئەو شەوە، دەگەڵ کاك ئەمیری قازی چووم بۆ مەکتەبی تەنفیزی. چوینە چادرەکەی کاك فایق عەقراوی، لە بەشی "پاراستن"، لە "ناوپردان". زۆریان قەدرو ڕێزگرتین. کاك ئەمیر لە سەر ئەوە کە منیان گرتبوو گلەیی لێ کردن و... بەهەرحاڵ کاك فایق عقراوی گوتی: جاری وایە لە بنەمالەیەکیش دا "سوءْ تفاهم" روو دەدا، هیوادارم کاك مەلا وەدڵی خۆی نەگرێ ... چاییمان خواردەوە، کاك ئەمیر داوای دەمانچەکەی منی کردەوە. بێ خۆ گنخاندن کاك فایق عەقراوی دەمانچەکەی

بۆ هێنامەوە بێ کەم و کەسری فیشەك، تەسلیمی کردمەوە. دوایی دەگەڵ کاك ئەمیر هەستاین ماڵئاواییمان لێکردن...

کاك ئەمیر گوتی: «دەمەوێ چاوم بە مەلا مستەفا، یان کاك ئیدریس بکەوی، بەڵکوو ئیجازەمان بدەن، پیشمەرگەکان لە شوێنێك کۆ کەینەوە، و چیدیمان هێرشی ناڕەوا نەکەنە سەر، ئەوە ڕەفتار نیە دەگەڵ ئێمەی دەکەن...»

ئەو هەڵوێستەی کاك ئەمیرم پێ کارێکی زۆر باشبوو، ئیزهار خۆشحاڵیم کرد، بەڵام لە هەمان کات دا لەڕاستی دا، ئەو دەم دەگەڵ کاك ئەمیر خەتی فیکریمان، جیاوازی هەبوو. من هەرگیز بۆچوونی خوم، لای ئەو دەرنەبڕیبوو. لای کاك ئەمیر، و کاك ئەحمەد تۆفیق، باسی ئەوە نەکرد بوو کە خاوەنی بۆچوونم. بەڵام ئەوان ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆیان نەدەشاردەوە، و دژی بۆچوونی چەپ بوون. لەو سەردەمە دا لەکوردستان چەپ بە حیزبی تودەی ئێران، یان حشع دەگوترا.

لەنێو ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەدا کە، بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کوردستانی عیراق بوون، و کاك ئەحمەد تۆفیق بەرپرسیان بوو؛ هەرکەسێك بە شێوەیەك دژی ڕەفتاری کاك ئەحمەد جوڵاباوە، بە ساواکی، یان بە پارتی لایەنگری مامۆستا برایم ئەحمەد، یان بە تودەیی و شیوعی تاوانباری دەکرا. ئەو سەردەمەش ناوبراو لای بارزانی، خۆشەویست بوو. و لە هەمان کاتیش دا ئەوانە گشتیان لە نەزەری بارزانی اخوشەویست نەبوون...

(ڕەفتاری کاك ئەحمەد تۆفیق، لە هەموو تەبلیغات و کتێب خوێندنەوەیەك زۆرتری شوێن لە سەر خوێندەوارەکان دادەناکە روو بکەنە بیری چەپ. کاك ئەحمەد تۆفیق، کە دژی بیرو بۆ چوونی چەپ بوو لەبەر ئەوەنە بوو کە کوڕە دەرەبەگ، یان سەرمایەدارو ...بێ. ناوبراو بەهیچ جۆر ئامادە نەبوو گوێ بۆ قسەیەك بگرێ کە دەگەڵ بۆچوونی خۆی دژایەتی هەبێ! ئیتر ئەو دیکتاتۆرییە بوو بە هۆی ئەوە کە کاتێ کەسێکی خوێندەوار دژی ڕەفتای خۆی، قسەی کردبا بە یەکێك لەو ڕێکخراوانەی تاوانبار دەکردو دەیدایە بەرپەڵپ و بیانوو. کاك ئەحمەد زۆرتر هۆگری کەسانی نەخوێندەوار بوو! ئیتر ئەوە شێوە هەڵوێست و ڕەفتارە نالابارە بوو بە هۆی ئەوە کە کادرەکان و

خوێندەوارەکان، بۆچوون و ڕێگایەك هەلبژێرن کە پێچەوانەی بۆ چوون و ڕەفتاری کاك ئەحمەد بێ. هەر ئەو هەڵۆیستە نادروستە بوو بە هۆی ئەوە کە دوای کونگرەی٢، پشتی یان بەردا و خۆی سواری کەری شەیتان بوو دانەبەزی هەتا بەرهەمەکەی ئەوەی لێ کەوتەوە کە باسمان لێوەکردووە، و ئاکامەکەشی بوو بە هۆی سەر لە سەردانانی خۆشی!...)

من دوای وەرگرتنەوەی دەمانچەکەم سوپاسی کاك ئەمیرم کردو خوا حافیزیمان لێکردو کاك ئەمیرگوتی: بەزووانە دەگەڕێتەوەو چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوەو... من گەڕامەوە ئازادی.

بۆ سبەی ئەو ڕۆژە چوومە زینوێ لەوی دەمانچەکەم فرۆشت. لە زینوی گەڕامەوە؛ لەگەڵ توبای خێزانم دانیشتن و لە بارەی چارەنووسی داهاتوو ـ خۆمان ڕاو تەگبیرمان کرد. گوتم:

وا دیارە ناتوانم هاوکاری ئەوکەسانە بکەم کەگرتوویانم و ئەوانیش بێ هاوکاری کردن ڕێگەم نادەن لێرەدانیشم. هەتا ئێستا نارەحەتی و برسیەتیشمان چێشتبێ بە ژیانی نەمر نەژیش بووبێ، عەزابی ویژدانمان نەچێشتووە. ئەوەی ئەوانە لە منی داوا دەکەن ساواکیش هەر ئەوەی دەوێ! ئێستا دەمهەوێ بزانم تۆ نەزەرت چێیە؟

توبا گوتی: «مردن زۆرخۆشترە لە ژیانی سەر شۆڕی!. من هەرگیز ڕازی بەوە نیم تۆ کەسەری شانت بێتەوە سەر، "پێی تۆ لە هەرکوێیەك بێ سەرمنیش لەوێیە" لە خەمی من دا مەبە، شوێنی ژیان بۆ من گرینگ نیە، لەهەر شوێنێك دەگەڵتۆ بم ئەو شوێنە بۆ من خۆشە!»

قسەکانی خێزانم بۆ من جێگای دلخۆشی بوون، شوێنی باشیان یان لە سەردانام و بوون بە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی ورەم. دوایی: گوتم دەگەڵ عوسمان قسەم کردووە، من سبەی دەڕۆم بۆ "دەرگەڵە"، لای برادەرانی حشع، ئەگەر لای ئەوان گیرسامەوە، یان چووم بۆ هەر شوێنێکی تر، ئاگادارت دەکەمەوە. خواحافیزیم لە جیرانەکان، کاك مەلابرایم و عوسمان کرد... کەمولکە دراوێکم هەبوو هەمووەکەی بە دراوی دەمانچەکەشەوە نەدەگەیشتە سەدو پەنجا دینار. بیست، سی، دینارێکم دەگەڵ

خۆم برد و ئەوی ترم بۆ خیزانم بە جێ هێشت. خەرجی بەڕێچوونمان زۆر نەبوو، خەرجی هەرەزۆرمان شیری شاهۆی کوڕم بوو، ئەویش نەختی خەڕەکە ببوو خۆی گرتبوو وردە وردە خواردنی دەخوارد. بەهەرحاڵ، لە کاتێ خواحافیزدا، ناڕەحەتی و نیگەرانیەکی نامۆ؛ بە سەر زەینم کشا، لە ڕابردووە تاڵەکانی چەندین ساڵەم هاتنەوە بەرچاو. ئاخر دەڵێن: "هەر دیاردەیەك کە حەز لە بیرکەوتنەوە و چارەی ناکەی، دەبێتە تابڵۆیەك خۆی بە نێوچاوانتەوە هەڵداوەسێ". ئێستا ئەو دیمەنە دزیوانەی کە خۆشیم لە دیداریان نە دەهات؛ ببوون بەمیوانی بانگ نەکراو! بەتایبەتی بە جێ هێشتنی خێزانم، لە مەلبەندێکی نائاشناو دوور لەکەس و کاری بۆم ببوو جۆرێك نیگەرانی و ... لە فکروخیاڵاتان دام نوقم ببووم، بەڵام بە سەر پێوە بووم و چاوم لە خیزانم بڕیبووکە شاهۆی کوڕمی لە ئامێزی گرتبوو! ناتوانم ئەو هەستەی لەو کەمولەکە دەمەدا بەسەرم دا زاڵ چۆن بوو؟ ئێتر نازانم، هەست بوو؟ خەیاڵ بوو؟ نیگەرانی لێك دابڕان و بێ هیوایی بوو؟... ئێستاش جاروبار ئەو یادە ناخۆشەم دێتەوە بیر، بەڵام نەك بە هەستی ئەو سەر دەمە!

کاتی خێزانم زانی من تووشی جورە تاسانێکی بیرو خیاڵات دەروون هاتووم، دیسان دڵی دامەوە، گوتی:

«نیگە رانی ئێمە مەبە، تۆبرۆ خۆت دەربازکە! خوا دەکا تۆ بەساخی و سەربەرزی دەرباز دەبی، هەر جێیەك پێی تۆی لێ بێ، سەری من لەوێ یە، لە مەر من و شاهۆ هیچ نیگەران مەبە بڕۆ خوات لەگەڵ بێ!»

ئێتر خواحافیزیم لەخیزانم کرد، ڕیگای دەرگەلەم گرتەبەر. کاتی گەیشتمە بنکەی حشع لقی کوردستان، خۆم ناساند، زۆریان ڕیزگرتم. ئەو دەم ئەوانەی لە دەرگەڵە بوون بریتی بوون لە: بەڕێزان، مامۆستا کەریم ئەحمەد، مامۆستا مەلا ئەحمەدی بانی خێڵانی، مامۆستا دڵزار، کاك مەلابکر، کاك فاتیح ڕەسوڵو...

مامۆستا مەلا ئەحمەدو مامۆستاکەریم ئەحمەد، بروسکەیەکیان نیشان دام کە لە مەڕ گیرانی من دا بۆ مەکتەبی تەنفیزی و سیاسی پارتی، لێ یان دا بوو. وەڵامی بروسکەکەشیان نیشان دام. ناوەروکی بروسکەکە بەو جۆرە بوو:

... بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی بە ئیمەگەیشتوون گوایە ڕۆژی ... کەسێکی دانیشتوی گوندی ئازادی بە ناوی مەلاپیروت - مەلامحەمەد قەرە قشلاقی، کە پێشتر لە جەماعەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، لە لایەن مام سەعید مەسیفی یەوە دەسگیرکراوە براوەتە بەندیخانەی "خەلان"، و مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ ناوبراو تەسلیمی ئێران بکرێتەوە. بە ڕای ئێمە کردەوەیەکی وەها لە سالحی شۆڕش کوردستان دانیەو هیواداریین پێشگری لێ بکەن و ئیجازە نەدەن کە ڕێزو حورمەتی شۆڕشی کوردستان، بێتە خوارو...

ئەوەی لێرە دائێستا من نووسیومە لەگەڵ دەقی بروسکە کە جیاوازی هەیە. بەڵام لە بواری ناوەرۆکەوە شتێکی لەو بابەتە بوو!

وەڵام مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی بریتی بوو لە ئینکارکردن و بێ ئاگایی لە گیرانی من و وەلامیان دابۆوە کە کاروکردەوەیەکی وەها رووی نەداوە! .(؟)

بەهەرحاڵ من چۆنایەتی گیرانم و مەرجەکانی کاك محەمەدعەزیزم بۆ گێڕانەوە. برادەرانی حشع زۆریان حورمەت گرتم. گوتیان ئەوەندەیان ئیمکاناتیان هەیە یارمەتیم دەدەن.

نزیك بە حەوتوویەك لە "دەرگەڵە" لایان مامەوە، دوایی سێ ڕێگایان بۆ دانام، کە دەبوا لەو سێ ئالترناتیڤانە یەکیانم هەڵبژاردبا:

یەکەم- مانەوە لە "دەرگەڵە"، دوور لەبەر چاوی پاراستن. دووهەم - چوون بۆ یەکێك لە شارەکانی عیراق، و مانەوە لە وێ. سێهەم- ئەگەر دەخۆم ڕادەبینم و هەلومەرج بواری هەبێ، گەڕانەوە بۆ لای برادەرانی خۆم لەکوردستانی ئێران...

گوتم: بیری لێ دەکەمەوە یەکێك لەو سی ئالترناتیڤە هەڵدەبژێرم.

ڕۆژێك زیندوو یاد حەمەداغای مێرگەسۆرێ دەگەڵ (سیهان بەگی) "دەرگەڵە"، هەردوکیان هاتنە بنکە لای مامۆستایانی "حشع" لقی کوردستان. خوالێخۆشبوو سیهان‌بەگ، بە مامۆستا مەلا ئەحمەدو مامۆستا کەریم ئەحمەدی گوت:

حەمەداغا، تازە لە دیوی ئێران ڕا گەڕاوەتەوە، خەبەری ناخۆش دەگێرێتەوە!

ئەو جارە ماموستایان، دوای بە خێرهاتن کردنی و ئەحواڵپرسی حەمەداغا، هەواڵ

دەنگوباسی ئەو دیویان پرسیار لێ کرد. حەمەداغا گوتی:
«بۆ لێك جیاکردنەوە، و ناوبژی کردنی کوڕەکانی (شیخ علاالدین) "خەلان"، چوو بوومە دیوی ئێران. چەند رۆژێك لە "گەسگەسك" مێوانی کاك سەید تەها بووم. چەند جارێك چوومەخانێ ــ پیرانشار. حەوتووی پێشتر لە خانێ بووم، تەرمی مراد شێرێژو لاوێکی تریان بە هێلیکۆپتێر هێناوە، لە پێش ژاندەرمەری داربەستیان کردبوو، کرد بوویان بە پێشانگە؟ دەهۆڵ و زۆرنایان هێنابوو، کردبوویان بە حەفلەیەك مەپرسە؟
: مامۆستا کەریم! بەگوێی خۆم دەبیست، خەڵکی "خانێ"ــ پیرانشار، بە شەقام دا دەڕۆیشتن جوێنیان بە جامانەکەی‌من دەدا. خەڵکی دیوی‌ئێرانم زۆرتووڕەو سەخڵەت هاتە بەرچاو. هەتا خوا حەز دەکا، وەزعێکی ناخۆش و شپرزەیان هەیە، ئەو ڕێزو خۆشەویستی کەپێشتر سەبارەت بە پێشمەرگەکانی شۆڕش بوویان، ئێستا بۆتە قین‌و تووڕەیی!. لە نزیکەوە چاوێکم بە تەرمی مراد شیرێژ دا گێڕا. هەتا بڵێی زەلامێکی بە شان و باهۆ و لێهاتوو بوو. دیاربوو دوای کوشتنی، جندرمەی ئێرانی، زۆریان بێ حورمەتی بە تەرمەکەی کردبوو!؟ بڕادەرانی کار بە دەستی شۆڕش، بەکوشتن‌و تەسلیم کردنەوەی "فایق" وەزعێکی وایان پێکهێناوە، ئەگەرکە سێك لە شەڕ دەگەڵ ژاندارمانیش دا بکوژرێ پێیان وایە دەستی شۆڕشی تێدایە؟ ئەوە جێگای داخە، بەو کارەی کە ئەنجامیان دا، رێزو کەسایەتی بارزانی بەو کردەوە دزێوە، لە کوردستانی ئێران زۆر دابەزیوە. کوردەکانی ئێران وێڕای هەموو دەست کورتی بێ ئیمکاناتی خۆیان، زۆریان خزمەتی ئێمە کردووە، بە ڕاستی سزاوار نەبوو ئەوهایان بێ بەختی لەگەڵ بکرێ و...»
زیندوو یاد حەمەداغای مێرگەسۆرێ، زۆر بەو وەزغە ناڕەحەت بوو کە لە ئێران چاوی پێ کەوتبوو. (دەبێ ئەوەش بگوتری، بە گوێرەی ئەوە زانیمەوە، مراد شیرێژ لە تێکهەڵچوونێك دا، لەگەڵ ژاندارم و جاشەکانی "حەمەدەمین چیچۆ" و سەید باپیری چیانەی پیرانان، لە نزیك "خەرپاپ" شەهیدکرابوو. لەو تێکهەڵچوونە دا، پێشمەرگەکانی شۆڕش دەستیان نەبووە.)
چوونی من بۆ دەرگەڵە، ڕێکەوت بوو لەگەڵ ئەو کاتە کە حشع، تووشی ناکۆکی

ناوخۆیی هاتبوو. ناکۆکی نێوان بهاالدین نوری و عزیزالحاج دا سەری هەڵدابوو. دیارە من کەمترم لەو جەرەیانە دەزانی. لە هەمان کاتیش دا لەلایەن شۆڕشەوەش بیانوویان پێ دەگیراو دەگەڵ کاربەدەستانی شۆڕش لە سەرەوە، نیوانیان ئاڵۆز ببوو. دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە "دەرگەڵە" و بیرکردنە لە هەڵبژاردنی یەکێك لەو سێ ئالترناتیڤەی بۆیان دانا بووم، مانەوە لە "دەرگەڵە"م خەت کێشا بوو. چوونکە مانەوە لە دەرگەڵە گرانتی نەبوو. لە نێوان گەڕانەوەی بۆ وڵات و چوون بۆ یەکێك لە شارەکانی عێراق دوو دڵ بووم. هێشتا هەواڵی شەهید بوونی سمایلی شەریفزادە وگیرانی مەلا ئاوارەمان پێ نەگەیشتبوو. زەینییاتی ساڵانی پێشووم بە مێشکدا دەهات...

لەو کاتەدابوو گوتیان سبەی پۆستەمان دەچێ بۆ دەروە – ئوروپا: ئەگەر نامەو ڕاسپاردەت هەیە بۆ برایان، کاك کەریم حیسامی یان کاك ڕەحمان ـ (شەهید د.قاسملو) بۆ سبەی ئامادەی بکەی! ئەوەشم بە لاوە باش بوو. دەمزانی ئەوان هەواڵی ڕووداوەکانیان نیە. ئیتر هەرئەو دەم چووم بۆ دۆڵەکەی سەرەوەی بنکەی "دەرگەڵە"، بە پەلە نامەیەکی کرچ و کاڵم بۆ کاك کەریم حیسامی نووسی، بەکورتی لە سەر ڕوو داوەکان ئاگادرام کردەوە. ئەو دەم هێشتا بە تەواوی لە سەر زەینییاتی خۆم ساخ نەببوومەوە، نەمدەزانی چ بکەم بچم بۆ یەکی لە شارەکانی عێراق، یان گەڕانە بۆ وڵات؟

کاك کەریم حیسامی نامەکەی نە بەتڵاندبوو، بەڵام بە هۆی ئەوە کە نامە لە سەر قاقەزێکی فرە تەنك نووسرا بوو، ساخ کردنەوەی زۆر هاسان نەبوو. کاك کەریم ئەوەندەی خۆی بۆی ساخ بۆتەوە لە بیرەوەرییەکانی دا نووسیویە و چاپی کردووە، هەر چەند لە چەند جێگایەك دا هەڵەی زۆر زەقی تێدایە!

من‌خۆم لە پێش دا بەخەیاڵم دا هاتبوو کە بچم بۆ بەغدا. پێم وابوو شارێکی گەورەیە پیاو دەتوانێ بەسانایی خۆی لە شاری گەورەدا پەنا بدا و.... بەڵام دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە "دەرگەڵە" لەو تەمایەش پەژیوان بوومەوە.

پێم وابوو هەلومەرجی ئەو دەمی کوردستانی ئێران دەگەڵ دوو ساڵ پێشتر زۆری گۆڕان بەسەردا نەهاتووە، و دەتوانم لە کوردستان ئێران دەگەڵ برادەرانی خۆمان

بحاوێمەوە. هاتمە سەر ئەو ڕایە لە ئاڵترتیڤەکان، گەڕانەوە بۆ وڵات هەڵبژێرم. بەوە گەیشتم ئەگەر هەلومەرج  بیرەخسێنێ گەڕانەوە بۆ لای برادەران باشترین کارە. لەو کاتەدا تەسمیم گرت بۆ گەڕانەوە.

بۆ سبەی ئەو شەوە، بەیانی عەرزی مامۆستا مەلا ئەحمەدو مامۆستا کەریم ئەحمەدم کرد کە، دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ کوردستانی ئێران. کە وام گوت زۆریان پێ خۆشبوو.

گوتم: دەچمەوە ئەگەر وەزعەکە تۆزێ لەبار بێ، و بتوانم لەوێ ئیدارە بکەم، مانەوە لە کوردستانی ئێران، بۆ من زۆرخۆشترە لە مانەوە لەگەرمێن یان شارەکانی عێراق...

گوتیان: براگیان ئێمە چوونەوەی تۆ بۆکوردستانی ئێران، بەکارێکی خراپ نازانین ئەوەی راستبێ ئێمەش ئێستا چارەنووسێکی نادیارمان لە پێشە. لەلایەکەوە بارزانی هەر ڕۆژەی پەڵپ و بیانوێکمان پێ دەگرێ. خۆشمان بێ موشکیلە نین. ئیتر ئەوان لای من، دانیان بە مەسلەی ناکۆکی نێوان بهاألدین نووری و عزیزالحاج و... دانەهێناو باسیان لێوە نەکرد. زۆرتر باری ناکۆکی نێوان خۆیان و شۆڕشیان پێشان دەدا...

بەهەرحاڵ ڕۆژێك دوای نیوەروی خواحافیزیم لە برادەرانی "حشع" کردو لە "دەرگەڵە"وە هاتمەسەر جادە سواری ماشێنێك بووم گەڕامەوە بۆ گوندی ئازادی. لە ئاشی خەلان دابەزیم هەتا تاریکانی ئێوارە نەچوومەوە ماڵ. تاریکانی ئیوارە گەیشتمەوە بەر دەرگای ماڵەکەمان بە پتە لە دەرگام دا خیزانم  گوتی کێیە؟ گوتم: بیکەوە خۆمم! کاتی چاوی پێم کەوت زۆری شاد بوو. گوتی: بۆ هاتیەوە؟ گوتم دوایی پێت دەڵێم. گوتی:

«دوو سی جار ئەحمەدەکویری بارام میرزای هاتووە پرسیاری کردووە کە من چوومەتە کوێ؟ کاك سەعید خۆی تەسلیم کردۆتەوە هیچیان پیی نە گوتووە، براژنە زارا گەڕاوەتەوە بۆ ئیران...»

شەو دانیشتین، لە سەرگەڕانەوەو سەردانێکی ماڵی خۆمان قسەمان کرد. گوتم من بەیانی دەڕۆم بۆ زینوێ بەڵکوو کەسێك پەیدا کەم دەگەڵی بچمەوە بۆ شارویران.

دەچمەوە سەرێکی باوکم و دایکم دەدەم. ئێستا کە دەڵێی کاك سەعید خۆی تەسلیم کردۆتەوەو هیچیان پێ نەگوتووە، ئەوەش خۆی ئەوە دەگەیەنێ کەوەزعەکە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ؟ بەڵام من پێیش هەموو شتێك دەبێ سەرێکی ماڵی خۆمان بدەمەوە، لەوێرا دەبێ تەسمیم بگرم...

﴿پێویستی بەگوتن هەیە: پاییزی ڕابردووی ئەو ساڵە، چەند مانگ لەوە پێش تر، ساواك باوکمی بە دوام دا ناردبووکە، بچمەوە خۆم تەسلیم کەمەوە، هیچم پێ نالێن. لەو دەمەدا لە هەولێر، بووم. ڕۆژێك محمد مجید، کە دراوسێمان بوو، هاتە هەولێرگوتی: باوکت هاتووە، براژنە توبا گوتویە پێی بڵێ هەرچي زووترە بگەڕێتەوە!

کاتی هاتمەوە باوکم لە ماڵێ بوو. دوای ئە وە کە بە یەکتر شادوشوکربوون و پرسیارم لە دایکم و خوشکم و دوست و خزمان کرد، گوتی: ساواك ناردوومی بەدوای تۆ دا، کە بگەڕێیەوە بەلێنیان داوە هیچت پێ نەڵێن...

گوتم: چۆن هاتی؟

گوتی: لە خانێ سواری ماشێنی بارزانیان کردم، هەتا حاجی ئۆمەران، لەویش ڕا خۆم سواری ماشێنێك بووم و لێرە دابەزیوم. سەرۆکی ساواکی مهاباد پێی گوتووم کە نیگەران نەبێ، بێتەوە دابنیشێ کاری بە سیاسەت نەدابێ، ئێمە کارمان پێی نیەو هیچی پێ نالێین...

دوای حەوتوویەك بە زمانێکی خۆش باوکم ناردەوە. گوتم: ئەگەر چوویەوە، بانگیان کردی بڵێ: لە وێ خەریکی کارو کەسابەتە، درواێکی زۆر بە "یەکانیان " قەرزدارە، مافورەو کوتاڵی لێ کڕیون بردویەتی بۆ موسڵ هێشتا نەفرۆشراوە،(ئەوەش ڕاست بوو.) هەرکات مەسەلەی قەرزو قۆڵەکانی چارەسەرکرد، گوتوویەوە وەڵامەت دەدەمی. بەو زمانە باوکم ناردبۆوە...﴾

(ئەو ڕووداوە لەمیژساڵە لەوانەیە یەك یان دوو شوێن، تووشی هەڵەی پاش و پێشی ڕوداوەکان هاتبم؟)

بەیانی ئەو ڕۆژە زوو لە ماڵ وەدەر نەکەوتم، نان و چایی مان خوارد، بە شێنەیی، دەمانچەیەکی چووکەی ڕەقم ٥م هەبوو لەگەڵ دووربینێك و دەفتەر نفوسەکەم هەڵم

گرتن و کەمولکە دراوێکم لەگیرفانم ناو خوا حافیزیم لە خیزانم کردو ڕۆیشتم بۆ زینوێ شێخی. گەیشتمە بەر هەوارزەکەی خوار قوتابخانەی زینوی شێخی، دیتم ئەوە باوکم دەگەڵ یەك دوو ڕێبواران، بەرەو ئازادی دا دەگەڕێتە خوار ؟! ئیتر لە خۆشیان شاگەشکە بووم. دەگەڵ بابم لە سەر کانیەکەی خوار زینوی دانیشتن. کاتی ئەوە نەبوو کە بە سەرهاتی خۆمی بە تەواوی بۆ باس بکم، گوتم بابە! تۆ بچووە ماڵ نیگەرانی من مەبە، هەتا هەواڵی من نەزانی چم بە سەر هاتووە، نابێ توبا بەجێ بهێڵی. لای توبا بێنەوە ئێستا شاهۆش نەختێ ژیکەڵە بووە وەقسەکەوتووەو...! باوکم گوتی باشە روڵە! گوتم خیزانم هەمووی بەسەرهات و ماجەڕاکەت بۆ باس دەکا!

چوومە زینوی لای حەمە خاڵە. گوتم دەمهەوێ بچمەوە بۆ ئیران کەسی وات پێ شك نایە دەگەڵی بچمەوە؟

گوتی: سەید حەکیم و سەید تاهیر لیرەنە، باریان بەستوونە ئامادە، ئیوارە دەگەڕێنەوە. گوتم کەسی لەوان باشترم پێشك نایە. لە گەل سەید حەکیم دۆست جیران بووین تاهیری براشی بەهۆی سەید حەکیم ببوو بەناسیاو و دۆست. لە بازاڕی زینوێ تووشیان بووم، گوتم حەکیم کارێکم پێتە، دەتوانی بۆم جێ بەجێی کەی؟ گوتی: «ئەوە دەبێ چکارێك بێ کە وا بە منت هەیە؟» گوتم :

لەوانەیە کارەکەم نەختی زەحمەت بێ، بەڵام بە ڕاستی کەسی لە تۆ باشترم پێ شك‌نایە، و تێی ڕاببینم!

گوتی:

«هەر سێك تەڵاقم کەوێ مەگەر مردنی تێدا بێ دەنا هەرکارێك بێ و بە من بکرێ ئەنجامی دەدەم!»

گوتم: دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو دیو، ئەگەر بتوانی هەتا شارویرانم بەریەوە! گوتی:«هەر ئەوە بوو کارەکەت؛ وەی بە هەردووك چاوم! ئەسپێکت دەدەمی هەتا "دارە لەك" لێی دانەبەزی. ئامادەبە! لە کوێ دەبی ئێوارەکاتی ساز بووین پێت ڕاگەیەنم؟»گوتم: بەحەمە خاڵەی بڵێ ئەو شوێنی من دەزانی.

چوومە ماڵە حەمە خاڵەی هەتا کاتی سازبوونیان. ئێوارە کاتێ ساز بوون خواحافیزیم

لەحەمە خاڵە كردو دەگەڵ سەید حەكیم و سەید تاهیر سواری باری ئەسپێك بووم بەرەو سنوور هاتین. ئەو شەوە هەتا نزیك بە ڕۆژ بوونەوە ئاژۆتمان...
بەرەبەری پارشێو بوو گەیشتینە گوندی پەسوێ. ئیتر ئەو ڕۆژە دەبوا هەتا ئێوارە لە گوندی "پسوێ" مابایەنەوە و بۆ سبەی شەو ڕۆیشتباین. سی سوارە لە حەوشی ماڵی ئاشنایەكی سەید حەكیم دابەزین. خانەخوێ كەی لێمان وەدەركەوت زۆربە ڕوو خۆشی بەخیرهاتن و ماندوو نەبوونی لێكردین. خەریكی باری هێنانە خوار بووین. جیرانێكی ماڵی خانەخوێ كەمان هاتەدەر. سەیدحەكیم گوتی «دەزانی ئەوە كێ یە؟»
گوتم نا!
«گوتی كاك عەلی پیرمەندی ممبارەكە!»
كاك عەلی گوێ لێ بوو، گوتی: ئەوە دەڵێی چی حەكیم؟
گوتی:
«هیچ دەگەڵ دۆستێكی ممبارەكی خۆت قسە دەكەم!»
كە وای گوت كاك عەلی هاتەپێش، كاتی لە نزیكەوە تێی ڕوانیم، ناسیمی، دەستی لە ئەستۆ كردووم و ئیتر هەر دووكمان شاگەشكە بووین!

* * * * *

ئیتر لێرە بەملاوە، هەڵوێست چارەنووسی من دەگۆڕێ، دەگوازرێتەوە بۆ قۆناخ و لاپەڕێكی تری ژیانی ئاسایی یان بە واتەیەكی تر نائاسایی؟ كاك عەلی نەیهێشت دەگەڵ سەید حەكیم بچم بۆ ماڵی خانە خوێكەی سەیدحەكیم، بردمیەوە ماڵی خۆیان.
دۆستایەتی من و كاك عەلی لەمێژینەی هەبوو. دەگەڵ كاك عەلی لە ناوچەی باڵەك بەیەكەوە پێشمەگەو هاوڕێ بووین. بە هۆی ئەوەكە ناوبرا لە من بەتەمەن تربوو تا ڕادەیەك بەساڵدا چوو بوو، زۆرم ڕیز لێ دەگرت. لە هەمان كاتیش دا، خۆاڵێخۆشبوو پیاوێكی بە ویقارو لەسەرخۆ، بە ئەدەب بوو. یەكترمان زۆرخۆش دەویست. لە ساڵی ١٣٤٣دا، بە هۆی موشكیلاتی ژیان و گرفتاری ژن و منداڵ نەیتوانی لە گەرمێن بمێنێتەوە، گەڕاوە بۆ وڵات. ئیتر لەو دەمەوە كە گەڕابۆوە، تا ئەوكاتەی كە دەگەڵ

سەیدحەكیم لە حەوشی ئەوماڵە دابەزین، من چاوم بە ناوبراو نەكەوتبوو، هیچ جۆرە پیوەندیمان نەبوو و ئاگاداریمان لە یەكتر نەبوو. بەتایبەتی من نەمدەزانی كە ناوبراو لە كوێ دەژێ. كاك عەلی منی بردوە ماڵی خۆیان و گوتی: دوای ئەوە كە گەڕامەوە بۆ وڵات، ماڵەكەم هێنا بۆ "پسوێ" لێرە باشترم بۆ دەگوزەرێ هەتا "نەغەدە". ئەوجارە ناوبراو دەستی كرد بەپرسیاران لە حاڵ وازی برادەرانو...

منیش بە دوور درێژی ئەوەی بۆ گوتن دەبوو، لەسەر چۆنایەتی ڕووداوەكانو نەمانی كاك سەدیقو سەرجەمی كارەساتەكانم بۆ باس كرد. دوایی گوتم: ئێستا نیازم هەیە بگەڕێمە بۆ شارویرانو لە نزیكەوە وازكە هەڵسەنگێنم و دەگەڵ هاوڕییانی خۆم لە شاروێران تەگبیرو ڕابكەم ئەوەی ڕاستی بێ لەسەر هیچ شتێكی كۆنكرێت ساخ نەبوومەوە! و...

ئەو جارە نۆرەی كاك عەلی هات كە باسی كوردستانی ئیران وەزعی ناوچەكانم بۆ باس بكا. ناوبراو، ئاگاداری هەموو ڕووداو و تێكهەڵچوونەكانی نێوان پیشمەرگەكانی كوردستان و ژاندەرمەری و جاشەكانی هەبوو. خۆی كەسێك بوو خاوەنی شعوری سیاسی، پسوێ ـش ببوو بە "مقر فەرماندیی" جاش و تەكاور و ژاندارم ڕۆژانە زۆرتر لە پسوێ و جەڵدیان ڕا سوار هێلكۆپتێر دەبوون و دەڕۆیشتن بۆ عەمەلیات. وێڕای گێڕانەوە، و باس كردنی وەزعی شپرزەی خەڵكی كوردستان، بە دەست ژاندارم و جاشانەوە، گوتی:

«ماوەی مانگێك زیاترە یان كەمترە، سمایل شەریفزادە شەهیدكراوە، بە دوای شەهیدكردنو تەسلیم كردنەوە كاك فایق دا، مرادو شیرێژ و پێشمەرگەیەكی تر شەهیدكراون. چەند ڕۆژێك دەبێ مەلا ئاوارە لەگوندی دیوالانی ناوچەی سوێسنایەتی سەردەشت گیراوە. هەموو ڕۆژی لە ناوچە جۆر بە جۆرەكانی كوردستان، لە هەر كوێیەك خەبریان بدەنێ پێشمەرگەی لێیە، جاش ژاندام بە "هێلیكۆپتێری شنۆك" دەگەنە سەریان، هەر پێشمەرگەیەك كەشەهید دەكرێ بە شارەكانی كوردستاندا دەگێڕن و ... ئیتر بەگشتی هەتا خوا حەز دەكا وازی خەلك ناخۆشو شپرزەیە. با ئەوەشت پێ بڵێم ئەو تەوەهومە لە سەری خۆت دەرهاوێژە كە، دەڵێی: دەچمەوە بۆ

شاروێران! برای خۆم چونەوەت بۆ شاروێران جگە لەوەی دەبێتە هۆی خۆ کوژی و دەردەسەری بۆ هاوڕێکانت، ئاکامێکی تری نابێت. ئێستا لەهەر کوێیەك دەگیر کەوی دەتدەن بە داداگای سەحرایی. بە نێو چەتە و... چارەنووسێکی خراپت لە پێش دا دەبینم. تۆ هێشتا لاوی تاقی کردنەوەی منت نیە، لەوانەیە تۆ هێندێ زەنییاتی ڕابردووت لە مێشك دا هەبێ و بەپێی ئەو زەینییاتە بچیەوە بۆ شارویران؟ کاکی خۆم ئێستا ئەو زەمان نەماوە بتوانی سێ چوار مانگ لەو ناوچانە دا ماتەی بۆ هەڵگری. ئێستا نە خەڵکەکە ئەو ورەیەی پێشووی ماوە، نە ئەوەندەش دەتوانن تۆ حاشار بدەن. برای خۆم! لەو هەڵوێستە بزۆزانە بێ جێ یەگەڕێ! ئەگەر بە قسەی برای خۆت دەکەی، خۆت تەسلیم دەکەیەوە. ئێستا دەگەڵ ئەو سەردەمەی من هاتوومەوە، وەزعەکە گۆڕانی بە سەردا هاتووە، و جیاوازی زۆرە. ئێستا بۆ ئەو کەسانەی قاچاخن، گوایە شا، لێبوردنی گشتی ڕاگەیاندووە، دەیانهەوێ بە هەر جۆرێك بێ وەزعەکە ئەهوەن کەنەوە. بە وتەی خۆیان ئەوانەی "ئەشقیا"ن؛ ئەگەر خۆیان تەسلیم کەنەوە هیچیان پێ نالێن و عەفوویان دەکەن.گوتم: کاك عەلی من ئەشقیانیم، وەزعی من دەگەڵ ئەوانی تۆ باسیان دەکەی کە عەفوو دەکرێن جیاوازی هەیە.

گوتی: من‌دەگەڵ عەلی‌اغای ئەمیرعشایری پێوانم خۆشە. ئەگەر تۆ مایل‌بی من ئامادەم بەیانی بچم بۆ لای عەلی‌اغا لە ورمێ، هیچ باسی ئەوە ناکەم و نالێم کە تۆلێرەی. لە سەر گەڕانەوەی تۆ، قسەی دەگەڵ دەکەم‌و... نابراو لای حکومەت دەستی دەڕاوات ئەگەر بەڵێنی پێ بدەن، بێ گیروگرفت رزگاریت دەبێ. ئەگەر بەڵێنیان پێ نە دا ئەو دەم پیاو تەگبیرێکی دیکە دەکا. ئیرە ماڵی خۆتە ئەگەر وەدەرنەکەوی هیچ مەترسیەك نیە...

گوتم: خۆت ئاگاداری‌کە، من بە ناهەق تۆمەتێکیان داومەتەپاڵ. ماوەی نزیك بە سێ مانگ باوکی پیرمیان گرت لە بەندیخانەدا ڕایانگرت، دوای بە قەراریی زەمانەت ئازادیان کردووە، هەتا ئێستاش ئەو پەروەندەیە نەبەستراوە. من لەو تۆمەتە دوورم و تەنانەت ئاگاداریشم نیەو نازانم بە دەستی کێ ئەنجام دراوە! (کاك عەلی ئاگادار بوو کە پێشتر کابرایەکی ساواکی لە شاروێران کوژرا بوو، چەند کەسێك بە تۆمەتی

کوشتنی ئەو کابرا پیاو خراپەگیران و چوونە زیندان یەك لەوانە باوکی من بوو. هەتا ئەو دەم ئەو پەروەندەیە نەبەسترابوو باوکم بەکەفالەت (ضمانت) ئازاد کرابوو.) گوتم پێویستە ئەو بابەتانە بزانێ و دەگەڵ عەلی اغا باسی بکەی. کاك عە لی گوتی: ئەگەر خۆت قەرار بدەی من ئەوانەی خۆت باسیان دەکەی، هەموویانی دەگەڵ دەهێنمە گۆڕێ...

ئیتر من بەقسەکەی کاك عەلی قەناعەتم هات. هێندە نەمابوو بۆ بە تاوهەڵاتێ. کاك عەلی رۆیشت بۆ ورمێ، بە منی گوت هەتا دەگەڕێمەوە لە ماڵێ وەدەرنەکەوم. وەزعێ پەسوێ لە بەر ژاندارم و جاشان ئەمین نەبوو. گوتی: نەکوو خوای نەخواستە تووشی موشکیلەیەك بم... ناوبراو چوو بۆ ورمێ بۆ لای عەلی اغای ئەمیرعەشایری، من لە ماڵی کاك عەلیمامەوە. خەوم لێ نەکەوت. دوای نیوەڕۆ، هەستام چوومە ئەو ماڵەی کە پێیشتر دەگەڵ سەیدحەکیم لە حەوشەکەیان دابەزیبووین. دەرگای ماڵەکە هەر سێ چوار، میتر لە ماڵی کاك عەلی دوور بوو. جەرەیانەکەم بە سەیدحەکیم گوت. سەید حەکیم زۆری پێخۆش بوو،گوتی:

«کارێکی زۆر باشت کردووە، هیوا دارم ئاخری خیربێ و دەست لەو کێوماڵکردنە هەڵگری، هەرسێك تەڵاقم کەوێ کوردستان نەبەتۆ، نە بەو کەسەی کە تۆ... ڕزگار نابێ و دەستیش هەڵگرە...!»

سەیدحەکیم خۆی کابرایەکی سیاسی نەبوو. کارو پیشەی قاچاچچیەتی بوو. پییشتر ماڵی لە خانێ بوو، لە یەکێك لەو سەفەرانەی دیوی عیراق دا، لەگەڵ ژاندرمان تووشی تەقەی هاتبوو و ژاندرمێك کوژرا بوو. ئیتر بەکوژرانی ئەو ژاندارمەیە، ناوبراو قاچاخ ببوو ئاوای دیوی عیراق ببوو، لەگوندی خەلان گیرسا بۆوە... نابراو بە قاچاخیش پیشەی هەرقاچاخچییەتی بوو. چایی و کوتاڵ و ئەو جۆرە شتانەی بە قاچاخی دهێنا بۆ دیوی ئێران.

ئیترمن لەوی دەمانچە و دووربین و دەفتەرنفووسەکەی خۆم، بە ئەمانەت لای تاهیرو سەید حەکیم دانا بۆم هەڵگرن. گوتم: با ئەوانەتان بە ئەمانەت لابێ، هەتا بزانین چارەنووسم چیبەسەر دێتەوە، و خۆم چاوم پێتان دەکەوێتەوە، زۆرتان سوپاس

دەکەم. گوتیان بەچاوان. ئیتر ئێوارەیەکی درەنگ خواحافیزیم لە سەیدحەکیم و سەید تاهیرکرد، ئەوان ڕۆیشتن بەرەو شاروێران من چوومەوە ماڵی کاك عەلی پیرمەند. ئەو ڕۆژە لە بەر ژاندارم و جاش و تەکاوەران لە ژوورو حەوشێ وەدەرنەکەوتم. تاریکانی ئێوارە بوو کاك عەلی هاتەوە. گوتی: دەگەڵ عەلی اغاو سمایل اغا هاتۆتەوە.

کاك عەلی گوتی: هەموو جەرەیاناتی تۆم بەعەلی اغا گوتووە. ئەویش دەگەڵ سەرۆکی ساواك قسەی کردووە، بەڵێنیان پێ داوە کە نەتگرن و بە ئازادی بچیەوە ماڵی خوت، بێ نیگەرانی ژیانی ئاسایی بەسەربەری...

بۆ سبەی قاوەڵتوونێ، دەگەڵ کاك عەلی پیرمەند، چووم بۆ قەڵات "پسوەی" (ماڵەکەی عەلی اغا) کاتێ وە ژوورکەوتم عەلی اغا چاوەڕوانی دەکردم. دوای بە خێرهاتن و ئەحواڵپرسی گوتی: کاك عەلی پیرمەند ڕاسپاردەکانی تۆی پێ گوتم؛ منیش بە"تیمسارصیادیان"م گوتووە، نیگەران مەبە، بەڵێنی پێداومی هیچت پێ نالێن!...

ئیدی دوای نیو کاتژمێر دەگەڵ سمایل اغای، برای عەلی ئاغا، سواری ماشێن بووین و ڕۆیشتین بۆ ورمێ و...

من بەواستەی عەلی اغای ئەمیر عەشایرێ، لە ساواکی ورمێ خۆم تەسلیم کردەوە. ئەو ڕۆژەی کە دەگەڵ سمایل اغا چووم بۆ ساواك، ڕێکەوتبوو دەگەڵ ڕۆژ پێنج شەموو، کەمتر لەکاتژمێرێك، لە ساواك مەحتەلیان کردین. پێیان گوتم: هەتا ڕۆژی شەمۆ بڕۆنەوە ڕوژی شەموی ساعەتی ... وەرنەوە، بەڵام هەر ئێستا پیوەندی دەگەڵ کەس و خزم و ئاشناکانت بگرە کە هاتوویەوە. بچوو بۆ نێو بازارو شەقام خەڵك بتبینێ!..

لەو کاتەدا وەزع جۆرێك بووکە، هەتا ماوەیەك ئازادیان کردم وپرسیاریان لێ نەکردم. منیش لەو دوو ڕۆژە دا دەرفەتم هێنا، چووم بۆ ماڵی میرزاڕەشیدی پیرۆتی لەوێ چاوم بە یەکێك لە هاورێکاني نزیکی خۆم کەوت کە زۆر لە مێژ نەبوو لە زیندان ئازاد کرابوو. ناوبراو زۆری ڕێنوینی کردم ئەوەی لە سەرمن دەیزانی و کاتی خۆی پرسیاریان لەو کرد بوو هەموو بۆ گێڕامەوە. ئەو جۆرەی بۆی باس کردم دیار بوو

زۆر شەرافەتمەندانە لەزیندان هاتبووە دەر. گوتی نابێ بەهیچ جۆر دان بەوە دابنێی کە لەئیران چەکدار بوویە!... ئیترمن قەراری خۆم دا، هیچم بە ئەوان نەگوت. عەلی اغای ئەمیرعەشایری، سەبارەت بە من لەو چەند ڕۆژە دا کە لە ورمی لە ماڵی بووم، خۆی و براکەی سمایل اغا، زۆریان ڕێزگرتم و پێمەوە ماندوو بوون. ئێستا کە ئەو چەند دیرە دەنووسم عەلی اغا لە حاڵی حەیات دا نەماوە، منیش بە نۆرەی‌خۆم، لە خوای گەورەی بۆ دەپاڕێمەوە ئەجری خێری بداتەوە، و سوپاسی سمایل اغای براشی دەکەم کە،زۆرم دەگەل ماندوو بووە!

ئیترمن لە ساواك خۆم ناساند، بەڵام نە لە سەرکۆمیتەکانی حیزب ئیعترافم کرد، و نەناوی کەسێکم لە بەرپرسانی کۆمیتەکانی شامات و شارویران هێنا، نە ئەوانەی کە دەمناسین و سیاسی بوون ناویانم درکاندوە! زۆرتر چوونی‌خۆم زیز بوون لە باوکم و بێکاری و ئێحساساتی لاویەتی کردە بیوگرافی خۆم و تەحویلی ساواکم دا. هەرچەند کە ئەو دەم وەکوو لاوێك، هەستم بەتێکشکانی غروری خۆم دەکردو پێم وابوو خەڵك قەزاوەتی خۆ بە دەستەوەدەرانەم لەسەردەکەن و... ، بەڵام من لە بواری ویژدانەوە نارەحەتیم نەدەچێژت!...

دوای گەڕانەوم، چەند جارێك بانگیان کردم بەڵام هەتا زیادتر لە ساڵ و نیوێك نەیانگرتم. لە نەورۆزی ١٣٤٩دا هاوکات دەگەڵ دەرچوونی "بەیانی ١١ی ئازار" لەلایەن "دادگستری مهاباد"وە بە تاوانی هاوبەشی کردن لە کوشتنی‌ئەو کابرایەی کە پێشتر ئاماژەم پێ کردووە،گیرام، و بە قەراری زەمانەت ئازاد کرام. دواتر لە جۆزردانی ١٣٥٣دا لە لایەن ساواکەوە گیرام و هەتاکۆتایی مانگی ڕەزبەری هەمان ساڵ، لە بەندیخانەی شاری "نەغەدە" زیندانی کرام. هەرچەند ڕاپۆرتی ڕاست و درۆیان زۆر لێ دابووم، پەڵپ بیانووی ئەوەیان پێ دەگرتم کە کاتێ خۆم تەسلیم کردۆتەوە، ئەوەی تەحویلم داون هەموو درۆ بووە، سەرەڕای هەرەشە و گوڕەشە، دیسانیش هیچم نەدرکاند! بەڵام ئەوەی ڕاستیێ لە هیچ تەشکیلاتێکی سیاسی دا، چالاك نەبووم و هاوکاریان نەبووم. بەڵام لە وەتەی وەبیرم دێت ئەوەی بە قەننەی داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی ئێرانی کێشابێ، دەمم لێ خوار کردۆتەوە! ئیتر من

لەو چەند دێڕە زیاتر باسی ژیانی تایبەتی و بیرەوەریە تاڵەکانی خۆم ناکەم، و لێرە دا کۆتایی پێ دێنم!

* * * * *

پێشتر لەو نووسراوەیەدا بەڵێنیم دابوو ئەگەر بۆاری فیزیکی ڕێگەم پێ بدات، تا ئەو جێگایەکە بیرم یارمەتی دەکاو لە یادم ماوە،ناوی نوێنەرانی کۆنگرەی ٢ بنووسم. لێرو لەوێ بێستوومە هێندێ کەس لە خۆ ڕا بێ ئەوەی هیچ قازانجێکیان پێ برێ سادقانە بوختان بە خۆیان دەکەن! وخۆیان بەنوێنەری کۆنگرە، دەناسێنن؟!! کە چی من نوێنەرایەتی کۆنگرەم پێشاکارە، نە گوێ گرتن بۆ قسەی ئەم و ئەو بە شانازی دەزانم و نە چوونەگونگرە هیچ شتێك لەو واقعیەتی مرۆڤ دەگورێ!

لەوانەیە زۆرکەس لەوانەی کە بەتەمەن داچوو بوون، ئێستا لە حاڵی حەیات دا نەمابن یادی هەمیشە زیندویان هەر لە دڵدا زیندوو بێ! بەداخەوە چەند کەسێکی گومان لێکراو، لە نیو نۆینەرانی کۆنگرە دا هەبوون،کە دەگەڵ ساواك هاوکار بوون و نێردرابوون. ئەوانە کەسانێك بوون کە، بە وردی ڕاپۆرتی کۆنگرەیان داوەتەوە بەساواك. من ئەو ڕاپۆرتەم لە کتێبی«چپ درایران بە روایت اسنادساواك...» چاو پێ داخشاندووە، تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم، شتی نادروست و درۆی زۆر تێدا نیە! هەرچەند من ئەو دەم لەکەسێك لەوانەکە پێشتر لە دوورەوە دەمناسی، وەکوو نوێنەر هاتبوو بۆ گونگرە بە شك بووم، بەڵام بەڵگەی زیندووم لە سەری نەبوو.

ناوی نۆینەرانی کۆنگرەم بەو ناوانە نووسراون کە لە کۆنگرە دا خۆیان پێ ناساندووە، بریتی بوون لە:

١- ئەحمەد تۆفێق،٢- فایق ئەمین، ٣سەدیق ئەنجیری،٤- میرزائەحمەد ٥- مەلا سەیدرەشید،٦، باپیرشکاك، ٧- رەشەی قاچاخچی،٨- عەبدوڵلا موعینی، ٩- مەلاقادر لاچینی، ١٠- ڕەئوف مەلاحەسەن، ١١، مەلا کەریمی ساردەکوسانی، ١٢- سەید تاهیری ئیمامی، ١٣- مەلامەحمود زە نگەنە،١٤- ڕەحمان قەرەقشلاقی، ١٥- محەمەد قەرەقشلاقی،

١٦- مەلا محەمەد عەجەم، ١٧- مەلا سەیدڕەحمانی دێلزی، ١٨- عەبدوڵلای مەلاعوسمان، ١٩- مرادرسول‌لەیلانی، ٢٠ مرادحاسڵ لە یلانی، ٢١- مەلا رەحمانی نەجارِ*، ٢٢- مەلا مەحمودی گردەشینان*، ٢٣- مەلا ئەفەندی، ٢٤- سوفی قادری کانی ئەشکەوتێ، ٢٥- محەمەد گرباساکی، ٢٦- عەبدوڵلای مام سەعیدی، ٢٧- حەسەن حەوتەوانە، ٢٨- حوسین شەریف‌زادە، ٢٩- مەلا سەید عەبدوڵلای قەڵاتەرەشی -(برای مەلا سەید رەحمان) ٣٠- میرزا سەعید هەورامی، ٣١- مام ئەسکەندەر ٣٢کاوە هەورامی، ٣٣- سالار(مەلاعەلی قوتبی) ٣٤- هەڵمەت، ٣٥- مەلا سمایل فەقێیسی،٣٦- مونتەقیم قازی، ٣٧- سەید حەسەن هاشمی٣٨- مامۆستا مەلا نەجمەدینی ئاڵوەتان،٣٩- سەید حاجی کەڵەوێ، ٤٠- مستەفای حاجی عەزیزی، ٤١- تۆفیق ناو، ٤٢- مەلا بایز،٤٣- حەبیب هەورامی، ٤٤- کەسێك ...شاوسین... زۆر کەس هەن قیافەو شکڵیان دێتەبەرزەینم بەڵام ناوەکەیانم نایەتەوە یاد. لەو ٥٤کەسە کەنوێنەری کۆنگرەبوون ناوی ئەوندە کەسەم لە بیرە. ئەوەندە دەزانم ناوی کەسێکی خۆش ناوی خەڵکی بێژوێ نەنووسراوە، چونکە ناوەکەیم لە بیر نەماوە.

* * * * *

لەم نووسراوەیەداکە، لە ژێرسەردێڕی لاپەڕێك لە... و بەیادی بێ سەروشوێنی لە دڵدا زیندوو کاك سەدیق ئەنجیری ئازەرە و...نووسراوە، بە پێی تواناو ئاگاداری خۆم هەوڵم داوە، لە سەر بەشێك، لە رووداوەکانی پێش گرتنی کۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە، لەو سەردەمە دا کاك ئەحمەد تۆفیق، ڕاستەو خۆ، بەرپرسیان‌بووە، و دوای کونگرەش کە، کاك سەدیق ئەنجیری ئورگانیزەی کردبوو، و ئاکامەکەی بوو بە سەرلە سەردانانی خۆی، و بەشی هەرە زۆری ڕیبەرایەتی و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، و هەتا چۆنایەتی هەڵگیرسانی جوڵانەوەی چەکدارانە، بەکورتی لەو چەند لاپەرەیەدا، ئاوڕیان لێ بدەمەوە. لەم نووسراوەیەدا، نووسەر بە دوای بەڵگەدا نەگەڕاوەکە بیکا بەئامرازێك و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکا. بەڵکوو ئەوەی لێرە دا خۆێنەرەوە چاوی پێی دەکەوێ، دیتن و بیستنی نووسەرە لەو سەردەمەدا کە، بەکورتی هێناوەتە سەر قاقەزو خۆی لێ بەرپرس دەزانێ. هەروەها

دەبێ ئەوەش بگوترێ؛ ئەوەی نووسەر، لە مەڕ ڕووداوەکان باسی لێوە کردووە، زۆر لەوە کەمترە کە بە واقیعی ڕوویان داوە؛ کوردە گوتەنی: "دڵۆپێکە لە دەریا"، ئەو بەشانەی کە خۆم لە ناویان دا نەبوومە یان بەهەر هۆیەك لە بارەیان دا، تووشی گومان و شك هاتووم خۆم لێ بواردوون.

* * * * *

ئەگەر بە دوای هۆیەکانی سەر نەکەوتنی ڕێبەرایەتی- هەڵبژێردراوی گونگرەی ٢ دا بگەڕێین کۆسپ و تەگەرە کەم نین. لە بواری تەشکیلاتی و نیزامیەوە کەم و کوڕی کەم نەبوو. بەڵام بەبۆچوونی بەشیك لە کادرەکان، ئەو پلانەی کاك سەدیق بۆ داهاتووی حیزب داڕشتبوو، دەیتوانی زۆر تاسیری باشی هەبێ و تا ڕادەیەکی زۆر حیزب، ببووژێنیتەوە. دیارە ئەو جەماعەتە لە بواری زانستی و سیاسی زۆربەیان لە پلە و ئاستی سەرێ دا نەبوون، بەڵام ئەگەر ڕیبەرایەتیکی لیزان و دڵسۆز بۆی لوابا، ئیستیعدادی فیربوون و ئەوەیان هەبوو کە بتوانن خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن.

بەداخەوە دوای کۆنگرە، بەشێك لە کادرەکانی وەك کاك ئەحمەد تۆفیق و ... ئامادەی هاوکاری نەبوون. ئەوە خۆی بێ تاسیر نەبوو، بەڵام دیسان ئەو پلانەی کاك سەدیق، بو قەرەبوو کردنەوەی ڕیبەرایەتی، دوای ئەو ماوەیە دیاری کردبوو، جیگای هیوا بوو بۆ کادرەکان.

جیگای تێڕامانە، چوونی کاك سەدیق بۆ ناوچەی "باڵەك" و نشتەجی بوونی لە گوندی دەربەندی ڕایەت گەورەترین هەڵەی مێژوویی ناوبراو بوو؛ کەبە تێداچوونی خوی تەواو بوو. نەمانی کاك سەدیق تاسیرێکی فرە نیگاتیڤی هەبوو لە سەر ئەو کارەساتانە! دوای نەمانی ئەو، بەسەرهاتە تاڵەکان روویان دا کە پێشتر باسمان لیوە کردن! کەسیك کەخاوەن نەزەری سیاسی بێ و بێ لایەن بێ دەتوانێ لە ڕووی ڕووداوەکانەوە، زوو بگاتە ئاکام، و هۆکارەکانیش دەست نیشان بکا!

* * * * *

# کۆتایی

ئەو کەسانەی ئەو چەند لاپەڕەیان خویندۆتەوە یان دەیخۆننەوە؛ لەوانەیە پرسیاریان بۆ بێتەپیش کە، لە سەر جۆلانەوە چەکدارانەکەی ساڵەکانی ٤٦_٤٧ کەمتر باس کراوە و کەسایەتی قارەمانەکانی ئەو جۆلانەوەیە باش نەناسێندراون؟ ئەوە ڕاستە، ئەگەر بەنووسراوەکە دا بچنەوەو سەرنجی بدەنێ، کەم و کوڕی فرە تیدایە! بەڵام ئێمە لەو نووسراوەیەدا تەنیا لە سەر ئەو ڕووداوانە دواوین کە لەو سەردەمە دیارکراوەدا لە دیوی گەرمێن، ڕوویان داوەو خۆمان لە نزیکەوە ئاگامان لێیان بووە. ئیتر باسی ڕووداوەکانی دیوی کوردستانی ئێرانمان نەکردووە، و لە سەرچاڵاکی کادرەنەترس و فیداکارەکانی وەکوو عەبدووڵلای موعینی، شەریفزادە، مەلا مەحموودی زەنگەنە، سەیدفەتاحی نیزامی، مینەشەم و... هەروەها پیشمەرگەئازاکانی وەکوو ساڵح لاجانی و هاوڕێکانی ... کە، کاربەدەستانی «پاراستن» تەسلیمی حکومەتی شایان کردنەوە و لە سەربازخانەی جەڵدیان لەلایەن جەنایەتکارانی شا، تیرەباران کران؛ نەدواوین. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر کات، و شوێنی ڕووداوەکان. لە چەند شوینی نووسراوەکە دا، ئاماژە بەوەکراوە کە، لە چوارچیوەی ئاگاداری خۆم نەچوومەتەدەر!... نەدوان لەسەر ئەو زیندوو یادانە، زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر بەرتەسك بوونی زانیاری وردی خۆم، لە سەر ڕووداوەکانی دیوی ئێران، لەو سەر دەمەدا. داستانی ئازایەتی و لەخۆبردوویی و بڕوای بە ڕزگایخوازی ئەو ڕۆڵە بە ئەمەگانەی نەتەوەکەمان؛ گەیشتۆتە لووتکەی هەرە بەرزو بێ سنووری فیداکاری! ئەوانە هەموویان بە گشتی هەریەکەی بە نۆرەی خۆیان، وەکوو ئەستیرەیەکی پڕشەنگداری ئاسمانی کوردەواری، هەمیشە دەدرەوشین؛ و شۆقیان هەرگیز لە کزی نادا، و باس نەکردنی ئیمە، بە هیچ جۆر لە فیداکاری و گەورەیی ئەو پێشمەرگە هەمیشە زیندووانە؛ کەم ناکاتەوە! ئەوانە هەموویان بەگشتي شایانی ئەوەن هەریەکەی ڕۆمان و داستانیکی تایبەتیان لە سەر بنووسرێ و یادی بەرزی پیرۆزیان، بەڕێزەوە ڕابگیرێ. یادی پڕ لەشەرەف و شانازییان بەردەوام بێ!

## شەهید مەلائاوارە

یەكێك لەو كادرانەی كە كەمتر باسی كراوەمەلا ئاوارەیە. ناو براو، نێوی ئەحمەد، كوڕی مامۆستا مەلا حەمەدەمینی «شەڵماش» بوو. مەلا ئاوارە لە حوجرەی فەقێیانی خوێند بوو، خوێندنی مەلایەتی هەتا ئاخر مادەكان خوێند بوو، سەوادو مەعلوماتی باشی هەبوو. لە نێو فەقێیان دا بە مەلا ئەحمەدی شەڵماشی بە نێوبانگ بوو. ئاوارە نێوی نهێنی بوو. ناوبراو لە دایكبووی ١٩٣٥ی زایینی بوو. هەر لە نێو فەقێیان دا دەبێ كە دەگەڵ ئازارو مەینەتی و چەوساوەیی نە تەوە كە ئاشنا دەبێ. ئیتر هەر بە فەقێیەتی دەست دەكا بە تێكۆشان و چالاكی كوردایەتی. لە ماوەیەكی كەم دا دەتوانێ ببێ بە كادریكی باش و هەڵكەوتووی ئەو سەردەمە، بۆ حیزب. مەلا ئاوارە هەر وەك كادرێكی باش بوو، كادرو ئەندامی باشیشی هێنا ڕیزی خەباتی ڕزگاریخوازی. بەشي هەرە زۆری فەقێ و مەلا نیشتیمانپەروەرەكانی ناوچەی سەردەشتی كرد بە ئەندامی حیزب و گەلێك كادری باشیان لێ هەڵكەوت كە، لە مەیدانی تێكۆشان لە پیناو ڕزگاری نەتەوەكەیان دا، زۆریان مەینەت و كوێرەوەری كێشا، و تووشی زیندان و دەربەدەری و كەم ئەندامی هاتن، و ژمارەیەكیش لەوانە، وەك شەهید مەلا حوسەینی مەرەغانی، شەهید مەلا ئەحمەدی دۆڵەگەرمی، شەهید مەلاعەلی وەرگێڵی و... بوون بە فیدای ڕزگاری كوردستان. پێشمەرگە و كادری ماندوویی نەناس، مەلا حەسەنی شێوەسەڵیش یەكیك لەو كادرانەیە كە، دوای وەپشت سەردانی ماوەیەكی زۆر زیندان و خەباتی سیاسی و حەماسە خولقاندن

لە مەیدانی بەرگری لە مافی ڕەوای نە تەوە بێ بەشە کەی دا، بە داخەوەوە بە هۆی بۆمبای نامەیی لە بڕواری ١٦سەرماوەزی ١٣٦٣ی هەتاوی دا، کە جینایەتکارانی کۆنەپەرستی سەردەم، لە نێو کتێبی «سپید دندان» دا جی سازیان کردبوو، لە دەستی دا تەقیەوە و بەداخەوە، دەست چاوی لە دەست دان و تووشی کەم ئەندامی هات...

دەتوانم بڵێم کادرەکانی ناوچەی سەردەشت کە بە شی زۆریان مەلاو فەقێ بوون، زۆربەیان لە ژێر تاسیري شەید مەلا ئاوارە دا، ڕاستە و خۆ و ناڕاستەو خۆ، بوون بە ئەندامی حیزب و دواییش وەك کادرێکی چالاك و بەبڕوا، لە نێو ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، دەوری خۆیان بە کردەوە پێشان دا. کادرەکانی ناوچەی سەردەشت، لەو سەردەمە دا، لە هەموو ناوچەکانی تر بەرچاوتر بوون...

کەسایەتی مەلا ئاوارە، لەمەر دەست پاکی و داوین پاکی و سەداقەت و فیداکاری و.... زۆر لەوە زیادترە کە، نووسەری ئەو چەند دێڕە بتوانێ بە مانای واقیعی بینرخێنی و باسی لیوە بکا! تەنیا دەتوانم بە کورتی ئاماژە بە هێندیك لە تایبەتمەندیەکانی بکەم:

هەر کەسیك مەلا ئاوارەی لە نزیکەوە چاوپێکەوتبێ و ناسبی، قسەخۆشی و خۆش‌مەشرەبی و خاوەن زەوقی، و سەداقەت و داوین پاکی مەلا ئاوارەی هەرگیز لەبیر ناچێ! مەلا ئاوارە لە کادرەهەرەباشەکانی سەردەمی خۆی بوو. لە ناوچە سوێسنایەتی و ئالان و ناوچەکانی سەردەشت دا، بەگشتی لە نێو کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش دا، جیگای خۆی بە مانا وشە کردبۆوە. بە ڕاستی خۆشەویستی خەڵك بوو؛ ئەویش خۆی ئە ویندارى نیشتیمان بوو؛ ئازارو مەینەتییەکانی خەڵکی چەوساوەی کوردی لە ناخی دڵەوە هەست پی دەکردو خۆشی دەویست. هەموو تەمەنی لایەتی خۆی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی تەرخان کرد. تەنانەت؛ خۆشی کردە قوربانی ڕێبازێك کە بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی هەڵبژاردبوو!

مەلا ئاوارە لە ساڵی ١٩٦٤دا دەگەڵ کۆمیتەی ساخکەرەوە کەوت. دوای ئەوە کە، کۆمیتەی ساخکەرەوە تووشی قەیران و هەڵوەشانەوە هات، مەلا ئاوارە کۆڵی نەدا، نەتەوە هەژارەکەی لە ناوچەی سەردەشت، لێی بوو بە پشت و پەناو پاریزەر، بێ موشکیلە لەو ناوچەیە گیرساوە. هەروەها شەهید کاك قادرشەریف و کاك سەعید

کویستانی و... دەگەڵ ناوبراو، توانیان لە ناوچەکانی سەردەشت و بەری بانە، کە مەلا ئاوارە خۆی لێیان بەرپرسی سیاسی بوو، بێ ئەوەی ساواك و ژاندارمەری بتوانن شوێنیان هەڵگرن، زیاتر لە ساڵێك لەو ناوچە بەرتەسکەدا توانیان بحاوێنەوەو خۆیان ڕابگرن و بەخەباتی سیاسی درێژە بدەن. ئەوان لەو سەردەمە دا، هەم لە لایەن کاك ئەحمەد تۆفیقەوە لە ژێر هەرەشە دابوون، هەمیش ئەگەر دەگیر حکومەتی ئێران کەوتبان چارەنووسێکی شوم یان دەبوو.

مەلا ئاوار کادریکی بە بڕواو نهێنیکار بوو. دوای ئاشتبوونەوەی گشتیش کە گەڕابۆوە ناوبراو کەمتر لە دیوی گەرمێن دەماوە؛ زۆرتر لە نێو خەڵکی زەحمەتکێشی وڵاتەکەی دا خەباتی درێژەپێ دە دا. بۆ کاری سیاسی و وچان نەبا نەدەهاتەوە دیوی گەرمین. ئەو کاتانەی دەهاتەوە زۆرتر لە لای کاك حەمەدەمینی سیراجی و کاك سمایلی شەریفزادە دەماوە.

دەتوانم بە ڕاشکاوی بێژم، ئەو ناوچانەی مەلا ئاوارە لێیان بەرپرس بوو، لەو سەردەمەدا، بەهێزترین و بە نەزم ترین ڕێکخراوە بوون لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا. مەلا ئاوارە تەنیا کادر بوو کە، تەنانەت کادرەکانی حیزب و هاوڕیکانی خۆشی بە زەحمەت دەیانتوانی شوێنی بدۆزنەوە! مەلا ئاوارە لە قوڵایی دڵەوە بڕوای پتەوی هەبوو بە نهێنیکاری. پێی وابوو کە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەتا نەبێتە خاوەنی تەشکیلاتێکی بە هێزی نهێنی، و لە نێو کومەڵانی خەڵکی کوردستان دا لە بواری تەنزیم و تەشکیلاتەوە ڕەگاژۆ نەبێ، جوڵانەوەی چەکداری لە کوردستان، سەرکەوتوو نابێ. چەند جارم لێ بیستووە دەیگوت: «بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستانی ئێران بە هیچ جۆر بۆ شۆڕشی چەکدارانە نەڕخساوە؛ و هەرهەنگاوێك لەو بارەوە هەڵگیرێ هەڵەیەو تووشی شکەست دەبین!...»

ئەوە بە ڕوونی دەریدەخا ئەو شۆڕشەی کە لە ساڵەکانی ٤٦_٤٧دا بەرپا بوو، بەسەر کادرو پیشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یان داسەپاند. ئەو ڕووداوە گرینگە؛ زۆر لەوە زیاتر باس هەڵدەگرێ کە ئێمە لێرە دا بە کورتی باسمان لێوە کردووە، ئەو

ڕووداوە پێویستی بەلیکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە! ڕاست ئا لەو کاتە دا کە شۆڕش لە کوردستانی گەرمێن پەرەی دەستاند، بەهەمان ڕادەش لە کوردستانی ئێران هەستی کوردایەتی دەبواژاوەو بە هۆی چالاکی کادرەکانی حیزب و ڕووناکبیرانی نیشتیمانپەروەر، ئەو هەستە گەشەی دەکرد و دەبوو بە بیرو بڕاوی ڕزگایخوازی. گەلۆ، ئەوە پیلانی خودی ساواك و شا، نەبوو کە، بۆ سەرکوت کردنی خەباتی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان، بە ڕیبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەو سەردەمە دا، بەر لەوە بکەوێتە خانەی شۆڕش و ڕاپەڕێن، کادرو پێشمەرگەنی بکێشنە نێو خۆی وڵات و لە داویان بخن، و بە وەسرگێرانی ئۆردووی سوپاو بکرێگیراوەکانیان، بەکوشتنی کادرو پیشمەرگەکانی حیزب، و زیندانی و شکەنجە و سەرکوت کردنی ئەندام و لایەنگرەکانی و... بلێسەی ئەم ئاگرە دامرکێنێتەوەو خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانی پی چاو ترسێن بکاو...؟

هەوالنامەی کتێب

لە هێندی کەسی ناشارەزا بە کەسایەتی مەلا ئاوارە، بیستوومە، بە تایبەتی لە ساڵەکانی پەنجای هەتاوی دا، پیش ڕووخانی نیزامی پاشایەتی، ئەو سەردەمە کە خوێندکارە خاوەن هەستەکانی کورد، لە زانکۆکانی ئیران دەیانخوێند، وئیدۆلۆژی چەپیش لە کوردستان و ئیران، لەو سەردەمە دا برەوی هەبوو؛ هەر یەکەی بە نۆرەی خۆی و بە زەوقێك کە بوو: کمونیستیکی مائۆییستی جووت ئاتەشەی لە کەسایەتی مەلا ئاوارە دروست دەکرد!...

مەلا ئاوارە هەروەکوو گوتمان، بڕوای قوڵی هەبوو بەوە کە، نەتەوەکەی لە بواری نەتەوایەتی و ئابووری دەچەوسێتەوە. مەلا ئاوارە، مەلا بوو، لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە دایك ببوو، مرۆڤێکی کراوەو ئازادیخوازێکی بە مانای وشە بوو. هەر وەك کمونیست نەبوو؛ کۆنەپەرستیش نەبوو! مەلا ئاوارە ئیمانی بە عەداڵەتخوازی هەبوو. هەر ئەو بۆچوونە پێشکەتوو خوازییە بوو کە ناوبراوی هان دا ببێتە خەباتگێڕێکی سادق و خۆی بکاتە قوربانی نەتەوەکەی!

دوای ئەوە کە کۆمیتەی «ئینقلابی»ـ دۆڵی ئالانێ، تووشی قەیران و هەڵوەشانەوە هات، مەلا ئاوارەش گەڕاوە ناو خۆی وڵات. بە گویرەی ئەوەی کە بیستمان پێش

داپەڕاندنە خواری کاك حەمەدەمین سیراجی و ڕاکردنی کاك سمایلی شەریفزادە، ئاوارەش لە گەڵوەڕەز دەبی. گوایە کاك حەسۆ میرخان مەفرەزەیەك پێشمەرگە وەشوێن ئاوارە دەخا بۆ گەڵوەرەز، کە بیگرن؟ بەڵام ئاوارە ئاوای سنور دەبێتەوە، دەگیر ناکەوێ. دوای ئەوە کە، کاك حەمەدەمین و کاك سمایلی شەریفزادە، کەوتنە بەر شاڵاوی «پاراستن» و ئاوای دیوی ئیران بوونەوە، لە ناوچەی سەردەشت دەگەڵ ئاوارە یەکتریان گرتەوە کە، دوا تریش دەگەڵ کاك سولەیمانی موعینی و باقی کادرەکانی تر، یەکیان گرتەوە. ئیتر لەویڕا، بۆ کاری تەشکیلاتی و سیاسی نیزامی خۆیان ڕێکخستەوە و خۆیان بۆ تەیارکرد...

ئەو دەم ئێمە پیوەندی ڕاستەو خۆمان دەگەڵ ئەوان پسا بوو، بە وردی ئاگاداری سەر چالاکی ئەوان نەبووین لە دیوی ئێران. هەروەك خەڵکی ئاسایی کە ، کاتی هەواڵێك بڵاو دەبێتەوەو گوێیان لی دەبی، ئاگاداری ئیمەش لە سەر ڕووداوەکانی دیوی ئێران، لەو سنورە زیاتر تێپەڕ نەدەبوو.

هەروەها بیستمان کە، جەماعەتێك لە ڕووناکبیرانی ئێرانی لە ئوروپاوە هاتوونەتە بەکرەجۆ، خەریکن جوڵانەوەی چەکداری لە کوردستان و ئێران، وەڕێ بخەن...

ئێمە نەمان دەوێرا بە ڕاشکاوی لە سەر ڕووداوەکانی دیوی ئێران پرسیار بکەین و بکۆڵینەوە. بە داخەوە لەو سەردەمەدا، ناوچەی باڵەك، ببوو بە مەکۆی ساواك و بەکرێگیراوانی ئێرانی. چالاکی لەو مەڵبەندە، بۆ کوردەکانی ئێران، فرە دژوار بوو. ئیتر هەتا هاتنی کاك حەمەدەمین و کاك سولەیمان بوبەغدا، ئێمە ئاگادارێکی وردو تایبەتیمان لە سەربرادەرانی خۆمان ـ کاك سولەیمان و ئاوارە و کاك حەمەدەمین و... نەبوو. کاتێکیش هاتن بۆ بەغدا، دەگەڵ ئێمە باسی ئەوەیان نەکرد کە تەشکیلاتێکی نویی وەهایان پێکهێنابی، و ئێمەش لەو بارەوە پرسیارمان لێ نەکردن. چونکە پێمان وابوو هێندەی پێ ناچێ کە هەمووومان لەکوردستان، یەکتر دەگرینەوە.

ئیتر بە داخەوە هەر وەکوو لەو نووسراوە دا باسمان لێوە کردووە لە هەموو لایەکەوە کەوتینە بەر هیرش و شاڵاوی ڕژێمی شاي بەتوون، و بەشی هەرە زۆری پیشمەرگەو کادرەکانی حیزب بوون بە فیدای ڕزگاری کوردستان و گیران. مەلا ئاوارەش لە گوندی

دیوالآن ـی ناوچەی سەردەشت، لە بەهاری ١٣٤٧ی هەتاوی دا بە هۆی ڕاپۆرتی خۆفرۆشێکی کورد، دە داوی ژاندەرمان دەکەوێ و دەگیرێ. ئیتر بە داخەوە جۆلانەوەی ٤٦ـ٤٧ لە هاوینی ١٣٤٧ بە هۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئێران سەرکوت کرا.

مەلا ئاوار، دوای نزیك بە ساڵێك زیندان و شکەنجە، لە بانەمەڕی ١٣٤٨دا لە شاری سەردەشت دەگەڵ دوو خەباتگێڕی تر بە ناوی مەلا کەچەو ڕەحمانی وەتمان چاوشینی تیرەباران کران و هاتنە ڕیزی شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان، روح یان شاد!

زۆرجار باسی «کۆمیتەی ئینقلابی» کراوەو دەکری، و هەرکەسەی "بەلکێکی دا دەڵێ" و بەجۆرێك شتیکی لێ باس دەکا؟ وەکوو دەڵێن: هەموو شتیك لە زەمان و مەکان دا ئیمکانی هەیە ڕەنگبی هێندە شتێکی زۆر عەجایب نەبێ ئەگەر تەشکیلات و هەستەیەکی تر پێکهێندرابێت و ئەو نێوەشی لێنرابێ؟ بەڵام ئەگەر شتیکی وەهاش لە وڵات پێکهاتبی، بە هیچ جۆر پێوەندی بەو کۆمیتە ئینقلابییەوە نیە کە ئێمە بە «کۆمیتەی ئینقلابی» دۆڵی ئاڵانێ نێومان بردووە، و لەو نووسراوەیەدا باسمان لەسەر کردووە!

باس و گێڕانەوەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە، بەهیچ جۆرپاکانە حیساب و لەقاودان لە سەر لایەنێك، یان کەس و کەسانێك و ڕێکخراوێکی تایبەت نیە! ئەوەلێرەدا خوینەرەوە چاوی پیداخشاندووە، بە گشتی بەشێکن لەو ڕووداوانە، لەو سەردەمەدا کە، لە نزیکەوە خۆم بەچاو دیتومن و بیستوومن. ئەوە کەسانەی ناویان براوە، بەشی هەرە زۆریان لە هاوڕیانی خۆشەویستی خۆم بوونە، یان هاوکاری و ناوسیاویم لەگەڵیان بووە. ئەگەر باسەکەی ئێمە لە بواری سەلیقەو عاتیفەوە دەگەڵ ویست و ئاواتی هێندێ کەس تەبانیەو ناگونجێ و جۆرنایەتەوە، هیوادارم بە دژایەتی دەگەڵ ئەم و ئەو تەعبیر نەکرێ و لێکنەدرێتەوە! دەکرێ مرۆڤ بۆ هۆ ئەسپابی ڕووداوەکان بگەڕی و بە وردی لێیان بکۆڵێتەوە، ئەگەر کەسێك خوازیاری لێکۆڵینەوە بی، بڕوا ناکەم دەست وێراگەشتن بە ئەسپاب و کەرەسەی پێویست بۆ لییکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکان، هێندە کارێکی دژوار بێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها ئەگەر ناوی کاربەدەستانی پارستنی «پاراستن» و یان هێندی کەس لە کاربەدەستانی "شۆڕش" مان هێناوە؛ بەو مانایە نیە کە بە شێوەیەگشتی «پاراستن» وەکوو دیاردەیەکی دزێو سەیر بکەین، یان خوای نەخواستە شۆڕشی کوردستان مان هینابێتە ژێر پرسیارەوە! «پاراستن» لە ڕوانگەی ئێمەوە، ڕێکخراوێك بووە، بو پاراستنی مەسڵەحەتی جۆلانەوەی ڕزگاریخوازی کورد ــ شوڕشی ئەیلول. ئەویش وەك هەموو دامودەزاگایەکی ئەمنیەتی، سیاسی، بۆ پارێزگاری، لە دەست کەوتەکانی شۆڕش پێکهاتبوو.

جا ئەوە کە، کەسانی نان بەنرخی ڕۆژخۆر، یان کاڵ و کرچ و ناشارەزای بواری سیاسی، خۆیان دەنێو خزاندووە و بەکردەوەی نا پەسندو دزێوی ئەوان، بۆتە جێگای پرسیاری خەڵك، و تاڕادەیەك شۆڕشی کوردی خەوشەدار کردووە؛(کە بە واقیعی وەها بووە) باسێکی ترە؟ ئەوە بە هیچ جۆر لە هەقانیەت و ڕەوایی شۆڕشی کوردستان و لە خۆبردووی و فیداکاری ئەو پێشمەرگە ئازایانەی لە پێناو مافی ڕەوای نەتەوەکەیان و ڕزگاری کوردستان؛ گیانیان بەخت کردووەو شەهید بوونە؛ یان ئیستاش ماون و بەسەداقەتەوە لە بوارە جیاکانی کوردستان دا وەکوو پیشمەرگەیەکی بەوەفای کوردستان، خەریکی ئەنجام دانی ئەرکی پێشمەرگایەتین، کەم ناکاتەوە!

قەبارەو بارستایی فیداکاری شۆڕشگێرانی شۆڕشی کوردستان، بە کادرو پیشمەرگەو بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانەوە، ئەوەندە زۆرە کە پێوانەیەك بۆ پێوانی بەدی ناکەم! شۆڕشی کوردستان لە پێناو مافی نەتەوایەتی دا بە لافاو خوێنی بە ناهەقی لە سەر هەق ڕژاوە و قوربانی لە ژمارە بەدەری بۆ ڕزگاری گەلەکەی داوە. بە سەدان بنەماڵە لە کوردستان دا، لەم ڕێگەدا،بە ئەنفال و قڕان و بۆمبارانی گازی شیمیایی کوێر بوونەوە. ماڵ وێران و ماڵ سووتێنراو و تالان کراو و دەربەدەر لە ڕادەبەدەرن. هیچ نیشتیمانپەروەرێکی کورد دەست ناکەوێ کە هەست بەهەموو ئازار و مەینەتیانەنەکا کە بەسەر نەتەوە کەمان لەکوردستانی گەرمێن هاتووە. منیش وەکوو کوردێکی ئەم کوردستانە و هاوولاتییەك، سنورو شارەی ئەم قانوونەم نەپەڕاندووە، لەخۆشی و ناخۆشیەکانی کوردستان وخەڵکەکەیدا خۆم بە هاوبەش دەزانم. بەخۆشیەکانی شاد دەبم

بە بەڵاو ئێش و کارەساتەکانیشی، هاوارم لی هەڵدەستی! لە هەمان کاتیش دا دەبێ هەرکەسەی بە گوێرەی توانای خۆی هەڵوێستی ڕوونی لە بەرامبەر ڕووداوەکانیشی دا، بە باش و ناباشیەوە هەبێ!

باس و گێڕانەوەی بە سەرهاتەکانی ڕابردوو، ئەگەر لەڕووی واقیعي و دوور لە وردە حیسابی شەخسی و شێواندن، بەئەمانەتەوە و بە دروستی بدرێنە بەرباس، نەك هەر زیان بە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان ناگەیەنێ و بی ئەمەگی نیە، بەڵکوو جۆرێکیش خزمەتە بە بەرەی نوی وداهاتوو و مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد! و...

نەچاوە ڕوانی پاداشم لە کەس هەیە...نە ئەرگەر مردیشم گەرکمە کێلم بۆ بچەقێنن! ئەوەی لێرە دا بە کەم و کوڕی لەو چەند لاپەڕەدا نووسراوە، دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم، واقیعیەتی ڕابردووی ئەو سەردەمەن کە باسی لێوە کراوە. ئەوەندەی لە توانام بووە و بۆم لواوە، لەگێڕانەوە ی ڕووداوەکان دا، پانام وشەی "غیرمتعارف" ی دوور لە نەزاکەت نەبردووە! هەر کەسەش بە نۆرەی خۆی بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوون وقەزاوەت سەربەستە، چۆنی حەز دەکا با داوەری و قەزاوەتی خۆی بکا!

ئەگەر نێوی کەسانێك کە خاوەن دەور بوونە و لەم نووسراوەیەدا، نێویان نەنووسراوە، داوای لێبوردنیان لێ دەکەم. دەتوانم بڵێم، یان نەمناسیون یان ئاگاداری دەورو چالاکی یان نەبووەم. باس نەکردنی ئێمە، هیچ لە فیداکاری و دەوری ئەو بەڕێزانە کەم ناکاتەوە!

داویین وتە: ئەگەر کەس و کەسانێك لە سەر ناوەرۆکی ئەو نووسراوە قسەی هەیە زۆر حەز دەکەم کە هەتا ماوم، بیکا بەڵکوو بێتە هۆی ڕوون بوونەوەی زۆرتری ڕووداوەکان. ئێستا کە یەکەمی مانگی گەلاوێژە، یان ٢٠٠٥/٧/٢٠ی زایینی یە، زیاتر لە دووساڵە دەبی ئەو نووسراوەیە لە چاپ و بڵاو کراوەتە، تاڕادەیەکیش گەیشتۆتە ئێران، بەڵام داخەوە تا ئیستا هیچ کەس نە بە وتە، نە بەنووسراوە، ڕەخنەیەکی لە سەر باس و ناوەرۆکی نووسراوە کە نەبووە. برای بەڕێز کاك هێرش ــ کاك سولەیمانی چیرە، لە گزینگی ژمارە ٢٨ی دا کە ئاخر ژمارە بوو، ڕەخنەی لە چەند وشە و نەبوونی پیرست لە کتێبەکە دا

گرتووە و بە نوقسانێکی گەورەی قە بڵا ندووە. من بە نۆرەی خۆم سوپاسی بەڕێزیان دەکەم. هیوادارم بتوانم لە چاپی دووهەم دا کەموکوڕیەکانی کەم کەمەوە.
هەروەها دۆستێکی بەڕێزو خاوەن نەزرو ڕابردوو لە تاران، دوای ئەوەی کە نووسراوەکەی بە دەست دەگا لە سەر ناساندن و ڕابردووی، بیوگرافی زیندوو یاد کاك سەدیق ئەنجیری ڕەخنەی هەبوو، دەیفەرموو:
«من ماوەی ١٥ساڵ دەگەڵ ناوبراو کاری سیاسیم کردووە... ئەگەرنیازی نووسینی نووسراوەیەکی بەو جۆرت هەبوو بۆچی لەگەڵ من باست نەکردووە؟...»

* * * * *

هەوالنامەی کتێب


# کورتەناسنامەیەکی شەهیدەکانی ساڵانی

٤٥—٤٧

---

بەداخەوە نە بەلگەم لەبەردەست دابوو، نە ئاگادارو زانیارییەکی تەواویش لە سەر هەمووی شەهیدانی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ هەبووکە بتوانم بنووسین ناویان، یادێک لەو لە خوێندا خەوتووانە بکەمەوە. هەر دەتوانم بڵێم یادی هەمیشە زیندوویان هەر بەرزو بەڕێز بێ!

ناسنامەو وێنەی هێندێک لەو شەهیدانەی لێرە دا یادیان لێ کراوە، لە کتێبی «کاروانێک لە شەهیدانی کوردستان» لە نووسینی تێکۆشەری گۆڕغەریب، خوالێخۆشبوو کاک کەریمی حیسامی وەرگیراوە.



## نەمرکاک سەدیقی ئەنجیری ئازەر ١٣٠٣-١٣٤٥

یەکێک لەئەندامانی ڕێبەراتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٢، کاک سەدیقی ئەنجیری بوو. کاک سەدیق کە، دوای کۆنگری ٢ هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆێ بۆ یەکگرتنەوەی حیزب وەگەڕ خست. بەداخەوە، دەگەڵ کاک

ئەحمەد تۆفیق، لە سەر دەعەوت و لێ گێڕانەوەی ڕکبەرەکانی و هاتنەوەیان بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب، تووشی ناکۆکی هاتن. ئیتر وەک لەو نووسراوەدا هاتووە، هەرچۆنێک بێ، دوای ماوەیەک کاک سەدیق شوێنەون کرا؟

لەڕاستی دا نێوبراو بوو بەقوربانی سەداقەتی خۆی و لە پێناو خزمەت بە نەتەوەکەی دا، بە شێوەیەکی "گومانـاوی" سەربەنیست کرا!؟ ئەوەندەی ئاگاداریمان لێرولەوێ دەست کەوتووە لەو نووسراوەیەدا هاتووە!

هەواڵنامەی کتێب



## کاک باپیرشکاک (نحۆپاشایی)

کاک نحۆ پاشایی خەڵکی گوندی"ساکان"ی ناوچەی سۆمای سەر وەشاری سەلْماس بوو. نابراو لە بنەماڵەیەکی وردەخاوەن ملْکی نیشتیمانپەوەری شکاک لە دایک ببوو. لە تەمەنی لاویەتی دا دەبێ بە ئەندامی حیزب دێموکراتی و کوردستان و لاوێکی خوێن گەرم

دەبێ و لە زێدی خۆی دا زۆرچالاک دەبێ. لە ساڵی ١٩٥٩دا لە لایەن "ساواکەوە" دەگیرێ و زیندانی دەکرێ. دوای زیندان نزیکەی دووساڵ دوور دەخرێتەوە بۆ شاری یزد. دوای تەواو کردنی ماوەی دوور خراوەیی دەگەڕێتەوە زێدی خۆی دیسان وەک کوردێکی نیشتیمانپەروەرو ئەندامی حیزب، دەست دەکاتەوە بەچالاکی. کاک

نحۆ لە ساڵی ١٩٦٤دا، هات بۆ کوردستانی گەرمێن. نێوبراو لە بواری کەسایەتی و داوێن پاکی و دڵ ئاواڵەیێیەوە دەکرێ بە مرۆڤێکی نموونەی سەردەمی خۆی نێو بەرین.

دوای چەند مانگ مانەوە لە سەنگەسەر لە هاوینی ئەوساڵە دا جارێکی ترگەڕاوە بۆ ناوچەکانی سەلْماس و باکووری کوردستانی ئێران. بەر لە گرتنی کۆنگرەی ٢ گەڕاوە بۆ کوردستانی گەرمین.

لە کۆنگرەی ٢دا بە ئەندامی ڕێبەرایەتی-کۆمیتەی ناوەندی، هەڵبژێردرا. یەکێک بوو لەو کەسانە بووکە زۆری هەوڵ دەگەڵ کاک ئەحمەدتۆفیق دا کە دەگەڵ هاوڕێیانی کۆنی خۆی ئاشت بێتەوە، بەڵام بە داخەوە کاک ئەحمەد ئامادە نەبوو پێشوازی لەو هەوڵە خێرخوازانە بکاودەگەڵ هاوڕێکانی لە مێژینەی خۆی ئاشت بێتەوە.

دوای کۆنگرە، ئەو چەند کەسە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە ئامادەی کار کردن بوون، کاری سیاسی و تەشکیلاتی یان لە نێوان خۆیان دابەش کرد. نێوبراو بوو بە بەرپرسی لکی ١- کە باکووری کوردستانی ئێرانی دەگرتەوە. دوای تەواو بوونی کاری کۆمیتەی ناوەندی، لە مانگی خەرمانانی١٣٤٤- ١٩٦٥دا دەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆی و چەند کەس لە کادرەکانی حیزب، گەڕاوە بۆ باکووری کوردستانی ئێران.

کاک باپیر پاییزو زستانی ئەو ساڵە لە باکووری کوردستانی ئێران ماوە. لە بەهاری ١٩٦٦-١٤٤٥ی هەتاوی دا بەر لەوە بگەڕێتەوە کوردستانی گەرمێن بۆ لای کاک سەدیق، لە ناوچەی سەڵماس دوور لە ئاوایی لە خڕێک دا کە زۆرتر شوێنی حاوانەوەیان دەبێ ولەوێ دەمێننەوە، بەکرێگیراوانی ساواک شوێنیان هەڵدەگرن، لە بەرەبەری بەیانێکی بەهاری١٣٤٥- ١٩٦٦دا کە لەوخڕە دا دەبن، ئوردوی ژاندارم و ئەرتەشی ئێرانیان وەسەر دەگەڕێ. بەداخەوە لە سەرکێشک دەخەون. لە یەکەم دەسڕێژدا، کاک مەلاسمایل فەقێ ئێسی کادری ناوچەکانی باکوور، فیروزی براچووکەی کاک باپیر، ناجی خوشکە زای، و مام ڕەزای مامی، هەر چواریان شەهێد دەکرین. کاک باپیر کە دوورلەوان لە شوێنێکی قایم دا دەبێ لێیان وەدەست دێت و زۆر قارەمانان ئۆردووی ژاندارم و ئەرتەش دەداتە بە دەسرێژ، بە گوێرەی ئەو هەواڵەی بە ئێمە گەیشت زیادتر لە دەکەس لە ژاندارم و ئەرتەشیەکانی ئێران دەکوژێ و بریندار دەکا. دوای چەند کاتژمێر بەرگری لە خۆی لە ئاکام دا، بەداخەوە بە گوللەی یەکێک لە ئۆردووی ئێران، دەپێکرێ وشەهید دەکرێ. یادی بەرزو بەڕێز بێ!



# سولەیمانی موعینی١٩٣٥–١٩٦٨

هاوڕی کاک سولەیمانی موعینی، کوری خوالێخۆشبوو کاک حەمەدەمینی موعینی، وەزیری ناوخۆی کۆماری کوردستان بوو.

سولەیمان لە ساڵی ١٣١١ی هەتاوی دا لە مهاباد، لەبنەماڵەیەکی نیشتیمان پارێزو کوردپەروەر لە دایک ببوو. هەر لە منداڵیەوە لە سەر ڕوەتی بنەماڵەکەی بە خووخدەی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی پەروەردە کرابوو. نێوبراو لە سەردەمی کۆمار دا لە قوتابخانە کۆماری کوردستان دا لە مهاباد بە کوردی دەرسی خوێندبوو، سەرە ڕای ڕاهاتن لە قوتابخانەی بنەماڵەکەی، لەو سەردەمە دا کە وەک قوتابی لە قوتابخانەی کوردستان دا

دەرسی دەخوێند چاوی کرابۆوە، و مانای ئازادی و ژێردەستی دەرک کردبوو. هەر ئەوە بوو کە، دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، زۆری نەخەیاند وەک هەموو لاوێکی شۆڕشگێڕی نیشتمانپەروەر، هاتە نێوکۆڕی خەبات. هەر لە تەمەنی مێرمندالّی و تازە پێگەیشتنی دا، هێشتا قوتابخانەی ناوەندی تەواو نەکرد بووکە، بوو بە ئەندامی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستان. لە

سالی ١٩٥٢ دا بۆ خۆ حاشاردان لە بەرچاوی پۆلیسی شا، مهابادی بەجێ هێشت وبۆ خوێندنی ناوەندی چوو بۆ تاران و لە تارانیش وەکوو لاوێکی شۆڕشگێڕ بێ وچان درێژەی بەخەبات دا. سولەیمان کە لەلایەن پۆلیسی ئێرانەوە ناسرابوو، هەمیشە بە دواوەی بوون، نە یتوانی لە تاران درێژەی بەخویندان بداو سەرەنجام لە سالّی

١٩٥٥گێراو دوای زیادتر لە دوو سالّ مانەوەلە بەندیخانە دا، پاشان بە کەفیل ئازاد کرا. لە سالّی ١٣٣٨–١٩٥٩دا، وەک زۆربەی کادرو ئەندامەکانی حیزب، جارێکی تر کەوتەوە بەر هێرش ساواک. ئەو جارە، وەکوو بەشێک لەو کادرو ئەندامانەی کە دەگیری پۆلیسی شا نەکەوتبوون، ڕووی کردە کوردستانی گەرمێن. سولەیمانی لە کاتی چوونە گەرمێن دا، لە مێژ نەبوو دەگەلّ هاوسەری خۆشەویستی خۆیَ زەماوەندی کرد بوو. سیامەند، کوڕی نۆبەرەی، تەمەنی لەچەند مانگ تێپەڕی نەکرد بووکە، سایەی باوکی لەسەر لاچوو و لە باوەشی دایکی دا لای بابەگەورەی و مامان بەجێ ما. تەنانەت ئەوینی هاوسەرو مندالّیش نەیتوانی چۆک بە سولەیمان دابداو واز لە خەباتی ڕزگاریخوازی بێنیَ. سولویمان لە شاری سولەیمانی

گیرساوە... لە سالّی ١٩٦١دا بە هەلایسانی ئاگری شۆڕشی کوردستان – ئەیلول، وێڕای کاک ئەحمەد تۆفیق، دەگەلّ سەرۆک بارزانی وەبەندەنیَ کەوت. سولەیمان یەکێک بوو لەو کادرە بە

جەرگ و کۆڵ نەدەرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە سەرتای شۆڕش دا، چەندین کەڕەت گەڕاوە بۆ کوردستانی ئێران ، وێڕای پێوەندی گرتنەوە دەگەڵ ئەندامانی حیزب، ودامەزڕاندنەوەی ڕێکخراوەکان، گەلێک یارمەتی پێداویستیشی گەیاندە شۆڕشی کوردستان. هەتا ئەو ڕۆژەی کە لە لایەن پاراستنەوە گێراو شەهیدکرا، ئەوەی پێی دەڵێن تاڵی و سوێری و شەو نخوونی، لە پێناو ڕزگاری نەتەوەکەی دا کێشاوچێشتی و کۆڵی نەدا، هەر گیز ڕێبازی قازی محەمەدی نەمری بەر نادا. شانازی ئەو ڕێبازە پیرۆزەی لە میژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخواز کورد دا، بۆ خۆی تۆمار کرد. ئەوانەی گەرەکیانە بۆ پەساو دانەوەی کردەوەکانی خۆیان، ڕابردووی سولەیمان ئاوەژوو پێشان بدەن، ڕێبازێکی هەڵەیان هەڵبژاردووە! سولەیمان لە سەررێبازی کوردایەتی ڕۆیشت و کوڕێک نە بوو بۆ پڕکردنی"گیرفانی" دەست بەداوێنی داگیرکەرانی کوردستان بگرێ...! بە هەرحاڵ نێوبراو بەمەرگێکی جوان، و سەربەرزەوە ماڵئاوایی لە کوردو کوردستان کرد، و لە مێژووی خەبات وجوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دا وەک قارەمانی نەتەوەی خۆی لەو سەردەمەدا ناسرواه، و لە ڕیزی پێشەوەی پێشمەرگە نەمرەکانی ڕێبازی قازی محەمەدی نەمر، تۆمار کراوەو کەس ناتوانێ ڕێبازی پیروزو ڕابردووی پڕ لە شەرەف و شانازی ئەو ڕۆڵە بەئەمەگە بشوێنێ!



# مەلا ڕەحیمی ویردی ناسراو بە میرزا

## ئەحمەد! ١٩١٢–١٩٦٧

هەواڵنامەی کتێب

یەکی تر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، مەلاڕەحیمی ویردی بوو. مامۆستامەلا ڕەحیم لە کۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. نێوبراو لە مەڵبەندی بانە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە دایک ببوو. مامۆستا مەلا ڕەحیم لە ١٩٤٨دا، هێشتاله نێوفەقێیان دەبێ کە دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە ١٩٥٩دا وەکوو زۆرکەس لە ئەندام و کادرەکانی حیزب دەکەوێتە بەر پەلاماری پۆلیسی ئێران، بۆ ئەوەی دەسگیر نابێ خۆی دەرباز دەکاو دەچێت بۆ کوردستانی گەرمێن و لە سولەیمانی دەگیرسێتە. دوای ماوەیەک مانەوە لە سولەیمانی، کاتێ هست بەوە دەکا تۆفانی گرتن و ڕاونانی پۆلیسی هێندێ هێور

بۆتەوە، ماڵ و منداڵەکانی کە بێ سەرپرست و بێ دەرەتان لە ئـێران ماونەوە، هەستی بەرپرسایەتی ژن و منداڵ، بەســەری دا دەسـەپێنـێ بگەڕێتـەوە. دەگەڕێتـەوە بـۆ کوردتســانی ئـێران، لای منداڵــەکانی. بەڵام بە گەڕانەوە بۆ کوردستان، لـە ڕێبـازێک کـە گرتبـووی لانـادا، هەر گیـز لـە چالاکی سارد نابێتـەوە. مامۆستا مـەلاڕەحیم دیسـان

لە١٩٦٤ دا، جارێکی تـر لـە لایـەن پۆلیسـەوە دەکەوێتـە بـەر پـەلامار.

ئـەمجارە چـوو بـۆ سـونێ و لــە کۆنـگرەی ٢ی حـیزبی دێموکـراتی کوردسـتان بـە ئـەندامی نـاوەندی هــەڵبژێردرا. نێوبـراو، مروڤێکـی سادقی نەفس زل و دڵسۆز بوو. سـەرەڕای ئـەوە زۆر دەست کـورت بـوو، دیسـان لـە چـالاکی نـە دەوەسـتا. دوای ئـەوە کـە، کۆمیتـەی ناوەندی کاری سیاسی لە نێوخۆیان دا دابەش کرد، نێوبراو بوو بە بەرپرسی لکی چواری ناوچەکانی بانەو سەقز و باشوری کوردستان دیاری کرا بوو. مامۆستا مەلا ڕەحیم ماڵ منداڵـەکانی هێنـابوو بـۆ گوندی سورەدزەی نـاوچـەی شـارباژێڕ بـۆ خۆحاشـار دان لـە بـەر چاوی ساواک و پاراستن، ببوو بەمالا ئاوایی. کە چی دیسان سـاواک

دستی لـێ هەڵنـەگرت و لـە هـاوێنی ١٩٦٧ دا لـە لایـەن عـەبدوالوهاب ئوتروشـی گێـراو دوای مـانگێک زینـدانی کـردنی، پاشـان دەیبـەن بـە ڕواڵەت تەسلیمی "مرزبانی" نوسودی کەنەوە لە ڕێگا دا، پیاوەکـانی عبدالوهاب، زۆر بێ بزەیانە، ئـەو پـیرە مـێردە نیشـتیمانپەروەروبێ دەسـەڵاتەی، بـە دەست بەسـتراوی، دەکـوژن و جـەنازەی خوینــاوی دەکـەن بــە سـفرەی مێـش و مــەگەسـان، هــەتا مایــەکی زۆر لــەو چیاوچۆلگەیە بێ ڕووپۆش و شاردنەوەو بن گڵ کردن، لە بەرهەتاو دەمێنێتەوە، تەنانەت بەکەس و کارەکەشی ڕاناگەیـەنن کـە لانیکـەم وەک کـەس وکـاری بچـن تــەرمی کـوژراوەکـەیان وەشـێرن؟ هــەتا قەدەرعـەیامێکی وماڵ و منداڵــەکانی نـازانن کــە چــی بەســەر

هاتووه، خێرخوازانی کوردی مەڵبەند، تەمەری لە خوێن دا شەلاڵی دەدۆزنەوەو بەخاکی دەسپێرن...!؟

هەواڵنامەی کتێب



## هاوڕێ عەبدوڵڵای موعینی

عەبدوڵڵای موعینی،. کوری خوا لێ خۆشبوو حەمەدەمینی موعینی بوو. هەروەک گوتراوە، باوکی عەبدوڵڵا وەزیری ناوخۆی کابینەی جمهوری دێموکراتی کوردستان بووکە، دوای ڕوخانی کوماری

کوردستان ئەویش"هەتا پای سێدارە ڕۆیشت". دوای چەند ساڵ ماونەوە لە بەندیخانەی حەمەڕەزاشا ئازاد کرا. باوکی عەبدووڵڵاو سولەیمان و سەعید، کوڕەکانی خۆی بە دەرسی نیشتمانپەروەری و داگیرکەرناسی کوردستان و... دەرس دابوون و پێی گەیاندبوون.

عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٣٢٣هەتاوی دا لە شاری مهاباد لە دایک ببوو. نێوبراو خوێندنی دەورەی سەرەتایی و ناوەندی، لە شاری مهاباد تەواو کردبوو. خوو، خدەی شۆڕگێرانەو چالاکی سیاسی بوو بە هۆی ئەوەی کە پۆلیسی ئێران بیناسێ. ئیترمەودای ئەوەی نەبوو کە، بچێتە زانکۆ و درێژە بە خوێندن بدا، لە ترسی دەگیرکەوتنی پۆلیسی ئێران، ناچاربوو مهاباد بەجێ بێڵێ و ڕووباکاتەکوردستانی گەرمێن، و لەبەهاری ١٣٤٣-١٩٦٤دا دەگەڵ زۆر کەسی تر لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چوو بۆ کوردستانی گەرمین. عەبدوڵڵا ئەوەندەی بە بیچم لاوێکی ڕێک و پێک ولە بەر دڵان بوو، ئەوەندەش کوڕێکی ئازا و جیددی بوو. ئەوەندەی لە کوردستانی گەرمێن بوو بەشی تایپ وچاپەمەنی حیزبی و... بە ستۆوە بوو. نێوبراو لە کۆنگرەی ٢ دا بە ئەندامی کومێتەی چاوەدێری بەرز هەڵبژێردرا.

عەبدوڵڵا دەگەڵ کاک و سولەیمان و باقی کادرەکانی ترلە ساڵی ١٣٤٤دا بۆ کاری تەشکیلاتی گەڕاوە کوردستان، نزیکەی ٦مانگ دەگەڵ کاک سولەیمانی برای و باقی کادرو پێشمەرگەکان لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران، مانەوە. کاک عەبدوڵڵا کاتێ کە دەگەڵ کاک سولەیمان بە سەریاندا سەپاندن کوردستانی گەرمێن بەجێ بێڵن، دەگەڵ ڕۆڵە ئازاو بەجەرگەکانی تر گەڕاوە بۆ وڵات.

کاتێ گەڕانەوە لە گەدەی لە شکری جاش و ژاندارمیان بۆ

هەڵدەپشکوێ، لە خاکەلێوەی ١٩٦٧دا لە یەکەم دەر گیری دا لە "سپی سەنگ" لە جەنگێکی ئازایانەدا بریندار دەبێ. بۆ دەرمان کردن و موعالەجەی باسکی، بەقاچاخی دەچێتە سولەیمانێ. دوای موعالەجە، دەگەڕێتەوە کوردستان و هەتا ئەو ڕۆژەی کە شەهید دەکرێ، بێ دوو دڵی بە ئیمان و بڕوایەکی پتەو، گۆڕەپانی خەبات بێ جێ ناهێڵێ...

لە هاوێنی ١٩٦٨ – ١٣٤٧دا، چەندمانگ دوای شەهێد کرانی سولەیمانی کاکی، لە دەرگیری و تێکهەڵچوونێک دا لە نزیک ئیسکی بەغداو قالوێ رەسواغای، لە ناوچەی گەورکی مۆکریان، هاوڕێ دەگەڵ پێشمەرگەی ئازاو فیداکاری کوردستان، مینەشەمی هەمیشە زیندوو.و پێشمەرگەیەکی تر کە بە برینداری دەگیرێ و پاشان شەهید دەکرێ، لە جەنگێکی قارەمانانە دا کە هەتا کە دوای نیوە ڕۆ دەخایەنێ، بە داخەوە لە ئاکام دا شەهید دەکرێن.

یادی بەرزو بەڕێزیان زیندووبێ!

هەواڵنامەی کتێب



## هاوڕێ (خەلیلی مستەفاپور) ناسراو بە خەلیل شەوباش

یەکێکی تر لە شەهیدە گورغەریبەکانی ٤٦-٤٧ خەلیل شەوباشە.

خەلیل شەو باش، لە ساڵی١٩٤٣دا لە شاری بانە لە خێزانێکی زەحمەتکیشی نیشتیمانپەروەر لە دایک بووە. خەلیل هەتا کلاسی شەشی سەرەتایی لە تابخانەی بانە دەخوێنێ، پاشان دەست لە خویندن هەڵدەگرێ خەریکی کاروبارو یارمەتی دەری بنەماڵەکەی

دەبێ. لە سال ١٣٤٢ دا دێت بۆ کوردستانی گەرمێن، دەبێتە پێشمەرگە. خەلیل شەوباش لە بواری سەداقەت و کوردایەتی و پاکی دا، لاوێکی فرشتە ئاساو بێ وێنە بوو. دەگەڵ کاک سولەیمانی موعینی و باقی پێشمەرگەکانی ترلە ساڵی ١٣٤٦ دا، دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران. پاشان دەگەڵ کاک سمایلی شەریفزادە دەکەوێ و دەبێتە کادری ناوچەی بانە. گوایە: کاک سمایل بە مامورایەتی بە شوێن کاک سولەیمانی موعینی و کاک حەمەدەمینی سیراجی دا، دەنێرێ بۆ سولەیمانیە. ئەو دەم کاک سولەیمان لە سەرسیامەندو دایکی بۆ چەند حەوتوویێک لە گەڕانەوە بۆ کوردستان دوا دەکەوێ. پاشان دوای سەروبەرکردن و دابین کردنی شوێنی حاوانەوەیان لە نزیک ماڵی خوالێخۆشبوو شێخ لەتیف، لە سولەیمانیە بەجێیان دێڵێ و دەگەڵ خەلیل ، قادرتەگەرانی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران. لە سەرێگەی سولەیمانی و سیتەک سەدیق ئەفەندی دەیانگرێ و پاشان بەڕێیان دەکا بۆ دیلمان و ناوچەی باڵک (وەکوو بیستمان گویا: قالە تەگەرانی لە داویان دەخا؟) ئیتر چارەنووسی خەلیل دەگەڵ کاک سولەیمانی جۆرێک وەررق دەخوا کە، لە مێژووی خەباتی خوێناوی کوردستان تۆمارکراوە! هەتا ئێستاش گڵکۆی پیرۆزی، کەس شوێنی نازانێ. بەتاوانی گوناهی نەکردو لە لایەن " پاراستن"وە بەناهەق گوللەبارانیان دەکەن. تەرمی سولەیمان دەبنەوە بۆ پیران شار، بەڵام تەرمی خوێناوی خەلیل شوێنەون بوو، هەتا ئێستاش کەس نازانی گڵکۆی هەیە، یان وەکوو کاک سەدیقی ئەنجیری بێ سەرو شوێن کرا؟

یادی ئەو مرۆڤە سادق و پاکە هەربەرزو بەرێزو زیندووبێ!




## هاوڕێ سەید فەتاحی نیزامی

یەکیکی تر لە کادرەفیداکارەکان و شەهیدانی ٤٦-٤٧ سەیدفەتاحی نیزامی یە. سەید فەتاح لە بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەی مهاباد بوو. نێوبراو دوای بەجێ هێشتنی قوتابخانە دەستی کرد بەکاری بەرگ دروون. لە ساڵی ١٣٤٢ دا وەک زۆربەی پێشمەرگە خاوەن هەست و شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتبووە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان. سەید فەتاح دەگەڵ کاک سولەیمانی موعینی وکادرو پێشمەرگەکانی لکی ٣ لە ساڵی ١٣٤٦دا گەڕاوە وڵات و زۆرچالاکانە دەستی کرد بەخەبات. سەید فەتاح لە مانگی ڕەزبەری ١٩٦٨دا لە چیای "حاجی کیمی" لە مەڵبەندی مۆکریان، لە جەنگێکی نابەرامبەر دا دەگەڵ قۆشەنی حەمەڕەزا شای

جینایەتکار، هاوڕێ دەگەڵ مەلا عەلی وەرگێڵی و درویش عوسمان، شەهید کران یادیان بەرزو زیندووبێ!

هەواڵنامەی کتێب



# هاوڕێ سمایلی شەریفزادە

یەکێک لەخەباتگێڕە ئازاکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی ٤٦-٤٧، کاک سمایل شەریفزادە بوو. هاوڕێ سمایلی شەریفزادە لە ساڵی ١٩٤٢دا لە شاری مهاباد لە بنەماڵەیەکی بازرگانی ئەو شارە لە دایک بووە. سمایل قوتابخانەی سەرەتایی و هەتا کلاسی پێنجی ناوندی لە مهاباد خوێند بوو. بۆ خویندنی کلاسی شەش و خۆ

ئامادە کردن بو زانستگە چوو بۆ تاران. سمایل دوای تەواوکردنی خویندنی ناوندی، وەرگرتنی دیپلۆم، لە ڕشتەی ئەلکتروتەکنێک دا لە زانستگەی تاران قبوولّ بوو. دەورەی موهەندیسی مەکانیکی لە تاران خویند بوو. سمایل ئەندامی کومەڵەی خویندکارانی کورد بوو لە تاران. یەکێک بوو لە خویندکارە چالاک و ڕووناکبیرەکانی کورد لە تاران. سمایل لە سەرەتای ١٣٤٣دا کاتێ کە پۆلیسی ئێران هێرشی کردە سەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ئێران، سمایلیش وەک زۆر کەس لە لاوانی شۆڕشگێڕو ڕووناکبیری کوردستان، ڕووی کردە گەرمین و هەتا ساڵی ١٩٦٧ لە دیوی گەرمێن ماوە. دوای ئەوە کە کەوتە بەر پەلاماری پاراستن ناچاربوو گەڕاوە وڵات و دەگەڵ باقی هاوڕێ کانی دەستی کرد بە خەباتی سیاسی و چەکدارانە و کادرێکی فرە لێهاتوو، ئازا بوو. سمایل بوو بە پەرپرسی ناوچەی بانە. نێوبراو لە نێوی کومەڵی کوردەواری و زەحمەتکێشانی کوردستان دا جێگای خۆی کردبووە. سمایل شۆڕشگێڕێکی بەمانای وشە بوو، ئاواتی نێوبراوخۆشی و ئازادی و سەرفیرازی و بەختەوەری نەتەوەکەی بوو. سمایل شۆڕشگێرێک بوو، بەکردەوە پێشانی دا کە لە قولایی دڵەوە، ئەوێنداری نیشتیمان و نەتەوە ژێردەست و چەوساوکەیەتی ولەو ڕێبازە دا ساتێ وچانی نەداو سەرنجام خۆی کردە قوبانی ڕێگەی ڕزگاری نیشتیمان و نەتەوەکەی!

بە داخەوە لە ١٢ بانەمەڕی ١٣٤٧-١٩٦٨دا لە گوند دارێنەی ناوچەی بانە بە هۆی داو نانەوە و ڕاپۆرتی کوردێکی خۆ فروش، بە نێوی کوێخا شەریف، زیاتر لە ٣٠٠ کەس جاش و تەکاوەرو ژاندرمیان وەسەردەگەڕێ. نزیکە ٦ کاتژمێر بەرگری لە خۆیان

هەواڵنامەی کتێب

دەکەن. لە ئاکام دا کاک سمایل شەریف زادە، هاوڕی دەگەڵ میرزا محمدی شادمانی، حوسێنی رەحمانی ڕابێ و عەلی عەولا کۆڵی، شەهێد دەکرێن. بە داخەوە ئاواتی ئازادی کوردو ڕزگاری کوردستانی وەک زۆربەی زۆری خەباتگێڕانی ئەم ڕێبازە بە چاو نەدێت و بوو بە فیدای نیشتیمان و دەگەڵ هاوڕێکانی هاتنە ڕیزی قارەمانەکانی نەتەوەیی و لە مێژووی خەباتی خوێناوی و ڕزگاریخوازی دا ناویان بە زیندوویی دەمێنی، و هەمیشە بەڕێزەوە یادی پڕلە شەرەف و شانازیان دەکرێتەوە!

هەوالنامەی کتێب



مەلامە حمودی ئەحمەد زادە مەشهور بە زەنگەنە

# هاوڕێ مەلا مەحمودی زەنگەنە

یەکێک لە کادرە بەوەفا، ئازا، و لە خۆبردووەکانی حیزبی دێموکرتی کوردستان،مەلا مەحمودی ئەحمەد زادە، ناسراو بە (مەلا مەحمودی زەنگەنە) بوو.

مەلا مەحمود خەڵکی قوڵخەتەپەی ناوچەی مهاباد، لە خێزانێکی وەرزێری نیشتیمانپەروەر لە دایک ببوو. مەلا مەحمود، مەلا بوو، لە منداڵیەوە لە حوجرەی فەقێیان دەرسی خوێند بوو و دەگەڵ ئازارو بێ بەشی نەتەوەکەی ئاشنا ببوو. هەر بە فەقێیی دەبێتە ئەندامی حیزب و وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب خزمەتی نەتەوەکەی دەکا. مەلاحمود لە بەهاری ١٩٦٤دا، بەهێرشی پۆلیسی ئێران، بۆ سەر ئەندامانی حیزب، بۆ ئەوەی نەکەوێتە

بەردەستی پۆلیسی حەمەڕەزشا، خۆی دەرباز دەکات، و دەچێ بۆ کوردستانی گەرمین. مەلا مەحمود خوشەویستی هاوڕێکانی خۆی بوو. مرۆڤێکی ڕوح سووک و لای خەڵک خاوەن ڕێز بوو.

مەلا مەحمود دەگەڵ کاک سولەیمان و جەماعەت گەڕاوە بۆ کوردستان و کادرێکی زۆرنەترس و ئازا بوو.

مەلا مەحمود لە گوندی (بەیرەم)ی نیزیک مهاباد، لە ٢١ی ڕەزبەری ١٣٤٦-١٩٦٧دا لە تێکهەڵچونێک دا دەگەڵ ژاندارمان، شەهید دەکرێ و تەرمی بێ گیانی دەکەوێتە دەست ژاندارمەکان و دەیبەنەوە بۆ مهاباد و دەیکەن بە پێشانگە کە خەڵکی مهاباد و کوردستان بە گشتی، پێ چاوترسێن بکەن. خەڵکی شۆڕشگێری مهاباد و کوردستان، نەک هەر چاو ترسێن نەبوون بەڵکوو، بە دیتنی تەرمی خوێناوی مەلا مەحمود، بێ ئەوەی بە وشە دەری بڕن، بەکردەوە، پەیمانیان دەگەڵ نوێ کردەوەو بەڵێنیان پێ دا کە ڕێبازی مەلاحمودەکان کوێر ناکەنەوە و ناهێڵن ئالای خەباتی ڕزگارخوازی کوردستان بنەوێ!



## مەلا حوسینی مەرەغانی ناوسراو بە (کاوە)

مەلا حوسینی مەرەغانی یەکێک بوو لە کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەو کۆمەڵە پێشمەرگەیەی بووکە ئێش و ژان و بێ بەشی نەتەوەکەی وەخەبەری هێنابوو، لە دژی داگیرکەرانی کوردستان ڕاپەڕیبوو. مەلا حوسین یەکێک بوو لە کادرە هەرباشەکانی ناوچەی سەردەشت لە دوای ئاوار. دوای دەسگیرکرانی ئاوارە، شەهید کرانی شەریف زادە، و شەهید کرانی سولەیمانی موعینی و چەندین هاوسەنگەری پێشمەرگەی تری، دیسان لە بەرامبەر ڕژیمی جینایەتکاری حەمەڕەزا شا دا چۆکی دا

نەدا، مەیدانی خەباتی چۆل نەکرد، و نەیهێشت ئالای خەباتی ڕزگاریخوازی بنەوێ، بێ وچان لە دژی داگیرکەرانی کوردستان دەریژەی بە خەبات دەدا. مەلا حوسین دوای بەربەرەکانێکی زۆری بێ وچان و دیتنی چەرمەسەریکی لە ڕادەبەدەر، کاتێ دەبینێ کە مەیدانی لێ بەرتەنگ بۆتەوەو دەرەتانی لێ بڕاوە، لە هەموو لاوە هیرشی دەکرێتە سەر، ناچار دەبێ ڕوو بکاتە کوردستانی گەرمێن. ئیتر ئەو سەر دەمە وەزعەکەی زۆر نالەبار دەبێ. دەچێ سولەیمانی. دوای ماوەیەک دەگەڕێتەوە شاری قەلادزە. ئیتر ساواک زۆر بەجیددی دەکەوێتە لە ناو بردنی. لە ئاکام دەتوانێ کەسێک لە هاوڕێکانی خۆی بە نێوی حەمەدەمینی جەوانمەردی خەڵکی سەقز، ناسراوبە (فواد) بکڕێ. ئەو بەکرێگراوە ناجەوانمەردو خایین و زۆڵە کوردە، لە ١٢ی مانگی ڕەشەمەی ١٩٧٠دا دەرفەتی لێ بەدەست دێنێ و لە خەو دا، لە شاری قەلادزە، شەهیدی دەکاو ڕادەکا، و دەگەڕێتەوە ئێران. شەهیدکرانی ئەو کادرە بە بڕوایە، تاسیریکی فرەناخۆشی دەبێ لە سەر باقی هاوڕێکانی تری.

ئیدی کاتێ خەڵکی بە شەرەف و نیشتمانپەروەری شاری قەلادزە، ئاگاداری ئەو کارەساتە دەبن و دەزانن، بە ماتەمەوە لە نێو ڕێوڕەسمێکی بێ وێنە دا تەرمی لە خوێندا نوقم بووی مەلا حوسین لە گۆرستانی قەلادزە بەخاکی پیرۆزی کوردستانی دەسپێرن. ڕوحی شاد!



## هاوڕێ قادر شەریف (هاشم اقل الطلاب)

کاک قادر خەڵکی شاری مهاباد بوو کوڕی فەقێ ساڵح لە بنە ماڵەیەکی کاسبکاری مهاباد لە دایک ببوو. یەکێک لەو کادرە زەحمەتکێشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە، هەموو تەمەنی خۆی لە پێناو ڕزگاری نەتەوەکەی دا بە برسێتی و پێخواسی و دەربەدەری بردۆتە سەر، و لە پێناو ئەو بڕوا پیرۆزەش دا گیانی بەخت کرد. کاک قادر شەریف هەر لە دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٥٣ کەوتە نێوژیانی نهێنی و خەباتی سیاسی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دا بێ پشوو دان خەریکی خەبات و

کاری تەشکیلاتی حیزب بوو. کەسێک بووکە، دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق و بە کادرە هەر خۆڕاگرو کۆڵ نەدەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ناسرابوون. لە واقیعیش دا هەر دووکەسیان ماندوویی نەناس و کۆڵ نەدەر بوون. ئەوەی پێی دەڵێن ساردوگەرمی ڕۆژگار، بۆ نەتەوەکەیان چێشتبوویان. بەڵام کە چی بە داخەوە زۆر دژ بە یەکتر و ناتەبا بوون.

کاک قادرشەریف لە ٥ی مانگی نوامبری ١٩٦٩دا لە شاری سولویمانی لە لایەن بەکرێگیراوانی ساواکی ئێرانەوە، بە ڕشەکوژی تیرۆرکراو هاتە ڕیزی شەهیدانی لە خوین دا خەوتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

یادی هەر زیندوو بێ!

هەواڵنامەی کتێب

هێدێک لە وێنەیادگارەکانی دەورانی کۆن. خوالێخۆشبووان کاک ئەحمەد و مەلا سەید ڕشێد و کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی ح.د. ک.



کاک ئەحمەد تۆفیقرِ کاک ئەمیرقازی بەغدا، هاوینی ١٩٦٤-١٣٤٣هەتاوی.



کاک ئەحمەد تۆفیق مامۆستا سەید ڕەشید، کاک ئەمیری قازی. هەر سێ ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٢

خوالێخۆشبوو سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، مامۆستا مەلا سەید ڕەشید، کاک ئەمیرقازی لە سەنگەسەر.



کاک ئەحمەد تۆفیق، دەگەڵ هێندێ لە برادەرانی هەورامی لە سونێ.

کاک ئەحمەد و سولەیمان دەگەل کادرەکان.





کاک ئەمیرقازی- شەهید سلیمانی موعینی

هەواڵنامەی کتێب



سەر ڕووتی قەاخی عەبدوڵڵای موعینی یە



کاک ئەحمەد- کاک ئەمیری- مەلاڕەشید و...

محەمەد خزری(قەرەقشلاقی) لە ١٩٦٧دا لە خەلان-ناوچەی باڵەک.



هەواڵنامەی کتێب

نامەو

# نەزەری دۆستان

پێش چوونە ژێرچاپ.

کاک سەعیدکوێستانی کە یەکێکە لە هاوڕێیانی کۆنی خۆشەویستی خۆم ولە کادرەکانی کۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ئینقلابی. کاتی ئەو نووسراوەیە تەواو بوو بۆم نارد کە هەم هەڵەکانم بۆ ڕاست کاتەوە هەمیش ئەگەر نەزەراتێکی تایبەتی لە سەر نوسراوەکە هەیە، بینووسێ بێ سانسۆڕ بڵاوی دەکەمەوە. زۆر سوپاس بۆ کاک سەعیدکوێستانی، وێڕای ئەوەی کە نووسراوەکەی خوێندۆتەوە و زۆری بە وردی هەڵە بژاری کردووە، لەو شوێنانەدا کە، بە ڕەخنە لە سەر خۆی قەبڵاندوونە، نەزەرات و دیفاعیاتی خۆشی نووسیوەکە، وا لێرە دا بڵاو دەکرێتەوە.

جێگای سرنجە من کە ئەو نووسراوەم دا بە دۆستانی خۆم بۆیە نەدابوونێ کە نووسراوەکەم بۆ ڕیکلام بکەن. بۆیەم دابوونێ ئەگەر نەزەراتێکیان هەیە بینووسن و بڵاو بکرێتەوە. چونکە ئەو کەسانەی ئەو نووسراوەم داونەتێ وێڕای ئەوە کە بە خاوەن نەزەرم زانیون، هەر یەکیش لەوان، بە شێوەیەک لە سەر ناوەرۆکی نووسراوەکە- ڕووداوەکانی جێگای باس، ئاگاداریەکی هەیە. دەگەڵ ڕێزوسوپاسی بێ پایان بۆ کاک سەعیدکوێستانی ئەوەش نامەکەیان وەکووخۆی!

## نامەی کاک سەعیدکوێستانی:

هاوڕێی بەڕێزکاک مەلا محەمەدی خزری!

وێڕای سڵاوو ڕێز هێوادارم بۆخۆت و درشتو وردی بنەماڵە سەرکەوتووبێ!

کاکی خۆم من نووسراوەکەتم خوێندەوە. لەگەڵ ئەوەیدا فرە خۆشحاڵ بووم کە زۆر وردە شتی نادیارت ڕوون کردۆتەوە، برینەکانی کۆنی منیشت جارێکی دی بەو ڕووداوە تاڵ و دڵتەزێنانەی کە خۆیی لە گەڵ خۆمانی کردوە، کولاندەوە. ئەوە ڕاستە کە وێژدانمان لە ڕاست گەلەکەمان ئاسودەیە، بەڵام برینی ئەنجنراو بە خەنجەری خۆیی ناسۆرێکی بێ دەرمانە. دی جا بڵێین چی

ڕۆژگارەو ڕێگایەکی پڕ لە دڕک و داڵەو خۆمان هەڵمان بژاردبوو، ئێستاشی دەگەڵ بێ پەشیمان نیم و کارەکە بەپیرۆز دەزانم و پێم پیرۆزە.

دەیمەوە سەر (نووسراوەکەت لە ژێر سەردێڕی"یادی بێ سەروشوێنی لە دڵدا زیندوو " ئەو نووسراوەی کە ژێر ئەو ناوە دا نووسیوتە یادی شەهێدی سەربەرزکاک سەدیقی ئەنجیری ئازەرە. من بە نۆبەی خۆم دەست خۆشیت لێدەکەم و هیوا داری خۆشم دەردەبڕم بەو ئەو ئەدەبیاتە...نووسیوە شتی باشتریشی بەدوادا بێت وباقی تەمەنت لەو ڕێگایە دا بەریەسەر. پێم خۆشبوو لە نزیک ڕا دووسێ پاڕاگڕافی کە لە کاتی پێداچوونەوە دا وەبەر چاوم کەوتوون، لە گەڵت باس بکەم، بەڵام بۆم نەگونجا. وا بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەم.

١-لەلاپەڕەی ١٣٧داباسی کۆمیتەی ئیقلابی حدک، دەکەی دەتەوێ کاسەو گۆزەی پاراستنی... لە سەری ئێمەدا بشکێنی، دەپرسی ئەو کۆمیتە بۆ سەرکەوتنی وەدەست نە هێناوە و تێک شکاوە؟!

بۆچما پارتی بەڕێبەرایەتی بارزانی کە شۆڕشی ئەیلولی پێک هێنابوو، دەورو بەری حەفتاهەزار کادروپێشمەرگەی هەبوو، سەدان دوکتورو ئەندازیارو پارێزەری تێیدا بەشدار بوون، سەرکەوتنی وەدەست هێنا؟ سەرەڕای جووڵانەوەی چەندین پارت و ڕێکخراوی بەشەکانی تری کوردستانی پێش ئاشبەتاڵی خۆی تووشی تەنگژەو پرش و بڵاوی کردو تەرمی کەسایەتی و ڕێبەرەکانیان پێکەش بە دوژمنانی داگیرکەر کردن!

نووسیوتە بۆچی لەسەر کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان شتێک نانووسن تا بزانین بۆ ئەو کۆمیتەیان دروست کرد؟

یان لەلاپەڕی ٢٢٢دا دەنووسی: پێک هێنەرانی ئەو کۆمیتەیە، شاییان بەوەیە یەکی لە سەریان بنووسێ و نێویان بێنێ؟!

بەکورتی دەڵێم: ئەو کۆمیتەیە وەسیلەیەک بوو بۆ لێکتر نزیک بوونەوەی کادرەکان و لەئامانجەکان. ئەگەر لەگەڵ ئەندامانی هەڵبژاردەی کۆنگری٢ شتێکی دیکەمان دروست کرابایە-(کردبایە)، هەرئەوە دەبوو کە هەبوو. کادرەکان بڕوایان بە داروودەستەی ئەحمەد تۆفیق نەمابوو. تۆخۆت باشت

ئاماژه به دەوران و ئەو سەردەمە کردوه، نازانم بۆ لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕت هەڵپێچاوه؟!

بۆخۆت دەزانی کە من لە ژێری ناوی ئاوڕێک لە بەسەرهاتی خۆم لە بەرگی ١ دا نووسیومە بۆ پێکهات، ڕەنگبێ خوێندبیشتەوه. ئیتر کە ئەندامێکی تری ئەو کۆمیتەیە تا ئێستا شتێکی نەنووسیوەو خۆی لێ نەداوه، شتێکی ترە.

یا ئەوەتا دەنووسی شایی مان بە دروست کردنی ئەو کۆمیتە هەیە؟!

بەڵێ من بەش بەحاڵی خۆم شانازی پێوە دەکەم کە لە ڕۆژێکی وەک ئەوێ ڕۆژێدا کە لە نووسینی خۆت دا بەتاڵترین دەورانی خەبات بۆ کوردی ڕۆژهەڵات دەژمێردرێ، کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕ دروستکراوەو بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی تەشکیلاتی، خۆمان هاویشتە نێو ئاورێکی هەڵکراو.

ئەوە کە دەفەرمووی: بێ ئەوە ناسیاریمان لە سەر یەکتری هەبێ ئەو کۆمیتەیە دروست کرا، بەڵێ ڕاستە. بەلام هەمیشە ئیمان و بڕوا بە یەکتر کارەساتی لەوەش گەورەتری بە دواوە دابووه. بەڵێ ئێمە لەو بارەوە سادەو بێ ئازموون بووین، هەروەک دیتمان شەهید کاک سمایلی شەریفزادە لە سەر ئیمان و بڕاو پێکردن کوێخا شەریفی کردە پێشمەرگە، چوار شەهیدی لێکەوتەوە بۆخۆشی شەهید بوو. شەهید کاک سولەیمانی موعینی لە سەر چوونەوە بۆ ڕۆژهەلات پێشنیاری شێخ لەتیف ڕەد دەکاتەوه، بەلام بڕوا بە قادر تەگەرانی تووشی کارەساتی شەهید بوونی خۆی و خەلیل شەوباشی دەکات. سەدان نموونەی ئاوا لە مێژووی ئادەمیزاد، دا بەرچاو دەکەوێ کە بڕواو ئیمان مرۆڤ تووشی بەندوداوی چاوەڕوان نەکراو دەکات و سەری تێدا دەچێ.

ئێمەش لەبارەی سیاسیەوە ئاوا وەک تۆ بیرت لێکردۆتەوە یەکترمان نە ناسیبوو. من کاری سیاسیم لەگەڵ کاک سەننارو مەلا عەبدوڵلاو خالەمین و سالارو شەریفزادە نەکردبوو، نەم دەناسین ئەوانیش منیان نەدەناسی. بەلام هەمووومان لە حیزبێک دا ئەندام بووین. ئیمان و بڕوامان پێکتر هەبوو. دیارە ئەو شوناختەی لە سەر ئەوانم هەبوو، لە سەر مەلائەحمەدی ویردیش هەروابووبوو. تۆپێت وایە دەبوایە ئەو کۆمیتە لەگەڵ ئەولا پێک هاتبا باشتر

بوو. ئەدی بۆخۆت لەبیرت نەماوە کە ترسی هێنانەوەی حوکمی قەرەقوشی ئەحمەدتۆفیق هەرما بوو. لە بیرتە کەسانێک هەبوون خۆیان بەخاوەنی حیزبی دێموکرات دەزانی و لە پاراستن و مەکتەبی تەنفیزی ڕاپۆرتیان لێدەداین و لە تەنگنایان نابووین کەم مابوو سەرمان تێدا بچێ.

دیاە بەکولانەوە برینەکان زۆرجاران مرۆڤ دێتە سەر ئەو ڕایە پرێسکەی دڵی خۆی بکاتەوە هەرچی هەیە بیهێنێتە سەرکاغەز، بەلاّم وەک دەڵێن: تفی بەرەو ژوور بۆخۆت دەگەڕێتەوە. بۆیە بەکارێکی ئاقڵانەی نازانم هەموو شتێک بنوسرێ. لە نێو نووسراوەکەت دا شتی زۆر وردت نووسیوە بەلاّم نەت نووسیوە کە من وتۆ بە هەردووکمان پووڵی گیسکێمان هەبوو شەو ڕۆژێک وەدوای دەکەوتین دەمانکرڕی دەمانکردە قەسابی کیلۆ گۆشتێکی قازانج دەکرد بۆ ئەوەی تامەزرۆی ئەو دوو بنەماڵەی پێ بشکێنین. بەو حاڵەش ڕازی بووین پێمان وا بوو خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک دەست تەنگی و کەندوکۆسپی زۆر لەوەش پتری لەسەر ڕێگایەو نابێ برۆڤ لە خەبات و تێکۆشان سارد بێتەوە

دەڵێی چی ئەگەر هاوڕێی خۆت لە گەڵت نەهاتەڕەدایە و لێت لە فێڵ بێ؟! کوا براله گیان! یاساوقانوونی سروشت بەگەلەیی من و تۆ دەگۆڕێ؟

گلەییەکانت. ڕەخنەکانت، تووڕەبوونت، قسەکانت و سەرلەبەری نووسراوەکەت پڕە لە حەقانیەت و پیم باشە ئەوە ندەش بزانە هەر ئەو نووسینانە وەک کەرەسەیەکی خاو لە دوا ڕۆژ دا نووسەران و مێژوو نووسانی کورد کەڵکی لێ وەردەگرن ومێژووی لێ پێک دێنن.هیوادارم سەرکەوتووبی و شتی باشتری بە دوای دا بێت.

هاوڕێت سەعیدکوێستانی:    ۲۰۰۳/۲/۲!

کاک سەلاحی موهتەدی کە دۆستێکی لە مێژینەو خاوەن نەزەرە، ماوەیەک پێش چوونی بۆ کوردستانی گەرمێن، لە بەهاری ٢٠٠٢دا، عەرزم کرد، چەند لاپەڕەیەکم لە سەر کاک سەدیقی ئەنجیریێ و باقی کۆنەبرادەرەکانم نووسیوە، هەتا ئەو جێگایەی بیستوومەو ئاگاداریم دەست کەوتووە، باسی مستەفاو کاوەشی تێدایە! ماوەتان چاوێکی پێدا بخشێنن؟

فەرموویان ئەگەر هەتا چەند ڕۆژی تر ناگاتەدەستم لەوانەیە دەفریای من ناکەوێ، چوونکە من لە سەرسەفەرم. گوتم هەرچەند نووسراوەکەم تەواو نەبووەو پاکنووسیشم نەکردووە؛ بەڵام دیسان دەیهێنم بۆتان. بردم دامە دەستیان. دوای چەند ڕۆژێک تەلیفوونم بۆ کردن، فەرموویان، من دووسبەی بەرەو کوردستان وەڕێ دەکەوم. نووسراوەکەی تۆم خوێندۆتەوەو دەگەڵ نامەیەک سەبارەت بە نووسراوەکەت داومە بە محەمەدی برام. ئەوەی پێم شک هاتووە نووسیومە.

لە بواری نووسین و نووسینکاری دا ئەوە پێویست بوو وەکوو ئامۆژگاری فەموویان. زۆرمان بە تەلێفوون قسە کرد، ئیتر ماڵئاوایی یان کردو پاشان ڕۆیشت بۆ کوردستان.

وێڕای سوپاسی بێ پایان بۆ بەڕێز کاک سەلاحی موهتەدی، دەگەڵ ئەوەش لەسەر سەفەر بوو ماوەکەی هێندەی بەبەرەوە نەمابوو، کەچی دیسانیش بە دڵ ئاواڵەییەوە چاویان بەنووسراوەکە داخشاندووە زۆر بە لوتفەوە لە بواری هەڵسەنگاندنەوە، مایەیان بۆ دانەوە! هەروەها دەبێ ئەوەش بگوترێ: وەکوو خاوەن نەزەرێک نەزەری خۆشیان لە بارەی دا، داوەو نووسیوە!

## نامەی کاک سەلاحی موهتەدی:

مامۆستا عومەرعەسری کە دۆستێکی لەمێژین خۆم، و خەباتگێڕێکی ماندوویی نەناس و چەرمەسەری دیتوو، زیندانی وتاڵی گەرمین و کوێستان چێشتووی هەموو قوناخەکانی خەبات و جۆڵانەوەکانی کوردستانە، و ئاگاداری لە سەربەشی زۆری ڕووداوەکانیش هەیە. کاتێ ئەم "نووسراوەیە" تەواو بوو بۆ پێداچوونەوەو چاوپێداخشاندن دامێ کە مامۆستایانە پێی دا بچێتەوەو هەڵەکانم بۆ ڕاست کاتەوەو ئەو جێگایانەی بۆ بڵاوکردنەو چاپکردن نابن، یان ڕەخنەو پێشنیاری خۆیانیم بۆ بنووسن...

سوپاس بۆ مامۆستا عومەر زۆری هەڵە بۆ ڕاست کردوومەوە. کورتە نەزەراتی خۆشیان نووسیوە! سوپاس بۆ ئەو هەموو لوتفەیان و ئەوەش نامەو نەزەراتەکەیان:

## (نامەو بۆچوونی مامۆستا عومەر عەسری)

برایێ زۆربە ڕێز کاک مەلا محەمەدخزری سڵاوێکی گەرم وبرایانەت پێشکەش! سەرکەوتنتانم لە ژیاندا ئاواتە!

کاکەگیان من نووسراوەکەی ئێوەم چەند کەڕەت بە وردی خوێندەوە. بە پێی بۆچوون و تێڕوانینی خۆم، دەتوانم بڵێم باشترین و پڕناوەرۆکترین شتە، کەهەتا ئێستا لە سەر مێژووی ئەو دەورانە ئاڵۆزو پڕ ڕووداوو کارەساتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نووسراوە.

کۆمەڵێک خاڵێ ناڕوون و تەماویتان ڕۆشنکردۆتەوە. زۆرکەسی نەناسراوتان، ناساندووەو کەسانی لە بیرکراویشت وەبیر هێناوەتەوە. بە ئینسافەوە باسی ڕووداوەکانت کردوە. بە حورمەتەوە نێوی کەسایەتیەکانت بردوە. دەستخۆشیت لێدەکەم!

من لە سەرنووسراوەکەی جەنابت، پاش ڕاستکردنەوەی هەڵەو هەڵگرتنەوەی پەڵە چاپیەکانی، تەنیا ۳ تێبینی چووکەم هەیە:

یەکەم: ئەگەرچی نووسراوەکەی تۆ (بە سەردێڕی) یادی بێسەروشوێنێکی لە دڵدا زیندووە ــ زۆر لایەنی کەسایەتی شەهید کاک سەدیقی ڕوونکردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە لە سەر ڕووداوی شەهید کردنی کاک سەدیق شتێکی تازەی نیشان نەداوە. ئێستاش عەلامەتی سوئالەکانی ــ بۆ؟ بە ئەمری کێ؟ چۆن و کێ؟ کاک سەدیقی بەناهەق کوشت.، هەر لە جێگای خۆیانن!!

دووهەم: من لام وایە کۆمێتەی ئینقلابی بە هەموو کەموو کووڕیەکانیەوە لە لایەن هەر کەسانێکەوە، بە هەر مەبەستێک پێکهاتبێ، چەندەیان بارودۆخ و شەرایتی ناوەکی و دەرەکی لەبەر چاو گرتوە، تاچ ڕادە ئامانجیان پێکاوە، چەند کەس لە دامەزرێنەرانی پێی وەفادار بوون و کێ درێژەدەری ڕێبازەکەیان بوو، هێشتا وەک ڕێکخەرو ڕێبەری شۆڕشی ساڵەکانی٤٦ــ٤٧ ناسراوەو لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد دا سەبت بوە.

سێهەم: منیش وەک زۆربەی ئەو کەسانە کە کاک ئەحمەد تۆفیق یان دیتوەو کاری سیاسیان دەگەڵ کردوە، دەزانم کە کەسێکی سەرەڕۆ، خۆ لەلازل و نە حەواوەبوو، بەڵام دیسانیش زۆری غەدر لێکراوە. کەس ددانی خێری پێدا نانێ. لایەنە چاکەو خراپەکانی لەبەر چاو نەگیراوە! زەحمەت و خزمەتەکانی بۆ نایەتە حیساب. هیچ نەبێ نزیک بە دەساڵ ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو، لە کۆنگرەی ٢ دا شەرعیەتی پێدرابوو. کەچی لەمێژووی ئەو حیزبە دا خۆی و دەساڵ ڕێبەرایەتێکەشی بە تەواوی کوژاوەتەوە! لە کوولەکەی تەڕیشدا نێوی ناهێندرێ!

ئەوە خەتای کەس نیەو بەمن و تۆش چارەناکرێ. ئەوە سونەتی سیاسەتی وڵاتانی دواکەوتوە، کە لە بەینی سیفرو هەزار دا عەدەدی تر نیە. هەر کەسێک کە لە حیزبەکەیدا نەما، یان وەک لایەنگرانی ئەو بیری نەکردەوە، ئیتر مۆڕتەدد(مرتد) و موهەددەرو ددەمە(مهدرالدم)ە کاک ئەحمەدیش هەر ئەوەی دەکرد؟

بریا هــەموو کەسێک خێروشــەڕەکانی بـۆ دەتـای تـەرازوو خرابایـەو بـە قەولی مەلا جەزاوسزای بدرابایاتەوە. کۆڵەوارو ڕەنجبەخەسار نەبووبایا.

وێڕای ڕێزو سڵاوی دووبـارە بـۆ گشـت لایـەکتان بـرای... عومـەر عەسـری

١٣٨١/١١/١٥ _ ٢٠٠٣/٢/٤

هەواڵنامەی کتێب

# IN THE SHADE OF MOUNTAIN

*A page from the national movement and struggel of the Kurds for emancipation between 1963-68*

**Mohammad Khizri**

